www.pertwk.com

## رێبوار سیوەیلی

# زانکۆ
# لە مۆدێلەوە بۆ واقیع

هەولێر 2006



**سەرپەرشتیاری گشتی زنجیرە**

**کاروان مەهدی**

ناوی کتێب: زانکۆ لە مۆدێلەوە بۆ واقیع

نووسەر: رێبوار سیوەیلی

بابەت: وتار و لێکۆڵینەوە

ساڵ و نۆرەی چاپ: زستانی 2006، چاپی یەکەم

دیزایینی بەرگ:

تایپ: نووسەر

هەڵەبڕ: کاروان مەهدی

تیراژ: 2000دانە

نرخ: 3000

چاپ و بلاوکردنەوەی: بەشی چاپ و بلاوکردنەوەی دەزگای گەنجان

کتێبی ژمارە: 1

ژمارەی سپاردن: (   )ی ساڵی 2006ی دراوەتێ

هەموو مافەکان پارێزراون بۆ نووسەر

# بابەتەکان

پێشەکی: ستاییشی حەسەن ڕەسووڵ سیساوەیی 7
زانکۆ لەنێوان جەوهەر و پراکتیکدا 15
زانکۆ لە مۆدێلەوە بۆ واقیع 41
کۆمەڵگا و زانکۆ 67
زانکۆ و میزاجی شەخسی 72
لە میزاجی شەخسییەوە بۆ تووڕەبوونی بەکۆمەڵ 86
نەوەی نوێ لەدوای هاتنی مارینزەوە 109
لەنێوان زانکۆی سلێمانی و سەلاحەددیندا (جێمی یەکەم) 125
ونبوونی چەمکی مرۆڤ لە زانکۆدا 137
(1) قەیرانی سیستەمی پەروەردەیی لە کوردستاندا 137
(2) پێشنیار و چارەسەر 154
(3) کێشەی مامۆستاگەڕاوەکانی هەندەران 185
(4) لەنێوان زانکۆی سلێمانی و سەلاحەددیندا (جێمی دووەم) 189
(5) سەرمایەداران و زانکۆ 195
(6) خۆپیشاندان و خەباتی گەنجان و قوتابیان 201
(7) بوون بەیاریدەدەری زانستی و
پەیوەندیت بە نێچیرڤان بارزانییەوە 215

# پێشەکی

**زانكۆ**ی ئێمە نایەوێ مۆدێل بێت، نایەوێ مۆدێلێکی لەبەر دەمدا بێت و ناشیەوێت مۆدێل دروستکەر بێت.. زانكۆی ئێمە زانكۆی ناو واقیعی ئێمەیە، زانكۆی واقیعە و زانكۆیەكە ناتوانێت واقیع ڕەتبكاتەوە. ئەمە بە مانای ئەوە نییە ئەوانەی لە زانكۆدان مرۆڤی خراپن، كار ناكەن و دڵسۆز نین، چونكە لانیكەم دەتوانم شایەتی بۆ ئەوە بدەم كە لەناو زانكۆكانی ئێمەدا كەسانێك هەن لە خوێندنی باڵاوە بگرە تا سەرۆكزانكۆ بەڕێزەكان و یاریدەدەرەكانیان، ڕاوێژكارانی خوێندنی باڵا و ڕاگرەكان و كەسانی خوار ئەوانیشەوە، كە بەوپەڕی ماندووییەوە كار دەكەن و زەحمەت دەكێشن..

بەڵام كاتێ من دەڵێم زانكۆی ئێمە زانكۆی واقیعە و زانكۆی مۆدێل نییە، مەبەستم ئەوەیە كە زانكۆكانی ئێمە لە كۆتاییدا ناتوانن ڕابەرایەتی زانستی و عەقڵی كۆمەڵگاكەمان بكەن و مۆدێلێكی نوێی بیركردنەوەی زانستی و عەقڵانی بەسەر كۆمەڵگادا بسەپێنن، یان ئەوەتا مۆدێلێكی تازەی ژیانكردن و بیركردنەوە و پلاندانان لەبەردەم كۆمەڵگای ئێمەدا قووتبكەنەوە، تاكو كۆمەڵگا ناچار بكەن خۆی بگۆڕێ. كەواتە زانكۆی ئێمە زانكۆیەكی دەقشكێن و پێشڕەو نییە و زانكۆی واقیعێكە كە بەئاسانی خۆی نادات بەدەست گۆڕانەوە. بۆیە ئەم واقیعە و ئەو ڕەنگدانەوەیەی لەسەر زانكۆ تابڵێی مەترسیدارە و زانكۆ ناچار دەكات بەوەی لە ئاستی واقیعی ڕێگەپێدراودا



بیربكاتەوە، نەك لە ئاستێكدا كە دەبێ لەدەرەوەی ئەو واقیعە بیر بكاتەوە و بە بیركردنەوە و ئەنجامە زانستییەكانی واقیع بگۆڕێ. زانكۆی ئێمە واقیعی پێناگۆڕێت و لە باشترین حاڵەتدا ئەم جۆرە زانكۆیانە تەسلیمی واقیع دەبن و ئیتر ناتوانن ببن بە زانكۆی مۆدێل و مۆدێل دروستكەر.

ئایندەی زانكۆ لە كوردستاندا ئەوەیە ببێتە زانكۆی مۆدێل، ببێتە زانكۆیەك كە تیایدا مرۆڤ لەم كۆمەڵگایەدا لەڕووی زانستییەوە لەدایك ببێت. مرۆڤ لەزانكۆی ئێمەدا دواجار مرۆڤێكی بایۆلۆجی پەرچەكردارییانەی ناعەقڵانییە، نەك مرۆڤێك بە زەینییەتێكی زانستییەوە و بە ئیرادەی پرسیار و گۆڕانەوە. ئەمە تراژیدیای زانكۆ و تراژیدیای كۆمەڵگا و تراژیدیای زانستەكانە پێكەوە. زانكۆی ئێمە بارمتەی كۆمەڵگایەكی تەقلیدییە، زانست بارمتەی ناعەقڵانییەت و عەفەویەتە و تاكەكەسی ئێمەش بارمتەی پەرچەكردارە بایۆلۆجییەكانە.

ڕزگاركردنی ئەمانە پێكەوە بەستراوە: بۆ ئەوەی تاكەكەس ڕزگار بكرێ پێویستە لە زانكۆدا زانست ببێتە خولیا و كێشەی سەرەكی، بۆ ئەوەی زانكۆ ڕزگار بكرێ پێویستە ببێتە مۆدێل و بۆ ئەوەی زانست ڕزگار بكرێ، دەبێت تەقلیدییەت و بیری سەلەفی و دۆگمایی لە زانكۆ بكرێتە دەرەوە. هەموو ئەو میللەتانەی دواجار لە ناو مێژوودا دروستبوون و بەشدارییانكردووە لە شارستانییەتی مرۆڤایەتیدا، بەو قۆناغانەی ڕزگاربووندا تێپەڕیون. لەسەدەكانی ناوەڕاستدا، بەتایبەتی لە سەدەی دوازدەهەم و سیازدەهەمی زایینیدا، كاتێ زانكۆكان لە ئەوروپادا دروستبوون، بۆ ئەوە دروستبوون كە بیری زانستی و عەقڵانی سنوور بۆ بیری دۆگمایی سەدەكانی ناوەڕاست دابنێ و لە ئەنجامی ئەوەشەوە زەمینە خۆشبكرێ بۆ دروستكردن و پەروەردەكردنی زانستیانەی

کەسەکان و ئەمەش سەرەتای ڕزگاربوونی میللەتانی ئەورووپی بوو لە تاریکایی و دۆگما و تەقلیدیەت و ستەمکاری.

ئێمەی کورد لە سەدەکانی ڕابردوودا، بەتایبەتی لەوکاتەوە کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی لە کوردستاندا دەستپێکردووە، میللەتێکی بەرگریکەر بووین. لە سەنگەردا بووین بۆ ئەوەی خۆمان و گەورەیی نەتەوەییمان نەدۆڕێنین. ئێمە هەرگیز خاوەنی پرۆژەیەکی ئەتنۆسەنتەریستانە نەبووین بۆ تواندنەوە و لەناوبردن و بێحورمەتیکردن بە میللەتانیتر. ئێمە لەبەرامبەر سووپای درندەی حکومەتە شەڕانگێزەکاندا بەرگریمانکردووە لە مانەوەی خۆمان. بەرگریکردن پێچەوانەی هێرشبردنەسەر و پەلاماردانە. بۆیە بەرگریکردن جۆرێکە لە بەشداریکردن لە شارستانییەتدا. ئێمە وەك ئازادیخواز لەبەرامبەر ستەمکاراندا بەرگریمانکردووە لە گەورەیی مرۆڤانەمان وەکئەوەی بەستراوە بە گەورەیی و حورمەتی سەرجەمی مرۆڤایەتییەوە. ئەمڕۆکەش کە مرۆڤایەتی، دۆستەکانمان، ئازادیخوازانی جیهان، نەتەوە دیموکراتخوازەکان دێنە ولاتەکەمانەوە و دەیانەوێ لێرە و لەگەڵ ئێمەدا بەشداریی بکەن لە ئەزموونی خۆدروستکردنی نەتەوەیەکدا، هەر لەسەر ئەو باوەڕەیانەوەیە کە ئێمە بە میللەتێکی ئازادیخواز دەزانن و بەرگریکردنەکەی ڕابردوومان لە خۆمان وەك بەشداریی ئێمە لە شارستانییەتی مرۆڤایەتیدا لێکدەدەنەوە. وەنەبێ ئەمڕۆ ئێمە پێویستیمان بە بەرگریکردن لە خۆمان نەمابێ، چونکە هەتا ستەمکاری و شۆڤێنیزم، هەتا ڕەگەزپەرستی و هێزە تاریك و دۆگماپەرستەکان بمێنن، بیری ئازادیخوازی و ئازادیخوازان لە مەترسیدان. ئەوەی ئەمڕۆ گۆڕاوە ئەوەیە چۆن بەرگری لە خۆمان بکەین؟



ئەزموونی میللەتانی دیکە، ئەوەیان سەلماندووە کە زانکۆ و بیری ئازاد و زانستیانە ڕێگا ڕاستەقینەکەی خەباتکردنی ئەمڕۆکەن. پێویستە زانکۆ دەرك بەو ڕاستییە بکات کە پێویستە لەوێوە ڕابەرایەتی کۆمەڵگا بکرێ بۆ دەربازبوون لە قەیرانەکانی. زانکۆ لەبارودۆخێکی وەکئەوەی ولاتی ئێمەدا ئەرکی نوێکردنەوەی هزر و "مامانیکردن"ی کەوتۆتە ئەستۆ بۆ لەدایکبوونی مرۆڤێکی نوێ، کە داهاتوو پێویستیی پێیەتی.. سەبارەت بە ئێمەی کورد، بە مرۆڤی کوردستانی، بە هاوولاتیانی ئەم کۆمەڵگا بریندارە، ڕێگای بەشداریکردن لە شارستانییەتی مرۆڤایەتیدا، لە زانکۆ و بیری زانستی و زەینییەتێکی کراوەوە دەستپێدەکات. بەمجۆرەش چارەنووسی ئێمە هەر تەنیا نەبەستراوە بە نەمانی سیستەمە دیکتاتۆری و شەڕانگێزەکانەوە، بەڵکو بەستراوە بە سەرهەڵدانی پەروەردەیەك و هزرێکی زانستییەوە کە بتوانێ نیشاندەری بەشداریی ئێمە بێت لە کەلتووری گەورەی مرۆڤایەتیدا. هیچ پاساوێك لەمڕووەوە لەبەردەستدا نییە، یان ئەوەتا لەسەر لاکی ڕابردوومان بیهۆش و کەنەفت دەبین و دەمرین، یان ئەوەتا لەسەرخوانی زانست و بیری کراوە و ئازاد، لەدایکدەبینەوە..

خاڵی دەستپێکردن بۆ ئەو لەدایکبوونەوەیە، لە ئیعتیرافکردن بەو قەیرانە سەراپاییانەوە دەستپێدەکات کە زانکۆ بەدەستیانەوە دەناڵێنێ، هەموو زانکۆکان و لە هەموو ئاستەکاندا. بۆیە گفتوگۆی یەکەم لەسەر داهاتوو، لە گفتوگۆکردن سەبارەت بەو قەیرانانەوە دەستپێدەکات کە لە زانکۆی ئێمەدا بەرجەستە بوون.. بۆ گفتوگۆکردن لەسەر قەیرانەکانی زانکۆ، پێویستە دەست و دڵمان فراوان بێت، پێویستە بوێر و ڕاشکاو بین، پێویستە ئیعتیراف بکەین بەوەی بەڕاستی لە قەیراندایین..

ئالێرەدایە کە ئێمە دەتوانین ڕاستییەك لە هونەرمەندی میللی (حەسەن ڕەسووڵ سیساوەیی)یەوە فێر ببین! واتە ڕاستییەك لە مرۆڤێکەوە فێر ببین کە هەرگیز بە ناوی زانستەوە قسەی نەکردووە، بەڵام ڕاستگۆییەکی زانستیانە لە قسەکردنیدا هەیە. ئەو دان بەوەدا دەهێنێ کە (پیر بووە و دەنگەکەی کەتیە..). پیربوونەکەی دەکاتە بەڵگە لەسەر کەوتنی دەنگەکەی و ئەوجا هەر حەیرانی خۆشی دەڵێ بۆ ئەوەی تێمان بگەیەنێ کە پیری و بەساڵاچوون، چ زیانێ لە (دەنگ)، وەك ئامرازی سەرەکیی گۆرانی و حەیرانگوتنی هونەرمەند، دەگەیەنێ. سیساوەیی ئیعتیراف بە قەیران دەکات لە پیشەکەی خۆیدا و دەستنیشانکردنی هۆکارەکەشی دەکات، بەڵام لە گوتن ناکەوێ و بەردەوامی ئەویش هەم شەڕە لەگەڵ قەیران و هەم هەوڵدانە بۆ خۆتازەکردنەوە..

پێویستە زانکۆ هەمان بوێری هونەرمەندە میللییەکەمانی هەبێ، پێویستە زانکۆ ئیعتیراف بە قەیرانەکانی خۆی لەبواری زانست و بەرهەمهێنانی زانستیدا بکات و ئەوەش بەکار بهێنێ بۆ بەردەوامی و خۆنوێکردنەوە.. یەکەم ڕاستگۆیی و هەنگاوی ڕاستەقینە لەوەوە دەستپێدەکات کە زانکۆکانی ئێمە دان بە پیریی خۆیاندا بهێنن.. پیرییەك کە ناهێڵێ ئەوان چیدی بەرهەمهێنەری هزری مۆدێرن و مۆدیلساز بن و لە بەرهەمهێنانی مرۆڤی کراوەدا بەشدار بن.

لە ئێستای ناو زانکۆکانی ئێمەدا و لە وەزارەتی خوێندنی باڵادا، کەم نین ئەو مرۆڤانەی دەرکیان بەم قەیرانەی زانکۆ کردووە و بوێرانەش بیری لێدەکەنەوە، بەڵام تا ئەم ساتەوەختە قسەکردن لەسەر قەیرانە جیدییەکانی زانکۆ، لەسەر ئەو کێشانەی زانکۆ بەرباد دەکەن، نەبۆتە شتێکی ئاسایی و باو لەناو زانکۆدا. زانکۆ بۆخۆی ڕێگرە لەبەردەم خۆیدا، زانکۆ بڕوابەخۆبوونێکی ناڕاستی بەخۆی پەیداکردووە، کە ناهێڵێ پێشبکەوێ. بۆیە مانەوەی زانکۆ بەم



قەیرانەوە، لەدژی وەدیهاتنی ئەو مژدە و ئامانجانەیە کە زانکۆیان بۆ دروستبووە.. زانکۆی ئێمە لە مەترسیدایە، لەبەردەم هەڕەشەدایە. بەڵام ئەوەی هەڕەشە لە زانکۆ و ئامانجەکانی دەکات، شتێ نییە لە دەرەوەی زانکۆ، دووژمنێکی دەرەکی و دەستێکی ڕەش و بێگانە نییە، بەڵکو مانەوەی زانکۆیە بەم شێوازەی ئێستایەوە..

ئەم کتێبەی دەیخوێنیتەوە لەبەرامبەر ئەو چەقبەستوویەدا بەرهەمهاتووە کە ناهێڵێ زانکۆ بوێرانە کێشە و قەیرانە هەنووکەییەکانی خۆی ببینێت. بابەتەکانی ئەم کتێبە لەلایەکەوە حەکایەتی تایبەتی مامۆستایەکن کە لەهەندەرانەوە گەڕاوەتەوە و ڕووبەڕووی دەیان کێشە کراوەتەوە کە هیچ پەیوەندییان بە زانستەوە نییە و سەرچاوەیان ئەو میزاجە تایبەتیەیە کە لە هەندێ یەکەی ئیداری و بەشی زانستیدا حوکمدەکات. لەلایەکیترەوە، بابەتەکانی ئەم کتێبە بریتین لە بیرکردنەوەیەکی جیاواز لە بارودۆخی زانکۆکانی کوردستان بە ئاراستەیەکدا کە ببنە زانکۆی مۆدێل و نمونەیی.. بۆ ئەو کەسانەی لە میزاجی تایبەتەوە دەڕواننە زانکۆ و زانست و هەمیشە ئامادەن لە پێناوی سەرخستنی قسەی خۆیاندا، زانست و هزری زانستیانە پێشێل بکەن، ئەم کتێبە هیچ سوودێکی نیە. ئەوان دەیخوێننەوە، بەڵام نەك بۆئەوەی گوێ لە پێشنیارەکانمان بگرن و لە نیەتی ئێمە تێبگەن، بەڵکو بۆ ئەوەی بزانن باسی ئەوان کراوە یان نا!؟ پاشانیش فڕێی دەدەن و گەردنیان ئازاد بێت..

بەڵام هەر لەناو زانکۆکاندا، لە وەزارەتی خوێندنی باڵا و لە کۆلێژەکاندا، چەندین کەسانی بەڕێز هەن بەچاوێکی دیکەوە ئەم بەرهەمە دەخوێننەوە و لەو ڕاستییە تێدەگەن کە ئێمە نیەتمان بریتیە لە خزمەتکردن بە زانست و لە

بەرزكردنەوەی بیری زانستی لە زانكۆكانماندا. بۆیە لێگەڕێن با ئەم بەرهەمە سەرەتای گفتوگۆیەك بێت لەگەڵ ئەو بەڕێزانەدا و سەرەتایەك بێت بۆ گفتوگۆیەكی مرۆڤدۆستانە و زانستیانەی زانكۆ لەگەڵ مامۆستا و قوتابیان و دەسەلآت و كۆمەڵگادا.

زۆرینەی بابەتەكانی ناو ئەم كتێبە، پێشتر لە ڕاگەیاندنەكاندا بلآوكراونەتەوە و هۆكاری دووبارە كۆكردنەوەیان ئەوەیە كە پێموایە ئەو كێشە و قەیرانانەی زانكۆ كە لەم كتێبەدا باسكراون، هەتا ئێستاش بێچارەسەر ماونەتەوە.. بۆیە ئەو پێشنیارانەش كە لەم كتێبەدا خراونەتە ڕوو بەهای كارایی خۆیان لەدەست نەداوە. بڕیار بوو لەگەڵ بابەتەكانی ئەم كتێبەدا، دەیان بەڵگەنامە بلآو بكەمەوە لەسەر قەیرانەكانی زانكۆ، لەسەر ئەو بەهانانەی لەلایەن كەسانێكەوە لە زانكۆكاكاندا بە مامۆستا و قوتابیان دەگیرێن. لەسەر ئەو بیانوانەی بە مامۆستا گەڕاوەكانی هەندەران دەگیرێن، لەسەر چۆنێتی غەدركردن لەكاتی یەكسانكردنەوەی بڕوانامەكانیان، لەسەر پەیوەندیی مامۆستا و قوتابیان، لەسەر ڕۆڵی خراپی هەندێ لە ڕاگەیاندنەكان و دەستخستنە ناو كاروبارەكانی زانكۆوە. لەسەر ڕەقی و نامرۆڤانەبوونی مامەڵەی ئیدارییەكان لەگەڵ كارمەند و قوتابیە (قازەكان) و لەسەر دوورخستنەوەی ڕووناكبیران لە زانكۆ و كردنی زانكۆ بە عیبادەتگا و ئیجتیهاداتی تایبەت و دەیان شتیتر.. هەموو ئەو بەڵگەنامانە بەزمانی خۆیان قساندەكەن و گرنگن، بەلآم قەبارەی كتێبەكەیان زۆر گەورەتر دەكرد و بابمێنن بۆ كاتێكی دی و بۆ دەرفەتێكی تر..

لەساڵەكانی ڕابردوودا زانكۆكانی كوردستان زۆر هەڵەیان بەسەردا تێپەڕی و مێژووی خۆیان بارگاویكرد بە چەند شتێ كە نەدەبوو بیكەن، وەك دەركردنی



بە كۆمەڵی قوتابیان، سووكایەتیكردن بە خەبات و داواكارییەكانیان و بانگكردنی پۆلیس و ئاساییش بۆ سەركوتكردنیان و تەقەكردن بەسەریاندا، حكومەتی هەرێم لەبەرامبەر خۆپیشاندانی گەنجان و قوتابیانی زانكۆدا، كە تیایدا ئالآی توركیا سوتێنرا، داوای لێبووردنی لەو حكومەتە ستەمكارە كرد و قوتابیانی بە (گێرەشێوێن) لە قەڵەمدا.. مەبەستم نییە شتە ناخۆشەكان بەبیری كەس بهێنمەوە، بەلآم لێمڕوونە هیچكامێ لەو شێوازی سەركوتكاری و ناو زڕاندنانە وەلآمی خواستەكانی قوتابیان نین و لە ئاستی ڕابەرایەتیكردنی زانستیانەدا نین. پێویستە زانكۆ پەیوەندییەكانی خۆی لەگەڵ قوتابیان، لە ئاستێكی نازانستیانەوە بهێنێتە سەر ئاستی زانستی. ئەگەر ئێمە ئەو ئاستەی پەیوەندیكردن هەڵبژێرین، دڵنیام دەتوانین ئاستی زانستیی قوتابیان بەرز بكەینەوە و هانیان بدەین بۆ ئەوەی پتر لە ئاست خۆیان و زانست و دامەزراوەی زانكۆدا هەست بە دەروەستی بكەن. پێویستە لەناو ئەو پاشاگەردانییەی ئەوڕۆكەدا، بیركردنەوەی زانستی و دەروەستی زانستیانە و ڕەفتاری ئەكادیمی بكەینە خاڵی هاوبەشی نێوان قوتابیان و مامۆستایان و دامەزراوەی زانكۆ. نازانم بۆ دڵنیام لەوەی دەتوانین ئەو بارودۆخەی هەنووكە بگۆڕین، نازانم بۆ واهەستدەكەم قوتابیان مەیلێكی زۆریان هەیە بۆ ئەوەی بەشداری لە باشتركردنی بارودۆخی خۆیاندا بكەن، بەلآم دڵنیام لەوەی هەركات توانیمان باشتر لەیەكدی تێبگەین، ئەوكاتە زیاتر حورمەتی یەكتر دەگرین و پتر لە پێناوی پێگەیاندنی زانستیانەی خۆماندا هەوڵدەدەین.. من ئەم قسانە دەنووسم و ڕەنگدانەوەكەیان دەبینم، هیوادارم بیبینم، چونكە گەنجانی ولآتی خۆم دەناسم و دڵنیام ئەگەر بیانەوێ شتێ بكەن، دەیكەن بەمەرجێ یارمەتی بدرێن..

ڕێبوار سیوەیلی
2006/12/8
زانكۆی سەلاحەدین، كۆلێژی ئەدەبیات

# زانكۆ
# له نێوان جەوهەر و پراكتیكدا

**یەكەم: زانكۆ وەكئەوەی كە هەیە و نابێت هەبێت:**

له هەر شوێنێكدا بتەوێت گۆڕانكاری بكەیت، دەبێت ئامادەبیت قوربانی بدەیت. گۆڕانكاری هونەری قوربانیدانە بەهەموو ئەو شتانەی كە ڕەنجت بۆ كێشاون و ئاسوودەییت بۆ دەستەبەر دەكەن. ئەو شوێنەش كە دەتەوێت بگۆڕدرێ، دیارە شوێنێكە لە قەیراندایە و ناتوانێت بەم حاڵەی ئێستایەوە لە جێبەجێكردنی ئەو ئەركانە بەردەوامبێت، كە پێویستە جێبەجێیان بكات. بەڵام دروست لەو شوێنەدا كە خوازیاری بیگۆڕیت، دەیان و سەدان ڕێگر، تۆمەتباری و شێواندن و پڕوپاگەندە خۆیان ماتداوە، كە دەیانەوێت ڕەوایەتی لە گۆڕانكارییەكان بستێننەوە و بارودۆخەكە بەو شێوەیە بەردەوامكەن، كە لە بەرژەوەندی ئەو كەسانەدایە نایانەوێت گۆڕان دروست ببێت.

زانكۆ وەك دامەزراوێكی ئەكادیمی لەم وڵاتەدا پێویستییەكی جەوهەری بە گۆڕان و بەخۆدا چوونەوە هەیە. وەلێ كاتێ دەڵێین: پێویستە زانكۆ بەخۆیدا بچێتەوە، یان بگۆڕدرێت، مەبەستی یەكەمان ئەوەیە كە پێویستە زانكۆ وەك دامەزراوێك بمێنێتەوە و بەردەوامبێت لە گێڕانی ئەو ڕۆڵەی كە خستوێتییە سەر شانی خۆی بۆ ڕابەرایەتیكردنی كۆمەڵگا. چونكە ئەگەر مەبەستمان لە



گۆڕینی زانكۆ و بەخۆداچوونەوەكەی، بێڕێزی و كەمكردنەوەی بایەخی زانكۆ بێت، ئەوە ئیدیعایەكردنمان بۆ گۆڕینی هیچ مانایەكی نابێت. مرۆڤ نایەوێت ئەو شوێنە بگۆڕێت، كە هیچ بایەخێكی پێنادات و هیچ ڕێزێكی لێناگرێت، بەتایبەتی ئەگەر بۆخۆی لەهەمان شوێندا كار بكات و خزمەت بكات و لەڕێگەی خزمەت و چالاكیەكانییەوە، بوونی خۆی بسەلمێنێ. زانكۆ پێویستی بە گۆڕانە لە هەموو ڕوویەكەوە، نەك لەبەر ئەوەی ڕقمان لە زانكۆیە، بەڵكو لەبەر ئەوەی بایەخی زانكۆمان بەلاوە گرنگە.

بارودۆخی ئێستای زانكۆ لە كوردستاندا، لە ڕووی ئیداری و پەروەردەیی و مەنهەجی و سیاسییەوە، لە قەیرانێكی سەراپاییدایە و ئەمەش ڕێگەی گرتووە لەوەی ئەم دامەزراوەیە شوێندەست و كاریگەری بەسەر ڕەوتی كۆمەڵگاوە دیار بێت. من دەزانم زانكۆ وەك بینایە هەیە و هەموو ڕۆژانێكی دەوامكردن دەرگانی دەكرێنەوە و ڕاگرەكان و سەرۆكبەشەكان و سكرتێرە و ئیدارییەكان و قوتابییەكان ڕوو دەكەنە ئەوێ بۆ دەوامكردن. بەڵام ئیدارەكردنی زانكۆ هەر لەمەدا كورتنابێتەوە. من دەزانم هەموو مامۆستایەك لەكاتی دەستنیشانكراودا وانەی خۆی دەڵێتەوە و مووچەی خۆی وەردەگرێ، بەڵام پەروەردە لێرەدا كورتنابێتەوە. مەعلومە هەموو مامۆستایەك بەپێی مەنهەجی بڕیار لەسەر دراوی وانەكەی و خۆماندووكردنی تایبەتی خۆی، دەرس دەڵێتەوە، بەڵام پەروەردەكردن هەر تەنیا وانە وتنەوە نییە. ئاشكرایە زانكۆ ئاڕاستەمان دەكات بەرەو هەڵوێست وەرگرتن لە ئاست ئەو ڕووداوانەی كە پەیوەندییان هەیە بە چارەنووسی وڵاتەكەمان و واقیعی كۆمەڵگاوە، وەلێ ئەمە بەس نییە بۆ ئەوەی بڵێین: زانكۆ خاوەن سیاسەتی خۆیەتی.

له هەستكردنەوە بەم هەموو كەموكورِیانەیە كە دەڵێین: زانكۆ پێویستی بە گۆڕان و بەخۆداچوونەوەی سەراپاگیر هەیە، نەك لە دژایەتیكردنمانەوە بۆ زانكۆ، چونكە ئەگەر داواكاریمان بۆ گۆڕینی زانكۆ، لە نییەتی دژایەتیكردنەوە بێت، ئەوە هەر بۆخۆمان ئەنجامی كارەكەمان پەك خستۆتەوە و دووچاری ناكۆكیەكی كوشندە بووین لە گەڵ بیروڕاكانماندا. بەڵام لە ڕاستیدا ناكۆكی ئەوانەی دەیانەوێ زانكۆ گۆڕانی بەسەردا بێت، لەگەڵ ئەوانەیە كە نایەنەوێت زانكۆ بگۆڕدرێت و خوازیارن زانكۆ بەم هەموو قەیرانەوە، بەم هەموو كەموكورتی و كەمتەرخەمیانەوە، بەم هەموو نائومێدیەی ئێستایەوە، بەم هەموو بە پەراوێزبوونەی هەنووكەی خۆیەوە لە كۆمەڵگادا، بەردەوام بێت. ئەمەش ئاشكرای دەكات، كەسانێك هەن زانكۆ تەنیا وەك جێگەیەك، وەك چوارچێوەی بینایەیەك دەبینن، كە شوێنی پاراستنی بەرژەوەندی و پلەی ئیداری خۆیانە و شوێنێكە تیایدا ڕۆژانە دەوامی ڕەسمی تێدا دەكەن و لە كۆتایی مانگیشدا مووچەكەیانی لێوەردەگرن.

ناكۆكیەكە ناكۆكی تایبەت نییە لە نێوان ئەوانەدا خزمەتیان زۆرە و ئەوانەی كە خزمەتیان كەمترە، ناكۆكی نییە لە نێوان ئەوانەی بڕوانامەی بەرزیان هەیە و ئەوانەی بڕوانامەكانیان هێندەی ئەوان بەرز نییە. ناكۆكی نییە لە نێوان ئەوانەی لە كوردستان ماونەتەوە و ئەوانەی لە هەندەرانەوە دەگەڕێنەوە. بەڵكو ناكۆكییە لە نێوان دوو چاوەڕوانی و دوو جیهانبینی لەسەر زانكۆ و ڕۆڵی زانكۆ لەم قۆناغەی ژیانی كۆمەڵگادا. ناكۆكی نییە لە نێوان هەندێ كەسی دڵسۆز و هەندێ كەسی دوژمنكاردا، بەڵكو ناكۆكییەكی ڕەوایە و پێویستە هەردوولا ڕێز لەم ناكۆكییە بگرن و بە بەڵگەی شیاوەوە، كە لە مرۆڤی



ئەكادیمی چاوەڕوان دەكرێت، بەرپەرچی یەكتر بدەنەوە. من پێموایە مەسەلەی بنەمایی لەم ناكۆكییەدا ئەوەش نییە كە دەبێت لایەك سەركەوتن بەدەست بهێنێت و لایەكەی دی تێكبشكێنرێت، لایەك بیباتەوە و لایەكی دی بیدۆڕێنێ، دەستەیەك قسەی خۆیان زاڵ بكەن و دەستەكەی دی بێدەنگ بكرێن. بەڵكو من پێموایە ئەم ناكۆكیە هەلێكی باش دەڕەخسێنێ بۆ دروستكردنی ڕۆحیەتی ئەكادیمی، كە ئیشكردنە بە لۆژیك و دووركەوتنەوەیە لە هەڵكفان، هێنانەوەی بەڵگەیە، نەك تۆمەتباركردن و تەشهیر. ڕێزگرتنە لە بنەماكانی هونەری گفتوگۆ، نەك دەنگەدەنگ و هاتوهاوار، دواجاریش دانیشتنە بە ئاشتی و تەبایی، نەك بەپەراوێزكردن و ئابلۆقەدان و تیرۆركردنی كەسایەتی یەكتر. كێشەی سەرەكی لە زانكۆی كوردستانیدا لەسەر ئەوەیە، ئایا ئەو ناكۆكییەی كە هەیە، بە چ ئاڕاستەیەكدا ببرێت: بەئاڕاستەی ئەو توندوتیژییەدا كە لە سیاسەتی پەروەردەیی بەعسەوە ماوەتەوە و زانكۆی خستۆتە ناو گەرمەی قەیرانەكانی ئێستایەوە؟ یاخود: بە ئاڕاستەی پەروەردەیەكی ناتوندوتیژانەدا كە زانكۆی ئێمە پێویستی پێیەتی؟. ئەمە ئەو دوو ئاڕاستەیەیە لەبەردەم زانكۆی ئێمەدا و ئەو كەسانەش كە زانكۆ بە یەكێك لەو دوو ئاڕاستەیەدا دەبەن، بێگومان بەرپرسیارن لە ئەنجامی كارەكەیان.

كەواتە ئەمە ململانێیەكە بەدوای ڕەوایەتییەكدا دەگەڕێت بۆ خۆی، وەلێ بۆ ئەوەی ئەم دۆخە وەك ململانێ بمێنێتەوە و نەبێتە شەڕ و ئاژاوە، ئەركێكی ئەخلاقیانە و ئەكادیمیانەی سەرشانی هەردوو لایە كە (یەكترخوێندنەوە) بكەنە بنەمایەكی هاوبەش بۆ ئەوەی بتوانن بەردەوام بن و لە ئاستی بەڵگەهێناوەوە دانەبەزنە سەر ئاستی برینداركردنی كەسایەتی یەكتر. چونكە ئەگەر ململانێی

ناو زانکۆ گەیشتە ئاستی شەڕکردنی لابەلا، ئەوە نەك هەر زانکۆ وەك دامەزراوێك تیایدا ڕیسوا دەبێت، بەڵکو ئەو ڕەفتارە دەشبێتە هۆی ڕیسوایی بۆ ئەم قۆناغە مێژووییە ترسناك و حەسساسەی دەسەڵات و مێژووی میللەتەکەمان پێیدا تێپەڕ دەبێت.

کێشەکە لە وڵاتی ئێمەدا بەوجۆرە کەوتۆتەوە، ئەوانەی دەیانەوێت لە زانکۆدا گۆڕان دروست ببێت، لەلایەن ئەوانەی کە دەیانەوێت زانکۆ بەم شێوەیەی ئێستای بەردەوامبێت، بە دژایەتیکردن و تانەوتەشەردان لە زانکۆ تۆمەتبار دەکرێن. شێوازی ئەوانەی خوازیاری گۆڕانکارین، بەکارهێنانی ڕەخنە و هەڵسەنگاندن و قسەکردنە، لەکاتێکدا چەکی ئەوانەی گۆڕانکاری بە مەترسییەك لێکدەدەنەوە، سووکایەتی پێکردن و بڕیاری ئیداری قورس و تەحریمکردن و بێدەنگکردنی دەستەی یەکەمە و هەوڵدانێکی نارەواشیان هەیە بۆ شێواندنی کەسایەتی و پڕۆژەکانی دەستەی یەکەم لەلای ئیدارەی سیاسی. لۆژیك لەبەرامبەر هەڕەشەدا، هیچی پێناکرێت، ڕەخنە لەبەرامبەر تەشەردا بێدەسەڵاتە، نییەتی گفتوگۆ و ڕاوێژکاری لەئاست میکانیزمەکانی بێدەنگکردندا، نائومێدە. ئیشکردن بۆ دروستکردن و کارپێکردنی یاسا و دەقە ئەکادیمیەکان، لەئاست میزاجی شەخسی و زەبروزەنگی ئیداریدا، ئامانجی خۆی ناپێکێت.

وەلێ ئەمەیە واقیعی زانکۆیی و ئەکادیمی ئێمە. ئەمەیە هۆکاری ئەو قەیرانەی کە لایەنی ئیداری و پەروەردەیی و سیاسی زانکۆی ئێمەی گرتۆتەوە و بێگومان ئەم بارودۆخەشە کە قوربانیدان و هەدادانی خۆی دەوێت بۆ ئەوەی ناکۆکییەکە ڕێگای ڕاستەقینەی خۆی بگرێت. بەبڕوای من، ئەوەی دەیەوێت



زانکۆ گۆڕانی بەسەردا بێت، ئەو کەسەیە ناچێتە ململانێیەکەوە کە نەتوانێت داکۆکی لە مەبدەئەکانی خۆی بکات بۆ گۆڕینی زانکۆ. هەوڵدان بۆ گۆڕینی زانکۆ، هەوڵی کەسانێك نییە کە ئاڕاستەی ناکۆکییە شەرعیەکان دەگۆڕن بۆ ململانێی نارەوا (ئەمە ئەو شتەیە جاروبار ڕاگەیاندنەکان و هەندێك لە ڕۆشنبیرانی دەرەوەی زانکۆش دەیکەن). ئەوەی دەیەوێت زانکۆ پێش بخات، کەسانێك نین لە زانکۆدا ڕەخنە و تێڕامان بێدەنگ دەکەن و ڕەواج دەدەن بە هەڕەشە و تۆمەتبارکردن. ئەو کەسەی بەڕاستی دڵسۆزی زانکۆ و لە خەمی قەیرانەکانیدایە، ئەوانە نین کە تۆمەت بۆ ڕەخنەگرەکانیان هەڵدەبەستن و ڕاپۆرتیان لەسەر بەرز دەکەنەوە و غەرەزی شەخسیی خۆیان بەگوێی سیاسیەکاندا دەچرپێنن، بەڵکو ئەو کەسانەن بە ڕۆحێکی (گاندی)یانەوە خۆڕاگری دەنوێنن، بەڕەفتار و بیرکردنەوەیان ئومێد بە نەوەی نوێ دەبەخشن و تێیاندەگەیەنن: ئیرە وڵاتی سەرەکی ئەوان و ئەم زانکۆیەش شوێنی پەروەردەبوون و تەفاعولی ئەوانە لەگەڵ کێشەکانی ئەم کۆمەڵگایەدا. گۆڕانخوازانی ناو زانکۆ، جگە لەڕێگای هێمنی و گێڕانەوەی ڕێز بۆ زانکۆ و بەخشینەوەی ئیعتیباری لەدەستچووی زانستی بۆ ئەم دامەزراوە گرنگە، هیچ ڕێگایەکی دیکەیان لەبەردەمدا نییە. چونکە هەر ڕێگایەکی دیکە بگرنە بەر، لەگەیشتن بە ئامانجی کارەکەیان لایان دەدات و لێرەشدا نەك هەر بۆخۆیان زەرەر دەکەن، بەڵکو زانکۆش زیانێکی گەورەی لێدەکەوێت. ئەوانەی دەیانەوێت زانکۆ هانبدەن بۆ بەخۆداچوونەوە، کەسانێکن ترسی ناو زانکۆ دەشکێنن و پانتایی ئازادی بەرفراوان دەکەن. ترس لە زانکۆدا، نابێت جێگەی بەرهەمهێنانی ئازادی و لێبووردەیی بگرێتەوە، چونکە بەرهەمهێنانی ترس و

شەرعییەتدان بەو بڕیارانەی کە ترس دروستدەکەن، چەندە مەترسیدارە بۆسەر ئەو کەسانەی بڕیارەکەیان بەسەردا جێبەجێ دەکرێت، سەدان ئەوەندە مەترسیدارە بۆ سەر زانکۆ خۆی، کە شوێنی ئازادکردنی بیر و هزری مرۆڤە. زانکۆ یان زانکۆ نییە، یاخود دژی ترس و تۆقاندنە لە پێناوی ئازادکردنی هزر و تواناکاندا. بۆیە هەر کەسێك خۆی بە دڵسۆزی زانکۆ و ناسنامەی ئەکادیمی و زانستی ئەم وڵاتە بزانێت، پێویستە ڕەخنەگرتن لە زانکۆ بخاتە بەرنامەی کاری خۆیەوە و بەشداربێت لە گۆڕینی ئاڕاستەی زانکۆ لە دۆخی توندوتیژییەوە بۆ دۆخی ناتوندوتیژی.

فەلسەفەی زانکۆ، لە بنەمادا فەلسەفەیەکە دژ بە ترس و دژ بە دۆگماتیزم و دژ بە داخران. مێژووی دروستبوونی زانکۆکانی جیهان، جگە لە ئیشکردن بەم فەلسەفەیە، هیچیتر نییە. لەو مێژووەوە فێربووین، زانکۆ جێگرەوەی ئەو دامەزراوانەیە کە ناهێڵن ئازادی بە ئامانجەکانی خۆی بگات و تاریکایی لە جێگەی ڕۆشنگەری ڕەواج پێدەدەن. ئەمەیە ئەو سەرەتاگەیەی کە زانکۆ خەباتی بۆ کردووە و شەرعیەتی خۆی لێوە بەدەستهێناوە. ئەمەیە چیرۆکی جیابوونەوەی زانکۆ لە دامەزراوە تەقلیدییەکان، ئەمەیە زانکۆ لە کەنیسە و پەرستگاکان و سەربازگەکان جیادەکاتەوە. ئەمەیە جیاوازی نێوان سیستەمی (پەروەردەی سپارتایی) و سیستەمی (پەروەردەی ئەسینایی)، ئەمەیە مشتومڕی ئەوانەی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا دەیانویست وانەکانی (فەلسەفە و (لۆژیك) و (زانست)، جێگەی وانەکانی (تیۆلۆژیا) و (عاقیبەتناسی ئایینی) بگرنەوە. ئەمەیە هۆکاری ستایشکردنەکانی سەردەمی ڕێنیسانس لە گەڕانەوەیدا بۆ فەلسەفەی یۆنانی کۆن، کە تیایدا مرۆڤ و فەزیلەتەکانی



ستایش کرابوون. ئەمەیە دروشمی سەدەی ڕۆشنگەری بۆ ئازادکردنی هزر و قسەکردن و سەربەخۆیی عەقڵ لە ئاست خورافەی (بەختگرتنەوە) و (جادووگەری) و ئەو هێزانەی کە دەیانویست مرۆڤ لەترسی (چاوی پیس) و ڕۆحە شەڕانییەکان پەنا بۆ بەختگرەوە و غەیبگۆ و جادووبازەکان ببات. هەر ئەمەشە کە وا لە فەیلەسووفێکی ئەکادیمی وەك کانت دەکات لە پێناسەکردنیدا بۆ ڕۆشنگەری بڵێت: ڕۆشنگەری بریتییە لەو ساتەوەختەی کە تیایدا مرۆڤ خۆی لە هەرزەییەك ڕزگار دەکات، کە هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی ئازایی و ئیرادە لە بەکارهێنانی عەقڵی خۆیدا بەبێ ڕێنومایی‌کردنی ئەوانیتر. بەم پێیەش مێژووی گەشەسەندنی زانکۆ، مێژوویێکە دەیەوێت مرۆڤ لە تاریکاییەکانەوە بگوازێتەوە بۆ ڕووناکایی و لەوێدا بواری بۆ بڕەخسێت تاکو تواناکانی بتەقێنێتەوە و ببێتەوە خۆی، بەبێ ئەوەی کەسانێك بەناوی ڕێنومایی‌کردنەوە میزاجی شەخسی خۆیانی بەسەردا بسەپێنن.

زانکۆ پێناسەی خۆی نەك لە شێوەی بینایە و ژمارەی کۆلێژ و بەشەکانییەوە، نەك لەو پڕۆتۆکۆڵ و پەیماننامانەی کە لەگەڵ زانکۆکانی جیهاندا بەستوونی، بەدەست دەهێنێت، نەك هەر ئەو ناسنامەیە بەهۆی ڕەسمییەتی ئەو شاندانەی کە دەیاننێرێتە دەرەوە، نەك لەسایەی ئەو خاوەن پسپۆڕیانەی کە کاری تێدا دەکەن، یان لەڕێگەی ژمارەی ئەو بڕوانامانەی کە سالآنە دەیانبەخشێت، وەردەگرێت. بەڵکو زانکۆ پێناسەی جەوهەریانەی خۆی لە ئازادکردنی هزری مرۆڤەوە بەدەست دەهێنێت، کاتێ ئەو ئازادییە ببێتە ئازادی ڕەخنەگرتن. ئازادی لە زانکۆدا ئەو گەرانتەیە کە ناهێڵێت زانکۆ ببێتە دامەزراوێکی سەرکوتکەر، یەکەمین دەرکەوتەکانی ئازادیش لە زانکۆدا، ئازادی ڕەخنەگرتنە

لە زانكۆ خۆی. ئەگەر زانكۆ لەم مەبدەئەوە بڕوای بە ئازادی نەبێت و ئازادی نەكاتە ئامانجێك بۆ بەرهەمهێنانی دیدێكی ڕەخنەگرانە لەسەر خۆی، چ جیاوازییەكی نابێت لەگەڵ دامەزراوەكانی تردا كە هەموو ڕەخنەگرتنێك وەك هەڕەشەیەك بۆسەر مانەوەی خۆیان لێكدەدەنەوە.

پەیوەندی زانكۆ بە ئازادی هزر و ڕۆشنگەرییەوە پەیوەندییەكی جەوهەرییە و لێكدی جیا ناكرێنەوە، لە كاتێكدا پەیوەندی زانكۆ بە ڕەخنەكارییەوە پەیوەندییەكی پراكتیكیانەیە: زانكۆ بەبێ ڕەخنە ناتوانێت بەردەوامبێت، ناتوانێت خۆی بگۆڕێت و ناتوانێت ڕابەرایەتی زانستیانە و مەعنەویانەی دۆخی كۆمەڵگا بكات. چونكە ئەوە كاركردی ڕەخنەیە كە ناهێڵێت لە نێوان زانكۆ و كەنیسە، زانكۆ و مزگەوت، زانكۆ و سەربازگە و زانكۆ و كارگەكان و هتد. لێكچوون و تەماهی دروست ببێت. زانكۆ بەبێ ڕەخنەكاری لە جەستەیەكی بەتاڵ دەچێت، كە بۆی هەیە ببێتە لانەی هەر ڕۆحێكی شەڕانگێز. ئەوەی بەدرێژایی ساڵانی ڕابردووش چووبووە جەستەی زانكۆی ئێمەوە و كردبوویە دەزگایەكی سەركوتكردن، جگە لە ڕۆحی شەڕانگێزی بەعس هیچیتر نەبووە. بۆیە پرۆژەی یەكەمی گۆڕانخوازی لە زانكۆی ئێمەدا پێویستە پاككردنەوەی هەموو ئاسەوارەكانی بەعسیزم بێت لەناو زانكۆ و كەسایەتی ئەكادیمی كوردیدا، ئەمەش بۆئەوەی زانكۆ ببێتە شوێنی دروستكردن و بایەخدانەوە بە ناسنامەی كەسایەتی كوردی، نەك درێژەدان بە تیرۆری ئەو كەسایەتییە لە ڕێگەی تەنگژە دروستكردن لەبەردەم ئەو قوتابیانەدا كە (بەعسناسی) دەكەنە بابەتی نامەكانیان.



بۆیە، بەپێچەوانەی ئەو لێكدانەوە باوەی كە ئیدارییەكانی زانكۆ بۆ پرۆسەی ڕەخنەكاری دەیكەن و ئەمەش دەبەستنەوە بەوەی گوایە ڕەخنەگران دژایەتی زانكۆ و ئەم ئەزموونەی كوردستان دەكەن، ڕەخنەگرتن مەرجێكی زانكۆیە بۆ سەلماندنی خۆی وەك دامەزراوێكی ڕەسمی و دەروەست لە ئاست بایەخدانەوەی بە ناسنامەی كوردی، نەك هێشتنەوەی بنەما توندوتیژەكانی بەعس. ئایا مەگەر ئەوە دڵسۆزی نییە بۆ ئەم ئەزموونەی ئێستا كە هەوڵبدەیت زانكۆ بكەیتە شوێنی بایەخدانەوە بە ناسنامەی نەتەوەیی پێشێلكراوی خۆت؟!

كەواتە ڕەخنەكاری دوژمنایەتیكردنی زانكۆ نییە، بەڵكو ئاماژەدان و دەستنیشانكردنی ئامادەیی توندڕەوی بەعسە لەناو زانكۆدا و ئەمانەش دوو دژن كە ناكرێت لەناو یەك و لەپاڵ یەكتردا بوونیان هەبێت. بۆیە ڕەخنەگرتن، تەشەردان نییە لە زانكۆ، چونكە ڕەخنە بەشێكی پراكتیكیانەی پێكهێنانی زانكۆیە. ئەمەش لەو ڕاستییەوە هاتووە كە زانكۆ لە بەرنامە و فەلسەفەی خۆیدا، ڕەخنەگرتن وەك شۆفلێك نابینێت كە دەیڕووخێنێ! عەقڵی ئەكادیمی بەوجۆرە تەماشای ڕەخنە ناكات، كە (چەكێكە) بەدەست نەیارەكانییەوە بۆ دژایەتیكردنی خۆی. مێژووی پووكانەوەی هیچ زانكۆیەك شایەتی ئەوە نادات كە بەرەڕەخنە ڕووخا بێت، بەڵكو نەبوونی ڕەخنە بۆتە هۆی شكستپێهێنانی پرۆژە ڕۆشنگەرەكانی زانكۆ و ئامادەیی ڕەخنەش زانكۆ دەكاتە شوێنی گفتوگۆ و لێبووردەیی. ئەوە زاڵبوونی دۆگماتیزمە كە نشوستی بە ئەكادیمیای ئەسینا دەهێنێت و ئەوەش كرانەوە و پێكەوە هەڵكردنە كە ئەسكەندەریە دەكاتە بنكەیەكی زانستی بۆ خۆرهەڵات و خۆرئاوا. ئەوە دۆگماتیزمی تیۆلۆژیای مەسیحییە لە سەدەكانی ناوەڕاستدا، فەلسەفە و زانست، كە دوو

دیسپلینی ئەکادیمین، دەکاتە پاشکۆی یەزدانناسی ئایینی و دەکەوێتە شاردنەوەی کتێبەکانی ئەرستۆ و شێواندنیان کە ئۆمبێرتۆ ئیکۆ لە ڕۆمانی (بەناوی گوڵی سوور)ەوەدا هێندە نایاب باسی لێوەکردووە. فەیلەسووفێکی وەك (سپینۆزا) لە کەشوهەوای ئەو ئازادیەدا کە بە هزری خۆی ڕەوا دەبینی، بە پشتبەستن بە میتۆدی فیلۆلۆژی (زانستی ڕیشەناسی وشەکان) توانی بیسەلمێنێت کە ئەو زمانەی کتێبەکانی موسای پێنووسراوە، زۆر تازەترە لەو زەمەنەی کە مووسا تیایدا ژیاوە. بۆیە ناکرێت مووسا نووسەری ئەو دەقانە بێت. ئەمە ئەنجامێکی دیاری عەقڵێکی کراوە بوو، کەچی دۆگماتیزمی یەهوودی لە ئەمستەردامی ساڵی 1657دا، نەفرەتنامەیەکی لەسەر بڵاوکردەوە کە تیایدا هاتووە:(*لەسەر بڕیاری فریشتەکان و بڕوای قەدیسەکان بە پیرۆزیی یەزدانی مەزن، ئێمە بڕیارماندا باروخ سپینۆزا بە نەفرەت و شاربەدەر و مەحکوم کەین. بەنەفرەت بێ بە ڕۆژ و بە نەفرەت بێ لە شەودا. بەنەفرەت بێ کاتێ دەنوێ و بەنەفرەت بێ کاتێ هەڵدەستێ. لە چووندا و لە هاتنەوەدا بە نەفرەت بێ. ئەوا بڕیارماندا، کەس بۆی نییە توخنی کەوێ، نە بە نووسین و نە بە پەیڤین. کەس ڕووی خۆشی پیشان نەدات و کەسیش بۆی نییە لە ژێر یەك باندا بەتەنیا لەگەڵیدا بێت، یاخود لە چوار شەقاو کەمتر لێی نزیك وەبێ. نابێت کەسیش بەرهەمێك بخوێنێتەوە کە ئەو دایناببێ یاخود نووسیبێتی*).

کارەکەی سپینۆزا بەرهەمی عەقڵێکی ڕەخنەیی و نەفرەتنامەکەش بەرهەمی تاریکەسەلات. یەکەمیان چووە مێژووی فەلسەفەوە و دووەمیشیان لە مێژووی تیرۆر و ستەمکاریدا تۆمار کرا. ڕەخنە دەرگای کرانەوە و ڕۆشنگەری و ئازادی دەکاتەوە و دۆگماتیزمیش دەمانباتەوە سەر توندڕەوی و دەقبەستن.



ئەوەش خواستی کرانەوە و فێربوونە کە لە قۆناغێکی دیکەی مێژوودا ئیسپانیا دەکاتە پایتەختی لێبووردەیی لە نێوان فەیلەسووف و زانا مەسیحی و موسوڵمانەکاندا و لەشکرکێشی و سوپادۆستیی عوسمانییەکانیشە، کە دەبێتە هۆی داخرانی دەرگاکانی زانکۆ و ئەکادیمیاکان بەسەر زانا و فەیلەسووفەکاندا. کاتێك زانکۆ و ئەکادیمیا لە غیابی ڕەخنە و ئازادیدا، لە بنکەیەکی زانستییەوە دەبێتە مەعسکەری نازییەکان، (ئەدمۆند هۆسێرل)ی فەیلەسووفی دیاردەناسی، مافی وانەگووتنەوەی لێدەسەنرێتەوە و (ڤاڵتەر بنیامین)ی فەیلەسووفی شتە لە بیرکراوەکانیش، ناچار دەبێت وڵاتەکەی جێبهێڵێت و بەو چارەنووسە بگات کە پێی گەیشت. کاتێك زانکۆ لە سەنگەری بەرهەمهێنانی ڕەخنە لە کۆمەڵگا و بەرپاکردنی شۆڕشەوە دەبێتە شوێنێ بۆ مەراسیمی نوێژی هەینی، وەکئەوەی لە ئێراندا بینیمان، دیارە ژمارەیەکی زۆر لە مامۆستایان و ئەکادیمیەکان، جگە لەوەی ڕێگای هەندەران و ئەورووپا بگرنە بەر، یەك ڕێگایان لەبەر دەمدا دەمێنێ کە دەیانگەیەنێتەوە بە: زیندانی ئەوین!

مێژووی سەروەری و جموجووڵ و داهێنان، مێژووی ئەو زانکۆیانەیە کە لە کەشوهەوایەکی مرۆڤانەدا ئازادی ڕەخنەگرتنیان دابینکردووە، وەلێ زۆریشن ئەو زانکۆیانەی کە لە غیابی ڕەخنە و ئازادیدا، هەروەك بینایەیەك دەمێننەوە کە شوێنێکیان لە پانتایی جوگرافیادا داگیرکردووە، نەك لە پانتایی ژیار و هزردا. ڕەخنە لە زانکۆ لەو هەستیارییە قووڵەوە دێت کە نایەوێت زانکۆ ببێتە بینایەیەك لە پانتایی جوگرافیادا. ئەوەی ئەم گەرانتە دەستەبەر دەکات هەر زانکۆ خۆیەتی، ئەویش لە ڕێگەی ئازادی ڕەخنەگرتنەوە. ئەو زانکۆیەی ڕەخنە

بە هەڕەشەکردن لێکدەداتەوە و نەفرەتنامە لە دژی ڕەخنەگرەکانی دەنووسێ، هیچ ناکات لە بەرکەندکردنی ڕەوایەتی خۆی وەك دامەزراوەیەکی زانستی و ئەکادیمی و گۆڕینی خۆی بۆ بنکەیەکی لێپرسینەوە. ئەوە زانکۆیە دەتوانێت لە ئەندامەکانی خۆی مرۆڤی داهێنەر و چالاك دروست بکات و هەر زانکۆشە دەتوانێت ئەو ئەندامانەی بکاتە مرۆڤی ملکەچ و ترساو، بەجۆرێ کە گومان لەهیچ شتێ نەکەن.

لەم ساتەوەختەدا باری زانکۆیی ئێمە بارێکی پرسیار کوژە، نەك پرسیار هەژێن، بۆچی؟ چونکە لە زانکۆدا ترس فەرمانڕەوایە نەك زانست. لە زانکۆی ئێمەدا ئەو کەسەی کە دەبێت خەمی پرسیاری لەلابێت و پرسیار بەرەو تازەبوونەوەی بەردەوامی بەرێت، لە هەموو مرۆڤێك زیاتر بێدەنگ و کۆنپارێزە، بۆچی؟ چونکە لە زانکۆدا ترس دەسەڵاتدارە. بۆچی لە زانکۆدا ئەو هەموو ململانێیە هەیە لە نێوان سەرۆکی زانکۆ و ڕاگری کۆلێژەکان و ئەندامانی ئەنجومەنی کۆلێژەکان و لە نێوان سەرۆکبەشەکان و لە نێوان مامۆستاکاندا؟ چونکە پەیوەندییەکانی ناو زانکۆ پەیوەندی مەعریفی و زانستی نین و پەیوەندی دەسەڵاتمەندانەن. لەناو پەیوەندییەکی ئەوتۆشدا زانست و مەعریفە و هزر بەرهەم نایەن، چونکە لەهەر شوێنێ ترس ئامادە بوو، زانست و مەعریفە بار دەکەن. زانست و هزر بەرهەمی ئەو شوێنەن کە تیایدا پەیوەندییەکی مرۆڤانە ئامادەیە، نەك پەیوەندی ئاغا و کۆیلە. بە ئینسانیکردنی فەزای زانکۆ و گێڕانەوەی متمانە بە مرۆڤ لەناو زانکۆدا، تەئمینکردنی نیوەی ئەو شتەیە کە زانکۆ دەکاتە زانکۆ.

هەموو ئەم بارودۆخەیە کە هانمان دەدات باس لە زانکۆ بکەین و بەدیدێکی



ڕەخنەگرانەوە هەندێ لایەنی بخوێنینەوە، کە مەترسیی جیدیان لەسەر مانەوەی زانکۆ دروستکردووە. پێموایە هەرکەسێ بەم دیدەوە زانکۆ و کێشەکانی دەخاتە بەرباس، کارێکی پڕ مەترسی دەکات. ئەوە کارێکی پڕ مەترسییە نووسینی ڕەخنەیی لەسەر زانکۆ بەرهەم بهێنیت، بۆچی؟ چونکە لە زانکۆدا یاساخێك هەیە ناوی ئازادی قسەکردن و پرسیارکردن و لەوێشەوە ئازادی ڕەخنەگرتنە. هەبوونی ترس لە هەر شوێن و کاتێکدا، نیشانەی نەبوونی ئازادی و نەبوونی ڕەخنەیە و نەبوونی ئازادی و ڕەخنەش ئەو دوو ڕەهەندەن کە مانەوەی زانکۆ دەخەنە مەترسییەوە. واتە زانکۆ لە مانا و پێناسە جەوهەرییەکانی خۆی دابڕ دەکات و لەجیاتی ئەوەی مرۆڤی خاوەن ئیرادە و بیرمەندت بۆ بەرهەم بهێنێت، مرۆڤێکی بێ ئیرادە و بێ زمان فڕێ دەداتە کۆمەڵگاوە.

قسەکردن لەسەر زانکۆ کارێکی پڕ مەترسییە، کارێکە بەئاسانی تۆمەتبار دەکرێت و ناسنامەی (دوژمنایەتیکردنی زانکۆ)ی پێدەبەخشرێت. لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە کارێکە پێویستە بکرێت، کارێکە پێویستە ***ئێستا*** بکرێت، بەبێ گوێدانە مەترسی و تووڕەیی و هەڕەشەکان. ئەمە ئەو کارەیە کە دەبێت کەسانێك ئەنجامی بدەن، کە دەیانەوێت زانکۆ لەناوەوە بگۆڕن و ناچاری بکەن بە بەرنامە و سیاسەتەکانی خۆیدا بچێتەوە. وەلێ ئەمە کارێکیشە پێویستە دەرەوستانە ئەنجام بدرێت. چونکە ئەو کەسەی مەترسی دەکات، ئەو کەسەی بایەخ بە ئازادی ڕەخنەگرتن لە زانکۆ دەدات، کەسێکی دەرەوست و بەرپرسیارە. بەرپرسیاریش هەڵبژاردنێکی ئاگایانەیە، نەك بەسەرداکەوتن و کەوتنە غەفڵەتەوە. کاتێك مرۆڤ لە نێوان بێ موبالاتی و بەرپرسیاریدا، ئەوەی

دووەمیان هەڵدەبژێرێت، خۆی خستۆتە بەردەم مەترسییەکان. بۆیە هەموو هەڵبژاردنێك مەترسییە، بەڵام لەهەمان کاتیشدا چوونە ناو مەترسییەوە کارێکی بەرپرسیارانەیە. لە دۆخی ئێستای کۆمەڵگای ئێمەدا، بێدەنگی لە زانکۆ، بێ موبالاتی و خۆ دزینەوەیە لە بەرپرسیارێتی. ئەمەشیان ڕێگا ئاسان و بێ مەترسییەکەیە. ئەمە ئەو ڕێگایەیە کە زۆر پەسندە، چونکە ئاسان و حازر بەدەستە. ڕێگای دووەم، ڕێگای کەمایەتییە. ڕێگای گروپێکە کە بەدرێژایی مێژووی خۆی قوربانیداوە و باجی کردارەکانی خۆی بەخشیوە.

## دووەم: زانکۆ وەکئەوەی دەبێت هەبێت:

### بەرەو کەلتووری (لێبووردەیی  و ناتوندوتیژی)

ئەگەر بنەمای ئازادی و هزری ڕەخنەیی دوو مەسەلەی جەوهەری و پراکتیکی بن بۆ بوونی زانکۆ، ئەوە لێبوردەیی بەرهەمێکی ڕاستەوخۆی ئەو زانکۆیانەیە کە تیایدا ئازادی و ڕەخنە باڵادەستن. فەلسەفەی زانکۆ، وەك بەشێك لە فەلسەفەیەکی بەرفراوانتر کە فەلسەفەی پەروەردەیە، بەبێ ئیشکردن لەسەر بنەمای لێبوردەیی مانایەکی نابێت. لێبووردەیی بەومانایەی بەشێکە لە چالاکییەکانی هزر پاشان کردارێکی کۆمەڵایەتی، ئەوە بەشێکی گرنگە لە هەر پرۆژەیەکی پەروەردەییدا، بەتایبەتی لە قۆناغی زانکۆدا. چونکە زانکۆ سەروکاری لەگەڵ ئەو گروپە کۆمەڵایەتییەدا هەیە، کە لەڕووی جەستەییەوە پێگەیشتوون و پێویستە لە ڕووی هزریشەوە ئامادە بکرێن بۆ بەرەو پیرەوەچوونی داهاتوو.

ئیشکردنی زانکۆ لەسەر گەنجەکان، پێش هەموو شتێك، ئیشکردنە لەسەر



هزری ئەوان. لێرەوەیە کە بەرهەمهێنانی لێبووردەیی لە هزری گەنجەکاندا و لە کۆمەڵگای ئێمەدا، کەوتۆتە سەر شانی زانکۆ، یاخود دەتوانین بڵێین: هەڵگیراوە بۆ قۆناغی زانکۆ. هەڵبەت زانکۆ وەك دامەزراوێکی ئەڵتەرناتیڤ و جیاواز لە دامەزراوەکانی دیکەی کۆمەڵگای ئێمە، بۆ نموونە: خێزان و قۆناغەکانی بەرایی خوێندن، کە هێشتا دەسەڵاتی خێزان تیایدا فەرمانڕەوایە. کۆمەڵگای ئێمە لە ڕووی مێژووییەوە پێکهاتەیەکی خێڵەکییانەی هەیە، خێڵ گەورەترین یەکەی پێکهێنەری کۆمەڵگای ئێمەیە و یەکێك لە هاوبەندییەکانی هەر کۆمەڵگایەکی خێڵەکیش بریتییە لە بڕوابوون بە مەبدەئی تۆڵە سەندنەوە. بەم پێیەش ئەخلاقی خێڵ، ئەخلاقێکی تۆڵە ئەستێن و پەروەردەی خێڵ پەروەردەیەکی توندوتیژانەیە. لێرەدا پێویستیمان بە خێڵ وەك یەکەیەکی بەرجەستە نەماوە بۆ ناسینەوەی ئەخلاقەکەی. بەڵکو هێندە بەسە بیر لەو بەهایانە بکەینەوە کە هەڵگری خەسڵەتەکانی ئەخلاقی خێڵن و بۆی هەیە لە ڕێگەی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانەوە پیادە بکرێن. کەواتە خێڵ وەك هێزێکی کۆمەڵایەتی فۆرمی خۆی دەگۆڕێت، بەڵام پەروەردە و ئەخلاقناسی خێڵ لەناو یەکە کۆمەڵایەتییەکاندا درێژە بە پاڕاستنی خۆی دەدات، کە یەکێك لەوانە خێزانە.

لە کۆمەڵگای ئێمەدا، دەسەڵاتی خێزان و فەرمانەکانی خێزان تاکو بەشێکی هەڵکشاوی تەمەنی هەر تاکەکەسێك کاریگەری خۆیان هەیە و بۆی هەیە مرۆڤ لە میانەی هەموو تەمەنی خۆیدا هەرگیز هەلی دەرباز بوون لە فەرمانەکانی خێزانی بۆ هەڵنەکەوێت، یاخود بوێری نەبێت خۆی لەو فەرمانانە بپارێزێت. بەم پێیەش تاکەکەس دەچێتە هەر قۆناغێکی تەمەن و خوێندنەوە،

سێبەری خێزان بەدوایەوەیەتی و ملکەچە بۆ داخوازییەکانی ئەو دامەزراوەیە، کە یەکێك لە بنەماکانی مانەوەی بریتییە لە پێشێلکردنی مافەکانی تاکەکەس، چونکە پەیوەندی خێزان بە تاکەکەسەوە لەسەر پرانسیپی خاوەنداریێتییەوە دامەزراوە. واتە هەر خێزانێك خاوەنی ئەندامەکانی خۆیەتی و هەر ئەندامێکیش ملکی خێزانەکەیەتی. بۆیە سێبەری خێزان لە هەر شوێنێك هەبێت و هەر دامەزراوەیەکی دیکەی کۆمەڵگا خەسڵەتی هاوشێوەی خەسڵەتەکانی خێزانی وەرگرتبێت، ئەوە مافە تایبەتییەکانی تاکەکەس لە مەترسیدان و ترس پانتاییەکی بەرچاو داگیر دەکا.

لە قوتابخانەی سەرەتاییەوە تا قۆناغی دواناوەندی، سیستەمی پەروەردەیی ئێمە ئاوێتەبوون و لێکچوونێکی بەرچاوی لەگەڵ سیستەمی خێزاندا دروستکردووە و ڕەوایەتییەکی بۆ دەسەلاتی خێزان دەستەبەر کردووە. دەتوانین لێرەدا ئاماژە بە میکانیزمێکی وەك کۆبوونەوەی باوکان و دایکان لەم سیستەمەدا بدەین. ئەم میکانیزمە هەر ئامانجێکی پەروەردەیی لە پشتەوە بێت، کە بێگومان هەیەتی، وەلێ ناتوانێت لە کۆمەڵگای ئێمەدا، ئامادەکردنەوەی دەسەلاتی خێزان نەبێت لە قوتابخانەدا. ئامانجە پەروەردەییەکەی کۆبوونەوەی دایکان و باوکان، لە سیستەمی پەروەردەیی ئێمەدا بە دەگمەن نیشانەی خۆی پێکاوە، چونکە لە پشت هەر بەشداریکردنێکی دایکان و باوکان لە کۆبوونەوەکاندا، کە دەشێت بە مەبەستی هاوکاریکردنی قوتابخانە و ماڵەوە بێت لە هاندانی قوتابی، یاخود ڕزگارکردنی لە کێشەکانی، ئەوە دنیایەك ترس لەلای قوتابی بەرجەستە دەبێت. ئێمە هەموومان بەو ترسە ئاشناین کاتێك لە قوتابخانەوە داوایان



لێکردووین دایك و باوکمان لەگەڵ خۆمان بهێنین، ترسێك، کە هاوشان بووە بە دنیایەك پرسیار و ڕاڕایی و گومان و هەستکردن بە تاوان. بۆیە میکانیزمی کۆبوونەوەی باوکان و دایکان، نەك لە ڕووی ئامانجە پەروەردەییەکەیەوە، بەڵکو لە ڕووی پراکتیکیەوە، هەمیشە لەلای قوتابی بەوجۆرە کەوتۆتەوە، کە ئامادەبوونی هەڕەشەکانی خێزان بێت لە ناو قوتابخانەدا و مامۆستاش تەواوکەری ترسەکانی باوك بێت لە ناو پۆلدا.

بەبڕوای من، بۆ سەلماندنی ئەم خاڵە، هێندە بەسە بە یادوەری تایبەتیماندا بچینەوە و ئەو وێستگانە بەبیری خۆمان بهێنینەوە، کە داوامان لێدەکرا باوکمان یان برای گەورەمان، یاخود هەر کەسێکی دی، وەك نوێنەری دەسەلاتی خێزان لەگەڵ خۆمان بۆ قوتابخانە ببەین.تاکە قۆناغێکی خوێندن کە چاوەڕێی لێدەکرێت ببێتە ئەلتەرناتیڤ بۆ دەسەلاتی هەڕەشاوی خێزان و لەوێشەوە سنووری ڕەها لەبەردەم پەروەردە و ئەخلاقی خێڵدا، دابنێت و دەسەلاتێکی مەعریفیانە بکاتە پێوەر، قۆناغی زانکۆیە. زانکۆ ئەو دامەزراوەیە، کە چاوەڕێی لێدەکرێت کەمترین لێکچوونی هەبێت لەگەڵ سیستەمی خێزاندا و ئەو شوێنەیە کە لە بەرژەوەندیدا نییە سێبەری باوکانی خێزان بەسەر قوتابیانەوە زیندوو بکاتەوە. چونکە ئەگەر یەکێك لە شێوازەکانی پەیوەندیکردنی خێزان بە ئەندامەکانی خۆیەوە، چاندنی ترس بێت لە ناو هزری تاکەکەسدا بۆ بێدەنگکردنی پرسیار، ئەوە یەکێك لە سەرەتاییترین شێوازەکانی پەیوەندیکردنی زانکۆ بە قوتابیانەوە، بەرهەمهێنانی پرسیارە. پرسیاریش لەناو هزردا بەرهەمدێت، نەك لە شوێنێکی دیکەدا، بۆیە پێشتر نووسیم: پرۆژەی یەکەمی زانکۆ لە ئیشکردنیدا

لەسەر گەنجەکان، بریتییە لە ئازادکردنی هزری ئەوان لەهەر بەربەستێك کە ناهێڵێت پرسیار ببێتە بەشێك لە پێکهاتەی هزری مرۆڤ. لێرەشەوە پڕۆژەی زانکۆ بۆ ئازادکردنی هزری گەنجەکان لەو ترسەی کە سیستەم و دامەزراوەکانی دیکەی کۆمەڵگا چاندویانە، بریتییە لە پڕکردنەوەی هزر بە لێبووردەیی و ناتوندوتیژی.. پڕۆژەی زانکۆ لەوێدا جێگرەوەی پڕۆژەی خێزان و لەوێدا پڕۆژەیەکی مەعریفی و زانستانەیە، کە بتوانێت لە کەشوهەوایەکی ناتوندوتیژانە و لێبوردەییدا، هزر ئامادە بکات بۆ چالاکییەکانی خۆی، واتە دوور بکەوێتەوە لە پرانسیپی تۆڵەسەندنەوەو رق لێهەڵگرتن، کە پرانسیپێکی بنەمایی ئەخلاق و پەروەردەی خێڵ بوو، پاشانیش میکانیزمێکی کاری ڕژێمی بەعس بوو لە کۆمەڵگای کوردیدا.

زانکۆی ئێمە چ لە ئاستی فەلسەفەکەیدا و چ لە ئاستی پراکتیکیدا لێبوردەیی و ناتوندوتیژی بەرهەم ناهێنێت و نەیهێناوە. ئێمە هیچ دەقێکی زانکۆییمان نییە تیایدا لێبووردەیی و ناتوندوتیژی ستایش کرابێت. قوتابی لە هیچ سرووتێکی ئەکادیمیدا بەرپرسیار ناکرێت لە ئاست ئەم دوو پرانسیپەدا و هیچ سوێندخواردنێکی زانکۆییمان نییە تیایدا لێبوردەیی و ناتوندوتیژی ناویان هاتبێت. لەلایەکی تریشەوە، ئێمە لە زانکۆدا دیاردەیەکمان هەیە بەناوی (رق هەڵگرتنی مامۆستا لە قوتابی) هەروەك چۆن ڕقهەڵگرتنی مامۆستا لە مامۆستای تر، ڕاگر لە مامۆستاکان و سەرۆکبەش لە سەرۆکبەشەکانی ترمان هەیە و بە توندی ئیشیان پێدەکرێت.

لە حاڵەتی ڕقهەڵگرتنی مامۆستا لە قوتابی، کە دیاردەیەکی زۆر باوە لە ژیانی زانکۆیی ئێمەدا، قوتابی ئەو لایەنەیە، کە هەم وەك تاکەکەس و هەم



وەك نوێنەری (خێڵی قوتابیان) تۆڵەی لێدەکرێتەوە. ئەو قوتابییەی کە دەکەوێتە بەردەم ڕقهەڵگرتنی مامۆستایەك، ڕاستەوخۆ باجی هەموو ئەو تۆڵەیەش دەدات کە دەبوو مامۆستا لە هەموو قوتابییەکانی بکاتەوە. مەرج نییە قوتابی بەمانای وشە هەڵەیەکی ئەوتۆی لە بەرامبەر مامۆستایەکدا کردبێت، کە شایانی تۆڵە لێکردنەوە بێت. بەڵکو ئەوەی خوێنی تۆڵە لە زانکۆدا جۆش دەدات، ئامادەیی ئەخلاقی خێڵ و پەروەردەی خێڵە، پاشانیش مانەوەی میکانیزمەکانی پەروەردەی بەعس، کە پێویستی بەوە هەیە لە ڕێگەی چاوترساندنی تاکە یەك قوتابییەوە، چاوی هەموو قوتابییەکان بترسێنێ.. هەمان میکانیزم، پەیوەندی نێوان سەرۆکی زانکۆ و ڕاگرەکان، نێوان سەرۆکبەشەکان و مامۆستاکانی بەش، نێوان سەرۆکبەشەکان و ڕاگری کۆلێژ و نێوان هەموو مامۆستاکان و ڕاگر و سکرتێر و کەسە نزیکەکانی، دەستنیشان دەکات. واتە: هەموو ڕاگرێك لە سەرۆکی زانکۆ دەترسێت، هەموو قوتابییەك لە هەموو مامۆستایەك دەترسێت، هەموو مامۆستایەك لە ئاست مامۆستاکانی تردا هەست بە غیرە دەکات و هەموو مامۆستایەك لە سەرۆکبەشەکەی سڵ دەکاتەوە و هەموو سەرۆکبەش و مامۆستاکانیش زەندەقیان لە ڕاگری کۆلێژ و سکرتێر و یاوەرەکانی چووە.

بەم شێوەیەش ئەو خوێنەی لە زانکۆدا هاژەی دێت، خوێنێکە لە لافاوی پڕ زەبروزەنگی خێڵەوە سەرچاوەی گرتووە و بە فیلتەری بەعسدا تێپەڕیوە، نەك لە ڕووباری لێبووردەیی زانست و لێکدانەوە هزرییەکانەوە. لێرەوە دەتوانین بڵێین: ئەخلاق و پەروەدەی باوی ناو زانکۆ نەك هەر دابڕانێکی لەگەڵ سیستەمە بەرایییەکانی خوێندن و پەروەردەکردنی تەقلیدیدا دروستنەکردووە،

بەڵکو ئەو گرژی و ترسە زۆرەی ناو زانکۆ، ئەو هەموو توندوتیژییەی لە بەشێکی زۆری کۆلێژەکانی ئێمەدا پراکتیزە دەکرێت، ئامادەیی ئەو هەموو هەڕەشە نەنووسراوانەی بۆی هەیە مامۆستاکان و قوتابییەکان ڕووبەڕوویان ببنەوە، بوونی دیاردەگەلی وەك: ڕاپۆرت لێدان و تۆڵەکردنەوە و کینەبەرایەتی ناو زانکۆ، پێماندەڵێت، ئەخلاق و پەروەردەی خێڵەکی و بەعسیانە تەشەنەی کردۆتە ناو زانکۆشەوە. بێگومان ئەمەش یەکێکە لەو هۆیە هەرە گرنگانەی کە وایکردووە، زانکۆ نەتوانێت ببێتە دامەزراوێکی ئەڵتەرناتیڤ و نەتوانێت لە ڕابەرایەتیکردنی کۆمەڵگادا ڕۆڵی پێشەنگانەی خۆی بگێڕێت.

بەبڕوای من، زانکۆ چەندە پێویستی بە مەنهەجی زانستی و پسپۆڕیی ئەکادیمی هەیە، ئەوەندەش زیاتر پێویستی هەیە بە ڕۆحی لێبووردەیی و ئەخلاقی ناتوندوتیژی کە مێژوویەکی دووردرێژی لە کۆمەڵگای ئێمەدا بۆخۆی دروستکردووە. چونکە هیچ بەرهەمهێنانێکی زانستی و هیچ پسپۆڕییەکی ئەکادیمی نییە لەسەر بنەماکانی ئەخلاقی خێڵەوە، یان بە میکانیزمی پەروەردەیی بەعسیزم، ڕەوایەتی بۆخۆی بەدەست بهێنێت. زانست و ئەکادیمیا دوو کایەن کە توێژینەوە لەسەر توندوتیژی و شێوازەکانی دەرکەوتنی دەکەن، نەك خۆیان بەرهەمی دەهێنن. زانکۆیەك کە تیایدا بڕوایەکی پتەوی هەبێت بە توندوتیژی و نالێبووردەیی و ئەمەش لە ڕەفتاری ئەکتەرەکانیدا ڕەنگیدابێتەوە، ناتوانێت هچ پڕۆژەیەکی هەبێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی و دۆخەکانی دەمارگرژی. هەرئەمەشە کە وایکردووە زانکۆی ئێمە نەبێتە ئەو دامەزراوەیەی کە تیایدا هزر و ئەخلاقی ئەڵتەرناتیڤ سەر هەڵبدات. ئەو دامەزراوەیەی بۆخۆی بە دیاردەیەکی



کۆمەلأیەتی و سیاسی ئالوودە دەبێت، ناتوانێت بێلایەنانە بیر لەو دیاردەیە بکاتەوە و ڕێگاچارەی بۆ دابنێت. چونکە ئەو ئالوودەبوونە بەشێکی زۆری ئازادی و وزە ڕەخنەییەکەی دەمژێت و لە خۆیدا دەیتوێنێتەوە، بەجۆرێ کە نابینای بکات لەئاست لێکدانەوەی دیاردەکەدا.

لەهەموو ئەمەوە دەگەینە ئەو شوێنەی ڕێگە بەخۆمان بدەین و بڵێین: زانکۆی ئێمە لە ئیشکردنیدا لەسەر گەنجەکان، گرنگترین ئەرکی خۆی پشتگوێ خستووە کە بریتییە لە: ئازادکردنی هزر لە هەموو توندوتیژییەك و پڕکردنەوەی بە پرسیار. لە کەشوهەوای زانکۆی ئێمەدا زەین و هزر ئەوەندەی سەرقاڵدەکرێن بەوەی چۆن لە تەڵە و لێپرسینەوە و سزا ئیدارییەکان خۆمان ڕزگار بکەین و کارێ نەکەین میزاجی کەسانێکی خاوەن دەسەلأت تێك بچێت، ئەوەندە بوار نامێنێت بۆ بیرکردنەوەی ئازاد و توێژینەوەی سەربەخۆ و بەرهەمهێنانی پرسیارەکان. ئەوەندەی قوتابییەکان ناچاردەکرێن لە نامە و باس و ڕاپۆرتەکانیاندا، خۆیان دوور بخەنەوە لە ناوهێنانی بەعس و تاوانەکانی و تاوانبارەکانی، ئەوەندە بە بنەما ئەکادیمی و زانستییەکانەوە سەرقاڵ ناکرێن. ئەم کەشوهەوایە مرۆڤی لێبووردە و ناتوندوتیژ بەرهەم ناهێنێت، بەڵکو مرۆڤێکی دوو ڕوو بەرهەمدەهێنێت، کە لە ئاستی ڕواڵەتی وپراکتیکیدا شتێك دەکات و دەڵێت، وەلێ لە ئاستی ناخدا ددان بەخۆیدا دەگرێت و دەیەوێت شتێکی دیکە بکات و بڕواشی بە شتێکی دیکە هەیە جیاواز لەوەی کە دەیڵێت و دەینووسێت.

پڕۆژەی هەنووکەیی بۆ چاککردنی زانکۆی ئێمە، داخران و دەرگا پێوەدان نییە بەڕووی ئەو پێشنیارانەدا کە بۆ ئەم مەبەستە دەخرێنە ڕوو. پڕۆژەی

هەنووکەیی بۆ گۆڕینی زانکۆ، چاومۆڕکردنەوە و سەرکوتانەوەی ڕەخنەگران و قوتابیان نییە، هەروەکو چۆن تەحریفکردنی خەباتی قوتابیانیش نییە بەوەی گوایە دەیانەوێت لە دژی دەسەلاّت هەڵگەڕێنەوە. پڕۆژەی هەنووکەیی بریتییە لە کرانەوە بەرەو ئازادی و ئازادی ڕەخنەگرتن لە کەموکوڕییەکانی زانکۆ لە پێناوی دروستکردنەوەی زانکۆیەکی کارا و پڕ لە ململانێی ڕەوا لە نێوان پسپۆڕییە جیاوازەکان و شێوازەکانی وانەوتنەوە و پراکتیزەکردنی پەروەردەیەکی نوێدا. ئەوەی ئەمڕۆ زانکۆی ئێمە پێویستی پێیەتی وازهێنانە لە ناسنامە بیرۆکراسییە توندڕەوانەکەی و پێکهێنانی ناسنامەیەکی دیموکراسیانە و مرۆڤدۆستانە و ناتوندوتیژانە بۆ خۆی.

کاتێك قوتابیانی ئێمە ماندەگرن و خۆپیشاندان ساز دەکەن، بە پێچەوانەی بیروڕای ئیدارەی زانکۆوە (کە دەزگاکانی ئاسایش و پۆلیس و بەرپرسەکانی حوکمەتیان پێ لە خشتە دەبەن)، داوای ڕووخانی دەسەلاّت و ڕووخانی زانکۆ و لە سێدارەدانی کەس ناکەن، بەڵکو ئەوانە خوازیاری کەشێکی مرۆڤانەن بۆ ناو زانکۆ، خوازیاری بە دیموکراتیزەکردنی پرۆسەی خوێندن و نەهێشتنی توندوتیژی ناو زانکۆن. ئەو قوتابییەی داوای ئازادی دەکات بۆ زانکۆ، (ئاژاوەگێڕ) نییە و (لەدژی ئەم ئەزموونە) بیرناکاتەوە و (درێژکراوەی دەستی دوژمنانی گەلەکەمان) نین، بەڵکو دەقاودەق بۆ ئەم ئەزموونە و لە بەرژەوەندی ئەم بارودۆخە بیردەکاتەوە. ئەوەی بۆ ئازادی زانکۆ بیردەکاتەوە، ناتوانێت درێژکراوەی دەستی دوژمن بێت، چونکە دوژمن ئازادی زەوتکەرە. ئەگەر ئازادی جەوهەری زانکۆ بێت، ئەوە داواکاری بۆ ئازادی و کرانەوە و ناتوندوتیژی لە زانکۆدا، خزمەتکردنە بە زانکۆ. ئەگەر زانکۆیەکی



بەدیموکراتیکراو و ناتوندوتیژ پێویست بێت بۆ ڕابەرایەتی کۆمەڵگا، ئەوە داواکاری بۆ دروستبوونی کەشوهەوای مرۆڤانە و دیموکراتیانە لە زانکۆدا، نیشانەی خەمخۆریە بۆ دۆخی کۆمەڵگا. ئەگەر زانکۆی بەبەرهەم و خاوەن پڕۆژەی زانستی، پێویستییەکی دەسەلاّت و حوکمەت بێت بۆ پلاندانان و نەخشەکێشان، ئەوە بانگەوازکردن بۆ نەمانی ستەمکاری و کینەبەرایەتی و گرنگیدان بە توانا ئەکادیمیەکان نیشانەی دڵسۆزیە بۆ دەسەلاّت و حوکمەت، چونکە ناکرێت بە عەقڵێکی ستەمکارانەوە پلان بۆ ئایندە دابنرێت. ئەگەر بوونی زانکۆ وەك دامەزراوەیەکی ڕەسمی و شەرعی لە کۆمەڵگادا، پێویستییەك بێت لە پێویستییەکانی بەمەدەنیبوونی کۆمەڵگا، ئەوە وەستانەوە لە دژی بەعسیزمی ناو ئیدارەی زانکۆ، هەنگاوێکی بنەماییە بۆ بەخشینەوەی ناسنامەیەکی مەدەنیانە بە زانکۆ.

ئەمە جگەلەوەی ئەو قوتابییەی لە گوندێکی نزیك کەلار و دەربەندیخان و زاخۆ و دەشتی هەولێر و بناری قەلاّدزێ و وەرامین و شنۆ ، یان کەنارە دوورەکانی دیکەی هەرێمەوە دێتە ناو بەشەناوخۆییە ساردوسڕ و کۆنترۆڵکراوەکانی زانکۆوە، بە دەرماڵەیەکی کەم، (ئەگەر بیدرێتێ) ژیانێك بەسەر دەبات و بەرگەی ئەو هەموو توندوتیژییەی ناو پەیوەندییەکانی زانکۆ دەگرێت، ئایا موستەحەقی ئەوەیە بە (درێژکراوەی دەستی دوژمنانی گەلەکەمان) لەقەڵەم بدرێت؟ ! قوتابی وا دەناسم، شووشەیەکی چاویلکەکەی دوو ساڵە درزی بردووە و عیزەتی نەفسی قەبووڵی نەکردووە بە پارەی هیچ کەس چاکی بکاتەوە، ئایا ڕەوایە بە گێرەشێوێن و ئاژاوەگێڕ و بەکرێگیراو لەقەڵەمی بدەیت؟، مەگەر بەکرێگیراوەکان ئەوانە نەبوون کە لە پێناوی کەمترین بڕی دەستکەوتدا

خیانەتیان دەکرد؟! ئایا ئەو تۆمەتانەی ئیدارەی زانکۆ، لەلای بەرپرسانی حکومەت دەیانداتە پاڵ قوتابییەکان، بەلایەکدا بەهەڵەدا بردنی حکومەت و بەلایەکی تردا: سیمایەکی ئەو توندوتیژی و ستەمکارییەی ناو زانکۆ نییە، کە قوتابییان داوای گۆڕینی دەکەن و بەلای سێهەمیشدا ئەو ناواقیعیبوونەی ئیدارەی زانکۆ نییە لە چارەسەرکردنی کێشەکانی بە بیرکردنەوەی لە دەرکردنی بڕیاری فەسڵکردنی بەکۆمەڵ!؟

ڕێگای هەنووکەیی بۆ گۆڕینی زانکۆ هیچکامێ لەم پروپاگەندە و پاساوهێنانەوانە نین، هەروەکو چۆن پەنابردنی قوتابیانیش نییە بۆ توندوتیژی و ئاژاوەنانەوە لە خستنەڕووی کێشەکانیاندا، کە بۆی هەیە بقۆزرێتەوە و کەسانێک و لایەنگەلێک هەبن بیانکەنە بەڵگە بۆ نییەتپیسی خۆیان. ئەو قوتابییەی بیر لە دیموکراتیزەکردنی زانکۆ و گەڕانەوەی ئیعتیبار بۆ کەرامەتی خۆی لە زانکۆدا دەکاتەوە، خۆی وەک کائینێکی بیرکەرەوە دەناسێنێ، نەک وەک کائینێکی غەریزی. کرداری کائینێکی بیرکەرەوە، (بیرکردنەوە) و (تیۆریزەکردن) و (خۆپەروەردەکردنە)، نەک گەڕانەوە بۆ پەرچەکرداری غەریزی و کەفوکوڵی پڕ لە توندوتیژی. کاتێک دەمانەوێت ناتوندوتیژی و لێبووردەیی ببێتە ئەخلاقی ناو زانکۆ، هەمان داواکاری قوتابیانیش دەگرێتەوە. ڕەفتاری قوتابی لەو ئامانجە بەدەر نییە کە دەیەوێت بیهێنێتە دی، بگرە پێویستە لەڕەفتارەکەیدا هەنگاو بۆ ئامانجەکەی بنێت. گۆڕینی زانکۆ پێویستی بە لەشکرێک لە مرۆڤی توندڕەو نییە، بەڵکو پێویستی بەو مرۆڤانەیە کە زەمەنی خۆیان لە بیرکردنەوە و خۆپەروەردەکردندا دەژین، نەک لە نواندنی ئەو پەرچەکردارانەدا کە دەیبەنەوە سەر غەریزەکان، ئەمەش لەبەرئەوەی غەریزە



پێویستی بە بیرکردنەوە نییە.

پێویستە لە گۆڕینی کەشی زانکۆدا، بیر لە خاڵەهاوبەشەکان و بەرژەوەندییە گشتییەکان بکرێتەوە، ئەمەش بەهۆی داهێنانی زمانێکی هاوبەش، دوای ئەوەی کە لێبووردن و ناتوندوتیژی دەبێتە بەشێک لە پێکهاتەی کەلتووری و ڕۆشنبیری ئیدارییەکانی زانکۆ و قوتابیان. تەنیا لێرەوە دەتوانین ئیدیعایە بۆ گۆڕان بکەین و گۆڕان لە بنەماکاندا بکەین، نەک لە ڕووکەشدا. هەر لەم ڕێگایەشەوە دەتوانین باس لە زانکۆیەکی تەواو بکەین، چونکە لە زمانی لاتینیدا وشەی زانکۆ(یونیڤیرسیتاس *Universitas*) ئاماژە بۆ (پەیمانێکی هاوبەش لەنێوان کەسانێکدا دەکات، کە بەگەڕخەری هەمان ئەنجوومەن و جڤاتن کە تیایدا ئەندامن). ئەو کەسەی ئەندامی جڤاتێکیش بێت لەبەرژەوەندیدا نییە دوژمنکارانە لەدژی بوەستێتەوە. ئەمە تەنیا ئیدیعایەی ئەوانەیە کە ناتوانن ڕەواکارانە باس لە کێشەکان بکەن!

هەولێر، کۆلێژی ئەدەبیات
2003/9/1

# زانکۆ لە مۆدێلەوە بۆ واقیع

***(هەندێ سەرنج لەمەڕ جۆرەکانی پەیوەندی ئەکادیمی لە زانکۆدا)***

## پێشەکی:

لەهەموو کاتێکدا کە قسان لەسەر پەیوەندی نێوان (قوتابی) و (مامۆستاکان) و (ئیدارە) و (سیستەمی پەروەردەیی) دەکەین، پێویستە جیاوازی نێوان (ئازادی) و (ئاژاوە)مان بیر نەچێت. واتە پێویستە ئەو قسەکردنەمان لە پێناوی ئازادی و لە دژی ئاژاوە بێت، بەڵام لە کاتێکدا ئەو ئامانجە دەپێکین، کە ڕەخنەگرانە بیر بکەینەوە و ڕەخنە بکەینە ڕێگایەك کە بە ئازادیمان دەگەیەنێت و لە ئاژاوە دوورمان دەخاتەوە. ئازادی لەم بەکارهێنانەی ئێمەدا، بەمانای ئازادی بەشداربوون و ئازادی بڕیاردان دێت، نەك ئازادییەك لە پێناوی پاساوهێنانەوە بۆ ئەو ئەرکانەی کە ناتوانین و نامانەوێت جێبەجێیان بکەین. چەمکی ئازادی و خواستی ئازادی لە زانکۆدا، پێش هەموو شتێك کارکردنە بۆ هێنانەکایەی مرۆڤێکی سەربەست و دەروەست کە: (دەسەڵاتی ئەوەی هەبێت کار بکا بۆ هێنانەکایەی ئەو شتەی باش و نوێیە، لەسەر عەردی واقیع)[1]. لێرەدا ئازادی چەمکێکی ڕەها نییە بۆ بەرپەرچدانەوەی (یاسا و ماف و سنوورەکان، چونکە ئەمە دەیکاتە هێزێکی وێرانکەر و ئاژاوەگێڕ، بەڵکو ئازادی بریتییە لە کردنی ئەوەی یاسا ڕێگەی پێدەدات و پاش ئەوەش



ئازادی دەبێتە ئەو باشییە مەزنەی کە دەتهێنێتە سەر ئەو بڕوایەی قوربانی بەهەموو باشییەکانی تر لە ژیان و کۆمەڵگادا، بدەیت).[2]

کەواتە ئێمە هەر لەسەرەتاوە مانایەکی ئەوتۆ دەدەین بە چەمکی ڕەخنە کە زۆر جیاوازە لەو مانایەی نەیارەکانی ڕەخنە لەناو سیستەمی پەروەردەیی ئێمەدا، پێیدەبەخشن و لەهەوڵی ئەوەدان بەهۆی لکاندنی چەمکی (ئاژاوە) بە (ڕەخنە)وە، وەهامان تێبگەیەنن، کە ڕەخنەگرتن واتە: ئاژاوە نانەوە و ڕەخنەگریش ئەو کەسەیە کە ئاژاوە دەگێڕێت و لە دژی زانکۆ و ئەم ئەزموونەیە! وەڵامی ئەم تۆمەتانە بە توندڕەوی و پڕوپاگەندەی تر نادرێتەوە، بەڵکو تەنیا ڕێگایەك دەبێت لە ئێستا و داهاتووشدا بیگرینە بەر و بەشێك لەو پرۆسەی تیۆریزەکردنە بێت لە پێناوی تازەکردنەوەی کایەی ئەکادیمی و پەروەردەیی ئێمەدا، ڕێگای بەکارهێنانی لێکدانەوەی فیکری و بەڵگەهێنانەوەیە. بۆیە دەتوانین بڵێین: ئەو وەزیفەیەی دەیبەخشین بە ڕەخنە و کرداری ڕەخنەیی، پێویستە لە ئەنجامدا ببێتە هۆی دروستبوونی پانتایی ئازادی پەروەردەیی و ئازادی ئەکادیمی. لێرەشەوە ئەگەر جەوهەری زانکۆ بریتیبێت لە ئازادی، ئەوە ڕەخنە پراکتیکێکی هەرە گرنگە بۆ گەیشتن بەو ئامانجە.[3]

یەکێك لەو بنەمایانەی بۆ وەدیهاتنی ئەم ئامانجە بڕوام پێیەتی ئەوەیە، کە ڕەخنەگرتن لەهەر لایەنێك لە لایەنە پێکهێنەرەکانی سیستەمی پەروەردە، بەبێ تێگەیشتن لە چوارچێوەی سیستەمەکە بەگشتی، مانای نابێت. قسەکردن لەسەر پەیوەندی مامۆستا و قوتابیش دەکەوێتە ناو هەمان پانتاییەوە، بۆیە لە پێشەوە هەوڵدەدەم باس لە (سیستەمێکی پەروەردەیی تەندروست) بکەم،

تا بیکەمە پێوەر بۆ هەڵسەنگاندنی سیستەمی پەروەردەیی لە لای خۆمان و لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی یەکەمیاندا باس لە کەموکوڕییەکانی ئەمەی دواییان بکەم.

**بەشی یەکەم:**

## سیستەمێکی پەروەردەیی نموونەیی:

بەپێی ئەو تێگەیشتنەی کە دەشێت بۆ سیستەمێکی پەروەردەیی تەندروست و نموونەیی و کارا هەمان بێت، ئێمە دەکەوینە بەردەم چوار لایەنی پێکهێنەر، کە ئەم بەشانە دەگرێتەوە:

**(1) سیستەمی پەروەردە خۆی:**

چوارچێوەی گشتی و ڕەسمی و یاسایی ئەو بەرنامەیەی کە پەیوەندی هەیە بە پەروەردە و فێرکردنەوە، پێیدەگوترێ سیستەمی پەروەردە. واتە پێویستە ئەو سیستەمە گشتی و هەمە لایەن بێت، ڕەسمی بێت و لەژێر کۆنترۆڵی دەسەڵاتدا بێت و لەهەمان کاتیشدا یاسایی بێت، بەمانای ئەوەی تیایدا ڕەچاوی مافی ئەو گروپە کۆمەڵایەتییانە کرابێت، کە بەسەریاندا پراکتیزە دەکرێت 4. ئەمە ئەو بازنەیەیە کە لەناوەوەیدا یەکەیەکی گشتی و تایبەت بە پەروەردەکردن پێکدەهێنێت و لە بنەماوە جیاوازە لەو پەروەردەیەی کە تەقلیدییە (*Traditional*)، واتە ئەو پەروەردە کردنەی لەسەر بنەمای دووبارەکردنەوەی بەردەوامی ئەو بڕوا و نۆرم و ئەخلاقیاتەوە بەندە کە لە باووباپیرانەوە ماوەتەوە. سیستەمی پەروەردە جیاوازە لەو پەروەردەیەی کە لە پێشینەکانی خێڵ و تایەفە و بنەماڵەوە بۆمان ماوەتەوە و سیمایەکی



پیرۆز(مقدس)ی بەخۆیەوە گرتووە و نابێت گومانی لێبکرێت. هەروەها جیاوازیشە لەو شێوازی پەروەردەیەی کە خێزان بەسەرماندا دەیسەپێنێت و بەهۆیەوە فێری نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان دەکرێین.. جیاوازە لەهەموو ئەمانە چونکە هەرکاتێك باس لە سیستەمی پەروەردەیی دەکەین، باسمان لە پرۆژەیەکی عەقلانی و ڕۆشنگەر کردووە، کە پەروەردەکردنی (***تاکەکەسی بەهاوولاتیبوو***)ی کردۆتە ئامانجی سەرەکی خۆی. واتە بە پێچەوانەی پەروەردەی خێڵەوە کە تەنیا ئەندامە شەرعییەکانی خۆی بەو ئاڕاستەیەدا پەروەردە دەکات، کە بتوانێت خۆی بەرهەم بهێنێتەوە، هەروەها بە پێچەوانەی پەروەردەی خێزانەوە کە تەنیا نۆرم و (ئەبێ) و (نابێ)کانی ناو ژیانی ڕۆژانەمان فێر دەکات، ئەوە سیستەمی پەروەردە لە ڕێگەی دامەزراوەکانییەوە، بۆ نموونە زانکۆ، ئامادەمان دەکات بۆ ئەوەی ببین بە هاوولاتی ئازاد و ڕۆشنگەر لە کۆمەڵگایەکی مەدەنیدا.

*کەواتە سیستەمی پەروەردە وەك پرۆژەیەکی ئازادکەر و ڕۆشنگەر، یەکێکە لە بەرهەمەکانی مۆدێرنیتە لە پێناوی دروستکردنی تاکەکەسی عەقلانیدا، کە توانای هەبێت خۆی لەگەڵ بنەماکانی کۆمەڵی و مەدەنی و دیموکراسیدا بگونجێنێت و بەشداری لە پاراستنی دەستکەوتە مەدەنییەکاندا بکا* . ئەگەر یەکێکیش لە پێناسەکانی دامەزراوە ئەوە بێت، کە *دامەزراوە شوێنێکە تیایدا پلانی ڕێکخستنی کۆمەڵگا دەکێشرێت*، ئەوە پێویستە ئەو دامەزراوەیە بۆخۆی بەدوور بێت لە هەموو جۆرە نارێکی و ئاڵۆزییەك، واتە پێویستە دامەزراوەیەکی وەکو زانکۆ، یەکەم شوێن بێت کە لە بەڕێوەبردنی خۆیدا، دروشمەکانی خۆی پیادە بکات و خۆی بکاتە نموونەیەکی زیندوو لە ناو

سیستەمەکەدا. لێرەوە دەکرێت سیستەمی پەروەردەیی هەر کۆمەڵگایەك بکەینە پێوەر بۆ هەڵسەنگاندنی سیستەمی سیاسی و هەروەها پلەی بەمەدەنیبوونی ئەو کۆمەڵگایە: لەلایەکەوە سیستەمی پەروەدەیی ڕەنگدانەوەی دەسەڵاتی سیاسییە و ڕاستەوخۆش لەلایەن دەسەڵاتەوە پشتیوانی ماڵی دەکرێت، بۆیە ڕەهەندەکانی کرانەوە و داخران، لێبووردەیی و توندوتیژی، کۆنپارێزی و نوێخوازیبوونی دەسەڵاتی سیاسی دەبێتە بەشێکی جیانەکراوەش لە ئەو ئاڕاستانەی سیستەمە پەروەردەییەکە وەریدەگرێت. لەلایەکی تریشەوە دەتوانین هەمان سیستەم بکەینە پێوەر بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی بەمەدەنیبوونی هەمان کۆمەڵگا: ئایا چەندە بیری ئازاد و کرانەوە و مرۆڤی سەربەخۆ و دەروەستی هێناوەتە بەرهەم؟

**(2) ئیدارییەکانی سیستەمی پەروەردە:**

هەموو سیستەمێك پێویستی بە هێز و وزەی مرۆیی هەیە بۆ خۆبەڕێوەبردنی خۆی و پیادەکردنی پلانەکانی لە ناو دامەزراوەکانیدا، ئەو مرۆڤانەش کە هەڵدەستن بەمکارە، بریتین لە ئیدارییەکان.

ئەمانە ئەو کەسانەن کە لە ڕێگەی بەگەڕخستن و چەرخاندن و هەڵسووڕاندن و ئیدارەکردنی دامەزراوە پەروەردەییەکانەوە، هەڵدەستن بە پیادەکردنی بەرنامە پەروەردەییەکان و سیستەمە پەروەردەییەکە لەسەر پانتایی واقیع جێبەجێ دەکەن. واتە: هارمۆنییەت و پێکەوەگونجانی لایەنە جیاوازەکانی ئەو سیستەمە دابین دەکەن. ئیدارییەکان لەهەر سیستەمێکی پەروەردەییدا ڕۆڵی کەسانێك دەگێڕن، کە ڕێخۆشدەکەن تاکو سیستەمەکە بەبێ هیچ ڕێگیرییەك هەنگاو بەرەو گەیشتن بە ئامانجەکانی بنێت و ئەگەر ڕێگیرییەکیش هاتە



بەردەم، بەخێراترین و کاراترین شێوە چارەسەری بۆ بدۆزنەوە. ***ئەم دەستەیە تەفسیری ئەو فەلسەفەیە ناکەن کە لە سیستەمی پەروەردەدا هەیە، بەڵکو ئەو هەلومەرجانە دەسازێنن، کە پێویستن تاکو ئەو فەلسەفە پەروەردەییە بەرجەستە ببێت***. بۆیە مەرج نییە و زۆرجاریش هەڵەیەکی گەورەی هەموو دامەزراوە ئەکادیمیەکان لەوەدایە، کە دەسەڵاتی ئیدارەکردنی خۆیان بدەنە دەست مامۆستاکانی خۆیان: (ڕەنگە ئەمە یەکێك بێت لەو هۆکارانەی لەپشت خراپی و کەموکوڕی ئیدارییەوە بێت و بووبێتە هۆی کورتهێنانی لە نواندنی چالاکی و جێبەجێکردنی ئەرکەکانیدا، بەجۆرێ کە لەهەموو لایەکەوە بۆتە جێی ڕەخنە و تۆمەتباری).5

کەواتە سیستەمی پەروەردەیی و ئەکادیمی وڵاتێك پێویستی بە وزەیەکی مرۆیی جیاواز لە مامۆستا و پسپۆڕەکانی بۆ بەڕێوەبردنی خۆی هەیە و لەمەشدا دوو جار سوودی دێتە دەست: یەکەم: ململانێی نێوان مامۆستا و پسپۆڕەکان، لە ململانێ لەسەر پۆستە ئیدارییەکانەوە هەڵدەگێڕێتەوە بۆ ململانێ لەسەر پێگە زانستی وئەکادیمییەکان. دووەم: دەبێتە هۆکاری تازەبوونەوەی بەردەوامی کایەی زانست و پەروەردەکردن لەناو سیستەمەکە خۆیدا.

بۆیە گوێگرتن لەو داخوازییانەی کە بەردەوامی و کارایی دەدەنە سیستەمە پەروەردەییەکە و هەوڵدان بۆ دابینکردنیان و بەتەنگەوەچوون و ڕاپەڕاندنیان لەکاتی خۆیدا، کاری یەکەمی ئیدارییەکانە، نەك مامۆستا و پسپۆڕە ئەکادیمیەکان. زەحمەتە لەیەك کاتدا ئەرکی ئیداری بەڕێوە ببەیت و لەهەمان کاتیشدا کات و وزەی تازەکردنەوەی ئەکادیمی و زانستیت هەبێت، ئەمە جگە

لە ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانیش لە ئاست خێزان و کەسە نزیکەکاندا.

بۆیە ئیدارییەکان ئەو وزە مرۆییەن کە ژیانی ڕۆژانە و پراکتیکیانەی سیستەمەکە بەڕێوە دەبەن و ڕێکخەری هەموو پەیوەندییە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی سیستەمەکەن. لێرەدایە کە ئیدارەکردنی سیستەمێك، بۆنموونە سیستەمی پەروەردەیی بەشێکی جیانەکراوەیە لە بوونی سیستەمەکە خۆی وەك سیستەمێکی چالاك و بەبێ ئیدارەکردنی چالاك، سیستەمەکە دەکەوێتە بەردەم هەڕەشەی بیرۆکراسیەتی ئیداری، کە سەرەتاییێکی کوشندەیە بۆ لە کارخستنی کۆی چالاکییەکانی ناو ئەو دامەزراوانەی کە سەر بە سیستەمەکەن. هەربۆیەشە توێژەرێکی شارەزا لەمبارەیەوە دەڵێت: (بە بڕوای ئێمە و لە چوارچێوەی ئەزموونماندا، نموونەی ئیدارەیەکی زانکۆییمان بەرچاو ناکەوێ کە توانیبێتی یاسا ئیدارییە بیرۆکراسیە کۆنپارێز و تەقلیدییەکان بلەرزێنێ و لەجیاتی ئەوە وێنەیەکی پرشنگداری ئیدارەی زانستیمان پێشکەش بکات، کە هەستابێت بە جێبەجێکردنی ئەو ڕۆڵ و ئەرکانەی کە ئامانجە زانستی و پەروەردەیی و کۆمەڵایەتییەکانی خۆی دەهێننە دی).[6]

### (3) پەروەردەکار، یان مامۆستاکان:

ئەمانە ئەو گروپەن کە بەشێوەیەکی پراکتیکی ئەو بەرنامەیە لەناو پۆلدا تاقیدەکەنەوە، کە پێشتر داندراوە و بنەما پەروەردەییەکانی تێدا بەرجەستە کراون. هەروەها ئەوە پەروەردەکارانیشن، کە هێڵێکی پەیوەندی لەنێوان سیستەمی پەروەردە و پەروەردەکراوەکاندا، یان قوتابییەکاندا دروستدەکەن و پێشنیاری گۆڕین و چاککردنی بەندە یاسایی و میتۆدییە پەسندکراوەکان بۆ ئیدارییەکان بەرز دەکەنەوە، تاکو لە ئەنجامی دووبارەکردنەوەیان نەبنە دۆگمی



پیرۆز و سیستەمەکە دووچاری نەخۆشی بکەن.

پەروەردەکاران ئەو مامۆستا و وانەبێژ و پسپۆڕە پەروەردەییانەن، کە پرانسیپ و بەرنامە پەروەردەییەکان لەناو پۆلدا دەپالێون و چوارچێوەیەکی دینامیکییان پێدەبەخشن و ئەنجامی ڕادەی کارایی و ناکارایی ئەو بنەمایانە لەسەر قوتابییەکان، دەگەیەننەوە بە سیستەمە گشتییەکە، تاکو لەوێوە بڕیاری چارەسەرکردنیان بدرێت. لێرەدا دەتوانین بڵێین: ***لە سیستەمێکی پەروەردەیی نموونەییدا، ڕۆڵی مامۆستا هەر تەنیا وانەبێژی نییە، بەڵکو ئەو هەڵسەنگێنەری یەکەمی بەرنامە پەروەردەییەکانیشە وەك ئەوەی لە پۆلدا ئەزموون دەکرێن.*** ئەم ڕۆڵەش وا دەکات بڵێین: مامۆستا هەر تەنیا مووچەخۆرێکی ڕاپەڕێنەر نییە لەبەردەم ئیدارییەکاندا، بەڵکو هاوکارێکە و نکۆڵی لە کاریگەری هەڵسەنگاندنەکانی بۆسەر بەرنامە پەروەردەییەکان ناکرێت. ڕاستە لە شوێنێکی وەکو زانکۆدا، مامۆستا بە پارە وانە دەڵێتەوە، بەڵام شوێنگەی ئەو وەك پەروەردەییەك، جیاوازە لە شوێنگەی مووچەخۆرێك، کە ئەرکەکەی جێبەجێکردنی کاروبارە ئیدارییەکانی دامەزراوەکەیە لە میانەی کاتی دەوامی ڕۆژانەدا.

لەلایەکی ترەوە: ***ئەوە پێگەی ئیداری و پلەی ئەکادیمی نییە کە مامۆستایەك دەکاتە زانا لە بواری پسپۆڕی خۆیدا، چونکە ئێمە لە مێژووی زانست و ئەکادیمیاکاندا ڕووبەڕووی گەلێك زانا و پسپۆڕی خاوەن پلەی ئەکادیمی بەرز دەبینەوە، کە بەپێچەوانەی ڕەوتی کۆمەڵگا و چاوەڕوانییەکانەوە کاریانکردووە و زۆرجار ئەرکەکانی سانسۆری ڕەسمی و سەرکوتانەوەی سیاسیان لەناو حەرەمی ئەکادیمیادا جێبەجێکردوون.*** بەڵکو ئەو کاتە ڕۆڵی ئەم دەستەیە

ڕۆڵێکی زانستیانەیە، کە ئەو ڕۆشنبیرییە بەرفراوانەی لە بواری خۆیان و بوارە گشتییەکاندا هەیانە، بۆ خزمەتکردن بە مەسەلە گەورە ئینسانییەکان بەکار بهێنن نەك بە پێچەوانەوە. ئەوە دەستکەوتی مەعریفی و ئەکادیمیە کە پێگەی زانستیی مامۆستایەك دەستنیشان دەکات، نەك پلەی ئیداری و ناونیشانی ئەکادیمی ڕووت. ***ئازادی ئەکادیمی لەوەدا دەبێتە ئازادییەکی باوەڕپێکراو کە ئازادی بێت بۆ تواناکان نەك بۆ خاوەن بڕوانامە بەرزەکان.***

**(4) خۆپەروەردەکاران:**

لە سیستەمێکی پەروەردەیی و ئەکادیمی نموونەییدا، ئازادی ئەکادیمی، ئازادییە بۆ خۆپەروەردەکردن و خۆ دروستکردنی قوتابی و فێرخوازەکان. قوتابی لەناو سیستەمی پەروەردەدا هەر تەنیا فێر ناکرێت، هەر تەنیا کائینێکی پاسیڤ و وەرگر نییە، بەڵکو کائینێکە بۆخۆیشی خۆی فێر دەکات و ڕۆڵی بەرچاوی دەبێت لە تاقیکردنەوەی توانا و ئیرادە و بەدیهێنانی حەزەکانی خۆیدا. بەمانایەکی تر، لە سیستەمێکی پەروەردەیی تەندروستدا، قوتابی (سوکرات)ێکە و پڕۆژەی هەرە سەرەکیشی بریتییە لە (خۆناسین). ئەوەی لەم پرۆسەیەدا گرنگە ئەوەیە کە قوتابی بتوانێت ***مەعریفەی بەدەستهاتوو لەسەر دنیا، بکاتە مەعریفەی خۆی لەبارەی دنیاوە***. واتە ئەرکی یەکەمی قوتابی بریتییە لە سوود وەرگرتن لەهەموو ئەو ئیمکانییەتانەی کە سیستەمەکە بۆی دابینکردووە تا لە ڕێگەی بەکارهێنانیانەوە، خۆی پەروەردە بکات. لێرەدا مەبەستمان لە خۆ پەروەردەکردن، پەروەردەی ئەخلاقی و کۆمەلایەتی و هتد نییە، بەڵکو مەبەستمان لە پەروەردەی مەعریفی و



زانستییە. چونکە قوتابی لە دامەزراوەکانی پێشتردا (بۆ نموونە: ماڵ و قوتابخانە)، فێری پەروەردەی ئەخلاقی و کۆمەلایەتی کراوە (یان بەسەریدا سەپێنراوە).7

ئێستا ئەگەر بمانەوێت هێڵکارییەکی ئەو سیستەمە پەروەردەییە بکێشین، کە پێشتر لە لایەنە پێکهێنەرەکانی دوام، ئەوە خودی چوارچێوەی سیستەمەکە لە شێوەی بازنەیەکدا نومایش دەدەین، کە سێگۆشەیەکی تێدایە و هەریەك لە گۆشەکانی ئەو سێگۆشەیە بریتین لە (ئیدارییەکان)، (پەروەردەکاران) و (خۆپەروەردەکەران):




ئەوەی پێویستە لەم بازنەیەدا ئاماژەی پێبدرێت، جۆری ئەو پەیوەندییەیە، کە جەمسەرەکانی سێگۆشەکە پێکەوە دەبەستێتەوە. ئێمە لێرەدا بۆ هەر یەکێك لەو پەیوەندییانە چەمکێك پێشنیار دەکەین، واتە بەمەبەستی تێگەیشتن و

قوولبوونەوەیەکی زیاتر، پێویستە بزانین پەیوەندی نێوان ئیدارە و مامۆستاکان، نێوان مامۆستا و خۆپەروەردەکەران و نێوان ئیدارە و ئەو گروپەی کە لەو دامەزراوە پەروەردەییەدا بەرهەم دەهێنرێن، چ جۆر پەیوەندییەکە و لەسەر کامە میکانیزم دەچێت بەڕێوە؟.

**- پەیوەندی وەزیفی:**

لە سیستەمێکی پەروەدەیی تەندروستدا، پەیوەندی نێوان ئیدارییەکان و پەروەدەکاران، واتە مامۆستاکان، پەیوەندییەکی وەزیفییە. چونکە مامۆستا بەشێکی پێکهێنەری دامەزراوەکەیە و بەپێی پەیمانێك کاری بۆ دەکات و ئیلتیزامی هەیە بە یاساکانی ئەو ئیدارەیەوە. ئەم پەیوەندییە وەزیفیەش لەنێوان مامۆستا و ئیدارەدا لەسەر بنەمای (هاوکاری)یەوەیە، نەك لەسەر ئەو بنەمایەوە کە مامۆستا وەك کەسێکی جێبەجێکەر مامەڵەی لەگەڵ بکرێت. بەم لێکدانەوەیە مامۆستا سەرمایەیەکی ڕەمزی سیستەمی پەروەردەیە و لێرەشەوە وەزیفەی ئەو لە ئاست ئیدارەدا بریتییە لە کاری پەروەردەکردن، لەکاتێکدا ئەرکی ئیدارە لە ئاست مامۆستاکاندا بریتییە لە دابینکردنی ئەو کەشە پێویستەی کە خزمەت بە پرۆسەی پەروەردەکردن لەناو دامەزراوەکەدا دەکات و دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی سەرمایەی ڕەمزی سیستەمەکە.

**- پەیوندی مەعریفی:**

پەیوەندی نێوان مامۆستای پەروەردەکار و ئەو کەسانەی پەروەردەیان دەکات، واتە قوتابییەکان، بە پەیوەندییەکی مەعریفی ناو دەبەین. ئەمەش بۆ ئەوەی وا تێنەگەین پەیوەندی مامۆستا بە قوتابیانەوە پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتیانەیە



و مامۆستا پێغەمبەرێکە هاتووە تاکو قوتابی ڕزگار بکات! مامۆستا بۆی هەیە کۆمەڵایەتی بێت، بەڵام ئەرکی ئەو لە ناو پۆلدا ئەرکێکی مەعریفییە و ئەو پەیوەندییەش کە مامۆستا بە قوتابییەوە دەبەستێتەوە پەیوەندییەکە لە ڕێگەیەوە مەعریفە ئالوگۆڕی پێدەکرێت، نەك بەها و نرخە ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییەکان.

مەبەستمان لە پەیوەندی مەعریفی ئەو پەیوەندییەیە، کە تیایدا (گفتوگۆ و بیرورا گۆڕینەوە) بەشێکی گرنگە لە سیستەمی پەروەردە و ئەمەش جیای دەکاتەوە لەو پەیوەندییەی کە لە خێڵ و خێزاندا هەیە و لەسەر بنەمای خزمایەتی و گەورە و بچووکییەوەیە و تیایدا میکانیزمی (ملکەچی و ترس و سزادان)، دەستنیشانی سنووری پەیوەندییەکان دەکات.

پەیوەندی مەعریفی لەسەر پرانسیپی دیموکراتی و بەشداریکردنی لایەنەکانەوە بەڕێوە دەچێت، نەك لەسەر پرانسیپی ناچارکردنی لایەنێك لەبەردەم خواست و مەبەستەکانی لایەنێکی تردا. ئەوەی ئەم پەیوەندییە لە پەیوەندییەکی تەقلیدییەوە هەڵدەگێڕێتەوە بۆ پەیوەندییەکی مەعریفی، بریتییە لە کەشی ئازادانەی ناو پۆل، ئەوجا زاڵبوونی دیدێکی ڕەخنەیی و پەیوەندی ڕاستەوخۆی مامۆستا و قوتابییەکان و پاشانیش دروستبوونی دۆخێکی یەکسان و بێ ترس بۆ خۆدەربڕین و پرسیارکردن. کەواتە ***لە پەیوەندی مەعریفیدا هەم زانست و هەم ئەخلاق بوونیان هەیە، چونکە هیچ پۆلێك ناتوانێت ببێتە شوێنی بەرهەمهێنانی زانست، ئەگەر دیموکراتیزەکراو نەبێت، ئەمە جگە لەوەی هیچ دۆخێکی بەدیموکراتیزەبوومان نابێت ئەگەر تیایدا ڕەچاوی ئەخلاقی***

*گفتوگۆکردن نەکرابێت.*

**. پەیوەندی بەرهەمهێنان:**

ئەو ئیدارەیەی کە سەر بەسیستەمێکی کارایە، خۆی بەرپرسیار کردووە لە ئاست سیستەمەکەدا و وادەی ئەوەی پێداوە، کە *کادری* چالاکی بۆ بەرهەم بهێنێت، تاکو مانەوەی سیستەمەکە دەستەبەر بکات، لەو ڕێگەیەشەوە سیستەمەکە ڕۆڵی خۆی لە کۆمەڵگادا بگێڕێت، واتە ئەو هاوولاتیانەی بۆ بەرهەم بهێنێت کە دەتوانن لە پێشخستنی کۆمەڵگادا ڕۆڵی خۆیان هەبێت.

پەیوەندی بەرهەمهێنان لەسەر بنەمای (متمانە)ی بەرامبەرەوە ئامانجەکانی خۆی دەپێکێت، واتە سیستەمەکە متمانە بە ئیدارییەکانی خۆی دەکات لە بەگەڕخستن و ئیشکردن بە پرانسیپپەکانیدا، یاخود پێشنیاریان بۆ گۆڕین و چاککردنیان قەبووڵ دەکات. لەبەرامبەر ئەمەشدا، ئیدارییەکان متمانە بە سیستەمەکەیان دەکەن و لە دابینکردنی پێویستییەکاندا پشتی پێدەبەستن.

کەواتە تەندروستی سیستەمێك، (لێرەدا سیستەمی پەروەردە) لەوێوە دێت، کە تیایدا (ئەخلاقێکی هاوکارانە) جێگەی (ئەخلاقێکی ستەمکارانە) بگرێتەوە، شێوازی کارکردنی دیموکراسی و بەشداریکردن، جێگەی شێوازی کارکردنی هەرەمی و لەسەرەوە فەرزکراو بگرێتەوە و هەروەها متمانە و پشت بەیەکتر بەستن، جێگە بە بیرۆکراتییەتی ئیداری چۆڵ بکات.

ئێمە کاتێك دەڵێین: ئەرکی زانکۆ وەك دامەزراوەیەك ئەوەیە: کادری پێویست بۆ کۆمەڵگا بەرهەم بهێنێت، مەبەستمان ئەوەیە بڵێین: ئەوە ئەرکی زانکۆیە کە تاکێکی پسپۆڕ، هووشیار و بەرپرس نەك هەر لە ڕووی زانستییەوە بەرهەم



بهێنێ، بەڵکو پێویستە ئەو تاکەکەسە لە ڕووی ڕۆحی و مەعنەویشەوە ئامادەکراو بێت 8. بەرهەمهێنانی ئەم تاکەکەسەش لە دۆخێکی بەدیموکراتیزەبوودا نەبێت مەیسەر نابێت، چونکە ئەوە تەنیا دۆخی دیموکرسیانەیە کە وامان لێدەکات ئەوانەی فێریان دەکەین، وەك مرۆڤ تەماشا بکەین نەك وەك کۆیلە و ئامێر. لێرەشەوە گرنگی ئەو پرانسیپە ئاشکرا دەبێت کە پێش هەموو شتێك داوای بە ئینسانیکردنەوەی دۆخی ئەکادیمی و زانکۆیی ئێمە دەکات و خۆپیشاندانی قوتابیانی زانکۆی سەلاحەددینیش، ڕاپەڕینێك بوو لە پێناوی وەدیهێنانی ئەو ئامانجەدا، نەك لە دژی دەسەڵات و ئەزموونی کوردی وەك ئیدارەی زانکۆ بەهەڵە لێکیدایەوە.

**بەشی دووەم:**

## له مۆدێلەوە بۆ واقیع:

ئەگەر ئەو قسانەی پێشوو کەمێك لە خەسڵەتەکانی سیستەمێکی پەروەردەیی تەندروست و ئایدیاڵیمان بۆ بەرجەستە بکەن، ئەوە بابزانین لە سیستەمی پەروەردەیی لای ئێمە، بەتایبەتیش لە زانکۆدا، تا چەندێ ئەو خەسڵەتانە بەرجەستە بوون و ڕێگرەکان لە کوێدان؟ بێگومان ئێمە مەبەستمان نییە بڵێین: پێویستە سیستەمی پەروەردەیی ئێمە سیستەمێکی ئایدیالی بێت، بەڵکو مەبەستمانە بڵێین، پێویستە بۆ چاککردنی ئەو سیستەمەی هەمانە، سوود لە بنەماکانی سیستەمێکی ئایدیاڵ و نموونەیی وەربگرین و وەك مۆدێلێك لەبەر دەمی خۆماندا دایبنێین تاکو لەبەر ڕۆشنایی ئەو مۆدێلەدا چاکسازی لە کەموکوڕی ئەوەکەی خۆماندا بکەین.

ئێستا دەمەوێت، لەبەر ڕۆشنایی مۆدێلە گریمانەکراوەکەماندا، باس لە جۆری ئەو پەیوەندییانە بکەم کە لە بواری پەروەردەیی ئێمەدا ئامادەن و لەناو زانکۆدا بەرجەستەبوونێکی تەواویان هەیە و بوونەتە ڕێگر لەبەردەم تازەبوونەوەی کایەی ئەکادیمی ئێمە و بە ئینسانیبوونی کەشی زانکۆییماندا.

***یەکەم:*** *پەیوەندی نێوان ئیدارییەکان و پەروەردەکاران*، یان مامۆستاکان لەسەر بنەمای کۆنترۆڵکردن و سزادانەوە بەندە، نەك هاندان و پشتگیریکردن. بەم پێیەش پێویستە مامۆستای پەروەردەکار (هەموو شتێ بکات تاکو ئیدارە لەخۆی ڕازی بکات). بۆ نموونە: هەندێك لە سەرۆکبەشەکانی کۆلێژێك، نەك



هەر بەمافی ڕەوای خۆیانی دەزانن توندوتیژی لە ئاست مامۆستاکاندا بنوێنن و بەشێوەیەکی بیرۆکراتیانە لەگەڵیاندا بجووڵێنەوە و ڕێگری ئیدارییان لەبەردەمدا دروست بکەن، بەڵکو دەستیش دەخەنە ناو پەیوندی نێوان مامۆستا و قوتابییەکانەوە. ئەمە جگە لەوەی کە بۆی هەیە ژمارەیەك قوتابی هانبدەن و بە بەخشینی نمرە و ئیمتیازات و وەرگیران لە خوێندنی باڵا و دامەزراندنەوە لە زانکۆ، ئیغرایان بکەن، تاکو قسەکانی ئەو مامۆستایەیان بۆ بگوێزنەوە، کە بەدڵی ئەوان و حوکمە ئیدارییەکانیان نییە. وێڕای ئەمەش هەندێك لە سەرۆکبەشەکان هەموو ئیمکانییەتەکانی بەشەکە:(کەرەستەکانی وانە وتنەوە، کۆمپیوتەر، ئامێری فۆتۆکۆپی و تەلەفۆن و کتێبخانە و تەنانەت نەوت و شەکروچا و هتد!) لە ژێر کۆنترۆڵی خۆیاندا دەهێڵنەوە و ناهێڵن بەشێوەیەکی دیموکراسیانە و یەکسان سوودیان لێوەر بگیرێت. واتە هەموو ئەو ئیمکانییەتانە لە ژوورەکەی خۆیاندا کلیل دەدەن و تا خۆیان لەوێ نەبن و میزاجی شەخسییان ڕێگەیان پێنەدات، کەس ناتوانێت سوودیان لێوەربگرێت. واتە ئەگەر خۆیان لە دەوام نەبن ئەوە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەوام لەو بەشەدا دەوەستێت و بەمجۆرەش دەسەڵاتی **ئەریستۆکراسییەتی ئەکادیمی** دێتە ئاراوە.

ئەمە جگە لەوەی پەیوەندی هەندێك لە سەرۆکبەشەکان بە موعیدەکانەوە، پەیوەندییەکی نا ئەکادیمییە و زیاتر وەك بەردەستی خۆیان لەگەڵیاندا دەجووڵێنەوە، نەك وەکو خاوەن توانای ئەکادیمی، کە دەشێت لە ژیانی پەروەردەیی بەشەکەدا سوودیان لێوەربگیرێت، بۆنموونە: بەشداریکردنیان لە وانە وتنەوەدا، کە بێگومان هەم بۆ شەخسی خۆیان سوودی هەیە و پرۆفە

لەسەر کارێك دەکەن، کە پاشتر دەبێتە کاری ڕەسمییان، هەم سوودی هەیە بۆ قوتابییەکان و بە یەك شێوازی وانە وتنەوەی مامۆستایەك بێتاقەت نابن و بە شێوازی وانە وتنەوەی جۆربەجۆر ئاشنا دەبن، هەم سوودیشی هەیە بۆ ڕاپەڕاندنی بەرنامەی بەشەکە و تەئمینکردنی وانەبێژی نوێ بۆ داهاتوو.

کۆنترۆڵی سەرۆکبەشەکان لەمەش تێپەڕی کردووە و هەندێکیان مافی ئەوە دەدەن بەخۆیان کە لەهەندێك قوتابی، سوودی لاوەکی وەربگرن و لەبەرژەوەندی شەخسی خۆیان بەکاریان بهێنن. هەندێك لە قوتابییەکان، بەتایبەتی لە کچەکان، چیرۆکی سەرسووڕهێنەریان لەلایە کە باس لە نەفس نزمی کەسانێکی ناو زانکۆ دەکات، کە چۆن لە دەسەڵاتی ئیداری خۆیان سوودی نابەجێ وەردەگرن.

**دووەم:** *هەروەها لە زانکۆی ئێمەدا پەیوەندی نێوان مامۆستا( پەروەردەکار* )لەگەڵ قوتابیدا، پەیوەندییەکی ئاڵۆزە کە تیایدا نە (گفتوگۆ، نە ڕەخنە و نە بەشداربوون) بوونیان نییە و هەر لەبەر ئەوەش نەبۆتە پەیوەندییەکی مەعریفیی کارا. بەم پێیەش (دەبێت قوتابی هەموو شتێك بکات تادڵی مامۆستا لە خۆی ڕازی بکات) و کارێك نەکات مامۆستا ڕقی لێهەڵبگرێت.

ئەوەی قوتابی لەسەر مامۆستاکەی فێری دەبێت، بارودۆخە دەروونییەکانی مامۆستاکەیەتی نەك ئاڕاستەکانی بیرکردنەوە و پرانسیپە فیکرییەکانی. بۆیە هەر زوو قوتابی لەهەوڵی ئەوەدایە پرسیار لە خۆیدا بکوژێت و گومانەکانی خۆی لەلای مامۆستاکانی باس نەکات نەبا ببنە هۆی هەڵچوون و تووڕەبوونیان. (دیاردەی لەبەرکردنی ماددەکان وەك ئەوەی مامۆستاکان بە فێرخوازەکانیان نوسیوەتەوە و دەرنەچوون لە چوارچێوەی مەلزەمە وەك



دەقێکی پیرۆز، ئەو ترسە دەسەلمێنن). ئەم میزاجیەتەی مامۆستا وایکردووە، کە قوتابی لە ئاست مامۆستاکانیدا هەمان ئەو تەکنیکی لە خۆڕازیکردن و دەستەمۆکردن و خۆ دەربازکردنانە لە سزا و لێپێچینەوەکان بەکار بهێنێت، کە لە ماڵەوە لەگەڵ باوکیدا بەکاریان دەهێنێت و بەهۆیانەوە مەودایەکی زۆر دەکەوێتە نێوان هەردوو لایەنەوە. ئەم دیاردەیە هۆکارێکی سەرەکیشە لە پشت ئەو پشێوی باری دەروونی و تەنیاییەی قوتابیانی ناو زانکۆکانی ئێمە تیایدا دەژین و ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستەوخۆشی هەیە لەسەر دنیابینییان. بەجۆرێ کە ئەو مەودایەی لە نێوان مامۆستا و قوتابییەکاندا هەیە، بۆتە هۆی دروستکردنی مەودا لە نێوان قوتابییەکان و ژیانی خۆیاندا. ئەمەش بە ڕێژەیەك ئەوان هەستدەکەن ژیان بارێکی قورسە بەسەر شانیانەوە و هیچ ئومێدێك بۆ داهاتووی خۆیان بەدی ناکەن. ئەمە جگە لەوەی مەودایەکی زۆریشی لە نێوان قوتابییەکان خۆشیاندا دروستکردووە و بۆتە ڕێگر لەبەر دەمیاندا تاکو هەست نەکەن ئەوان **(گروپێکی یەکگرتووی هاوبەرژەوەند)** پێکدەهێنن و پێویستە لە خۆشی و ناخۆشی ژیانی تایبەتی و زانکۆیی یەکتردا بەشداری بکەن.

هەروەها بەشێك لە مامۆستاکان ڕۆڵێکی نێگەتیڤ دەگێڕن لە هێشتنەوە و سەقامگیرکردنی کەسایەتی قوتابی لە چوارچێوەی ئەو ئەخلاقیاتەدا کە پێش زانکۆ هەیبووە و درێژکراوەی هەمان ئەخلاقیاتی خێزان و زادەی نەریتە کۆمەڵایەتییەکان بووە. بێگومان ئەو ئەخلاقیاتەش خۆی لە شەرمێکی زۆر، ترسێکی هەمیشەیی و ملکەچییەکی بێسنووردا دەبینێتەوە و هەموو ئەمانەش ڕێگرن لەبەردەم **بەخودبوونی** کەسایەتی قوتابی و پاشان بە

هاوولاتیبوونی لە میانەی پرۆسەی پەروەردەکردندا.

بەهەمان شێوە، جیاوازیکردن لە نێوان قوتابییەکاندا و نەرمی پیشاندان لەگەڵ هەندێکیان و ڕەقبوون لەگەڵ هەندێکی تریاندا، دەبێتە هۆی دروستکردنەوە و درێژەدان بەو پەیوەندیانەی کە لە خێزانی کوردیدا باون و دەبنە هۆی دروستکردنی **نایەکسانی** لە نێوان ئەندامەکان و گروپی نێر و مێ دا.

ئامادەیی ئەو هەموو ناکۆکی و توندوتیژی و بێ موبالاتییەی قوتابییەکان لە ئاست یەکتردا، **دوولەتبوونی پۆلەکان بەسەر جۆرەها (گروپی کاتی)دا و ئەو سنوورە زۆرەی لە نێوان کچەکان و کوڕەکاندا هەیە، هەر تەنیا پەیوەندی نییە بە قۆناغی تەمەن و پێکهاتەی دەروونی گەنجەکانەوە، بەڵکو ئاشکراکەری ئەو نایەکسانییەشە کە لە پۆلدا هەیە** و بەشێکیشی دەگەڕێتەوە بۆ شێوازی کارکردنی مامۆستاکان و جۆری وانە وتنەوە و شێوەی تێڕوانینیان لە قوتابییەکان.

**سێهەم:** *پەیوەندی قوتابییەکان بە خۆیانەوە.* گریمان سیستەمی پەروەردە و ئیدارییەکان و پەروەردەکاران پەیوەندییەکی گرژیان بۆ ژیانی قوتابییەکان دروستکردووە و ئەو هەلومەرجانەیان نەخستوونەتە بەردەست کە ئەوان لە سایەیدا هەستبکەن فێر دەکرێن و ئامانجێکن بۆ فێربوون، وەلێ هێشتا ئەرکێك لەسەر قوتابی دەمێنێت کە پەیوەندی بە کەسایەتی خۆیەوە هەیە وەك کەسایەتییەکی خۆپەروەردەکەر. هەر لەبەر ئەم خاڵەش بوو کە پێشتر قوتابییم بە سوکراتێك چوواند، کە پڕۆژەی سەرەکیی ئەو بریتییە لە خۆناسین و بە جیدی گرتنی خودی خۆی وەك کائینێکی خۆپەروەردەکەر.

لە ڕاستیدا قوتابی هەر تەنیا فێر ناکرێت، هەر تەنیا وەرگرێکی پاسیڤ و هەر



تەنیاش تابلۆیەکی سپی نییە تا ئەوانیتر بیانەوێت نیازەکانی خۆیانی لەسەر تۆمار بکەن. بەڵکو *قوتابی لە قۆناغی زانکۆدا، چ لەڕووی پێکهاتەی کەسایەتی و چ لە ڕووی پێکهاتەی مەعریفیەوە، کەسایەتییەکی بەرپرسیارە بەرامبەر بە زەمەنی خۆی وەك کەسایەتییەك، کە پێویستە ئاگا و هووشیار بێت لە ئاست ئەو زەمەنەدا و هەوڵ بدات لە سەدا سەد تیایدا بژی، ئەمەش بەوەی کە خۆپەروەردەکردن و فێربوون بکاتە ئامانجێکی تایبەتی، بەجۆرێ کە لە غیابی مامۆستاشدا هەر لەسەری بەردەوام بێت.*

خۆپەروەردەکردن ئەو پرۆسەیەیە، کە پێویستە قوتابی دوای وەرگرتنی هەموو وانەکان و دوای جێبەجێکردنی هەموو ئەرك و تاقیکردنەوەکان، پێی هەستێت و تیایدا بەردەوام بێت. چونکە ئەگەر خۆپەروەردەکردن نەبێتە پڕۆژەیەك بۆ خودی تاکەکەس، ئەوە ئازادی مانای نابێت و ئاژاوە پەرەدەستێنێ. ڕەخنەی ئێمەش لە سیستەمی پەروەردەیی زانکۆ و لە ئیدارەی ئەم دامەزراوەیە لە پێناوی ئەوەدایە کە ڕێگە لە ئاژاوە بگیرێت و پانتایی ئازادی گەورە و بەرفراوان بکرێت.

لێرەدا دەتوانین پرسیار بکەین: کێ دەتوانێت ئازاد بێت؟ و کامە قوتابی دەتوانێت خۆی پەروەردە بکات؟

لەبەردەم پرسیارێکی وادا، چەند وەڵامێکی گریمانەکراو دێنە بەردەمان:

(1) **ئەو کەسە دەتوانێت ئازاد و خۆ پەروەردەکەر بێت کە لەگەڵ خودی خۆیدا تەبا بێت**، خۆی بە جیدی بگرێت و هیچ یەکێ لەو ڕێگرانەی لەلایەن (سیستەم و ئیدارە و پەروەردەکاران)ەوە بەسەریدا دەسەپێنرێت و بە پلەی یەکەم

ڕەنگدانەوەی میزاجی تایبەتیانە، نەك یاسا ئەکادیمییەکان، نەبێتە ڕێگر لەبەردەم پرۆژەی خۆپەروەردەکردندا. بەم مانایەش ئەوەی خۆی پەروەدە دەکا، ئینتیما و دەروەستی هەیە لە ئاست خودی خۆیدا و ئەمەش ئازادبوونی ئەو لە هەموو ڕێنوماییکردن و ڕابەرایەتیکردنێکی دەرەکی، دەستەبەر دەکات. ئازادی لێرەدا مانایەکی کانتیانە بەخۆیەوە دەگرێت، واتە بوێری بەکارهێنانی عەقڵی خۆمان بەبێ ڕێنوماییکردنی ئەوانیتر بەناوی زانست و ئەکادیمیەتەوە .9

(2) **ئەو کەسە دەتوانێت خۆپەروەردەکەر بێت، کە بتوانێت ئازادییەکەی بەکار بهێنێ بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ (ئەویتر).** ئەویتر لەبەردەم مرۆڤی ئازاددا ئامانجێکە، پێویستە پەیوەندیمان لەگەڵیدا هەبێت و بە جیدی وەریبگرین. لێرەوە هەستکردنی قوتابی بە هاوپۆل و هاوتەمەنەکانی وەك خاوەن کێشە و بەرژەوەندی هاوبەش، بەشێکی گرنگە لە ئاڕاستەبوونی ئازادییەکەی بەرەو ئەویتر. چونکە ئەو ئازادییەی نەتوانێت ڕێگای گەیشتن بە ئەوانیترمان پیشان بدات و نەبێتە ئازادییەکی ئاڵوگۆڕکەر، نەشبۆتە ئازادییەك، کە لە دۆخی (ئینتیماکردن بە خودی خۆمانەوە) بەرزمان بکاتەوە بۆ دۆخی (ئینتیماکردن بە ئەویترەوە). لە نێوەندی قوتابیانی زانکۆدا گەلێك دیاردەی ئەوتۆ بەدی دەکرێن و (هەمووشیان جەخت لەسەر ئەو ڕاستییە دەکەنەوە)، کە قوتابییەکان نەیانتوانیوە پەیوەندی ئازادانە و نەوعی دروست بکەن و خۆیان بە ئەندامێکی هەمیشەیی گروپێك بزانن کە ***بەرژەوەندی هاوبەش*** ئەوانی کۆکردۆتەوە. بگرە ئەوان بەردەوام خۆیان دابەشکردۆتە سەر چەند گروپێکی کاتی، کە بەرژەوەندی



ڕۆژانە کۆیاندەکاتەوە و مانەوەشیان لەناو ئەو گروپە کاتییانەدا لە ڕۆژێکەوە بۆ ڕۆژێکی دیکە دەگۆڕێت. بەمانایەکی تر: بە گروپ بوونی کاتییانەی ئەوان لەسەر بنەمای میزاجی شەخسییەوە بەندە، نەك لەسەر بنەمایەکی مەبدەئی و ستراتیژییەوە. هۆی ئەوەی کە قوتابییەکان ناتوانن نهێنییەکانی یەکتر بپارێزن، بەردەوام کێشەی لاوەکی دەبێتە هۆی دروستکردنی پشێوی لە نێوانیاندا و ئیرەییان بەیەکتر دێت و دەتوانن بە ساناهی کەسایەتی یەکتر بشکێننەوە، لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە ئەوان لە گروپی کاتیدا خۆیان دەبیننەوە و ستراتیژێکی هاوبەشیان نییە، یان هووشیارییان نییە ئەو ستراتیژە بناسنەوە و وەك هێزێکی سۆسیۆلۆژی بیرکەرەوە سوودی لێوەربگرن.

(3) **کەسی خۆپەروەردەکەر و ئازادبوو، کەسێکە بەردەوام خۆی وەك سەرمایەیەکی گەورەتر بۆ کۆمەڵگاکەی ببینێت.** واتە: خۆی وەك تەواوکەری پرۆسەیەك ببینێت، کە لەپشتییەوە ئینتیمای ئەو بۆ ژیانێکی هاوبەشی کۆمەڵایەتی دیاربێت. ئەمەش بەمانای ئەوەیە کە ئەو بە چاوی ئیدارییەکان، مامۆستاکان و خاوەن پلە بەرزەکان تەماشای خۆی نەکاتەوە، بەڵکو هەمیشە خۆی وەك ئەندامێکی پێکهێنەری کۆمەڵگاکەی ببینێت و ئەو پێگەیە بۆخۆی لە پێشچاو بگرێت کە پێگەی مرۆڤێکی دەروەستە لە ئاست ژیانی هاوبەشی کۆمەڵایەتیدا.

زانکۆی ئێمە تێڕوانینێکی جەستەیی (فیزیۆلۆژیانە)ی بۆ فێرخوازەکانی هەیە و لەم تێڕوانینەشدا مەسەلەی کەمتەمەنی و کەمئەزموونی دوو بەڵگەی هەرە سەرەکین بۆ بێهێزکردنی قوتابییەکان. بەڵام قوتابییەك کە خۆی پەروەردە دەکا، واتە توانای هزری خۆی دەسەلمێنێت، ئەوە دەتوانێت خۆیشی لە

گروپێکی فیزیۆلۆژییەوە بکاتە گروپێکی سۆسیۆلۆژی خاوەن هێزی فیکری و مەعریفی سەربەخۆ.

**(4) مرۆڤی خۆپەروەردەکەر، مرۆڤی ئازاد و مرۆڤی پەیوەندار و خاوەن هێزێکی سۆسیۆلۆژی، کەسێکە ناهێڵێت خەیاڵ و فەنتازیاکانی لێ بدزرێت.**

لێرەدا مەبەستم لە خەیاڵ و فەنتازیا ئەو دوو کەناڵەن کە تاکەکەس دەبەستن بە داهاتووەوە و بواری ئینتیماکردنی بە جیهانێکی ئەڵتەرناتیڤەوە بۆ دەڕەخسێنن.

لە کۆتایی ئەم باسەدا دەتوانین بڵێین: هەر وەکو تالکۆت پارسۆنز دەڵێت: پێویستە (هەر سیستەمێك خاوەنی چەند ئامانجێکی خۆی بێت)10 و لە ڕێگەی بەگەڕخستنی دامەزراوەکانییەوە هەوڵ بدات بگاتە ئەو ئامانجانەی. ئامانجی سیستەمی پەروەردە ئەوەیە تاکێکی پسپۆڕ، هووشیار و بەرپرس لە ڕێگەی زانکۆوە پێشکەش بە کۆمەڵگا بکات. ئەم تاکەکەسە جیاوازە لەو مرۆڤەی کە خێزان دەیخاتە کۆمەڵگاوە و لەوێشەوە دەخرێتە بەر قۆناغەکانی خوێندن و پەروەردەکردن. پەروەردە لە زانکۆدا جیاوازە، لە پەروەردە لە قۆناغەکانی پێشتری ڕاهێنان، چونکە ئەوەی لە زانکۆدا فێری قوتابی دەکرێت، زانستە نەك ئەخلاقیاتی گشتی کۆمەڵگا، دیسپلینی ئەکادیمییە نەك دیسیپلینکردنی ڕەفتاری قوتابی و بایەخدانە بە قوتابی وەك مرۆڤێکی بیرکەرەوە، نەك پیادەکردنی کەلتوورێکی سەربازییانە بە ناوی ئیدارەکردنەوە.

بەم پێیەش جۆری دامەزراوە ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر کەسایەتی ئەو مرۆڤەی کە لەو دامەزراوەیەدا پەروەردە دەکرێت. واتە دامەزراوە هەندێ ڕەفتار و خوو لە کەسێتی ئەندامەکانیدا بەرجەستە دەکات. ئەگەر



دامەزراوەکە ئیدارەیەکی دیموکراتیزەکراوی هەبێت، بێگومان بەرهەمێکیش پێشکەش بە کۆمەڵگا دەکات کە خاوەنی ڕۆحییەتێکی دیموکراتیانە بێت و ئەمەش دەبێتە نیشانە و بەڵگە لەسەر جۆری سیستەمەکە. بەڵام ئەگەر پەیوەندییەکانی ناو سیستەمەکە تووشی نەخۆشی هاتبن، ئەوە تەنینەوەی نەخۆشییەکە لە کەسایەتی هەموو ئەندامەکانیشدا ڕەنگدەداتەوە و ئەمەش دەبێتە ڕێگر لەبەردەم تازەبوونەوەی سیستەمەکە، لە ناوەوە.

سیستەمی پەروەردەیی ئێمە، بەتایبەتی لە قۆناغی زانکۆدا وەك دامەزراوەیەکی ئەکادیمی بەرز، دووچاری گەلێ نەخۆشی ئەوتۆ هاتووە کە پێویستییان بە چارەسەری و دەستکاریکردنی بنەمایی هەیە. چونکە ئەو ئاڵۆزی و گرژییەی لە نێوەندی زانکۆیی ئێمەدا هەیە، بەڵگەیەکی باشە بۆ تەنینەوەی نەخۆشییەکە و سستکردنی کارایی زانکۆ وەك بەرهەمهێنەری زانست و پسپۆڕی و مرۆڤی بەرپرس.

هەنگاوی تەندروست لەبەردەم هەر گۆڕانکارییەکدا لە زانکۆ، لە وەڵامدانەوەی پرسیارێکەوە دەستپێدەکات: **ئایا ئێمە چیمان لە زانکۆ دەوێت و چاوەڕوانیمان چییە لەم دامەزراوەیە؟** ئەگەر چاوەڕوانیمان لە زانکۆ ئەوەیە کە زانستی تیادا بەرهەم بێت و دروشمی سەرەکی زانکۆ ببێتە ڕابەرایەتیکردنی زانستیانەی کۆمەڵگا، ئەوە پێویستە بارودۆخی زانکۆ ببێتە بارودۆخێکی ئازاد و بەدیموکراتیزەکراوی دوور لە هەموو دەستێوەردانێکی سیاسی و حیزبی.

ئەمەش بەمانای ئەوەیە: لە بارودۆخی ئێستای زانکۆکانی ئێمەدا ئازادی و دیموکراسیەت لە پلەی سفردان و سیاسەتی حیزبایەتیش ئامادەییەکی تەواوی هەیە. هەموو ئەمەش وایکردووە، لە زانکۆی ئێمەدا ئاستی زانستی بگاتە

ئاستێکی نزم و هەموو ڕەخنەگرتنێکیش وەك ئاژاوەگێڕان لێکبدرێتەوە. وەلێ ئێمە دەزانین زانکۆ ناتوانێت دروشمە سەرەکییەکەی خۆی بەدی بهێنێت، ئەگەر نەیتوانی ئیدارەی خۆی دیموکراتیزە بکات و دەسەڵاتی زانستی لە جێگەی دەسەڵاتی حیزبی و میزاجی شەخسی دابنێت. بەشێکی زۆری ئەوانەی ئیدارییەکانی زانکۆی ئێمە پێکدەهێنن، ململانێی شەخسی و حیزبی و هەندێجارش بنەماڵەیی دەکەن، نەك ململانێی زانستی و ئەکادیمی. ئەمەش ڕێگری هەرە سەرەکییە لەبەردەم تازەبوونەوەی کایەی زانستی ئەم دەڤەرەدا، وەلێ لەهەمان کاتیشدا پڕۆژەی یەکەمی هەر سیاسەتێکی گۆڕانکاری لەناو زانکۆدا، پێویستە لە گۆڕینی ئیدارییەکانی ئەم دامەزراوەیەوە دەستپێبکات و کەسانێك ئەرکیان پێبسپێردرێت، کە لە گرنگیی زانکۆ وەك دامەزراوەیەکی زانستی تێگەیشتوون.

بەبێ تەفسیرکردنەوە و گێڕانەوەی ئیعتیبار بۆ ڕۆڵی زانستیانەی زانکۆ، واتە بەبێ بەخشینەوەی جەوهەرە زانستی، ئەکادیمی و ڕۆشنگەرانە ئازاد و ڕەخنەگرانەکەی زانکۆ بەم دامەزراوەیە، هەر گۆڕانکارییەك لەناویدا دەبێتە گۆڕانکارییەکی ڕووکەش، نەك بنەمایی. بەبێ گۆڕانکاری بنەمایی، پەیوەندییەکانی نێوان سیستەم و ئیدارە، نێوان ئیدارە و مامۆستاکان، نێوان مامۆستا و قوتابیان و دواجار نێوان ئیدارە و قوتابییەکان، ئاڵۆز و ئاڵۆزتر دەبن. ئێمە ناتوانین بە ڕوونی پێشبینی ئەو بارودۆخە بکەین، کە لە ئەنجامی ئەو ئاڵۆزییەوە دێتە ئاراوە، بەڵام دەزانین ئەو بارودۆخە گورزێکی کوشندە دەبێت بۆسەر شەرعییەتی زانکۆ وەك دامەزراوەیەکی ئەکادیمی لەم وڵاتەدا.

هەولێر، 2003





## پەراوێز و سەرچاوەکان:

1جوزيف تاسمان، اَفاق جديدة في التربية، ت: لجنة من اساتيذة الجامعيين (بيروت: دار الاَفاق الجديدة، 199?)، ص 54-64 وەرگیراوە لە سەرچاوەی دووەم، ل: 731.

[2] محمود قمبر: الحرية الاكادمية في الجامعات العربية، دراسة تحليلية نقدية مقارنة. (الديمقراطية و التربية في الوطن العربي)، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت 2001، هەمان لاپەڕە.

[3] ڕێبوار سیوەیلی: زانکۆ لەنێوان جەوهەر و پراکتیکدا، هاوڵاتی ژ: 106-107، ڕۆژی 31-10 2003، ل 9.

[4]أنتونی گیدینز: جامعەشناسی. ت: منوچهر صبوری، نشر نی، تهران8731، لە ل: 844 بەدواوە.

[5]**محمود قمبر: الحرية الاكاديمية في الجامعات العربية، دراسة تحليلية نقدية مقارنة.** هەمان سەرچاوە،ل: 461.

[6]هەمان سەرچاوە، ل: 561.

[7] ڕێبوار س: زانکۆ لەنێوان جەوهەر و پراکتیکدا، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

[8]**د. عبدالله م. عبدالرحمن: دراسات في علم الاجتماع 2، الجامعة و المجتمع. دار اليقظة العربية، بيروت**، 2000، لە ل: 31 و بەرەو دوا.

I. Kant: Oplysning, historie, fremskridt. udg. af: M. H. Jeppesen, 9 1993, s. 71.

10**جورج ريتزر: نظريەء جامعه شناسی در دوران معاصر. ت: محسن ثلاثی، انتشارات علمی، تهران** 1379، ل: 131.

# کۆمەڵگا و زانکۆ:

## خاڵی لێکچوون و جیابوونەوەیان

کێشەی زانکۆکانی ئێمە بەدەر نین لەو کێشانەی کۆمەڵگای ئێمە بەدەستیانەوە دەناڵێنێ و واچاکە کێشەکانی ئەم کۆمەڵگایەش لە چوارچێوەی ئەو کێشانەدا تەماشا بکەین کە کۆمەڵگا خۆرهەڵاتییەکان هەیانە. من لەم دەرفەتەدا هەوڵدەدەم بەشێوەیەکی سادە باس لە دیارترینی ئەو ڕەهەندانە بکەم کە لە بنەمادا پەیوەستن بە ستراکچەری کۆمەڵایەتییەوە، بەڵام بەشێوەیەکی ناڕاستەخۆ کاریگەریشیان هەیە بۆسەر سیستەمی پەروەردەیی و ئەکادیمی. لێرەشەوە هەرچەندە ئەو سیستەم و دامەزراوەیە لەڕووی میعماری و بەرنامە و خۆ پێناسەکردنەوە دیاردەیەکی مۆدێرنە، کەچی لەزۆر باری پراکتیکیدا ملکەچە بۆ نەریتە کۆمەڵایەتییە باوەکانی پێش مۆدێرن.

کۆمەڵگای ئێمە و کۆمەڵگا هاوشێوەکانی وەك ئێمە بەگشتی لە جۆری کۆمەڵگا داخراوەکانن کە تیایاندا باڵادەستی هەمیشە لە دەستی نێرینەدایە و لە هەمان کاتیشدا کەلتوورێکی کۆنپارێز، یان کۆنسێرڤاتیڤ نۆرمەکان دەستنیشان دەکا و نرخ بۆ کردە و چالاکییەکان دادەنێ. ڕەنگدانەوەی ئەم دوو خەسڵەتە کۆمەڵایەتییە لە زانکۆکانی ئێمەدا بەوجۆرە بووە کە ڕەگەزی مێیینە تا ئاستێکی دیار بەپەراوێز بکرێ و هەمان ئەو فرسەتانەی بۆ



نەڕەخسێ کە ڕەگەزی نێرینە لە هەمان دامەزراوەدا بۆی ڕەخساوە. لەلایەکی ترەوە: لە زانکۆکان و لەناو سیستەمی پەروەردەیی ئێمەدا بەردەوام چۆنایەتی پرانسیپە پەروەردەییەکان کراونەتە قوربانی چەندایەتی. بۆنموونە لەو ساڵانەی دواییدا زانکۆکانی کوردستان زۆرکەم سڵیان کردۆتەوە لە کردنەوەی بەشی زانستی نوێ و کۆلێژی تازە، بەڵام زۆر کەمیش توانیویانە هەموو ئەو پێداویستییە زانستی و کردەیی و تەکنەلۆژیانە بۆ ئەو بەش و کۆلێژانە دابین بکەن کە کردویاننەتەوە و لە زۆربەی کاتیشدا دەستەوەستان بوون لە ئاست دابینکردنی کادری پەروەردەیی شارەزا و پسپۆڕ بۆیان. بێگومان ئەمە ڕەنگدانەوەی خراپی هەبووە لەسەر ئاستی مەنهەجی و شێوازی وانەگوتنەوە. بۆنموونە باڵادەستی شێوازی (پێ لەبەرکردن، تلقین) لە جیاتی (فێرکردن، تعلیم)، ئەنجامێکی ڕاستەوخۆی نەریتێکی کۆمەڵایەتی کۆنسێرڤاتیڤانەیە لەناو سیستەمی پەروەردەیی و ئەکادیمیدا. لە کۆمەڵگای ئێمەدا تاکەکەس فێرناکرێت بەسەربەخۆیانە و ئازادانە بیر بکاتەوە، بەڵکو چاوەڕێی لێدەکرێ گوێڕایەڵ بێت و هەمان ئەو شتانە دووبارە بکاتەوە کە پێشتر هەبوون و لە پێشینەکانەوە ماونەتەوە. بە مانایەکی دی، کۆمەڵگا تاکەکەسی ئامادەکردووە کە لە سیستەمی خوێندن و ئەکادیمیشدا هەمان مامەڵە لەگەڵ زانستدا بکات کە لەناو خێزان و کۆمەڵگادا لەگەڵ نەریت و یاسا بۆماوەکاندا دەیکات. بەڵام زانکۆ کۆمەڵگا نییە تا هەمیشە بەپێی بۆماوەیی بیەوێت سنووری خێزانەکانی خۆی فراوان بکات و ژمارەی ئەندامەکانی زیاد بکات.

لێکچوونێکی دی لە نێوان کۆمەڵگا و ئەکادیمیادا ئەوەیە کە لە کۆمەڵگادا و لەناو خێزاندا گەورەکان هەردەم بە مافی خۆیانی دەزانن دەستبخەنە ناو

کاروباری ئەندامەکانیانەوە و ناچاری ژێر ڕکێفی بیرکردنەوەی خۆیانیان بکەن. شتێکی ئاشکرایە لە زۆر لاوە دەست دەخرێتە ناو کاروباری زانکۆوە و زۆرجارانیش ئەو لایەنەی ئەمکارە دەکات کایەی سیاسییە. ئەمەش هەر تەنیا تایبەت نییە بە کۆمەڵگا و زانکۆکانی ئێمە، بەڵکو لە کۆی زانکۆکانی خۆرهەڵاتدا ئەم دیاردەیە بە ئاشکرا دەبینینەوە. کایەی سیاسی لەجیاتی سەربەخۆکردنی زانکۆ لە بڕیارەکانی خۆیدا، هەوڵێکی زۆر دەدات بۆئەوەی زانکۆ پابەند بکات بە مەبەستەکانی خۆیەوە و وەکو ئامرازێك سوودی لێوەرگرێت بۆ ئاڕاستەکردنی مێژوو و دنیابینی تایبەت بەخۆی. زیانی دەستێوەردانی کایەی سیاسی لە کاروبارەکانی زانکۆوە، هەرلەوەدا نییە کە ململانێ سیاسییەکان دەگوێزرێنەوە بۆ ناو زانکۆ، بەڵکو لەوەشدایە کە چیدی مەسەلەی زانست و ئەکادیمییەت لە ئەولەویەتی بەرنامەکانی زانکۆدا نامێنن و دیراسەکردن و شیکردنەوەی دیاردەکان شوێنی خۆیان چۆڵدەکەن بۆ وێناکردنی ئایدیۆلۆژیانە و حوکمی پێشینە.

خاڵێکی دیکەی ڕەنگدانەوەی ستکراچەری کۆمەڵایەتی لە زانکۆدا لەوەدایە، کە لەناو خێزاندا هەوڵێکی زۆر دەدرێت بۆ ئەوەی تاکەکان بەردەوام بەرزەفتەبکرێن و لە ژێر کۆنترۆڵی یەکەی کۆمەڵایەتی دەرنەچن و نەبنە لادەر. ئەم لایەنە لەناو زانکۆدا لەو ترسە زۆرەدا دەبینینەوە کە بەڕێوەبەرەکانی زانکۆ و لایەنی سیاسی لە بزووتنەوە و چالاکییەکانی قوتابیان هەیانە. ئەوان هەموو بزووتنەوەیەکی قوتابیان وەك مەترسییەکی سیاسی لێکدەدەنەوە کە هیچ مەرج نییە وابێت.



**پێشنیار:**

**یەکەم:** پێویستە زانکۆ هەمیشە خۆی وەك سەرمەشقی کۆمەڵگا ببینێت، نەك کۆمەڵگا بکاتە سەرمەشقی خۆی، واتە: ئەوە زانکۆ نییە کە دەبێت لە کۆمەڵگا بچێت، بەڵکو ئەوە کۆمەڵگایە کە پێویستە بەپێی پێشنیار و لێکۆڵینەوە و پێشبینییە زانستییەکانی زانکۆ، خۆی ڕێکبخاتەوە. ڕۆژێکیان لەناو تەکسییەکدا شۆفێرەکە پێی گووتم: (زانکۆ نووری چاوی ئێمەیە و دنیامان بۆ ڕووناکدەکاتەوە). بەپێی قسەی ئەم شۆفێرە بێت، دنیای ئەو، واتە ئەو کۆمەڵگایەی تیایدا دەژی، دنیایەکی تاریکە و پێویستە لەلایەن زانکۆوە ڕووناك بکرێتەوە. قسەی ئەم شۆفێرە هەڵگری یەك ڕاستییە کە پێماندەڵێت: کۆمەڵگا چاوەڕوانی هەیە لە زانکۆ.

**دووەم:** فراوانکردنی زانکۆ وەك دامەزراوەیەکی زانستی نابێت بەهەمان شێوەی فراوانکردنی خێزان بێت وەك دامەزراوەیەك لە کۆمەڵگادا. ئەوە ڕاستە کۆمەڵگای تەقلیدی بەردەوام پێویستی بە فراوانکردنی خۆی هەیە و لە ڕووی چەندایەتییەوە خۆی دەئاوسێنێ و چۆنایەتی لەبیر دەکات. بەڵام خۆ فراوانکردنی زانکۆ نابێت لەسەر حسابی لەبیرکردنی چۆنایەتییەوە بێت. بۆیە کردنەوەی کۆلێژ، جیاکردنەوەیان لە یەکتر، یان کردنەوەی بەشی نوێ، پێویستی بە خۆئامادەکردن و زەمینەسازی هەیە کە پێویستە لایەنی مەعنەوی، کارگێڕی، پسپۆڕی و تەکنەلۆژی بگرێتەوە. دەنا هەر کۆلێژ و بەشێکی نوێ کە دەکرێتەوە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەبێتە خاوەنی هەمان ئەو قەیرانانەی پێشتر لەناو سیستەمەکەدا هەبوون و ئەمەش لە نەوعیەتی کاری زانستی و ئەکادیمی کەمدەکاتەوە.

**سێیەم:** هەموو دەستێوەردانێك لە زانكۆ ناڕاستەوخۆ دەستوەردانە لە ئاستی زانستی و ئەكادیمیەتی زانكۆ. چونكە ئاشكرایە كە گواستنەوەی ناكۆكییە ئایدیۆلۆژییەكان بۆ ناو زانكۆ كاریگەری خراپیان هەیە لەسەر ململانێ زانستییەكان.

چوارەم: پێویست ناكات هەرگیز زانكۆ بەدگومان بێت لە چالاكییەكانی قوتابیان و وەكو مەترسی سیاسی بۆسەر زانكۆ و دەسەڵات تەماشایان بكات. بۆئەوەی چالاكی قوتابیان نەبێتە مەسەلەیەكی سیاسی، پێویستە زانكۆ كرانەوە و شەففافیەت و بەشداریپێكردن بكاتە سیاسەتی خۆی لە ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ داخوازی قوتابیاندا، نەك وەكو لادەر و گێرەشێوێن تەماشایان بكات و خۆی پەرچەكرداریان لەلا بجولێنێ. چونكە ئەمە ئەوكارەیە كە كۆمەڵگا و خێزان لەگەڵ ئەندامەكانیاندا دەیكەن.

هەولێر، كۆلێژی ئەدەبیات
2004



# زانكۆ و میزاجی تایبەت

**دیمانەی: ئیبراهیم سەمین،**
**بڵاوكراوەی ڕوانین**

**★ وەك ئاگادارین ڕۆژی (12)ی تشرینی یەكەم شاندێكی زانكۆی سەلاحەددین سەردانی چەند زانكۆیەكی كۆماری ئیسلامی ئێرانیان كرد. دەكرێ بزانین ئامانجی سەرەكی سەردانەكەتان چی بوو؟**

- لە ڕاستیدا ئەوەندەی من ئاگاداربم ئەوە شاندێكی ڕەسمی نەبوو، چونكە ئەگەر وەكو شاندێكی ڕەسمی باسی بكەم كۆمەڵێك لایەن هەیە دەبێ بخرێنە ڕوو: هەر شاندێكی ڕەسمی پێویستە بەرلەوەی بچێ بۆ وڵاتێك و لەوێ لەگەڵ لایەنێكی ڕەسمیدا دابنیشێت، بەر لەوەی لە وڵاتی خۆی دەربچێ، دەبێ بەرنامەیەكی هەبێ و ئەو بەرنامەیە بەئاگاداری جیهاتی باڵا داڕێژرابێت و دەستنیشانی ئەوە كرا بێت، چ خاڵێكی تێدایە كە ئەشێت چاوپۆشی لێبكرێ وە چ خاڵێكی تێدایە كە ئەبێ حەتمەن بەدەست بهێنرێ.

بۆیە ئەگەر بمانەوێ بە شێوەیەكی هاوچەرخ باس لە ناردنی شاند بكرێت، لایەنی كەم دەبێ پێش ڕۆیشتنی شاندەكە لایەنە پەیوەندارەكان كۆبوونەوەیان لەگەڵ شاندەكە كردبێ. بۆ نموونە سەبارەت بە شاندی زانكۆیی، پێویستە

لەلایەن خوێندنی باڵاوە کۆبوونەوەی لەگەڵدا کرابێت و سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران ئاگاداری بەرنامەی شاندەکە بێت. لەو کۆبوونەوەیەدا هەندێ مەسەلەی جۆربەجۆر بۆ شاندەکە ڕوونبکرێتەوە و سنووری دەسەڵاتی شاندەکە دەستنیشان بکرێت. ئێمە لەو سەفەرەماندا، بەرنامەیەکی دیاریکراوی تۆمارکراومان نەبوو کە پێشتر نوسخەیەکی بەرنامەکە درابێتە خوێندنی باڵا، یان سەرۆکایەتی زانکۆ. ئێمە بەو نیازە سەفەرمانکرد، تا پرۆگرامی خوێندن و هەندێ کتێب و (CD)ی بۆ بەشی زمان و ئەدەبیاتی فارسی کۆلێژەکەمان دەستەبەر بکەین. ئێمە چاوەڕوانمان هەبوو کە ئێرانییەکان هەروەکو چۆن ئاسانکاری دەکەن بۆ هەندێك زانکۆی تر لە وڵاتانی دی وەکو هیند و پاکستان و چین و تاجیکستان، بەهەمان شێوە ئاسانکاری بۆ ئێمەی کوردیش بکەن، بەڵام ئەوان لەیەکەم دانیشتندا، وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵی، گلەیی ئەوەیان لێکردین کە بەشی زمان و ئەدەبیاتی فارسی بەئاگاداری ئەوان نەکراوەتەوە! گوێگرتن لەم قسانە و زانینی ئەوەی کە ئێمە بەڕەسمی نەهاتووین، منیان کەمێ سارد کردەوە و ئەمەش وایکرد کە بەشداری زۆربەی ئەو بەرنامانەی کە ڕۆژانە دایان دەنا بۆ سەیران و بۆ سەردانی شوێنەواری مێژوویی و هتد، نەکەم. بەکورتی ئەو بەشەی سەفەرەکەمان لە تاران، چ لەئاستی خۆمان و جۆری دابەشکردنی کار و شێوەی هەڵسوکەوتمان لەگەڵ ئێرانییەکان، چ وەك بەپیرەوەهاتنی ئەوانیش، ئەنجامێکی ئەوتۆی نەدا بەدەستەوە. ئێمە لە زانکۆی تاران، بەرزتر لە جێگری ڕاگری کۆلێژی زمان و ئەدەبی فارسیمان نەبینی، کە دکتۆراکەی لەسەر ئەو شیعرانەیە کە بەسەر شۆڕشی ئیسلامی ئێراندا هەڵگوتراوان و ئەویش هیچ وەعدێکی کۆنکرێتی



نەدایێ.. بەڵام ئەو قۆناغەی سەفەرەکەمان کە پەیوەندی بە زانکۆی ورمێوە هەیە دەتوانم بڵێم خاڵی زێڕینی سەفەرەکەمان بوو، هەرچەندە شاندەکەمان ڕەسمی نەبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو خاڵانەی لەوێ ئەوان ئامادەیی مۆرکردنیان دەربڕی، گرنگ بوون، ئێمەش وەك شاندێکی ڕەسمی ڕەفتارمان کرد.

**★ ئێوە شاندێکی ئەکادیمی بوون بە مەبەستی ئیش وکاری زانکۆ سەردانی کۆماری ئیسلامیتان کرد، بەڵام لە قسەکانت وا پیشاندەدەی کە چالاکیەکی ئەکادیمی بەرچاوتان جێبەجێ نەکردوە، دەکرێ بزانین بۆ ئەم سەفەرەتان ئەنجام دا، لە کاتێکدا ئێوە مامۆستای زانکۆ بوون و بەکارێکی ئەکادیمی سەفەرتان کردبوو؟**

- ئەوە پەیوەندی بە دیبلۆماسیەتی ناردنە دەرەوەی شاندەوە هەیە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، واتە ئەوە پرسیارێکە تۆ دەبێ لە ئەنجوومەنی وەزیرانی بکەی. وەختێك ئەنجوومەنی وەزیران پێنج مامۆستا ئەنێرێتە دەرەوە، بۆ داوای هیچ بەرنامەیەکیان لێ ناکات و پێیان ناڵێت بەرنامەتان چییە؟ بۆ گفتوگۆی ئەوەیان لەگەڵ ناکات چۆن دەورەکانتان دابەش دەکەن؟ بۆچی کۆمەڵێ ڕێنماییان ناکەن؟ بۆیە ئەو پرسیارە لە بنەمادا پرسیارێکە لە ئەنجوومەنی وەزیران دەبێ بکرێ، من بۆ خۆم بڕوام وایە دەبێت لێژنەیەکی تایبەت هەبێ ئاشنا بە جوگرافیا و مێژوو، تەنانەت شێوەرەفتاری خەڵکی ئەو وڵاتانەی کە شاندی کوردی ڕوویان تێدەکات. تەنانەت ئەگەر بکرێت دیراسەی دەروونی و نەفسیی ئەو کەسانەش بکرێ کە شاندەکە لەوێ لەگەڵیاندا دادەنیشن، بۆ ئەوەی هیچ شتێك هیچ جۆرە بەهەڵە لێکحاڵیبوونێك

روونەدات. بۆ ئەوەی لەوێش بە ڕەفتار ئێرە و لە ئاستی ڕۆشنبیرییەكی هەرەمەكیدا كارنەكەین و نوێنەرێكی سەنگین و شایستەی میللەتەكەمان و ئەو دامەزراوەیە بین كە لە پێناویدا سەفەرمانكردووە.

**★ كەواتە ئێوە پێش ڕۆیشتنتان بۆ كۆماری ئیسلامی وەكو ئەندامانی شاند دانیشتنێكتان نەكردوە بۆیەك خستنی قسە و داواكاریەكانتان؟**

- نەخێر بە هیچ شێوەیەك. ئێمە هیچ بەرنامەیەكی نوسراومان نەبووە، هیچ گفتوگۆیەكمان نەكردوە، لێرەوە هەتاگەیشتووینەتە ئەوێ لەو بارەیەوە تەنها ئەوەندە وتراوە (هەروەكو نامەی پێشنیار كراو بۆ سەرۆكایەتی ئەنجوومەنی وەزیران لە مانگی (10)ی ساڵی 2000دا)، كە ئەوە سەفەرێك دەبێ بۆ ئەوەی كە بەشی زمانی فارسی لە كۆلیژی ئادابی زانكۆی سەلاحەددین، ئەو سەرچاوانە بەكاربهێنێ كە لە ئێران بەكار دەهێنرێن، ئەو یەكە دەرسییانەی لەوێ دەخوێنرێ لێرەش بخوێنرێ. ئەم ئامانجە هەبووە بەڵام بەهیچ شێوەیەك نەخراوەتە سەركاغەز لەلایەن ئەم شاندەوە تەنانەت پێشنیاری ئەوەی ئێمە لەوێ كێ ببینین و داوای چی بكەین پێشنیارێك بوو لەلایەن ڕێنومایكەری شاندەكەی ئێمەوە بوو لە تاران. ئەو پێشنیاری كرد كە داوای چ شتێ بكرێ وە ئەو هانیداین بۆ ئەوەی شەو لە میوانخانەكە بەرنامەیەك دابڕێژرێ و داواكارییەكان بكرێن بە لیستێك، دەنا ئێمە یەك وەرەقەمان لێرەوە لەگەڵ خۆمان نەبردبوو بۆ تاران!

**★ دەكرێ بزانین بۆ لە هەندێك لەو دانیشتن و سەردانانەی شاندەكە بەشدار نەبووی لە تاراندا، لە كاتێكدا تۆ ئەندامێكی شاندەكەبووی؟**

- لەبەر ئەوەی لە دانیشتنی یەكەمدا من هەستم كرد، كە یەكەم: ئێمە



لەلایەن دەستەیەكی ئەكادیمیەوە پێشوازی نەكراوین و ڕێنومایكەرانیشمان پەیوەندیان بە زانكۆوە نییە، بەڵكو ئێمە لەلایەن قەرارگای(نصر)ەوە پێشوازی كراین كە دەزگایەكی سەربازیە. هەروەها هەستم دەكرد هیچ ڕۆڵێك لەو شاندەدا دابەش نەكراوە و یەك قسەكەرمان هەیە و هیچ بەرنامەیەكی ئەوتۆ لە شێوازی قسەكردندا نییە، ئەمە جگە لەوەی ئێمە دەبوو خۆمان لە باس و خواسی سیاسی بەدوور گرتبا و ئەو جۆرە گفتوگۆیانە لە دانیشتنەكاندا نەكرابان. ئەوەندەی ئاگاداری ڕۆشنبیریی دیبلۆماسیش بم، شاندێكی ڕەسمی دەبێ دیموكراتیزەكراوبێ، واتە دەبێ ئەو كەسانەی ئەندامن تیایدا هەر كەسایان مەسەلەیەك پێشنیار بكەن و دەرفەتی قسەكردنی تاكە كەسیانە فراوان بێت، نەك لە هەموو دانیشتنێكدا لەگەڵ لایەنی بەرامبەر یەك كەس تاكە قسەكەر بێت.

**★ بەڕێز سەرۆكی شاندەكە لە (ڕوون كردنەوەی) ڕاپۆرتێكدا كە لە ژمارەی(3830) خەباتدا، ڕۆژی 10/30ی 2002دا بڵاوكراوەتەوە، باس لەوە دەكات كە ئامانجە بچووكەكان لەوێ گەورە بوونەوە، هەمدیس دەڵێت ئەوان بە حەماسێكی زۆرەوە حەزیان دەكرد كە هاریكاریان هەبێ لەگەڵ زانكۆكانی كوردستان. دەكرێ باس لەو ئامانجە گەورانە و ئەو حەماستەمان بۆ بكەی؟**

- ئێمە بەنسبەت ئەوانەوە تازە بووین، نەك تازە لە ڕووی دبلۆماسی و لەڕووی ئەوەی كە شاندێكی ناوازەی ئەكادیمی بووین، بەڵكو لەبەر ئەوەی یەك قسەكەر و یەك وەرگێڕمان هەبوو. ئەمە بۆ خۆی جێگای سەر سورمانە و جێگای پرسیارە. بەڵام ئەو شتانەی ئێمە بۆی چووبوین، لە بنەمادا بچووك

نەبوون، ئەگەر شاندەکەی ئێمە کەمێ دیموکراتیانە ڕەفتاری بنواندایە، فرسەتێکی باش بوو تا جەخت بکەین، لە ڕێگەی پیادەکردنی ئەو مەنهەجەی لەوێ هەیە بۆ بەشی زمان و ئەدەبیاتی فارسی، هەمان بەش لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین ستاندارێزە بکرێت و لێرە سوودێکی زۆرتر لە توانای قوتابیانی ئەم بەشە وەربگیرێت. ئەمە ئامانجێکی گەورەیە، بەلام جێبەجێ نەکرا. هەروەها جەخت کردن لەسەر ئەوەی کە ئەم بەشە لەزانکۆی سەلاحەددین، کورد خۆی کردوێتییەوە، نەك ئێوە هاتبن یارمەتیتان دابێ، ئەمەش بۆ خۆی دەسکەوتێکی گەورەبوو کە ئێمە ئەوان تێبگەیەنین، وەلێ ئەمەش نەکرا.. کاتێك ئەوان دەڵێن ئێمە یارمەتی هەموو ئەو میللەتانە ئەدەین کە ئەیانەوێ زمانی فارسی لە چوار چێوەی کلتوری خۆیاندا ڕەواج پێ بدەن، جا باشە کورد ئەو میللەتەیە کە بۆ خۆی هەستاوە بەو کارە، ئەو کاتە زیاتر پێویستە یارمەتی ئێمە بدەن کە بۆ خۆمان ئەم بەشەمان لە زانکۆیەکی کوردستاندا کردۆتەوە. من لە ئەوروپا ئاگاداربووم چەند کتێب بە خۆڕایی لە ئێرانەوە دەنێردران بۆ ئەو وڵاتانەی کە فارسیزانی لێدەژین، کەچی ئەوان لە چەند گۆڤارێك زیاتر هیچ شتێکیان بە کۆلێژ و بەشەکەی ئێمە نەبەخشی.. ئێمەش هێندە شەرمن بووین نەمانتوانی ئەمە بکەینە مەسەلەیەك و داکۆکی لێبکەین..

**★ کەواتە دەتوانین بڵێین ئێوە لەسەردانەکەتاندا کارێکی وا گەورەتان ئەنجام نەداوە لە ئاست شاندێکی ئەکادیمیدا بێت؟**

– لە ڕووی دەسکەوتی بەرجەستە، نەخێر. بەلام دەسکەوتی مەعنەوی هەبوو بۆ کەسانێك کە گوێ و چاویان کراوەبووبێ. بۆ نموونە: ئێمە لە زانکۆی تاران



ماوەی ئەو دوو سەعاتەی کە ماینەوە چەند مامۆستایەکمان بینی لە ڕێڕەوی ژوورەکاندا کە دەوەستان و سلاوّیان لە قوتابیەکانیان دەکرد و تەوقەیان لەگەڵ ئەکردن، تەنانەت جێگری ڕاگر کە ئێمەی برد بۆ ژووری دەرسگوتارەکانی (د. شفیعی کدکنی) کە لە نهۆمی سێیەمی کۆلێژەکەدا بوو، تاگەیشتینە ئەوێ لەگەڵ زیاد لە شەش قوتابیدا وەستا و تەوقەی لەگەڵدا کردن وەکو جێگری ڕاگری کۆلێژ و بە ئێمەی ئەناساندن. ئەم سنگفراوانییە گەورەیە، دەستەکەوتێکی مەعنەوی بوو بۆ کەسانێك بیانەوێت فێربن، بۆکەسانێك کە فێری ئەوە بن کەئیدارەکردن تەنها هەڕەشە و گورەشەو چاو مۆڕکردنەوە نییە، بەڵکو جۆرێکە لە هاوئاهەنگی و لە هارمۆنییەت، جۆرێکە لە هونەرنواندن لە پەیوەندی لەگەڵ قوتابیاندا. ئەمجا کە چووینە ژوورەوە بۆ ناو کلاسەکەی (د. شفیعی کدکنی) ئەم پیاوە لەسەر کورسی خۆی هەستاوە و کورسی خۆی بۆ ئێمە چۆلکردوە و باسی لە گەورەیی ڕۆلی وەرگێرە کوردەکان کردوە بە درێژایی مێژوو تا بەڕێز: (محەمەدی قازی)، لە بەستنەوەی ڕۆشنبیری بێگانە بە ڕۆشنبیری ئێرانییەوە. ئەو، کوردی بە پردێك چواند لە بەینی ئێرانییەکان و لە بەینی خۆر ئاوایەکاندا و وتی نموونەی بەر جەستەشم بۆ ئەو قسەیە (محەمەدی قازی و ئیبراهیم یونسی)یە. ئەم دڵفراوانییە زۆرە، ئەم سادەییە گەورەیە لەلایەن ئەم پیاوە خاوەن چەند بڕوانامەیەوە بۆ من دەسکەوتێکی مەعنەوی بوو، کە مامۆستا و پرۆفیسۆرەکانی زانکۆکانی خۆرئاوای بیرخستمەوە. لەهەمان کاتیشدا جەختی لەسەر ئەو مەبدەئە کردەوە کە: ئیدارەکردن و پسپۆریی بەدەستهێنان ئەگەر هاوشان و هاوکات نەبێ بە ڕۆحییەتێکی گەورەی ئەکادیمی،(چونکە ئەکادیمییەت چەندە پسپۆریە ئەوەندەش

بەدەستهێنانی ڕۆحیەتێکی ئینسانییە)، ئەوە بە مانای ئەوەیە پێویستە نیشانەی پرسیار بخەینە سەر ئەو جۆری ئیدارەکردنە.

**★ کەواتە ئێوە لەسەردانەکەتاندا تێبینی ئاستی دڵفراوانی ئەو مامۆستا و خاوەن بڕوانامە بەرزانەتان کردوە لەگەڵ قوتابیاندا، لێرەدا دەچینە تەوەرێکی ترەوە و دەپرسین: بۆچی مامۆستایان لە زانکۆکانی خۆماندا سنگفراوان نین لەگەڵ قوتابیاندا؟**

– ئەوەی کە ئێمە گوێ بیستی دەبین و مامۆستا خاوەن ئەزموونەکان ئەیڵێن، ئەوەیە: هەروەختێك پەیوەندی نێوان قوتابی و مامۆستا زۆر دوبارە بووەوە، تیایدا مامۆستا زەرەردەکا، واتە قوتابی دەتوانێ ڕێگە بەخۆی بدات هەندێك هەڵسوکەوت و ڕەفتار بنوێنێ کە مامۆستا بۆی هەیە وەکو جۆرێك لە بێرێزی بەرامبەر بەخۆی لێکی بداتەوە. واتە ترسان لەوەی کە قوتابی بێرێزی بە مامۆستا نەکات هۆکارێکی بنەماییە کە پەیوەندی نێوان قوتابی و مامۆستا بەو ئاستە قەیراناویە گەیاندووە، کە ئێستا لە زانکۆکانی کوردستاندا ئەبینرێ. پرسیاری سەرەکی ئەوەیە ئەم ترسە لە کوێوە هاتووە؟ ئایا ئەم ترسە دەرئەنجامی ئەزموونێکی دووبارەوە بووە، یاخود تەنها ئەمە وەهمێکە لەئەنجامی بێ متمانەیی ئێمەی مامۆستا بە گەنجەکانمان، دروستبووە. ڕاستییەکەی ئەوەیە، هەر کاتێك تۆ وێناکردنت بۆ ئەو کائینەی ناوی (گەنج)ـە ئەوە بوو کە هەرزەکارە، لە هیچ نازانێ و ئەتوانێ بێرێزیت بەرامبەر بکات، بێگومان پەیوەندیەکەشت لەگەڵیدا هەمیشە بۆ شاییەکی وەهمی دروست دەکات بۆ ئەوەی تۆ خۆت لەو حاڵەتە بپارێزی کە تیایدا بێ ڕێزیت پێ ئەکرێ. ڕەنگە پەیوەندیشی بە بێ متمانەیی و بڕوا بەخۆنەبوونیشەوە هەبێ،



واتە بڕوابەخۆنەبوون دەتوانێ وا لە مامۆستا بکا لەگەڵ قوتابییەکاندا، زۆر بە هەڵسوکەوت نەبێ و زۆریش تێکەڵاویان نەبێت. چونکە هەموو هەڵسوکەوتێك تیایدا ئاستێك لە ئاستەکانی ڕۆشنبیری و زانیاری دەردەکەوێت. وەختێك ئێمە متمانەمان بە زانیاریەکانی خۆمان نەبێ بێگومان دورەپەرێزیش دەبین لە قوتابیەکان. ئەوەی لێرەدا من ئازار دەدات، ئەوە نییە مامۆستایەك نەیەوێ تێکەڵ بە قوتابی و فێرخوازەکان ببێت، بەڵکو بۆچی بەشێوەیەکی توندوتیژانە سنووری ئەو تێکەڵنەبوونە دەکێشێ و پەنا دەبات بۆ مرومۆچی؟ ئەمساڵ لە کۆلیژی ئاداب بڕیار دەرچوو، کە هیچ مامۆستایەك بۆی نییە لەگەڵ قوتابیەکاندا دابنیشێت و ئەوەیش باسنەکراوە کە هەندێك لەو مامۆستایانە سەرپەرشتی (باسی دەرچوون)ی ئەو قوتابیانەن، ئەی باشە ئەوان لە کوێ پێکەوە دابنیشن و بۆ ئەوەی سزا نەدرێن چ شوێنێکیان بۆ تەرخانکراوە بۆ دانیشتن؟ ئەم بڕیارەش بە زۆربەی مامۆستاکان واژوو کراوە. بۆ دەبێ پەیوەندی مامۆستا و قوتابی لە ئاستی ئەوەدابێ بڕیاربدرێ نابێ پێکەوەبن؟ ئەم دیوار دروستکردنە لە قازانجی کێدایە؟ من دڵنیام لەبەرژەوەندی هەر شتێکدا بێ لەبەرژەوەندی ئاستی زانستیدا نییە و لە بەرژەوەندی دروستکردنی ڕۆحیەتێکی نەتەوەیش دانییە لەناو قوتابی و گەنجەکاندا، کە بۆ ئەم قۆناخەی ژیانی نەتەوەکەمان زۆر پێویستە.

**★ دەرچوونی ئەم بڕیارە، بەجۆرێچ لە جۆرەکان سوکایەتی کردن نییە بە کەسایەتی مامۆستا؟**

– پێشینەی ئەمجۆرە بڕیارانە ڕەگوڕیشەیان دەگەڕێتەوە بۆ توندوتیژی کەنیسەیی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا: لەسەدەکانی ناوەڕاستدا وەختێك

دەیانویست پەیوەندی نێوان تۆبەکارە مەسیحییە گەنجەکان لەگەڵ خاوەن ئەزموونەکاندا دیاری بکەن، بریاری لەم شێوەیان دەردەکرد. بۆیە ئەو بریارە تا بلێی ڕەگوریشەیەکی کۆنەخوازانەی هەیە و لەگەڵ ڕۆحییەتی ئەکادیمیدا یەکناگرێتەوە کە ئامانجی ڕەهایی و ڕۆشنگەرییە. بۆیە ئەگەر ئەوە سوکایەتیکردن نەبێ بەمامۆستا، ئەوا بە بڕوای من جۆرێکە لە کەم کردنەوەی پلەی مامۆستایەتی و بێ متمانەیی ئیدارەی زانکۆ بە پەروەردەکارانی خۆی. هەر لەبەر ئەمەش ئەو بریارە ئازار بەخشە، بەلاّم بریارێکی ئەکادیمی و ئیداری نییە، بەو تێگەیشتنەی ئێمە لە چەمکی ئیدارەکردن تێدەگەین. چونکە ئیدارەکردن، هەروەکو لە ئەرستۆوە فێربووین بریتییە لە هونەری چەرخاندن و دۆزینەوەی هارمۆنیا لەنێوان بەشە جیاوازەکانی یەکەیەکی ئیداریدا. بۆیە هەر بریارێك پەیوەندیەکانی ئەم یەکە ئیداریە ئالۆز بکات، بریارێکی ئیداری نییە، بەڵکو بریارێکە لە میزاجی تاکە کەسەوە سەرچاوەی گرتووە. بەداخەوە ئەمڕۆ ئەوەندەی میزاجی تاکە کەسی لە زانکۆکانی ئێمەدا کاریگەری لە ئیدارەکردندا هەیە، ئەوەندە دەق و یاسا ئەکادیمیەکان کاریگەرییان نییە.

**★ دەکرێ بڵێین ئیدارەی زانکۆ نەیتوانیوە لە قاوغە کلاسیکیەکەی خۆی دەربچێت، لە کاتیکدا زیاتر لە دە ساڵە ئێمە لە ئازادیدا دەژین؟**

- رەنگە بەڵگەی سەرەکی ئەوەبێ کە لە سیستەمی بەعسدا شتێك نەبووە ناوی یاسای پەسەندکراو بێ، بەڵکو لە گیرفانی خۆیان یاسایان دەردەکرد، لە زانکۆکانی ئێمەشدا زۆر بریار هەیە، کە پەیوەندی بە یاساکانی ئەکادیمیا و دەقی زانکۆییەوە نییە و رەوایەتی خۆیان دەستەبەر نەکردووە، ئەمەش پەیوەندی بەوەوە هەیە کە پەیرەوی لەیاسا ناکرێ بەڵکو پەیرەوی لە میزاجی



تاکەکەسیانەی ئیدارییەکان و سکرتێرەکانیان دەکرێ. لە کۆلیژێکی وەکو کۆلیژی ئادابدا، کە کۆلیژی ناسینی مرۆڤ و ژیاری مرۆڤایەتییە لە ئاستی زانستی و ئەکادیمیدا، ئێمە دێین و بەبێ ڕێزدانان بۆ حەرەمی ئەم کۆلێژە مرۆڤایەتییە، دەوام ڕادەگرین و قوتابیان ناچار دەکەین بچن گوێ لە کۆڕی (مشعان الجبوری) بگرن. ئەویش لە کۆڕەکەیدا بە ڕاشکاوی پێماندەڵێت: ئێوە نابێت ڕەخنە لە سەددام حسێن بگرن، چونکە ئەو سەرۆکی ڕەسمیی کۆماری عێراقە. پێمان دەڵێ: ئێوە هەڵە دەکەن کاتێ کەسێکی وەکو عەلی حەسەن ئەلمەجید ناو دەنێن (عەلی کیمیاوی)، چونکە کیمیاوی نازناوێکی بێڕێزانەیە و کەم کردنەوەیە لە کەسایەتی ئەو پیاوە، پێماندەڵێت: نزار ئەلخەزرەجی مرۆڤێکی بێتاوان و باشە چونکە هاوڕێی من بووە و هتد. دوای ئەم قسانە چەند قوتابییەکی خوێندنی باڵام دین، کە بۆیان نەبوو بوو بەرپەرچی بدەنەوە، تووشی هیستریا ببوون..

**★ وەك ئاگادارین ئێوە ڕۆژانە بەرخوردێکی زۆرتان هەیە لەگەڵ قوتابیاندا زۆر جاریش دەچیتە ناو کێشەکانیانەوە و هەوڵ دەدەی بە گوێرەی توانا چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە، ئەمە وای لێ نەکردووی توشی بێ ئومێدی ببیت لە هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ قوتابیاندا؟**

- نەخێر. چونکە پێموایە پەیوەندی نێوان قوتابی و مامۆستا تەنها هاوکاریکردن نییە لە ئاستی وانە وتنەوەدا و بەوجۆرە تەماشای قوتابی ناکەم، کە بوونەوەرێکە دەبێ تەنیا گوێ لەمن بگرێ، منیش پێویستە گوێ لە ئەوان بگرم وەك هەر مرۆڤێکی دیکە. بۆیە پێموایە بوونی من وەکو مامۆستایەك

لەناو پۆلدا، لەگەڵ بوونی من وەك کەسێکی ئاسایی لەناو گۆڕەپانی زانکۆدا، تەواوکەری یەکترین.

**★ وەك دەزانین جیا لەوەی قوتابیەکانی خۆت بە شێوەیەکی گشتی لەوانەکاندا ئامادە دەبن، هەندێك قوتابی تر لەبەش و کۆلیژەکانی ترەوە دێنە پۆلەکانت و پێیانخۆشە گوێ لە وانەکانت بگرن، لەو کاتانەدا تۆ هەست بە چی دەکەی؟**

– بێگومان ئەوە شانازیکە بۆمن ئەو قوتابیانە بە حەز و ئارەزووی خۆیان دێن بۆ ئەو بەشەی کە من دەرسی تێدا دەڵێمەوە و داوا دەکەن کە بەشدار بن لەوانەکاندا. دیارە کاتێ ئەمە دووبارە دەبێتەوە، من هەست بە مەسئولیەتێکی زۆر دەکەم، هەستدەکەم شتێك کۆماندەکاتەوە کە گۆڕینەوەی مەعریفە و پرسیارکردنە لەو شتانەی کە دەبێت گفتوگۆیان لەسەر بکەین. هەوڵی سەرەکیی من لەو وانانەدا ئەوەیە، ئەو ماددەیە خۆشەویست بکەم و هەوڵێکی زۆر بدەم بۆ گەیاندنی. لێرەشدا پێویستم بە زیاد لە شێوازێکی گەیاندن هەیە، بەڵام لەهەمووی گرنگتر بریتییە لە پەیوندی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئامادەبووەکاندا و هاندانیان بۆ بەشداریکردن و بیرکردنەوە و گفتوگۆکردن.

**★ بیرت لەوە نەکردۆتەوە ڕۆژێك لە ڕۆژان ڕێگای تاراوگە بگریتەوە بەرو کوردستان جێ بهێڵیتەوە؟**

– نەخێر، بە هیچ شێوەیەك جێهێشتنی کوردستان لە پرۆژە و بەرنامەی کاری مندا نییە، مەگەر بارۆدوخێکی وەك نەخۆشیی ئەوتۆ بێتە پێشەوە کە لە سەروی ئیرادەی مرۆڤ خۆیەوە بێت. ئەمە جگەلەوەی من هەستدەکەم بەردەوام ژمارەی دۆستەکانم لە ژمارەی نەیارەکانم زۆرتر دەبن و لەئاستی خەڵك و



ئیدارەی سیاسی و ڕۆشنبیرانیشدا، ڕێزێکی تایبەت لە ئێمەمانان دەگیرێ. لەو شوێنەی کە هەست دەکەم هەندێ شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوە هەیە دەبێ ئێمە بیکەین، بەردەوام دەبم، بەڵام لەو شوێنەدا کە هەست بکەم من دەبمە مایەی زیان گەیاندن بە کەسانی دیکە، ئەوە دەتوانم دەست لە هەندێك شێوازی کارکردنم بکێشمەوە، بەڵام نەك لەسەر حسابی مەسەلە مەبدەئیەکان. ئەم قسانە و ئەو دڵخۆشیانە یا ئەو ئیرادەیە بە مانای ئەوە نییە، من سەرنجم لەسەر شێوەی ئیدارەکردنی ئەم وڵاتە نییە. یان سەرنجم نییە لەسەر ئەو دیاردە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایینیانەی کە لەم وڵاتەدا باڵا دەستییان بە خۆیانەوە وەرگرتووە. بەڵام من پێمواییە مرۆڤ ئەوەندە شورشگێربێت کە زەمینەی مانەوەی خۆی تێك نەدات و وێرانی نەکات، چونکە من هەست دەکەم بوونی ئێمەمانان لێرە زۆر ئیجابی ترە بۆ کۆمەڵگاکەمان وەك لەوەی کە جێی بهێڵێت و ماندوو بوونەکان تەسلیممان بکەنەوە بە نەهاتییەکانی سەفەر و تاراوگە..

**★ ڕێکخراوە قوتابیەکان تا چەند توانیویانە ڕۆڵی ڕێکخراوەیی خۆیان ببینن لە ناوەندەکانی خوێندن یاخود توانیبێتیان قوتابیان ڕابهێنن بۆ ئەوەی بە ئەرکی خۆیان هەڵبستن، یان داواکاریەکانی قوتابیان بەرزبکەنەوە بۆ لایەنی پەیوەندیدار؟**

– نکۆڵی لەوە ناکەم کە ڕێکخراوە قوتابیەکان دەیانەوێت گرنگی زیاتر بدەن بە فێرخوازەکان و هەوڵدانی باشیش هەیە تاکو بە ئەرکی سەرەکیی خۆیان هەستن، بەڵام ئەو هەوڵدانە لە ئاستی چاوەڕوانییەکانی ئێمە دا نییە، زۆر ڕووداو لە بواری پەروەردەیی و زانکۆدا ڕوودەدەن، زۆر بڕیار دەردەکرێن کە

زیان لە فێرخوازەکان دەدات، وەلێ ئێمە گوێمان لە نارەزایی ڕێکخراوەکانی قوتابیان نابێت. بۆ نموونە ڕاگەیاندێکی هاوبەش لەلایەن هەرسێ زانکۆکەی کوردستانەوە دەرکرا لەسەر ئەو ڕۆشنبیرانەی، یان ئەو دەنگانەی ڕەخنە لە زانکۆ دەگرن و بە نەیاری دۆزی نەتەوەیی لە قەڵەمدران. وەلێ سادەترین ڕاستیی کە پەیوەندی نێوان زانکۆ و ڕەخنە دروستدەکات ئەوەیە، کە دەڵێت: ڕەخنە دەبێتە هۆی پێشخستنی زانکۆ و ئاستی زانستی. لەمبارەیەوە ڕێکخراوەکانی قوتابیان هەڵوێستێکی ئەوتۆیان نەبوو. دواجار ئەوان ڕۆژانە ئەو پەیوەندیە نایەکسانییەی لە نێوان ئیدارەی زانکۆ و بەشەکان و ڕاگرەکان دا هەیە لەگەڵ قوتابیان دەبینن، بەشێکی زۆری قوتابیان کە ئەندامی خۆیانن ئەو ڕووداوانەیان بۆ باس دەکەن کە لە ناو زانکۆدا ڕوودەدەن، بەڵام ئەوە نابێتە بەرنامەیەك بۆ ڕێکخراوەکان تا قسەی لەسەر بکەن. پێموایە ئەوان ئەو لایەنانەیان فەرامۆش کردوە و زیاتر لەوەی بۆ توانا شارەوەکانی قوتابیان بگەڕێن خەریکی سیاسەت دەبن و لە قوتابی تەنها ئەندامێکی زیادە دەبینن، کە ببێتە لایەنگیری خۆیان. من پێم وایە ئەوە سیاسەتێکی هەڵەیە، دواجار ئەوان نەیانتوانیوە لە ناو زانکۆدا فەزایەکی زانکۆیی بجوڵقێنن و کەشێك هەبێ لەناو زانکۆدا بۆ ئازادی و پەیوەندی مەدەنیانە و ئینسانیانە. دەتوانم بڵێم، ڕێکخراوەکانی قوتابیان، بەهەمان میکانیزمی حیزبایەتی لەناو زانکۆدا کاردەکەن و نایانەوێت کەس لەخۆیان بتۆرێنن و هەندێجار زیاد لە دەمامکێکیان لەسەرە..



# لە میزاجی شەخسییەوە
# بۆ توورەبوونی بەکۆمەڵ!

## (وەڵامێك بۆ پرۆفیسۆر دکتۆر ئازاد حەمەدەمین نەقشبەندی)

لە ژمارە (2)ی هەفتەنامەی ڕوانیندا، بەڕێز ڕاگری کۆلێژی ئاداب، لە ژێر ئیمزای: (پرۆفیسۆر دکتۆر ئازاد نەقشبەندی، ڕاگری کۆلێژی ئاداب و سەرۆکی شاندی زانکۆی سەلاحەددین بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران)، وەڵامنامەیەکی لەسەر دیمانەیەکی من کە هەمان هەفتەنامە لە گەڵمدا ئەنجامیدابوو، بەناوی (وەڵامێك بۆ دیمانە چەواشەکارییەکەی ڕێبوار سیوەیلی) بڵاوکردۆتەوە. هەر لەهەمان لاپەڕەشدا و بە ڕێککەوتن لەگەڵ پرۆفیسۆری ناوبراو، سەرۆکی بەشی فارسی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر یوسف شەریف سەعید، ویستویەتی دەربارەی گەشتەکەی بەشی زمانی فارسی بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران (هەندێ ڕاستی بخاتە ڕوو(. ئەوەتا منیش دەمەوێت لێرەدا بڕێ سەرنجی دیکە لەسەر گەشتەکە و وەڵامی هەندێ لەو خاڵانە بدەمەوە کە ئەو دوو بەڕێزە لەوبارەیەوە ئاماژەیان پێداون.

لەڕاستیدا ئەگەر نووسینەکەی هەردوو بەڕێزان، بە ناو و لەقەبە ئەکادیمیەکانیانەوە، تەرجەمەی زمانێکی بێگانە بکەین، ئەوە نابێت لەلامان

سەیر بێت ئەگەر ئەو چەند زانکۆیەی ئێمە پەیوەندیمان لەگەڵ بەستوون، دڵیان بەخۆیان بێنێت و پەیماننامەکانیان هەڵوەشێننەوە. چونکە لۆژیکی ئەو دوو بەڕێزە نەك هەر ئەکادیمیانە نییە و نابێتە پاڵپشت بۆ بڕوانامە و لەقەبەکانیان، بەڵکو توندوتیژییەکی زۆریشی پێوە دیارە. بۆیە ستراتیژی من، لە ئێستا و لە ئایندەشدا ئەوەیە کە تەسلیم بەو لۆژیکە نەبم و هەرگیز نەبمە نموونەی مامۆستایەك، کە ئاستی قسە و گوفتار و ڕەفتارەکانم ببنە مایەی کەمکردنەوە لە پلە وپایەی زانکۆکانمان، چونکە من چەندە لە هەوڵی ئەوەدام سەرمایەی ڕەمزی بۆخۆم بەدەست بهێنم ئەوەندەش دەمەوێت بۆخۆم ببمە سەرمایەیەکی ڕەمزی بۆ ئەو زانکۆیەی خزمەتی تێدا دەکەم.

بەڕێز ڕاگری کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین، مرۆڤێکی تووڕەیە و زوویش هەڵدەچێت. ئەمە ڕاستییەکە و هەموو مامۆستا و سەرۆکبەشەکان و قوتابیان و باجیەکان و باخەوان و پۆلیسەکانیش دەیزانن و تا ئێرەش من کێشەیەکم لەگەڵ تووڕەیی کەسدا نییە. وەلێ ئەو کاتەی تووڕەیی، زمان بارگاوی دەکات و دەبێتە تێکست، پێموایە توانای بەڵگەهێنانەوە لاواز دەبێت و نووسین ناتوانێت ببێتە پردێکی پەیوەندی لەنێوان لایەنەکاندا، هێندەی ئەوەی دەبێتە چەکێك بۆ ئازاردان و شکاندنەوەی بەرامبەر. هەر بۆیەشە لە دوای بلاو بوونەوەی ئەو نوسینانە، بەشێکی زۆری مامۆستایان و کارمەندانی کۆلێژەکەمان، کە پێشتر سلاو و چاك و چۆنی گەرم لە نێوانماندا هەبوو، دووره پەرێز خۆیان ڕاگرت. ئەمەش بەڵگەیەکی دیکەی ئەو ترس و توندوتیژی و گرژی و میزاجی شەخسییەیە کە لە کۆلێژی ئادابدا بالادەستە.

من ناتوانم تووڕەیی بەڕێز دکتۆر ئازاد نەقشبەندی چارەسەر بکەم، بەلام



دەتوانم تەئویلی بۆ بکەم و بلێم: هۆی ئەوەی کە وتارەکەی بەڕێزیان ترس و دووره پەرێزی دروستکرد، نەك گفتوگۆ و پەیوەندی، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بەڕێزیان لەو نوسینەیاندا وەك چەند دەنگێك قسان دەکات.

یەکەم: ئەو وەك مرۆڤێك قسان دەکات کە لەتەمەنێکدایە و خاوەنی ئەزموونە، وەلێ نوسینەکەی ئەزموونی تەمەنێك بەرجەستە ناکات.

دووەم: ئێمە لەبەردەم پیاوێکی ئیداریداین کە دەسەلاتێکی لە دامەزراوەیەکی پەروەردەیی ڕەسمیدا هەیە، کەچی بنەماکانی پەروەردە و شێوازی مامەڵەکردنی ئیداریانەی لەگەڵ هاوکارێکی خۆیدا، ڕەچاو نەکردووە.

دەنگێکی دیکەی ناو ئەو نووسینە، دەنگی کوڕە شێخێکە، کە قەبوول ناکات کەس لە کاروبارەکانیدا قسە بکات و بیروڕای جیاوازی هەبێت و هەڵیانسەنگێنێت، وەلێ بەداخەوە نوسینەکە هەڵگری ئەو حیکمەتە نییە کە لە خانەقادا پەیڕەوی لێدەکرێت و ویقارێك بە کەسایەتی مرۆڤ دەبەخشێت.

چوارەمین دەنگ، دەنگی مرۆڤێکە ئیلتیزامی هەیە بە دەسەلاتەوە، بەبێ ئەوەی توانیبێتی لە دەقەکەیدا سیاسەت بەرهەم بهێنێت و ببێتە نوێنەرێکی باشی ئەو دەسەلاتە.

پێنجەمین دەنگ، دەنگی کەسێکی خاوەن بڕوانامەیەکی زانستیی بەرزە، بەبێ ئەوەی بتوانێت لە نووسینەکەیدا لەسەر بنەمایەکی ئەکادیمی و مەعریفی بەڵگە بهێنێتەوە، بەجۆرێ کە بەرزیی پلە ئەکادیمییەکەی بسەلمێنێت.

من لێرەدا هیچ قسەیەکم لەسەر چوار دەنگەکەی یەکەم نییە و تەنیا وەلامی ئەو دەنگە دەدەمەوە، کە لە ئێستای زانکۆی ئێمەدا نوێنەری ئەکادیمیەت و ئاستی زانستی دەکات. بەمانایەکی دیکە، من کێشەیەکی شەخسیم لەگەڵ

دکتۆر ئازاد و هیچ بەڕێزێکی دیکەی ناو زانکۆی سەلاحەددین، لەهەر پلە و پایەیەکدا بێت، نییە. وەلێ کێشەم هەیە لەگەڵ دەقێکدا، عەقڵیەتێکدا، یاسایەکدا یان بڕیار و وەسفکردنێکدا، کە بیەوێت ئەکادیمیانە و زانستیانە بێت، بەڵام ڕەچاوی ئەخلاقی زانستی و دیسیپلینەکانی ئەکادیمیای نەکردبێت.

1) لە خاڵی یەکەمی نووسینەکەیدا، دکتۆر ئازاد دەیەوێت بیسەلمێنێت، کە ئێمە وەك شاندێکی ڕەسمی سەردانی کۆماری ئیسلامی ئێرانمان کردووە. من هەروەکو لە دیمانەکەی (ڕوانین)ی ئازیزدا گوتومە، ئەو شاندە شاندێکی ڕەسمی نەبوو. بەشێکی لەبەر ئەوەی لێرەوە ڕەسمیەتی حکومیمان پێنەدرابوو، ئەرکمان بۆ دەستنیشان نەکرابوو، بەرنامەی کارمان نەبوو. بەشێکی لەبەر ئەوەی نوێنەری حکومەتی هەرێم لە تاران، پاش پێنج ڕۆژ مانەوە، چاوی پێمان کەوت و ڕاست و ڕەوان پێیگوتین: ئەو ئاگاداری هاتنەکەمان نەبووە. بەشێکیشی لەبەر ئەوەی، ڕەسمیەتی شاندێك هەر لەوەدا نییە کە لە کاتی دەوامی ئاساییدا سەفەر بکات و هەرێم جێبهێڵێت و بچێتە ناو وڵاتێکی ترەوە و لەوێش پرۆگرامیان بۆ داندرابێت، وەك دکتۆر ئازاد فەرمویەتی. ڕەسمیەتی شاندێك لەوەشدایە کە ئەندامانی شاندەکە، دوای ئەو هەموو شتانە، خۆیان لە ڕێگەی قسە و ڕەفتار و لێکدانەوەی بارودۆخە پێشهاتووەکانەوە، ڕەسمیەت بە خۆیان ببەخشن و خۆیان بسەپێنن.
ئایا ئێمە چ شاندێکی ڕەسمی زانکۆی سەلاحەددین بووین، کە لەژێر دەسەڵاتی حوکمەتی هەرێمدایە و کەچی لە ورمێوە ڕا دکتۆر ئازاد بە سیفەتی خزمایەتی، پەیوەندی بە نوێنەری یەکگرتووی ئیسلامییەوە کرد، تاکو لە



تاران پێشوازیمان لێبکات و بێگومان ئەویش درێغی نەکرد کە جێی سوپاسە؟ ئایا ئەمە ناکۆکی نییە لەگەڵ ئەو مەرجەعەدا کە مەسرەفی سەفەرەکەی ئێمەی لە ئەنجوومەنی وەزیران، یەکی بە هەزار دۆلار خستبووە سەرشانی خۆی؟ ئێمە چ شاندێکی ڕەسمی بووین، کاتێك لەیەکەم دانیشتندا کە ئێرانییەکان ئاماژەیان بەوەدا، چەندی بمانەوێت دەتوانین بمێنینەوە و پێویستە هوتێلەکەمان بۆ بگۆڕن و، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە هەردوو بەڕێزان دکتۆر ئازاد و دکتۆر یوسف وا تێبگەن کە مەسرەفمان لەسەر ئێرانییەکانەو یەکسەر ماوەی سەفەرەکەیان چەند ڕۆژێك درێژ کردەوە و داوایان کرد بلیتی فڕۆکەکەیان بۆ بگۆڕن؟ پاشانیش ئایا ئەوە شاندی ڕەسمییە کە تەلەفۆن بکەیت بۆ (ئاغای بهبودی) لە قەرارگای (نەسر) و پێی بڵێیت: ئەگەر ئێمە دەعوەتی ڕەسمیی ئێوەین، مەسرەفی هوتێلەکەمان بۆ بکەن، وەکئەوەی دکتۆر یوسف بە فەرمانی دکتۆر ئازاد کردی ؟ کە بێگومان نە پارەی هوتێلیان وەرگرت و نە پارەی بلیتی سەفەرەکەش. ئەوە چۆن خۆ سەلماندێکە، وەك شاندی ڕەسمی زانکۆیەك و دەسەڵاتێك و وڵاتێك، کە تۆ لە دانیشتنەکانی ئەوێدا بە مەرجەکانی بەرامبەر قسە بکەیت و لە پرۆفیسۆرێکی ئەکادیمیەوە ببیتە ئاخوندێك، تەنانەت لەو کاتانەشدا کە لایەنی بەرامبەر بە مەبەستەوە و تەنیا ناوی شەخسیی سەرۆکەکانت دەهێنێت و تۆ نەتوانیت لە وەڵامدانەوەتدا، وەك ئەو بە مەبەستەوە، (کاك و بەڕێز و جەنابێك) بخەیتە پێش ناوەکانیان، تاکو بەرامبەر تێبگەیەنیت، کە ئەو ناوانە لەلای تۆ ڕێزی تایبەتیان هەیە؟ ئەوە چ شاندێکی ڕەسمیی ئەکادیمیە، کە تۆ ڕێگە بەخۆت بدەیت بەڕاست و چەپدا باس لە بارودۆخە سیاسیەکان بکەیت و تەنانەت لە ورمێ و لەئەنجامی

دووبارەبوونەوەی ئەم حاڵەتە، جێگری سەرۆکی زانکۆ بە ڕوونی گوتی: (کاری ئێمە کاری ئەکادیمی و عیلمیە و ناچینە ناو سیاسەتەوە(. ئەوە چ شاندێکی زانکۆییە و چ ئەرك بەجێهێنانێکە وەك ڕاگری کۆلێژی ئاداب و سەرۆکی بەشی فارسی، کاتێك (دکتۆر شفیعی کدکنی)، داوای لێکردن کورتە باسێکی ئەدەبیاتی کوردیان بۆ بکەن، هەردوو بەڕێزان پەشۆکان و قسەیەکیان نەبوو بیکەن و ئەوە تاقە شوێنێ بوو ڕێگەیاندا مامۆستا (فەری ئومر سلێمان) بەفارسی چەند قسەیەك بکات؟ کەی باسکردنی ئەوەی تۆ سەر بەچ بنەماڵەیەکی و کوڕی کێیت و ناوی باوکت لە کام کتێبی (مشاهیر کرد(ناودارانی کورد)ا هاتووە، لە دانیشتنی ڕەسمیدا، لەگەڵ سەرۆکی فەرهەنگستانی ئێراندا، وەك خۆتان گێڕاتانەوە ڕەسمیەت بە شاند دەبەخشێت؟ کەی پێکەنینی بێ هۆ و سوعبەتکردنی چاوەڕواننەکراو و وشە پێکەوەنان لە دانیشتنی ڕەسمیدا، بە زمانێکی بێگانە، کە تیایدا شارەزا نیت، ڕەسمییەت دەداتە ئەو شاندە و وێنەیەکی جوان لە زەینی بەرامبەردا دروستدەکات؟!

بۆیە شاندی ڕەسمی، نەك هەر بەتەنیا ڕەسمییەتی خۆی لە ڕووی ئیدارییەوە لە مەرجەعی سیاسی خۆی وەردەگرێت و مۆڵەتی چوونە ژوورەوەی بۆ وڵاتی دووەم بۆ دابیندەکرێت، بەڵکو دەبێت لە میانەی هەڵسوکەوت و دیپلۆماسیەت و ئەتەکیاتەوە، ڕەسمیەتیش بۆ خۆی دروست بکات. من لێرەدا بەو پەڕی بەرپرسیارێتییەوە لە ئاست ئەو قسانەی دەیانکەم، دانی پێدا دەنێم: ئێمە لە دروستکردنی ڕەسمیەتدا تەواو شپرزە و تەواو بێ بەرنامە بووین و ئەم قسەیەش بۆیە دەکەم، تا بڵێم: ئەگەر قەرارە بەناوی زانکۆیەکی کوردستانییەوە سبەی شاندی ڕەسمی بنێردرێتە وڵاتێکی دی، پێویستە ئەم خاڵە بە وردی ڕەچاو



بکرێت.

2)دووەم خاڵی نوسینەکە ئەوەیە، کە تیایدا دەیەوێت بیسەلمێنێت (پێشتر بەرنامەی سەفەرکەیان هەبووە) و (زیاد لە ساڵێکیش کاریان بۆ کردووە) و (ئامانجی سەفەرەکەش بەزیادەوە جێبەجێ کراوە).

لەڕاستیدا بەرنامەی سەفەرەکە، وەك لە نامەی ژمارە(ب)، ڕێکەوتی 1/25ی 2001)ی سەرۆکی بەشی فارسیدا هاتووەو دکتۆر ئازاد بۆخۆی ئیمزای کردووە، ئەنجامی دیداری مامۆستایەکی ئەو بەشە بووە لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی حوکمەتدا بۆ ئەوەی (قوتابیانی پۆلی سێهەمی بەشەکە، لەگەڵ مامۆستاکانیاندا سەفەرێك بکەن بۆ ئێران بە نیازی مەشقکردن). لە خاڵی دووەمی ئەو نامەیەدا ناوی ئەو مامۆستایە هاتووە و مەبەستی سەفەرەکەش ڕوونکراوەتەوە، کە نوسخەی دراوەتە هەفتەنامەی ڕوانین. بۆیە لە بنەمادا دکتۆر ئازاد یەکێك نەبووە لەوانەی بۆ ئەم سەفەرە ناویان هاتووە، بەڵکو ئەوە دکتۆر یوسف بوو کە ناوی بەڕێزیانی بەو هۆیەوە خستە ناو لیستەکەوە، کە بێگومان وەك نهێنییەك لە نێواندا دەمێنێتەوە. ئەم سەفەرە ئامانجی هەبووە، نیازی هەبووە، هۆکاری سەفەرەکە ڕوونە، بەلاّم بەهیچ شێوەیەك بەرنامە و پلانێك نەبووە، لەسەر وردەکارییەکانی سەفەرەکە. ئەوەی کە نێردراوە بۆ سەرۆکایەتی زانکۆ و ئەنجوومەنی وەزیران و بۆ لایەنە بەرپرسەکان، بەرنامە نییە، پلان نییە، بەڵکو نیاز و هاندەری سەفەرەکەیە وەکئەوەی کە لەهەمان نامەی ئاماژە پێکراودا، باسیکراوە. ئەگەر ئامانجی ئەو سەفەرە وەك دکتۆر ئازاد دەفەرموێت، بە زیادەوە جێبەجێ کرابێت، ئەوە من پێموایە ئەو ئامانجە

و کۆی هەموو دیدارەکان و خەڵك بینینەکان و دەستکەوتەکان، پێویستی بە شاند نەبوو. بەڵکو دەکرا هەموو ئەوانە لە ڕێگەی ئەو خوێندکار و ئەکادیمیە کوردانەی لە زانکۆکانی تاران خوێندنیان تەواو کردووە، بەزیادیشەوە بەدەست بهێنرێن. کەمیش نەبوون ئەو دڵسۆزانەی بەڕێزەوە خێرهاتنیان لە دکتۆر ئازاد و یاوەرەکانی کرد و ئامادەیی خۆیان بۆ هەموو خزمەتکردنێك پیشاندا. هەر ئەوانیش دەیانتوانی مەنهەجی بەشی زمان و ئەدەبیاتی فارسی زانکۆی تاران دابین بکەن و لەگەڵ چەند کەڵە نووسەر و ئەکادیمی و ڕۆشنبیریشدا دیدارمان بۆ ساز بکەن. بەلاّم خۆ بەستنەوەی لە ئەندازە بەدەر بە ڕێنوماییکەری قەرارگای نەسرەوە، بووە هۆی ئەوەی نەتوانرێت سوود لە پەیوەندی و ئیمکانییەتی برا کوردەکانمان لە تاران وەربگیرێت.

3) لە خاڵی سێهەمدا ڕاگری کۆلێژی ئاداب، دکتۆر ئازاد دەفەرموێت: (ڕێبوار سیوەیلی ڕاست ناکات کە ئەڵێت: لایەنی ئێرانی لە یەکەم دانیشتنیاندا گلەیی ئەوەیان لێکردین کە بەشی زمان و ئەدەبیاتی فارسی بە ئاگاداری ئەوان نەکراوەتەوە). بێگومان ئەگەر ڕستەیەکی گرنگی لەسیاقی وەلاّمەکەی من دەرنەهێنابا، بەڕێزیان ڕاستیان فەرمووە. وەلیّ من گوتومە: (ئەوان لە یەکەم دانیشتندا، وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵی، گلەیی ئەوەیان لێکردین کە بەشی زمان و ئەدەبیاتی فارسی بەئاگاداری ئەوان نەکراوەتەوە). بێگومان ئەو ڕستەیەی دەریهێناوە، هەمان مانای ستایشکردن و بە پۆزەتیڤ نرخاندنی کارەکەی ئێمە دەدات. ئەمە جگە لەوەی گلەییەکە لەسەر زمانی بەرپرسێکی سیاسیەوە هات کە دەزانێت بۆ وادەڵێت و قسەکەی لەوێوەیە کە



ئەوان زمانی فارسی بە زمانی نەتەوەیی خۆیان و سامانێکی تایبەت بەخۆیان دەزانن.

4) لە خاڵی چوارەمدا، دکتۆر ئازاد، دوای ئەوەی هەڵەیەکم لە ناوهێنانی (کۆلێژی ئاداب و زانستە مرۆڤایەتییەکان)ی زانکۆی تاراندا بۆ ڕاستدەکاتەوە و منیش سوپاسی دەکەم، لەوە تووڕە بووە کە من گوتومە: ئێمە لە تاران بەرزتر لە جێگری ڕاگری ئەو کۆلێژەمان نەبینیوە. لە ڕاستیدا ئەم قسەیەی من هەر قسەیەکی دکتۆری بەڕێز خۆیەتی کە لە یەکێك لە ئێوارەکاندا، گوتی: (بەرزتر لە فەتاح مامەمان نەبینی!) و ئیتر هەموو دامانە قاقای پێکەنین. من لە دیمانەکەدا، ڕستەکەی خۆیم بەو جۆرە داڕشتۆتەوە، تا ناوی کەس نەهێنم و بەهەڵە لێکنەدرێتەوە. سەبارەت بەوەش کە من گوتومە ئەو جێگرە (دکتۆراکەی لەسەر ئەو شیعرانەیە کە بەسەر شۆڕشی ئیسلامی ئێراندا هەڵگوتراون)، تانەو تەشەرم مەبەست نەبووە، بەڵکو ئەوە دەستنیشانکردنێك بوو ئەو بەڕێزە بۆ خۆی لە کاتی خۆ ناساندنیدا بۆ پسپۆڕییەکەی خۆی کردی و منیش دووبارەم کردۆتەوە. ئەگەر وەك بەڕێز نەقشبەندی دەیەوێت فەرزی بکات، مەبەستم تانەو تەشەر بوایە لەو زاتە، ئەوە لەو شوێنەدا کە دەڵێم: هەمان جێگری ڕاگری کۆلێژی ئاداب و زانستە مرۆڤایەتییەکان، تۆقەی لەگەڵ قوتابییەکانی کردووە، ستایشم نەدەکرد و نەمدەگوت: بینینی ئەم دیمەنە نیشانەی سنگفراوانییە و دەستکەوتێکی مەعنەوی بوو بۆ بۆ کەسانێك بیانەوێت فێری ئەوە بن، کە ئیدارەکردن تەنها هەڕەشە و گوڕەشە و چاو مۆڕکردنەوە نییە. چونکە بەڕاستی من دیاردەی تۆقەکردن لەگەڵ قوتابی و سنگفراوانی و

میهرەبانی لە کۆلێژی ئادابدا، کە بەڕێز دکتۆر ئازاد ئیدارەی دەکات، نابینم و ئەمەش بەردەوام پرسیار و نیگەرانییەکی سەبارەت بەو کۆلێژە لەلا دروستکردووم کە زانستە مرۆڤایەتییەکانی تێدا فێری قوتابیان دەکرێت. دکتۆر ئازاد دەنووسێت: (ئەو قوتابیانەی کە ئەو (واتە جێگری ڕاگری کۆلێژی ئاداب و زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی تاران) تەوقەی لەگەڵ دەکردن هەموویان قوتابی بیانی بوون بۆئەوەی بە ئێمەیان بناسێنێت و شانازی بە زانکۆکەیەوە بکات و هتد..) لێرەدا چەند خاڵێك هەیە: یەکەم دکتۆری بەڕێزمان، بێگانەبوونی قوتابییەکان دەکاتە بەهانە بۆ تەوقە لەگەڵ کردنیان، دەنا لە لۆژیکی ئەودا نە قوتابیان بەگشتی و نە قوتابیانی خۆمانە هی ئەوە نین تەوقەیان لەگەڵ بکرێت. ئەمەش ئەو لۆژیکەیە کە لە کۆلێژی ئادابدا پەیڕەوی لێدەکرێت. دووەم: ئەگەر دکتۆر ئازاد ئەو ڕەفتارەی جێگری ڕاگر، وەك ئیدارییەك کە هەستاوە بە جیاکردنەوەی بێگانە لە خۆمانە، بە دروست دەزانێت، ئەوە من پێموایە ڕەفتارێکی هەڵەیە، چونکە ئیدارەکردن بریتییە لە پیادەکردنی سیستەمێکی ئەخلاقی بەسەر هەمواندا بە یەکسانی، نەك لەسەر بنەمای جیاکردنەوەی بێگانە لە خۆمانە و شانازیکردن بە بێگانە لەسەر حسابی شکاندنەوەی خۆمانە. سێهەم: من پێموایە ئەمە نییەتی ئەو جێگری ڕاگرە نەبوو لە تەوقەکردنەکانیدا، بەڵکو ئەو هەستا بەنواندنی ڕەفتارێکی ئاسایی و ئینسانی، بەبێئەوەی وەك دکتۆر ئازاد بیر لەوە بکاتەوە چی بکات تا شانازی بە زانکۆکەیەوە بکات، یاخود چی نەکات تا لەسەر ڕوتبەی زانستیی و ئیداری نەکەوێت.



5) هەردوو بەڕێزان پرۆفیسۆر دکتۆر ئازاد نەقشبەندی و بەڕێز پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر یوسف شەریف، لە نووسینەکانیاندا ئاماژە بەوە دەدەن کە: من (بەشداری کۆبوونەوەکانی تارانم نەکردووە(، (تەنیا شەوانە لە هۆتێلەکەدا دیویانم) و (بە بیانووی ئەوەی چاوم خەریکە کوێر دەبێت، مۆڵەتم لە سەرۆکی شاند وەرگرتووە) و چووم نەشتەرگەریم کردووە.
یەکەم دەمەوێت بڵێم: من تەنیا لەو کاتەدا ئیلتیزامم بە شاندەوە دەکرد کە قوتابییەکانی بەشی فارسیمان لەگەڵدا بوونایە، نەك لەبەر ئەوەی دکتۆر ئازاد نەقشبەندی سەرۆکی شاندە و دکتۆر یوسف شەریف سەرۆکی بەشی فارسییە. چونکە تەکلیفی ئەو سەفەرە لە بنەمادا بۆ ئەو قوتابیانە کرا. کاتێك سەفەرەکە نەگونجا ئەوانی تێدا بن و دەستخرایە پرۆژەکەوە، ئیتر شەرعیەتی خۆی بۆ من لەدەستدا و بگرە هەستمکرد ئەوە خیانەتێکە لە مافی ئەو قوتابیانەی دەکەم. ئێمە بەسەر مافی ڕەوای قوتابییەکانی بەشی فارسیدا ڕۆیشتین و لەپێناوی ئەو ئیمتیازەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بە ئێمەی بەخشی، بەرژەوەندی شەخسیی خۆمانمان خستە سەرووی هەموو شتێکەوە. بۆیە داوا لە لایەنە بەرپرسەکان دەکەم، لەمبارەیەوە لێپێچینەوەیەکمان لەگەڵدا بکەن، یاخود ئێمە بۆخۆمان لێپێچینەوەیەکی ئەخلاقی لەگەڵ خۆماندا بکەین و وەڵامی خۆمان بدەینەوە ئاخۆ بەو پارەیەی کە لە بنەمادا بۆ قوتابییەکانی بەشی فارسی سەرف کرابوو، چ دەستکەوت و دیارییەکمان بۆ زانکۆکەمان هێنایەوە. بەر لەوەی لێرەش بڕۆین، من بە دکتۆر ئازاد و دکتۆر شەریفیشم گوتبوو، کە مادام هەر نیازە سەفەر بکەین، ئەوە دەمەوێت لەسەفەرەکەمدا ئازاد بم. ئەمە جگە لەوەی ئەگەر شاندی ڕەسمیش

بوینایە، نەدەبوو دکتۆر ئازاد چاوەڕێی ئەوەی لە من کردبا جانتای بۆ هەڵبگرم و بۆ هەموو شوێنێك ملکەچانە بە شوێنییەوە بم، وەکئەوەی دکتۆر یوسف بۆیدەکرد. لەلایەکەوە، ئەو چاوەڕوانییە لە ئەخلاقی ئەکادیمیدا نییە و ئەوە ئەخلاقی دیوەخان و خانەقاکانە، نەك ئەخلاقی ئەکادیمییەك لەگەڵ ئەکادیمیەکی تردا. لەلایەکی ترەوە، من چاوەڕوانی هیچ شتێك لە دکتۆر ئازاد و هیچ کەسێکی تری لەویش بەرزتر ناکەم، تاکو پێویستم بەوە بێت لە پێناوی بەرژەوەندییەکدا زیان بە پلە و شوێنگەی ئەکادیمی و ڕۆشنبیری خۆم بگەیەنم. ئەگەر دکتۆر ئازاد پێیوایە مامۆستایەکی زانکۆ، فەرمانبەرێکە و ئەو بۆی هەیە بە ئارەزووی خۆی وەك ڕەعیەتێك هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکات، بەهەڵەدا چووە و لە مانای پەیوەندیی ئەکادیمی تێنەگەیشتووە. چونکە لە پەیوەندی ئەکادیمیدا ئەوەی حسابی بۆ ناکرێت، ترس و چاو مۆڕکردنەوە و قیژە قیژی پشتەوەی مێزەکانە. پاشان مامۆستایەکی زانکۆ، هەر پلەیەکی ئەکادیمی هەبێت، کارمەندێك و خزمەتکارێك نییە، بەڵکو بەرهەمێکی زانکۆ و سەرمایەیەکی ڕەمزی میللەتێکە و پێویستە بە چاوی هاوکارێك تەماشای بکرێت و مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

دووەم: دەبوو دکتۆر ئازاد ڕستەی وەك (چاوی خەریکە کوێر دەبێت)ی لە ئاست کەسدا بەکار نەهێنابایە، نەك لەبەرئەوەی مرۆڤ کاتێ ماڵی خۆی لە شووشە بێت، نابێت بەرد بگرێتە ماڵی خەڵکیتر!، نەك لەبەرئەوەی لەڕووی ئیدارییەوە ئەو سەرپەرشتکاری منە و تانووت لێدان و سەرشکاندنەوەی مامۆستایەکی چاوجوانی وەکو من، مەترسیدارترین بیڕێزییە بەرامبەر بە زانکۆ خۆی! نەك لەبەرئەوەی بەڕێزیان بۆخۆیشی ویستی لە تاران چاوی



پیشانی دکتۆرێك بدات، نەك لەبەرئەوەی پرۆفیسۆرێکی ئەکادیمی نابێت ئاوا تەعبیر بە زمانی نەتەوەیی خۆی بکات و زمان لە هۆکارێکی گەیاندنی مەعریفییەوە بکاتە ئامرازێکی هێز و توندوتیژی و هتد. بەڵکو لەبەر ئەوەی ئەو ڕستەیە ئازاری گروپێکی کۆمەڵایەتی دەدات کە چاویان لەدەستداوە و جۆرێکە لە تاوانبارکردنیان لەڕێگەی ئاماژەدان بە جەستەیانەوە. ئەم ڕستەیەی دکتۆر ئازاد بەیانکەری نییەتمەندی ئەوە لە ئاست نابیناکاندا وەك گروپێکی کۆمەڵایەتی و جۆرێکە لە بەرهەمهێنانی توندوتیژی بەهۆی زمانەوە لە ئاست هەموو کوێرێکدا. بەکارهێنانی دروستی زمان و زمانی ئینسانی، لە مێژووی هزر و فەلسەفەدا، پێشینەیەکی زۆر لە مێژینەی هەیە و دیسپلینێکی زانستی و ئەکادیمییە. سۆفیستەکانی یۆنان یەکەمین کەسانێك بوون گوتیان، بەکارهێنانی دروستی زمان لەبەیانکردنی هەر کێشەیەکدا، شەرعییەت دەداتە کێشەکە و نابێت زمان بکرێتە ئامرازێك بۆ شێواندنی ژیانی مرۆڤ. پرۆفیسۆر نەقشبەندی ڕاگری کۆلێژێکە، کە تیایدا زانستە مرۆڤایەتییەکان دەگوترێنەوە، بۆیە دەبوو ئەو پتر لەهەر کەسێك هەوڵی بە ئینسانیکردنەوەی زمانی کوردیمانی بدایە، نەك بەم زمانە دەمارگرژی لە ئاست کوێر و نابیناکاندا بنوێنێ و کوێربوون وەك نوقسانییەك لە کەسایەتی مرۆڤدا نومایش بکات. ئەم دەربڕینەی پرۆفیسۆرە بەڕێزەکەمان بەهیچ بنەمایەکی ئەخلاقی بەرگریی لێناکرێت، چونکە ئەو نەقسێکی جەستەیی دەکاتە دەروازەیەك بۆ لێدان و شکاندنی کەسایەتییەك. بەڵام ئایا مرۆڤێکی کەمئەندام، لەبەر ئەوەی کەمئەندامە، کەسایەتی و گەورەیی خۆی لەدەستداوە؟ بەپێی لۆژیکی پرۆفیسۆرەکەمان: (بەڵێ). ئەم بەڵێیەش بەرهەمهێنانی توندوتیژی و

دەمارگرژییەکە لە ئاست گروپێکی کۆمەڵایەتیدا و بەڵگەیەکی باشیشە لەسەر ئەوەی کە هەندێك لە ئەکادیمی و پرۆفیسۆرەکانی ئێمە، لە پشت پلەی زانستی و ئەکادیمییانەوە، چ بیروڕایەك بلاّو دەکەنەوە و چۆن لە زمانی کوردی چەکێك دروستدەکەن بۆ خستنەوەی ناکۆکی لەناو گروپە کۆمەڵایەتییەکاندا. ڕۆژانە خەڵك لەناو خۆیاندا دەربڕینی هەمەجۆر بەکار دەهێنن، وەلیٚ کاتێك ئەکادیمییەکی خاوەن دەسەلاّت هەمان زمان بەکار دەهێنێت، ئێمە لەبەردەم کێشەیەکی گەورەداین.

سێهەم: ئەوەی کە من چووم نەشتەرگەریی چاوم بکەم، هەر لێرەوە شتێکی ڕوون و ئاشکرا بوو، چ لەلای بەڕێزانی بەرپرس لە ئەنجوومەنی خوێندنی بالاّ و چ لەلای دکتۆری بەڕێزیش و، لەوێش لەلای بەرپرسانی قەرارگای نەسر کە پێشوازیان لە ئێمە کرد. تەنانەت دکتۆر ئازاد و دکتۆر شەریفیش پێش ڕۆیشتنمان، بە منیان گوت کە کارەکانی خوێندنی بالاّ و ئەنجوومەنی وەزیران بکەم (مەبەستیان وەرگرتنی پارەی سەفەرەکە بوو)و ئیتر ئازاد بم. بۆیە وەك دکتۆر شەریف دەنووسێت، من مۆڵەتم لە دکتۆر ئازاد وەرنەگرتوە تاکو نەشتەرگەری بکەم، بەڵکو لەکاتێکدا چاوەڕێماندەکرد جێگری ڕاگر و ڕێنومایيکەرەکەی قەرارگای نەسر بگەڕێتەوە بۆ هەمان ژوور، ئازادیی خۆمم وەرگرت و دکتۆر ئازادم ماچکرد و بەجێمهێشتن و تەنانەت لەکاتی ماچکردنەکەدا بووە پێکەنینیش. شەویش کە یەکترمان بینینەوە هەر خۆیان بە منیان گوت: (چاکتکرد کە ڕۆیشتی، چونکە ئێمە سەعات و نیوێکی تر لە چاوەڕوانیدا بووین تا گەڕانەوە). هەر بەڕاستیش من بەو ڕۆیشتنە ئازاد بووم و کاتێك لە ژووری ڕاگری کۆلێژ هاتمە دەرەوە، هەستمکرد تێکەڵ بە ژیان



بوومەوە. ئەگەر ئازادی وەرگرتن ئەو باجە قورسەی بوێت، کە هەردوو دکتۆری بەڕێز دەیخەنە ئەستۆی من، ئەوە ئامادەم بۆ هەمیشە باجی ئازادییەکانم بدەم. چونکە بەهۆی ئەو ئازادییەوە بوو کە توانیم بەو پارەیەی وەرمگرتبوو لە ئەنجوومەنی وەزیران، ژمارەیەکی زۆر کتێب پەیدا بکەم و لەگەڵ خۆمدا بیانهێنمەوە و قوتابییەکانم ئاگادار بکەمەوە کە دەتوانن سوودیان لیٚ وەربگرن.. هەر لەبەر دڵڕاگرتنی بەڕێزیشیان و نەشتەرگەری چاوم بوو کە دەعوەتی زانکۆی کوردستان لە لە شاری(سنە)ی ئازیزم ڕەتکردەوە، ئەگەرچی ئەوان بلیتی فڕۆکەشیان ئامادە کردبوو.

ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بەڕاشکاوی باسی ئەوە بکەم، من بۆچی ئامادە نەبووم لەکۆبوونەوەکاندا بەشدار ببم. لە ڕاستیدا ئەگەر نەشتەرگەریش نەبوایە من هەر بەشداریم نەدەکرد، چونکە وەك نوسیومە ئێمە شاندی ڕەسمی نەبووین، پاشانیش ئەوەی منی نائومێد کرد لەبەشدار بوون، ئەو ئیتاعە زۆرەی بەڕێزان ڕاگری کۆلێژ و سەرۆکی بەشی فارسی بوو لە (ئاغای بهبودی)، ڕێنومايیکەر، کە گەنجێکی هێمن و لەسەر خۆ و بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لەبواری کارگێڕیدا هەبوو و هەروەها لەلایەن نوسینگەی قەرارگای نەسرەوە مەئموریەتی وەرگرتبوو لەگەڵ ئێمەدا بێت. من کاتێك هەموو بەیانیانێك دەمدی دکتۆر ئازاد و دکتۆر یوسف، بەر لەسەعات هەشت و نیو خۆیان دەگۆڕی تا ئەو بەڕێزە بێت بە شوێنیاندا و کاتێك هەموو ئێوارانێك بە نارەزاییەوە دەیانگوت، کە بەرنامەی سبەینێشیان بۆ داناوین و دەبێت سەعات هەشت و نیو ئامادە بین، دڵم بەخۆم دەماو بیرم دەکردەوە: ئەی خودا ئەم هەموو ئیتاعە و هەستی ژێر دەستییە لە کوێوە دێت؟! چییە

وادەکات ڕاگری کۆلێژەکەی منی کورد و سەرۆکبەشەکەم بە دوو بڕوانامەی ئەکادیمییەوە، هیچ بڕیارێکیان نەبێت و تەنیا جێبەجێکەر بن؟ پاشانیش کاتێك ئەم دۆخەم بەراوورد دەکرد بە تووڕەیی و هەڵچوونەکانیان لە کۆلێژی ئاداب و کاتێك بیرم دەکەوتەوە کە بەڕێز دکتۆر یوسف وەك سەرۆکی هەمیشەیی لیژنەی تاقیکردنەوەکانی کۆلێژەکەمان، هەموو ساڵێك چ ترسێك لە دڵی قوتابی و مامۆستاکاندا دروستدەکات و چۆن لە ڕۆژەکانی تاقیکردنەوەدا بەسەر قوتابییە ماندووەکاندا هاوار دەکات! ئیتر نائومێد دەبووم و لە کوردبوونی خۆم تووڕە دەبووم و دەترسام لەوەی ئەگەر سبەینێ دەسەڵاتی بەعس لە عێراقدا بگەڕێتەوە کوردستان، بەسە یەك نوێنەر بنێرێتەوە بۆ ناو زانکۆ، تا هەموومان بەیعەتی خۆمانی بۆ تازە بکەینەوە. ئایا هەر ئەم ترس و ئیتاعەیەش نییە کە وادەکات ئەو بەڕێزانە بەرگری لە کەسانێك بکەن و لە کۆلێژی ئادابی ئەو زانکۆیەدا کۆڕیان بۆ بگرن، کە گەلێ لە براو کەسوکاری قوتابییەکانی، بە فەرمان و بە دەستی ئەوانە ئەنفال و کیمایبباران کراون!؟

من لەم لێکدانەوەیەمدا قسەکانی (ئاتین دو لابۆتی)، بیرمەندی سەدەی شازدەیەمی فەرەنسام بیر کەوتنەوە، کە دەڵێت: (لە واقیعدا دیکتاتۆر هیچ دەسەڵاتێکی نییە، جگە لەو دەسەڵاتەی کە ئێوە خۆتان خستوتانەتە بەردەستی تاکو بەهۆیەوە نابودتان بکا. ئەگەر ئێوە خۆتان بینایی پێنەبەخشن، ئەو ئەم هەموو چاوەی لە کوێ بوو تا ئێوەی پێ چاودێری بکات؟ ئەگەر ئێوە خۆتان دەست و بازووی نەدەنێ، ئەو بازووی لەکوێ بوو تا سەرکوتتان بکات؟ ئەگەر ئێوە خۆتان هاوکاریی نەکەن، ئەو جورئەتی لە کوێ بوو ئاوا بتانڕەتێنێ؟). هەر بۆیەشە کاتێك لەو سەفەرەی ئێران گەڕەمەوە



سەرلەنوێ لەگەڵ هاوڕێیەکمدا دەستمانکردەوە بە وەرگێڕانی کتێبەکەی لابۆتی، تا بیکەینە بنەمایەك بۆ خوێندنەوەی ئەو هەموو خۆبەکۆیلەکردنەی، کە ئێمەی کورد لە ئاست بێگانەدا هەمانە.

کەواتە من حەقمە ئەو شاندە بە شاندێکی ڕەسمی نەزانم و بەشداری کۆبوونەوەکانی نەکەم، چونکە نەیتوانی لە ڕێگەی ئەو ڕەسمییەتەی کە دەبوو دروستی بکات، لە ڕێگەی ئەو نوێنەرایەتیکردنەی کە هەیبوو، ببێتە تەعبیرێکیش لە ئیرادەی نەتەوەیی و لە ئیرادەی دەسەڵاتی سیاسی و ئەکادیمی منی کورد.

6) دکتۆر ئازاد، ئەو کەسەی لە ڕووی ئیدارییەوە سەرپەرشتی منە، لە سەرەتای نوسینەکەی و لە خاڵی شەشەم و نۆیەمدا گەمەیەکی سەیری لەگەڵ خوێنەردا کردووە بۆ شکاندنی ڕەوایەتی ئەکادیمیەتی من. بەڕێزی لەو شوێنانەدا ئاماژە بەوە دەکات: (بڕوانامەکەی من یەکسان نەکراوە)، پسپۆڕیی من (فەلسەفەی شانۆیە) و لە (پسپۆڕێتی خۆمدا وانە نالێمەوە). لەوەڵامدا پێویستە بڵێم:

یەکەم: من سەر بەنەوەیەکم بەعس تا بینەقاقای چەوساندیەوە، منداڵییەکانی لەگەڵ ڕاگواستنی گوندەکاندا سووتاند و لە ڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسیشەوە لە بنەماڵەیەکدا پەروەردە کراین، کە ئامادە نەبوو خۆی لەگەڵ بەعسدا بگونجێنێ. باوکی ئێمە کارمەندێك نەبوو خۆی نەقڵ بکات بۆ شارێکی باشووری عێراق و لەوێ خزمەت بە بەعس بکات و لەناو خەڵکیشدا بڵێت: (دووریان خستومەتەوە) و پاشانیش ناز بەسەر حیزبەکاندا بکات. یاخود لەهەمان زەمەنی بەعسدا ببێتە چەکدار و فەوجی خەفیفە بکاتەوە، یان

دیوەخانە و پارەی سەرۆك عەشایەری لە شێخ جەعفەر بەرزنجی، پارێزگاری ئەوسای سلێمانی وەربگرێت. ئەگەر وایدەکرد، منیش ئێستا لە حوکمەتی هەرێمدا شتێکی تر دەبووم و کەسیش نەیدەتوانی حسابی شەهادەم لەگەڵ بکات، چونکە ئەو کەسەی شەرعییەتی خۆی لە بەعسەوە وەرگرتبێت، لە حوکمەتی هەرێمیشدا شوێنی پارێزراوە. کە باوکانی نەوەی ئێمە وایان نەکرد، ئیتر ئاوارەیی و ماڵبەکۆڵی بووە قەدەرمان و نەمانتوانی بەشێوەیەکی ئاسایی خوێندن تەواو بکەین و هەر یەکەمان لە وڵاتێك گیرساینەوە. ئەمجۆرە ژیانە هانت نادات بەڵگەنامەی ئەکادیمی و شەهادە بکەیتە پێوەر لە سەلماندنی کەسایەتی خۆتدا و هەر لەبەر ئەمەش بوو کاتێ گەڕامەوە کوردستان، نەمویست لەو شوێنەوە دەستپێبکەم و بەهۆی نومایشکردنی شەهادەوە ناسنامەی خۆم دروست بکەم. کەسانێك بەڵگەنامە و شەهادەیان بەلاوە گرنگە، کە شتێکی تریان نەبێت بۆ خۆ سەلماندن. بەڵگەنامە لە بنەمادا، بەڵگەنامەی ئەو قۆناغەیە کە تێمانپەڕاندووە، نەك ئەو قۆناغەی کە لە ئاییندەدایە. مرۆڤێ کە هیچی نەبێت لە ڕێگەیەوە خۆی بسەلمێنێت، ئەوە هەمیشە دەگەڕێتەوە بۆ پلەی بەڵگەنامەکەی، بەڵام مرۆڤێك کە ڕێگاکانی خۆسەلماندن لە میانەی تێکۆشانی بەردەوامدا تاقیدەکاتەوە، بەردەوامیش بەڵگەنامەی نوێ بەدەست دەهێنێت. ئەگەر بەڵگەنامە ئەوەندە شتێکی پیرۆز بوایەو مرۆڤی لە هەڵەکردن دوورخستابەوە، دەبوو دکتۆرەکانی سەردەمی هیتلەر، شەرعییەتیان نەدابا بە کوشتنی یەهودییەکان، دەبوو مرۆڤایەتی لەزۆربەی ئەو کارەساتەنە پارێزراو بووایە کە خاوەن بەڵگەنامە و پسپۆڕییە بەرزەکان تیایاندا بەشدار بوون و نەخشە داڕێژیان بوون. بەڵگەنامەی زانستی



بەبێ ئەخلاقی ئەکادیمی و بەبێ ئیلتیزامکردن بە مرۆڤدۆستی و خەمە ئینسانییەکانەوە، کاغەزێکە و هیچیتر.

دووەم: من بە زەماڵە و تەزکیەی هیچ کەس و لایەنێك لە وڵاتێکی سۆسیالیستیدا، بڕوانامەم بەدەست نەهێناوە. بەڵکو پەنابەرێکی ئینسانیی وڵاتێکی سکەندناڤی بووم. لەو وڵاتەدا دەبوو هاوشان بە خۆگونجاندن لەگەڵ کەشوهەوا ساردەکەی و باری کۆمەڵایەتیدا، یەکەمجار زمانەکەی فێر ببم. پاشانیش لە پۆلی سیهەمی ناوەندییەوە دەست بە خوێندن بکەمەوە تا قۆناغی بەکالۆریۆس و ماستەر. بێگومان لەئەنجامدانی ئەم ئەرکەشدا ڕۆڵی ئەو خێزان و هاوڕێ کورد و غەیرە کوردانەی کە لەوێ ناسیمن و هەردەم پشتگیرم بوون، هەرگیز لەبیر ناکەم. ئەگەر من لە دانمارك ناز و نیعمەتێکم هەبووبێت، ئەوە یاسای ئەو وڵاتە و ئەو دۆستانە پێیان بەخشیوم، نەك زەماڵە و بوورسی حیزب و حکومەتی بەعس.

سێهەم: کاتێکیش هاتوومەتەوە کوردستان داوای بەڵگەنامەکانم لێکراوە، هەموویانم تەسلیمی ئەنجوومەنی خوێندنی باڵا کردووە و نوسخەشیان لەلای ڕۆژنامەی ڕوانین هەیە. فەرمانەکانی دامەزراندنیشم لە زانکۆ بەم شێوەیە دەرچوون: فەرمانی حکومی(بە ژمارە 2668 لە ڕێکەوتی: 2000/7/31)، فەرمانی زانکۆیی (بە ژمارە 4747/2/4 لە ڕێکەوتی: 2000/8/1)، فەرمانی کارگێڕی (بە ژمارە 7942/4 لە ڕێکەوتی 2000/8/21) کە ڕاگری کۆلێژی ئاداب بۆخۆی ئیمزای کردووە. لەهەموو ئەم فەرمانانەدا بڕیار دراوە بە پلەی ماستەر و بە گشت ماف و ئیمتیازاتی ئەو پلە ئەکادیمیەوە دابمەزرێم. بۆیە ئەگەر دکتۆر ئازاد کێشەیەکی لەسەر

یەکسانکردنی بڕوانامەکەم هەبێت، ئەوە دەتوانێت پەیوەندی بە ئەنجومەنی خوێندنی بالاوە، بکات و گومانەکانی لەوێ بڕەوێنێتەوە، نەك لە خۆیەوە ئیدیعایە دروستبکات. چونکە ئێمە دەزانین ئیدیعایەکان بۆ ئەوە سەر هەڵدەدەن تاکو بڕوایەکی هەڕەمەکی لەلای خەڵك دروستبکەن، وەلێ بەبێ ئەوەی بە شێوەیەکی ڕەسمی دانیان پێدا بنرێت. تراژیدیا لەوەدا نییە نابێت کۆمەڵگا بڕوا بە ئیدیعایەکان بکات، بەڵکو ئەوە تراژیدیە کە ئەکادیمییەك پەنا بۆ هەمان میکانیزم ببات!

چوارەم: پسپۆڕیی من (فەلسەفەی شانۆ) نییە و من تا ئێستاش نەمبیستووە پسپۆڕییەك بەو ناوەوە هەبێت، بەڵکو هەروەك لە بڕوانامەکەمدا بە دانمارکی و ئینگلیزی و لە نوسخەی وەرگێڕدراویشدا بۆ کوردی، کە لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی دانمارك و کۆلێژەکەمەوە پەسەند کراوە و هەروەها لە هەڵسەنگاندنی ئەو پرۆفیسۆرە بەڕێزەی سەرپەرشتی نامەکەمی کردووە و لە نامەی شەخسی سەرۆکی زانکۆکەشمدا کە پیرۆزبایی لێکردووم، هاتووە: خوێندنی بنەمایی زانستە مرۆڤایەتییەکان (*Humanities Basic Studies*)، فەلسەفە(*Philosophy*)، دراماناسی (*Dramaturgy*) بواری خوێندنی من بوون و نامەی ماستەرەکەشم دەکەوێتە بواری ئێستاتیکاوە، کە لقێکی گرنگی فەلسەفەیە و هەموو ئەم بەڵگەنامانەش تەسلیمی هەفتەنامەی ڕوانین کراون...

پێنجەم: کاتێك من هاتمە کۆلێژی ئاداب، سەرەتا لە بەشی کۆمەڵناسی و پاشان بە هەوڵ و تەکلیفی دکتۆر یوسف و دکتۆر ئازاد خۆی، گواسترامەوە بۆ بەشی فارسی و لەبەر خاتری پسپۆڕییەکەشم، هەر دکتۆر ئازاد و دکتۆر یوسف



بۆخۆیان ڕەزامەندیان وەرگرت کە وانەی (فەلسەفە) لەبەشی فارسی زیاد بکرێت و منیش بیڵێمەوە. ئەوساش و ئێستاش من ئەو هەوڵە ستایش دەکەم و لێرەشدا من شەرەفی ئەوەم پێبڕا کە بوونی من لەو بەشە، ببێتە هۆی دەرگا کردنەوە لەسەر فەلسەفە. ڕاستە ئەو کاتە ئەوان کێشەیەکیان لەگەڵ پسپۆڕییەکەی من نەبوو، بەلاّم نەشیاندەزانی کە فەلسەفە وانەی پرسیار و نیگەرانی و خۆشەویستییە بۆ زانین، نەك وانەی ملکەچی و ترساندن.

7) زۆر لایەن هەیە لە پەیوەندییان بەسەفەرەکەمانەوە، باسیان ناکەم، چونکە هەندێ لەم وردە چیرۆکانە لە کاتی خۆیدا خۆش بوون و پێکەنیناوی. بۆیە ئەگەر ناچار نەکرێم، نامەوێت بە باسکردنیان مانایەکی دیکەیان پێبدەم. ئەگەر سەفەر، وێڕای تاڵی و ناخۆشییەکانی، جوانییەکی تێدا بێت، ئەوە لەو ڕۆحی لێبووردەییەوە دێت کە فێرمان دەکات نابێت بە یەك پێوەر هەمووی هەڵبسەنگێنین. باش نییە سەفەرەکان تەنیا وەها تەماشا بکەین کە جووڵەیەکن لە پانتایی جوگرافیادا، بەڵکو هەموو سەفەرێك جووڵەیشە بەناو ڕۆح و پاکژبوونەوەدا.

دوا گوتە:

لە خاڵێکی دیکەی نوسینەکەیدا، بەڕێز پرۆفیسۆر نەقشبەندی گومان دەخاتە سەر (هاوخەمی من بۆ قوتابیان) و (دڵسۆزیم بۆ ئەم ئەزموونە) و تاوانبارم دەکات کە گوایە (تەشەرم لە زانکۆ داوە). هەڵبەت لە شوێنێکی دیکەدا وەلاّمی ئەم قسانە بە دووروودرێژی دەدەمەوە و ئێستا هەر هێندە دەڵێم، کە ئەم قسانەی بەڕێزیان، قسەی حاکمێکن کە دڵنیابێت لە حوکمەکەی و بەڵگەی

سەلماوی بەدەستەوە بێت. بەڵام ئێمە دەزانین بەڕێزیان حاکم نییە و بە میزاجی شەخسی خۆی، من دادگایی دەکات. کەواتە ئەو قسانە پەیوەندییان بە پسپۆڕییەکەی دکتۆر ئازادەوە نییە، ئەگەرچی هەوڵدانێکی زیرەکانەیە بۆ دادگاییکردنی من. دادگاییکردنی ئەو کەسانەش کە فەلسەفەیان خۆشدەوێت و پرسیار دەکەن، لەلایەن ئەو کەسانەی کە ڕقیان لە پرسیار و گومانکردنە، مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە. چی لەوە خۆشترە مرۆڤ لە ڕیزی (سوکرات)دا ناوی بێت!؟

# نەوەی نوێ لەدوای هاتنی مارینزەوە

**دیمانەی: محەمەد بابۆڵی**

**مانگنامەی گۆڕان،** 2003

**پرسیار: نەوەی کۆن ئیرەیی بە نەوەی نوێ دەبات کە نەوەیەکە لەبەردەم شانسێکی زۆر دایە، بەڕای تۆ ئەم نەوەیە چەند دەتوانێ سوودمەند بێت لە گۆڕانکارییەکان بە تایبەتی دوای هاتنی هێزی مارێنز؟**

وەڵام: من دڵنیام مەبەستت لە نەوە لەڕووی تەمەنەوە نییە، بەقەدەر ئەوەی مەبەستت نەوەی عەقڵی و شێوەی بیرکردنەوەکانە. بە دڵنیاییەوە ئەگەر مەبەست ئەوە بێت کە ئێمە ئەمڕۆ نەوەیەکمان هەیە ڕۆشنگەرانە بیر دەکاتەوەو پشت بە بەڵگەی عەقڵانی دەبەستێت و نەوەیەکە ژیانی خۆش دەوێت، ئایندەی بەلاوە گرنگە و تێگەیشتن لە ئێستا یەکێکە لە پرۆژەکانی.. لەبەرامبەر ئەم نەوەیەدا ئێمە نەوەیەکی دیکەمان هەیە کە ئایندەی بەلاوە گرنگ نییە، لە ڕووی هزریشەوە زۆر هەژارترە لەوەی کە لە ماناکانی ئێستا تێبگات، ئەمە جگە لەوەی هەموو پرۆژەکانیشی دژ و ئاستەنگن لەبەردەم ئەو پرۆژانەدا کە نەوەی نوێ بڕوایان پێیەتی و هتد. بەو مانایە، بەڵێ ئێمە



لەناو قەیرانێکی لەیەکتر تێنەگەیشتندا دەژین لە نێوان ئەم دوو نەوەیەدا. نەوەی کۆنخواز نەوەیەکە ئامادەیی گوێگرتن و هاوکاریکردنی لەگەڵ نەوەی نوێدا نییە و هیچ خەونێکی هاوبەشیش کۆیان ناکاتەوە و نەك هەر ئیرەیی بەنەوەی نوێ دەبات بەڵکو ترسێکی زۆریشی هەیە لەوەی کە چیدی ئەم نەوەیە بەو زمانە ئینشاییەی ئەوان کە لە ڕووبەڕووبوونەوەی گەنجەکاندا بەکاری دەهێنن دەستەمۆ ناکرێن. هەر بۆ نموونە ئێمە ئەوەمان لەبیر نەچێ کە لەئاستی ئیداریدا دوو سەرۆکی حکومەتمان هەیە کە هەردووکیان سەر بەنەوەی نوێن، لەوە گەڕێ بوونی دوو ئیدارەی جیاواز تراژیدیایەکە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کاتێك لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا لە نزیکەوە گوێبیستی کار و پرۆژەکانی ئەو دوو بەڕێزە دەبین، بۆمان ئاشکرا دەبێت ئەوان لە هەموان کۆنخوازتر و لە گەنجەکان و خەمی ئەوانیش دوورە پەرێزن. بەشێوەیەکی گشتی ئەوان لە میانەی ئەو ئەرکە ئیدارییەی پێیان سپێردراوە، هیچ پرۆژەیەکی بەرچاویان سەبارەت بە بارودۆخی گەنجەکان نەخستۆتە ڕوو، هیچ دیدارێکی ڕەسمیان لەگەڵ ئەو هێزە کۆمەڵایەتییە گەورەیەدا نەکردووەو لەهیچ بوارێکیشدا پەیامی پشتگیریکردنی خۆیان ئاڕاستەی گروپەکانی تری کۆمەڵگا نەکردووە سەبارەت بە کێشەی گەنجەکان لەم کۆمەڵگایەدا. ئەمە جگە لەوەی لە مەراسیمی کردنەوەی زانکۆو خوێندنگاکاندا ئامادە نەبوون. لەکاتێکدا ئەم نەوەیە لە ڕووی ژمارەو ڕێژەوە گەورەترین هێزی کۆمەڵایەتی ئێمە پێك دەهێنێت، کەچی لەبەرامبەر ئەم کەمتەرخەمییەدا ئەوان سێ و دوویان لە کردنەوەی مزگەوت و بەپیرەوەچوونی پرۆژەی نەوەکانیتر و گروپە کۆمەڵایەتییەکانیتر نەکردووە و کەم تەعزیەش هەیە بەشدارییان تێدا

نەكردبێت. كەواتە ئەم دوو سەرۆكی حكومەتە بە جەستە گەنجن و سەر بەنەوەی نوێن، بەڵام لەبەر ئەوەی تەمەن پاساو نییە بۆ بیركردنەوەیەكی عەقڵانیانەی نوێخواز، ئەوە دەبینین ئەوان لە نەوەی نوێوە دوورن. لە كاتێكدا بۆی هەبوو گەنجایەتی ئەمان ببێتە هۆكارێك تا گەنجەكانیتر زۆرترین ئاوێتەبوونیان لەگەڵ گەنجایەتی ئەواندا كردبا و ئەوانیش گەنجایەتی خۆیان لەدەسەڵاتدا بەكارهێنابا بۆ گۆڕانكاری لە ژیانی نەوەی نوێدا. كەچی تەماشا دەكەین ئەوەندەی ئەوان تەماهیان كردووە لەگەڵ نەوەی كۆنو عەقڵیەتی سەلەفیو پرۆژە بەسەرچووەكانیدا، ئەوەندەی ئەوان گوێڕایەڵن بۆ حیزبەكان كە ئەمەش پێچەوانەی پێگەی ئیداریی ئەوانە، چونكە پێگەی ئەوان پێگەی حكومیە نەك حیزبی، هەموو ئەمە بۆتە هۆی ئەوەی كە پرۆژەیگەنجەكان لە ئاستی سیاسیدا هیچ شوناسێكی نەبێت.

سەبارەت بەو بەشەی پرسیارەكەشت كە دەڵێیت، نەوەی نوێ لەبەردەم شانسی زۆردایە، من بۆخۆم لەو باوەڕەدا نیم و هیچ بەڵگەیەكی دڵخۆشكەرم بەدەستەوە نییە تا ئەوەم بۆ بسەلمێنێت. بە بۆچوونی من نەوەی نوێ لە دوای هاتنی مارینزەوە (هەڵبەت لێرەدا وشەی مارینز وەك ڕەمزێك بۆ هێزی هاوپەیمانان بەكار دەهێنین)، ئەگەر لە یەك شوێندا سوودمەند بوبێت ئەوەیە كە لە داهاتوودا ئەم نەوەیە ئەوەندە پابەندی نەرێتەكانی كۆمەڵگای داخراوی باوكسالاری و دینسالاری و حیزبسالاری نابێت. واتە زۆرینەی ئەو بەهایانە تێكدەشكێن كە تا ئیستا ئەو سێ هێزەی ناو كۆمەڵگای ئێمە پشتیان پێی بەستبوو و بەهۆیانەوە هاووڵاتیانی ئێمەیان كۆنترۆڵ دەكرد. بەڵام سەبارەت بەچییەتی ئەو بەها تازانەی لەگەڵ مارینزدا دێنە ئەم كۆمەڵگایەوە و چۆنێتی



و ڕاددەی گونجانی نەوەی نوێ لەگەڵیاندا و ئەو كێشانەی لە ئەنجامی نەگونجانەوە دێنە ئاراوە، تەواو نیگەرانم و ئەم نیگەرانییەش لە تێڕوانینی ڕەخنەگرانەی نەوەی نوێشدا سەبارەت بە مارێنزەكان تا دێت بەرجەستە تر دەبێت. بەتایبەتیش كە ئێستا خەریكە ئەو وێنە پۆزەتیڤەی ڕاگەیاندنی ڕەسمیی ویستی بۆ هێزی مارێنز دروستی بكات، بۆ نەوەی نوێ هەمان گەرموگوڕی سەرەتای نامێنێت و تێڕوانینی سەرسامئامێز و واقووڕمانی سەرەتایی جێگە چۆڵدەكات بۆ تێڕوانینێكی پرسیارئامێز و ڕەخنەگرانە، كەئەمەش خەسڵەتێكی بیركردنەوەی نەوەی نوێیە و ئاشكراكەری جیابوونەوەی جیهانبینی ئەوانە لەگەڵ ئایدیۆلۆژیای حیزبەكان.

**پرسیار: چۆن ڕوونی دەكەیتەوە كە بیركردنەوەی هەردوو سەرۆكی حكومەت وەك دوو گەنج درێژكراوەی بیركردنەوەی نەوەی كۆنە؟**

وەڵام: ئێمە كاتێك دەستنیشانمان كرد نەوە لە تەمەندا پێناسە ناكەین، ئەمە بەمانای ئەوەیە لەناو گەنجەكانیشدا بەتەمەنی زۆرمان لە بیركردنەوەدا هەیە، هەروەك چۆن لەناو بەتەمەنەكانیشدا بیركردنەوەی گەنجانەمان هەیە، ئا لەم پێودانگەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی كە نەوەی نوێ لەدەسەڵاتدا نەیتوانیوە ئەو ڕێگاو ئاڕاستانە پەرە پێبدات كە پێویست بوو لەم وڵاتەدا پەرەیان پێ بدرێت بۆ باشكردن و گۆڕانكاری لە ژیانی گەنجەكاندا. ئەوان نەیانتوانیوە كێشەی گەنجەكان وەك كێشەیەكی سیاسیی بەرجەستە بكەن، هەر چەند مانگێك لەمەوبەریش بوو كە لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە خۆپیشاندانی فێرخوازان و گەنجەكان بە كردەی كەسانێكی ئاژاوەگێڕ و نامەسئوول ناوزەد كرا!

**پرسیار: لە ناو خوێندکاری زانکۆکاندا دیاردەیەك لە پەرەسەندندایە، ئەویش ئەوەیە، کە خوێندکاران بەهەمان بیرکردنەوەی کە کۆنەکان مامەڵەیان لەگەڵ کردوون، مامەڵە لەگەڵ ئەوانی دوای خۆیان دەکەن، پێتوایە ئەمە جۆرێك بێت لە بڕواهێنان بە پرەنسپی تۆڵەکردنەوە؟**

وەڵام: زۆرجار تۆڵەکردنەوە یەکێکە لەو ڕێگایانەی کە دواجار لەلایەن گەنجەکانەوە پەنای بۆ دەبرێت، بەڵام من وای دەبینم ئێمە بۆ مانەوەی خۆمان ئاسانترین ڕێگا هەڵدەبژێرین، سادەترین شێوەی ژیان هەڵدەبژێرین تا بتوانین بەردەوام بین، هەربۆیەشە تەماهیکردن لەگەڵ نەوەی پێشوو ئەو ژیانە سادەیەیە کە هەڵیدەبژێرین تا خۆمان ئاشکرا نەکەین‌و بەدڵی ئەوانیتر بین. ئەم شێوە سادەیەی ژیان فێرمان دەکات گوێڕایەڵ‌و ملکەچ بین و بگەڕێینەوە ژێر دەسەڵاتی شێوە سەرەتاییەکانی بە گروپ بوون، هەر لە خێزانەوە تا گروپی ئایدۆلۆژی‌و حیزبی‌و پیشەیی. ئەم خۆڕاهێنانە لەسەر هەڵبژاردنی سادەترین و ئاسانترین ڕێگا بۆ بەردەوامی لە ژیاندا دەستەمۆشمان دەکات لە ئاست ژیانی ئەوانی پێشوودا، چونکە دەرچوون لە شێوە ژیانی ئەوانی پێشوو بۆخۆی گوناهێکی گەورەیە. تۆ کە پڕۆژەیەکت نەبێ بۆ گۆڕینی واقیع و ژیانی خۆت، ئەوا باشترین ڕێگا ئەوەیە ئەو ژیان‌و واقیعەی کە هەیە و باوە و پەسەند کراوە، وەك خۆی قبوڵ بکەیت. بۆیە گەنجێتی تۆ لێرەدا پاساو نییە بۆ دەرچوونی تۆ لەو بازنەیە، بەلایەکدا ئەمە سوودی هەیە، چونکە تۆ بەم شێوە ژیانە پەسندی ئەوانیتر بۆخۆت بەدەست دەهێنی، بەلایەکیتردا خۆت دەپارێزی لە هەموو شێوازەکانی دوژمانییەتی کردن لەوانی ترەوە، چونکە کاتێك تۆ



دوژمنایەتی دەکرێیت کە بتەوێت ئەو دنیایەی تیایدا دەژیت بیگۆڕیت، دوای ئەوەی کە خودی خۆتت گۆڕیوە. واتە دوای ئەوەی کە تاکایەتی خۆت لەدەسەڵاتی گروپ سەندۆتەوەو خۆت لەو ئاستەنگانە ڕزگار کردووە، کە گروپ بەسەرتدا فەرزی کردووە. کێشەی ئێمە لەوەدایە کە لەلاوێکی تەمەن هەرزەکارەوە تا سەرۆکی هەردوو ئیدارەکەی حکومەتی هەرێم ناتوانن لەو بازنەیە دەربچن کە بازنەی مانەوەیە لەناو سەلەفیەت‌و ئەو شتەی کە نەریتخوازەکان بە پەسەندیان داناوە... ئەمجا دەگەڕێینەوە بۆ سەر چەمکی تۆڵە کردنەوە کە باستان لێوە کرد، کاتێك تۆ بەدرێژایی پڕۆسەی خوێندن بێدەنگ کراوێکی‌و تاکایەتی خۆتت لێوەرگیراوەتەوە، ئەوا لەو دۆخەدایە کاتێك بۆخۆشت دەسەڵاتت دێتە دەست، دەسەڵاتێك کە وشیاریی لەگەڵدا نییە، ئەوا تۆڵە کردنەوە شتێکی زۆر سرووشتی دەبێت. بۆ نموونە کاتێك گەنجێك دەبێتەوە بە مامۆستا ئەوە خۆی لە خۆیدا دەسەڵاتێکە بەمەرجێك وشیاریی لەگەڵدا بێت، بەمەرجێ لەخۆ تێگەیشتن‌و لە ئەوانیتر تێگەیشتن‌و لە دنیا تێگەیشتنی لەگەڵدا بێت، بێگومان ئەوکاتە وشیاریەکەت ڕێگە دەگرێ لەوەی ڕەفتارێکی غەریزیانە بنوێنیت. بۆنموونە پەنا بۆ تۆڵەکردنەوە ببەیت لەنەوەی دوای خۆت! چونکە غەریزە لەو شوێنەدا ڕەفتارەکانی ئێمە کۆنترۆڵ دەکات کە وشیاری بەرامبەر بە خۆمان و بە ئەوانیترو بە دنیا لەئارادا نەبێت. ئا لێرەدایە کە غەریزە دەمانکاتەوە بەئامرازێك بۆ جێبەجێکردنی توندڕەوی و تۆڵە کردنەوەش یەکێکە لە دەرکەوتەکانی توندڕەوی. کەواتە تۆ ڕاست دەکەیت کە سیستەمی پەروەردەیی‌و ئەکادیمی ئێمە ئەوەندەی هانی گەنجەکان دەدات تا بیر لە تۆڵە بکەنەوە ئەوەندە پەروەردەیان ناکات تا بیر لە خۆ تەحقیق کردن‌و

خۆدروستکردن بکەنەوە و لە ئەنجامیشدا لەبری ئەوەی زانکۆ بتوانێت مرۆڤی مەدەنی لە گەنجەکان دروستبکات، مرۆڤێکیان لێ دروستدەکات کە زیاتر ئامادەن بۆ ژیانێکی قەبیلەیی نەك شارستانیانە.

**پرسیار: ئەگەر تەماشا بکەین ئەو کەسانەی لەتەمەندا گەورەن، بەڵام لە بیرکردنەوەدا لە گەنجەکان دەچن، هەمیشە ڕووبەڕووی کێشەو تەنگوچەڵەمە دەبنەوە بەتایبەتی لە زانکۆکاندا، ئەو مامۆستایانەی کە تێکەڵ بەخوێندکاران دەبن هەمیشە لەبەردەم هەڕەشەی ئیدارییەکانی زانکۆدان؟**

وەڵام: لەبەر ئەوەی کە زانکۆش وەك هۆزێك بازنەیەکی بەدەووری خۆیدا کێشاوە کە دەکرێ ناوی بنێین (بازنەی پیرۆزی ئەکادیمی)، ئەم بازنەیە کۆمەڵێك ڕێساو یاساو سنووری بۆ داناوی کە شکاندنو ڕەتکردنی ئەم سنوور و یاسایانە بە سزادان و ئاستەنگ بۆدۆزینەوە و مووچەبڕین و تەوبیخ و دەرکردنو تاراوگەکردنی تۆ کۆتایی دێت! هەروەکو چۆن هۆزێك کاتێك دەبینێ ئەندامەکانی گوێڕایەڵی یاسای پیر و دەمڕاستانی هۆز ناکەن، ئەوا بەهەمان شێوە ئەندامە لاسارەکانی خۆی لە بازنەی پیرۆز دەکاتە دەرەوە و بێ بەهایان دەکاتو هەموو ئەرکەکانیان لێدەسێنێتەوە تا ئەو شوێنەی کە دەیانکا بە بێگانە و بە ئەویتر(الاخر)، ئەمەش وەك پێشەکیەك بۆ ئەوەی بتوانێت مامەڵەیەکی دوژمنکارانەیان لەگەڵدا بکات. کەواتە لە ناو زانکۆدا بیرکردنەوەی هۆز و میزاجی شەخسی ئامادەیی هەیە نەك یاسای ئەکادیمی ڕۆحی ڕەخنەگرانە. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی هەموو هێزە کارا و چالاکەکانی ناو زانکۆ بە پەراوێز بکرێن و نەتوانن بەشداری بکەن لەو



گۆڕانکاریە پێویستیانەی کە دەبێ لە زانکۆدا بکرێن. با ئەمەت بە نموونەیەکی کۆنکرێتی بۆ ڕوون بکەمەوە: ئاهەنگی ساڵانەی زانکۆ بۆ دەرچووان بەرلەوەی ئاهەنگی دەرچووان بێت، ئاهەنگێکە تیایدا دەسەڵاتی سیاسیو دەسەڵاتی زانستی لەبەرامبەر یەکدا دەوەستنەوە و هێز بەیەکتری دەبەخشنەوە. ئەمانە دوو لایەنن کە تەواوکەری یەکترین، زانکۆ جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە حیزب و دەسەڵاتی سیاسی (درێغییان نەکردووە لە پێشخستنی بواری زانستدا)، ئەمەش لە وتاری سەرۆکی زانکۆ و جێگەرەکانیاندا دەبینرێتەوە کە پڕن لە پێدا هەڵگوتن بە سیاسیو ڕیایی کردن بۆ دەسەڵات. بەو دیوی تریشدا کایەی سیاسی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە (زانکۆ هەڵگری مەشخەڵی زانستو پێشکەوتنە). بەم پێیە دەبینین ئاهەنگی ساڵانەی دەرچووان بەر لەوەی ئاهەنگ بێت بۆ فێرخوازان تەقسێکە تیایدا سەرۆکایەتی زانکۆکان بەو شەرعییەتەی لە دەسەڵاتی سیاسی وەریدەگرن، هێزی خۆیان تازە دەکەنەوە. دووبارە بوونەوەی ئەم تەقسە و خۆتازەکردنەوەی ئەم هێزە لە هەموو ساڵێکدا خۆی لە خۆیدا بازنەیەك بەدەوری زانکۆدا دەکێشێت و پیرۆزیی پێدەبەخشێت، کە ئەمەش ئەو بازنە داخراوەیە خەڵکانی گۆڕانخواز لەناو زانکۆدا دەیانەوێ فراوانتری بکەن. کەواتە شتێکی سرووشتییە ئەوانەی لە ناو بازنەکەدان دژایەتی ئەوانە بکەن کە دەیانەوێ بازنەکە بگۆڕن یان فراوانتری بکەن، چونکە هەر گۆڕانێك لەم بازنە پیرۆزەدا بەرژەوەندیی کایەی سیاسیو کایەی ئەکادیمی دەخاتە مەترسیەوە.

**پرسیار: لەئەنجامی ئەو قسانە ئێمە دەگەینە ئەو ئەنجامەی ئەرکی گەنجەکان زۆر قورستر بووەو پێویستیان بە خۆڕێکخستنەوە هەیە، بەڕای تۆ سروشتی ئەو خۆ ڕێکخستنەوەیە دەبێت چۆن بێت؟**

وەڵام: زۆر ڕاستە، فێرخوازان لەبەردەم خۆڕێکخستنەوەیەکی نوێدان، بەڵام یەکەم مەرجی ئەم خۆڕێکخستنەوەیە ئەوەیە کە هیچ جۆرە لێکچوونێك نەبێت لەنێوان خۆڕێکخستنەوەی ئەمانو ئەو مانایەی کە کەلتووری حیزبی لەسەر ڕێکخستن بەرهەمی هێناوە. بەپێی ئەو کەلتوورە حیزبیە، ڕێکخستن بەو مانایە بووە کە تاك لە تاکایەتی خۆی بەتاڵ بکرێتەوە و بهێنرێتەوە ژێر ڕکێفی دەسەڵاتی گروپ، لەوێشدا ملکەچ بێت بۆ دەسەڵاتێکی باڵاتر لەخۆی. کەواتە تاك لەم ڕێکخستنەدا هیچ کاتێك دەربڕی ناخی خۆی نەبوە و هەمیشە کراوەتە بڵندگۆیەك کە لەگەرووییەوە دەنگی کەسێکیتر یان گروپێك کە لەخۆی باڵادەستترن دەربچێت. ئا لێرەدا تاك کراوەتە ئامرازێك، بۆیە خۆڕێکخستنەوەی فێرخوازان پێویستە بە ئاڕاستەیەکدا بێت کە ئەوان تاکایەتی خۆیان بەدەست بهێننەوەو کەسیش نەبێت لە پێش خۆیانەوە نوێنەرایەتیان بکات یان لە باڵاوە فەرمانیان پێبدات کە بەرژەوەندی ئەوان لە چیدایە... لەم ڕێکخستنەوەیەدا پێویستە دەنگی فێرخواز دەنگی خۆی بێت و کاسەیەتی ئەو هەڵگری پرۆژەیەك بێت. بە بڕوای من ئەو خۆڕێکخستنەوەیە کاتێك مەیسەر دەبێت کە فێرخوازەکان وشیار بن بەرامبەر کێشەکانی خۆیان. ئەگەر یەکگرتوویەکیش لە نێوانیاندا هەبێت پێویستە لەسەر ئەوە بێت کە نەیانەوێت ببن بە حیزبێکی تازە، بەڵکو ئەو یەکگرتنە یەکگرتن بێت لە پێناوی داکۆکیکردن لە کێشەکانی خۆیان. کەواتە داواکاری من ئەوەیە هەر جۆرێك خۆتان ڕێك



دەخەنەوە، خۆتان ڕێك بخەنەوە، بەڵام بەو مەرجەی هیچ جۆرە لێکچوونێکی لەگەڵ تێگەیشتنی حیزبیانەی تەقلیدیدا نەبێت بۆ چەمکی ڕێکخستن.

**پرسیار: ئەو ڕێکخستنە تەقلیدییەی جاران حیزبەکان لە ناو خوێندکاراندا پێی هەستاون، وەك لە ئێستادا دەردەکەوێت لە خزمەتی خودی خوێندکارانیشدا نەبووە، ئایا لەمەدا خودی گەنجان و خوێندکاران بەرپرسیاریان ناکەوێتە سەر شان؟**

وەڵام: بێگومان ئەوان خۆشیان لەمەدا بەرپرسیارن، ئەو شتەی ئێستا فێرخوازان پێی گەیشتوونو دەرکەوتووە کە شتێکی هێندە پڕبایەخ نییە، ئەنجامی ئەو هەنگاوانەیە کە ئەوان پێیدا ڕۆیشتوون و لەناو ئەو هەناگاوانەشدا هەڵەی زۆر گەورە هەیە کە ئەوان ئێستا باجەکەی دەدەن. بۆ نموونە لەناو فێرخوازاندا پارچە پارچە بوونێکی زۆر هەیە کە پارچە پارچە بوونی حیزبایەتی شەڕەکانی ناوخۆمان بیردەخاتەوە. دووەم تا ئێستا لە نێو فێرخوازانی هەرسێ زانکۆکەی کوردستانیش هاودەنگیو پێناسەیەکی هاوبەش نییە لەسەر ئەوەی کە کێشەی فێرخوازان لە وڵاتی ئێمەدا چییە؟ ئایا بە ڕاستی کێشەکانیان ئەوەیە دەرماڵە وەربگرن؟ کە وەریان نەگرت خۆپێشاندان سازبدەن؟ ئایا کێشەی ئەوان ئەوەیە کە زستان هات سۆپا و بەتانییان نییە؟ و کە هاوین دێت ئامێری فێنك کەرەوەیان نییە؟ بە بڕوای من ئەمانە لەگەڵ ئەوەشدا کە پێویستیی ژیانی فێرخوازان پێك دەهێنن، بەڵام هیچیان کێشەی جەوهەریی فێرخوازەکان نین. من کێشەی ئەوان لەوێدا دەبینمەوە کە تا چەندە لە خەمی ئایندەدان؟ ئەوان ئەگەر شەڕێکیان هەبێت لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسیو ئەکادیمیدا بیکەن شەڕکردنە لەسەر ئایندە، ئایندەیەك کە دووبارەوەبووی

ڕابردوو نەبێت، ئایندەیەك كە نۆستالیژیا نەبێت بۆ گوزەشتە و چەقینیش نەبێت لە ئێستای ئەو ئایندەیەدا، بەڵكو ئایندەیەك بێت ئەوان تیایدا ببنەوە خۆیان و ڕێز بۆ كەسایەتیان بەدەست بهێننەوە. فێرخوازەكان و گەنجەكان كەی گەیشتن بەو بڕوایەی، كە كێشەی ئەوان كێشەی بەجیاواز تەماشا كردنی داهاتووە، كە ڕێگە بەهیچ كەسێك نەدەن دەنگی ئەوان بدزێت و كەس نەتوانێت بەكاریان بهێنێت و وزە شۆڕشگێڕەكەیان لێ بمژێت، ئەوكاتە توانیویانە خۆیان لەو ڕێكخستنە تەقلیدییە ڕزگار بكەن. بەدرێژایی ئەو دوازدە ساڵەی ڕابردوو (پارتیو یەكێتی) زۆرترین ژمارەی گەنجەكانیان ڕاپێچی ژێردەسەڵاتی خۆیان كردووە و وەك بڵندگۆیەك بەكاریان هێناون بۆ بەرزكردنەوەی دەنگی حیزب، بەڵام لەكوێدا حیزبەكان و ناوچەی زانكۆ و كۆمیتەی زانكۆ بەتەنگ كێشەی خوێندكارانەوە بوون، كە بەرزترین ڕێژەی چەوسانەوە لە ئاست گەنجەكاندا دێتە ئەنجام؟ لەكوێدا فێرخوازان هاواریان كرد بەرەو ڕووی ئیدارییەكانی زانكۆ كەچیدی لە ئاهەنگی دەرچووناندا پێمان مەڵێن (قوتابیانی خۆشەویست، خوێندكارانی هێژا...) چونكە چوار ساڵتان لەبەردەستدا بوو كە وەك خۆشەویستێكو مرۆڤێك مامەڵەمان لەگەڵدا بكەن، ئەوا من پێموایە وشیارییان هەیە بەرامبەر كێشەی خۆیانو پێویستیان بە نوێنەرایەتی كردن نەماوە.

**پرسیار: وەكو سەیر دەكەین لە وەڵامەكانتدا وشەی (خوێندكار، قوتابی یان فێرخواز) بەكار دەهێنیت، ئایا ئەمەش بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە كە حیزبەكان تەنانەت شەڕەكانیان گواستۆتەوە ناو زمانو چەندین ناویان بە هەمان گروپ بەخشیووە؟**



وەڵام: واز لەهەموو ئەو ڕاستیانە بهێنە ئازیزم.. زۆر ڕاستە، ئەوان هەرچی پێیان كراوە زمانی ئێمەیان دزیووە، قسە و نییەتی ئێمەیان شێواندووە و زۆرجاریش وایان لێكردوین، كە بەدگومان بین لەئاست قسەكان و كەسایەتی خۆماندا. لەكاتی ئێستاشدا بەهەمان عەقڵیەتی ناوچە خوازی داخراوی حیزبییەوە ڕووبەڕووی گەنجەكانی كەركوك و شوێنە تازە ڕزگار كراوەكان دەبنەوە، بەبێ ئەوەی لەبیریان بێت كە هیچ یەكێ لەو پرۆژە حیزبیانەی لە شارەكانیتر و لەماوەی ئەو دوازدە ساڵەی ڕابردوودا بەسەر گەنجەكاندا سەپاندبوویان، سەركەوتنیان بەدەست نەهێنا. حیزبەكان ئێستاش بەهەمان عەقڵیەتی (ڕۆبینسۆن كرۆزۆ)وە ڕووبەڕووی گەنجانی ئەو دوورگە تازە دۆزراوانە دەبنەوە كە پێیان وایە بۆخۆیان خاوەنیانن. ئەگەر ئەو فیلمەت بینیبێت، لە بیرتە كە ڕۆبینسۆن كرۆزۆی عاشق، دوای كوشتنی ڕەقیبەكەی سوار كەشتییەك دەبێت و لە ڕێگادا كەشتییەكە نغرۆ دەبێت و ئەو بەتەنیا لە دوورگەیەكدا دەگیرسێتەوە كە هیچ مرۆڤێكی دیكەی لێناژیت. بەڵام دوای ماوەیەك بۆی دەردەكەوێت ئەو دوورگەیە شوێنێكە تیایدا قەبیلەیەك مەراسیمی كوشتن ئەنجامدەدەن. ڕاستە كرۆزۆ یەكێك لەوانەی كە دەبوو بكوژرێن ڕزگار دەكات، وەلێ هەر زوو لێی دەبێتە خاوەندێك و هەموو یاساكانی ناوسەری خۆی بەسەر ژیانی (فرەیدەی)دا، كە مرۆڤە ڕزگاركراوەكەیەو بۆخۆی ئەو ناوەی لێناوە، دەسەپێنێت، بەجۆرێ كە فرەیدەی ئاوات بە مەرگی خۆی بخوازێت. جیهان لای كرۆزۆ جیهانێكی داخراوەو یاساكانی ئەو بۆ ژیان یاساگەلێكی ڕەهان كەلەگەڵ جیهانبینی فرەیدەی ڕزگاركراودا وێكنایەنەوە. لێرەشەوە ئەو لە عاشقێكەوە دەبێتە ستەمكارێك.

عەقڵیەتی حیزبەکانی ئێمەش بەهەمان شێوە تەماشای ئەو گەنجانە دەکەن، کە تازە لە ستەمی بەعس ڕزگاریان بووە و دەشیانەوێت بەهەمان ئەو یاسا و شێواز و زاراوە حیزبیانە بەلای خۆیاندا ڕایانبکێشن کە بەهۆیانەوە گەنجانی شوێنەکانی تری ژێر دەسەلاتی خۆیان پارچەپارچە کردن.

لێگەڕێ با ئێمە هەموو ئەو زاراوانە بەزاراوەیەکی تر بەرپەرچ بدەینەوە کە ئەویش بەکەس بوونەو بەتاك بوونەوەی خۆمانە، گەنجەکان لە ئێستادا پێویستیان بەوە هەیە نە (قوتابی) بن و نە (خوێندکار) بەڵکو ئەوان پێویستیان بەوەیە ببنەوە تاکە کەسێك کە پڕن لە خۆشەویستی بۆیەکتر. چەکدارن بە ڕۆشنبیر لێبوردەیی و وشیارن بەرامبەر ئایندەی کۆمەڵگاکەی خۆیان و خۆشیان بە بەرپرسیار دەزانن لە ئاست ڕۆڵی خۆیان لەداهاتوودا. ئەمە هەمان شتە کە هەر لە فەلسەفەی یۆنانییەوە باسی لێوە کراوە و تیایدا هەر تاکە مرۆڤێك وەك جیهانێکی تایبەتی هەڵسەنگێنراوە کە هیچ دەسەلاتێك بۆی نییە ئەو جیهانە تایبەتییە بشێوێنێ.

**پرسیار: تۆ لە قساکەنتدا ئاماژەت بەوەدا کە ئیدارەی زانکۆکان لە کۆتایی هەر ساڵێکدا بە زاراوەی *خۆشەویست* ناوی خوێندکاران و قوتابیان دەهێنن، بەلام ئەی نابێت خۆشەویستیی ئەوان لەوێدا دەربکەوێت، کە بیر لە دامەزراندیان بکەنەوە...؟**

وەلام: پێشئەوەی فێرخوازان بکەونە ئەنجامدانی مامەڵە بۆ دامەزراندنیان، هەر لەشەوی ئاهەنگی دەرچووندا زاروەی خۆشەویستی مانای خۆی لەدەست دەدات، ئەمەش بەوەی کە تەنانەت وتارە ڕەسمیەکانی حزبو سەرۆكو جێگری زانکۆکانو ئەوانیتر، زۆربەی ماوەی ئاهەنگەکە بۆخۆیان داگیر دەکەنو کاتێك



ناهێڵنەوە بۆ فێرخوازەکان تا لەناو شوێنی بەڕێوە چوونی مەراسیمەکەدا لەگەڵ هاوڕێو کەسو کارەکانیان پێبکەنو ماڵئاوایی لەیەکتر بکەن، یاخود وێنە بگرن و پێکەوە لەسەر ئاهەنگی گۆرانییەکی (زەکەریا) شایی بکەن، هەروەك چۆن لە ئاهەنگی دەرچونی زانکۆی (سەلاحەددین)دا یەك گۆرانی زەکەریا توانی زیاتر لەهەر وتارێکی ڕەسمی دڵی فێرخوازەکان خۆش بکات ئەو بیرۆکراتییەتەی لە زانکۆدا هەیە بەبەکارهێنانی وشەی خۆشەویستی لەناو وتارە ڕەسمیەکاندا ناشاردرێتەوە. تەنانەت بۆ ڕۆژەکانی دواییش کە یەکەمەکان دەچن بۆ وەرگرتنی خەلاتەکانیان دیسانەوە هەست بەو ستەمکارییە دەکەنەوە کە لەزانکۆدا هەیە. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە لەناو گوتاری سیاسیو ئەکادیمی ئێمەدا هیچ پێناسەیەکی مەبدەئیو شێوازێکی مامەڵە کردن لەگەڵ گەجەکاندا نییە، هەربۆیەشە لە ڕۆژی دوایی ئاهەنگی دەرچوواندا ئیدارییەکانی زانکۆ دەبنەوە بەخۆیانو دەمامکەکانیان ئاشکرا دەبێو بیرۆکراتییەتی زانستی دەکەوێتەوە تەراتێنی خۆی.

**پرسیار: لەهەموو ئەو ئاهەنگانەی کە بینیومانن سەرۆکی زانکۆکان لەو سەکۆیەی لەسەری دانیشووتن نایەنە خوار بۆ ناو خوێندکاران، ئەمەش زیاتر لەوەی ئاهەنگ بێت، لە داگایی کردنێك دەچێت، لەم بارەیەوە دەڵێی چی؟**

وەلام: من بەراوردێکم بۆ کردیت لە نێوان ئەوەی چۆن هۆز یان تیرە شەرعیەت دەدا بە ئەندامەکانی خۆی و چۆن ئەمە گوێزراوەتەوە بۆ ناو کایەی ئەکادیمی ئێمە. ئێمە لە مەراسیمی ئاهەنگی دەرچوواندا دوو شانۆمان هەیە، دوو ئەکتەری سەرەکی دەور دەبین، سیاسیەکان لەم بەرەوەو ئەندامانی ئەنجومەنی

زانكۆكان (كە زۆر لەگەڵ یەكتریشدا كۆك نین) لە بەرامبەری ئەوان. ئەمە لە زانستی نیشانەناسیدا جۆرێكە لە یەكسان كردنی پێگەكان: ئەكادیمیا دەیەوێ بڵێ منیش دەسەڵاتێكم بەرامبەر بەدەسەڵاتی سیاسی، بەڵام ئەوەی شەرعیەت دەدا بە دەسەڵاتی ئەكادیمی دواجار دەسەڵاتی سیاسییە. هەروەكو گوتیشم: ئەمە لەو وتارە ڕیاییكەر و ستاییش ئامێزانەی كە سەرۆكی زانكۆكان ئاڕاستەی سەرۆكی حزبەكانی دەكەن و لەو تەسدیق كردنو مۆركردنەی حزبەكان ئەیبەخشن بە سەرۆكی زانكۆكان، دەردەكەوێت. بۆیە لە ڕاستیا ئێمە ناچین بۆ ئاهەنگی دەرچوونی فێرخوازان بەڵكو دەچین بۆ تەماشا كردنی نمایشی دوو هێز كە چۆن دەست لەملانە و ئاوێتەی یەك دەبنەوە. لە دەرەوەی ئەم دوو لایەنە هەموو ئەوانەی كە لەوێن بە مامۆستا بەڕێزەكان و فێرخوازان و دایك و باوكیشیانەوە دیسانەوە بە پەراوێز دەكرێینەوە، دیسانەوە دەبینەوە بەو ئەندامانەی كە كەسایەتی خۆمان لەدەست داوە، كراوینەتەوە بە گروپ و ئەركمان ئەوەیە هەستین و دانیشین و چەپڵە لێبدەین و... بۆیە ئەوە ئاهەنگی دەرچووان نییە، بەڵكو ئەو ئاهەنگە خۆی لەخۆیدا جۆرێكە لە بەكارهێنانەوەی ئەم دەمامكانەی كە بەدرێژایی ساڵەكانی خوێندن ئەكرێتە سەری فێرخوازەكان. ئەوە زۆر سەیر نییە كە زانكۆی ئێمە لە ساڵێكدا یەك جار دەنگی هەیە، بڵاوكراوەیەك دەردەكەن بەناوی (دەنگی زانكۆ)، ئیتر بەدرێژایی ئەو ساڵە زانكۆ دەنگی نامێنێت. ئایا ئەو دەنگە چی لێدێت و لە كوێدا بەرجەستە دەبێتەوە؟ بێگومان ئەو دەنگە كپ دەبێتەوە و دەبێتەوە بە بیروكراتییەتی ئیداری، نابێتە هۆی بەرهەمهێنانی فكر لەناو زانكۆدا، بەڵكو دەبێتەوە بە لێپرسنەوە، بە سیستەمی غیابات، سیستەمی تاقیكردنەوەی



توند، ئەبێتەوە بە قەتعی ڕاتب، دەبێتەوە بە وزەیەكی شەڕانی لە ئاست كارمەندە زەحمەتكێشەكان و ئیعتراف نەكردن بە شەهادەی بەكالۆریۆس و ماستەرەكان، دەبێتەوە بەچاودێریكردنێكی زۆر توند بەسەر پەیوەندیی خوێندكار و مامۆستاو گۆڕانخوازەكانەوە، دەبێتەوە بە میزاجی شەخسی و لێكردنەوەی گوڵ قەدەغە دەكات، ئەبێتەوە بە كۆنترۆڵێك كە هەموو پەیوەندییەكی مرۆڤانە لەناو زانكۆدا سەركوت دەكات...

# لەنێوان زانكۆی سلێمانی و سەلاحەددیندا

# (جێمی یەكەم)!

**دیمانەی: كاروان مەهدی**

**بۆ خوێندنی لیبراڵ**

***خوێندنی لیبراڵ: دەكرێ بە وردی پێمان بڵێیت، خودی ئەو كێشەیە چییە كە لەنێوان سەرۆكایەتی بەشی كۆمەڵناسی زانكۆی سلێمانی و بەڕێزتدا لە ئارادایە؟ یاخود ئەو هۆكارانە چین كە بوونەتە هۆی لێكەوتنەوەی وەها بڕیارێك لە هەمبەر بەڕێزت تاكو نەتوانیت لەو زانكۆیەدا وانەكانت بڵێیتەوە؟***

**ڕێبوار سیوەیلی:** سەبارەت بە بەشی یەكەمی پرسیارەكەت كە ئاماژە بە كێشەیەك دەكەیت گوایە لە نێوان سەرۆكایەتی بەشی كۆمەڵناسی زانكۆی سلێمانی و مندا هەبێت، پێویستە ئەوەت عەرز بكەم، كە هیچ كێشەیەكی تایبەتی لە نێوانماندا نییە لە ئاستی شەخسیدا. ساڵی ئەكادیمی پار، بەبێ ڕەزامەندی زانكۆی سەلاحەددین، بە هاندانی یەك دوو مامۆستای بەڕێز و بە بانگهێشتنی ڕەسمیی سەرۆكایەتی زانكۆی سلێمانی و ڕاگرایەتی كۆلێژی زانستەمرۆڤایەتییەكان و ڕەزامەندی بەشی كۆمەڵناسی، دوای كۆمەڵێ وادە



بۆ بەجێهێنانی مافەكانم وەك مامۆستایەك، كە نەهاتنە دی، ئەركی وتنەوەی هەردوو وانەی (مێژووی هزری كۆمەڵایەتی و تیۆرە كۆمەڵایەتییەكان)م لە بەشی ناوبراو خستە ئەستۆی خۆم، ئەمە جگە لە وتنەوەی وانەی (سۆسیۆلۆژیای ڕاگەیاندن) لە بەشی ڕاگەیاندنی هەمان كۆلێژ. ئیتر ئەوە بوو هەموو ڕۆژانێكی پێنجشەممە لە هەولێرەوە دەچووم بۆ سلێمانی و ڕۆژانی شەممە و یەكشەممانم بە تەواوی بۆ وتنەوەی وانەكان تەرخاندەكرد و ئەو كاتانەی دەستیشم بەتاڵ دەبوو لەگەڵ قوتابییەكاندا باس و گفتوگۆی بەسوودمان دەكرد و شەوانەش لە ماڵی برایەكم، كاتمان بەسەر دەبرد و لەو بەرزاییەی شەقامی تووی مەلیكەوە، شارێكم دەبینی پڕ لە جوانی و مالامال لە گڵۆپی خەم.. بەگشتی ساڵێك بوو زۆر ماندوو دەبووم، بەڵام لە ڕووی مەعریفییەوە گەلێ بەسوود و گەلێ مرۆڤی جوان و نازەنینیشم تێدا ناسی كە هەردەم ئامادەبیان هەبوو بۆ هاوكاریكردن و ڕاپەڕاندنی كاروبارەكانم..

بەهەمان شێوەش لەگەڵ سەرۆكی بەشی كۆمەڵناسیدا، كە ئەو دەم قوتابی دكتۆرا بوو، پەیوەندیم ئاسایی بوو، زۆربەی شەممان سەرم لێدەدا و ئەگەر شتێكی هەبایە بۆ سەرپەرشتیاری نامەكەی لە هەولێر، كە بەڕێز د. ڕەشاد میران بوو، لێیم وەردەگرت و بۆم دەگەیاند و وەڵامەكەیشم بۆ دەبردەوە. وەلێ ئێمە هەرگیز نەبووینە دووكەس كە بتوانین بیرورا بگۆڕینەوە و ببینە دوو هاوكار لە بواری پیشەكەماندا.

**خوێندنی لیبراڵ: ئەی هۆكارەكانی ئەو بڕیارە لە چیدا دەبینیتەوە؟**

**ڕێبوار سیوەیلی:** لاموایە هۆكاری هەرسەرەكی دەگەڕێتەوە بۆ دوو تێڕوانینی جیاواز سەبارەت بە ئیشكردنی ئەكادیمی و شێوازی مامەڵەكردن لەگەڵ

قوتابیدا. لە ڕاستیدا و لەناو زانکۆکانی ئێمەدا ترسێکی زۆر هەیە لە قوتابی و وەك بوونەوەرێکی بێگانە تەماشای دەکرێت کە چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکرێت لەهەر ساتێکدا لەدژمان هەڵگەڕێتەوە. بۆیە ئەم تێڕوانینە سیستەمێکی کۆنترۆڵکردنی خستۆتە گەڕ کە بەهۆیەوە گووشارێکی ڕۆحی و جەستەیی بۆ قوتابیان دەهێنرێت و بواری «لەیەکتر تێگەیشتن»، «بەشداریکردن» و «ڕاوێژکردن بە قوتابی»، کە سێ بنەمای پەروەردەیی گرنگن، ناهێڵێتەوە. لە غیابی ئەم بنەما پەروەردەییانەدایە کە بەرهەمهێنانی مەعریفە شوێنی خۆی بۆ دووبارە بەرهەمهێنانەوەی ترس چۆڵدەکات و ئامرازەکانی وەك غیابات، نمرەشکاندن، دەرنەچواندن، جاسووس دروستکردن و خۆ بەدوورگرتن لە قوتابیان، برەو دەستێنن و زانکۆکانی ئێمە کۆلۆنیالێزە دەکەن.

من بۆخۆم ئەگەرچی وەك هاوتەمەنەکانم لە باوەشی پەروەردەیەکی تەقلیدیدا گۆشکراوم، بەڵام پەروەردەی ئەکادیمیم بەوجۆرە نەبووە و ئەمەش یارمەتیداوم تا خۆم لەو پەروەردە تەقلیدییە ڕزگار بکەم و بەو چاوە سەیری قوتابییەکان نەکەم، کە هەمیشە «پلانێکی شاراوە»یان هەیە بۆ دژایەتیکردنم. هەربۆیەش بەدرێژایی ئەو سێ ساڵەی لە زانکۆ وانە دەڵێمەوە، زۆر بەدەگمەن غیاباتم نووسیوە، هەرگیز نمرەم لە قوتابی نەشکاندووە، ڕقم لێهەڵنەگرتوون، لەگەڵیاندا دوو ڕوو نەبووم، یان خۆمم لێبەدوور نەگرتوون. بەڵکو هەمیشە ڕاشکاو بووم لەگەڵیاندا و هەرشتێکم هەبووبێ دەقاودەق ئاگادارمکردوونەتەوە. ئەنجامی ئەمەش بەوە هاتۆتەوە هەمیشە پۆلەکان پڕبوون لە قوتابی، بەشدارییەکی باشیان هەبووە و نمرەی بەرزیان هێناوە و ماددەی وانەکەیان لێنەبۆتە گرێیەکی دەروونی، بگرە خۆشیانویستووە و هەستیانکردووە شتێ لە ژیانی خوێندکاری



ئەواندا گۆڕاوە. دیارە قوتابی بێخەوش نییە و من هەردەم ڕوانینێکی ڕەخنەگرانە و سەرزەنشکارانەم لەئاست کەمتەرخەمییەکانیاندا هەیە، بەڵام هیچ پێگەیەکی من وەك مامۆستایەك و ئەکادیمیەك، هیچ دەسەڵاتێکی زانستی و هیچ بڕیارێکی زانکۆیی ڕێگەی ئەوەم ناداتێ کەسایەتی و گەورەیی ئەوان بریندار بکەم و بەچاوێکی سووك تەماشای کچان و کوڕانی خەڵکی بکەم و بیر لەوە بکەمەوە ئاخۆ چۆن بیانترسێنم و ڕووشکێنیان بکەم. کەچی ئەمەش دەقاودەق شتێکە لە زانکۆکانی ئێمەدا و تەنانەت لەو کۆلێژانەشدا کە «زانستە مرۆڤایەتییەکان»یان تێدا دەگوترێنەوە، ڕۆژانە دووبارە دەکرێتەوە و گەورەیی و ڕۆحی ماندووی گەنجەکانی ئەم وڵاتە بریندار دەکرێ، بەبێ ئەوەی ئەو زانستەی فێر دەکرێن، یان بەسەریاندا دەسەپێنرێ، قەرەبووی ئەو برینداریییەیان بۆ بکاتەوە. بێگومان ئەمەش تراژیدیایەکی ئەکادیمییە و ڕەنگدانەوەی ئەخلاقێکی نزمی نازانستییە، کە من و مامۆستاگەلێکی تر، ناتوانین خۆمانی لەگەڵ بگونجێنین. لە ڕاستیدا من تێناگەم چۆن مرۆڤ دەتوانێ تێزی دکتۆراکەی لەسەر کەسایەتی مرۆڤی کورد بهێنێ و کەچی نەتوانێت لەگەڵ ئەم مرۆڤەدا میهرەبان بێت؟ چۆن دەکرێ لە نامەیەکدا «مرۆڤ» بکەینە خولگەی توێژینەوەمان و کەچی لە واقیعدا بچووکترین پەیوەندیمان وەك مرۆڤ پێوەی نەبێت: کەی لەو دیو پەلاماردانی قوتابی لە کاتی تاقیکردنەوەدا بە تۆمەتی ئەوەی قۆپیەی کردووە، تێڕوانینێك هەیە بۆ مرۆڤ وەك خاوەن کەسایەتییەك؟ کوا لەپشت ئەو هەموو ئەتەکیەتی ڕەفتار، خۆ مۆڕکردنەوە، سنگدەرپەڕاندن و بەقنجی تێپەڕینەدا بەلای قوتابیانی کورددا، تێڕوانینێکی توێژەرەوانە هەیە بۆ کەسایەتی کورد وەك ئینسان؟ کەواتە ئێمە لە

تێڕوانینماندا بۆ ئەرکی ئەکادیمیا، ڕۆڵی زانست و پەروەردە، ئیدارەکردن، پەیوەندیی مەعریفی و دەوری زانکۆ لە خزمەتکردنی کۆمەڵگادا و زۆر شتی دیکەشدا جیاوازین و ئەمەش پێویستی بە مشت و مڕ و قسە لەسەر کردن هەیە، نەك بڕیاردانی میزاجی و سزای ئیداری و دەنگ لێکتر دابڕین. لێتناشارمەوە ئەوە بۆ دوو ساڵ دەچێت لەسەر ئەو وەڵامدانەوەیەم بۆ بەڕێزان ڕاگری کۆلێژی ئاداب و سەرۆکی بەشی فارسی لە زانکۆی سەلاحەددین، دوای گەشتەکەمان بۆ ئێران، زۆربەی کاروبارەکانم بۆ بەرزکردنەوەی پلەی ئەکادیمیم ڕاگیراون، هەوڵێکی جیدیش درا بۆ سڕینەوەی سێ ساڵ ئەرککێشانم و تەنانەت هەردووکیشیان لەوساوە دەنگیان لێدابڕیوم! ئەمەش پێماندەڵێت: ئەو بڕیارەی سەرۆکایەتی بەشی کۆمەڵناسی لە زانکۆی سلێمانی، لەگەڵ ئەم هەڵوێستەی ڕاگرایەتی کۆلێژی ئاداب و بەشی فارسی، وێڕای جیاوازییشیان لە ئینتیمای حیزبی و ئایدیۆلۆژی و تەمەنیشدا، تەواوکەری یەکترین و فەلسەفەکەشی جگە لە دژایەتیکردن و ترس لە نەوەی نوێ و ڕێگریکردن لەبەردەم کرانەوەی زانکۆدا، هیچیتر نییە. دەکرا ئێمە لە ئاستی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقیدا زۆر ڕێز لە یەکتر بگرین و لەسەر بیروڕاکانیشمان بکەوینە مشتومڕی زانستییەوە، کە ئەمە ئەو شتەیە زانکۆ قەیراناوییەکانی ئێمە زۆر پێویستییان پێیەتی.

***خوێندنی لیبراڵ: دەگوترێ ئەو کێشەیە پەیوەندی هەیە بە چەند مامۆستایەکەوە، کە جۆرە ڕێککەوتنێك لە نێوانیاندا هەیە بۆ پشتگیریکردن لەم بڕیارە، ڕاستە ؟***

**ڕێبوار سیوەیلی:** من بۆخۆیشم هەر هەمان شتم لە کەسانی ناو هەمان کۆلێژەوە بیستووە، ئەگەر ئەوە ڕاست بێ، بە دروستی نازانم ئەو مامۆستا



بەڕێزانە نیازیان چی بووە، جگە لە خۆخۆشەویستکردن و موجامەلەکردن لەبەردەم سیستەمێکی ئیداریدا کە دواجار هیچ ڕێگرێ نییە بۆ ئەوەی لەساتێکی میزاجیانەی تردا، هەمان بڕیار بەسەر ئەوانیشدا بدات. حەزدەکەم ئەوەش بڵێم، ئەگەرچی بە حوکمی نزیکیم لە قوتابییەکانەوە، زۆرجار دڵی خۆیانم بۆ دەکەنەوە و گلەیی لە دنیا دەکەن، وەلێ کاتێ گلەییەکانیان هاتبێتە سەر مامۆستاکانیان، بەچاکم زانیوە هانیان بدەم بچن لەگەڵ خۆیاندا بدوێن نەك لەلای کەسیتر. من نازانم ژمارەی ئەو مامۆستایانەی ئەو ڕێککەوتنەیان لە نێواندا هاتۆتە ئاراوە چەندن، بەڵام ئەمکارە بەدگومانم ناکات لەئاست ئەو ژمارە زۆرەی مامۆستایانی بەڕێز کە لە زانکۆی سلێمانی ناسیمن و زۆر شتیشیان لێوە فێربووم و تا ئێستاش پەیوەندیم لەگەڵیاندا خۆشە. هیچکاتێ نەبووە سەردانی بەشی مێژوو، جوگرافیا، شەریعە، کوردی و ڕاگەیاندنی زانکۆی سلێمانیم کردبێ و مامۆستایان و سەرۆکبەشەکان بەو پەڕی خۆشەویستییەوە پێشوازییان لێنەکردبم. هەربۆیەشە دوو هۆکار هەن کە بەردەوام هانمدەدەن پێ لەو زانکۆ ئازیزەی کوردستان دانەبڕم: یەکەم ئەو هەموو قوتابی و خوێنەرە عەوداڵ و نوێخواز و چالاکانە، کە هەفتەنامەکەی ئێوەش بەڵگەیەتی و دووەم ئەو مامۆستا و کارمەندە دڵگەورانەی لەوێ یەکترمان ناسی. نابێت هەڵەشە بین و بڕیارێکی ئیداری میزاجیانە و بوونی کەسانی حیزبی لە ئیدارەی زانکۆدا، وامان لێبکات بەهای زانکۆکانمان لەلا کەمکاتەوە. زانکۆکان بۆ ئێمەی کورد هەرتەنیا فەرمانگەیەکی ئاسایی نین، بەڵکو ئەو شوێنەشن کە ناسنامەی زانستی و ئەکادیمی نەتەوەی ئێمەی تیادا دروستدەبێت. هەر ئەم ناسنامەیەشە مرۆڤ و دۆزی ڕەوای کورد بۆ

بەجیهانیکردنی خۆی پێویستی پێیەتی. زانکۆکان ئینتیمای ئێمەن بە جیهانەوە و ئەو کەناڵەن کە ئێمەی کوردیش دەتوانین لە ڕێگەیانەوە بەشداری بکەین لە بیناکردنی ژیاری مرۆڤایەتیدا. هەرکەسێ بەوجۆرە تەماشای زانکۆ نەکات و هەوڵنەدات زانکۆ ئەو ڕۆڵەی خۆی ببینێت و بچووکی بکاتەوە لە شوێنێکدا کە کاری کۆنترۆڵکردن و سزادانە، بەبڕوای من هەم دژی کورد و هەم ڕێگریشە لەبەردەم ئەو بەشداریکردنەی کوردا لە دروستکردنی شارستانییەتدا.

**خوێندنی لیبراڵ: ئەو پشتگیرییەی خوێندکاران و کۆکردنەوەی (150) ناو و ئیمزا بۆ خستنە بەردەم ڕاگر و سەرۆکایەتی بەشی کۆمەڵناسی، چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

**ڕێبوار سیوەیلی:** ئەمکارە دوو شتی سەرەکی ئاشکرا دەکات. یەکەم، پێماندەڵێت: ئەو بڕیارە هەڵەیە و دووەمیشیان دەیسەلمێنێ کە قوتابیانی ئێمە هووشیارن بەرامبەر بەم سەردەمە نوێیەی کە پێویستی بە گۆڕانکاریی هەیە. من نوکتە و گاڵتەم لەگەڵ ئەو هێزە کۆمەڵایەتییە گەورەیەدا نییە و پەیوەندیی من بەوان و هاوڕێکانیانەوە لە زانکۆکانیتریش، پەیوەندییەکی ئینسانیانە و مەعریفیانەیە. بۆیە پێویستە زۆر بە ڕاشکاوی بڵێم: ئەوان بەرلەوەی پشتگیری لە کەسێك یان لە مامۆستایەك بکەن کە خۆشیاندەوێ، پشتگیری لە کێشەیەك دەکەن کە کێشەی ئەوانە وەك گەنج و وەك خوێندکار بڕوایان پێیەتی. بۆیە ئەو وەڵامەی بەڕێز سەرۆکی بەشی کۆمەڵناسیم زۆر بە دڵە کە لە پەرسڤی پەیامنێرەکەی ئێوەدا گووتویەتی: ((***ئەسڵەن کێشەیەك نییە لەلای ئێمە پێی بوترێت کێشەی مامۆستا ڕێبوار سیوەیلی***)). لە ڕاستیدا کێشەی ئەوان لەگەڵ ئەو هێزە کۆمەڵایەتی و مەعریفییەدایە کە تێڕوانینێکی



دیکەی هەیە بۆ زانکۆ. کێشەی ئەو قوتابیانەش داکۆکیکردن نییە لە تاکە کەسێك، هێندەی ئەوەی داکۆکیکردنە لە بیروڕای خۆیان. من بۆخۆم بڕوام وایە ناکرێ لەسەر ئەو بنەمایەوە کە ئاخۆ چەند لە قوتابی و گەنجە خوێندکارەکان پشتگیری لە بیروڕاکانم دەکەن، سوور بم لەسەر خەونەکانم. بەڵکو سوور دەبم لەسەر خەونەکانم چونکە بڕوام پێیان هەیە و دەزانم بە وەدیهاتنیان زانکۆ و کۆمەڵگای مەعریفیانەی ئەم وڵاتە قازانج دەکات و زیاتر بەڕووی هاوچەرخیبوون و ئینسانیبووندا دەکرێنەوە. کەواتە یەك قوتابیش پشتگیریم لێنەکات، من هەر بەردەوام دەبم لەسەر شێوازی کارکردنی خۆم کە بەکارێکی مەبدەئی و ئەکادیمی و کوردانەی دەزانم. لێشت ناشارمەوە کە ئەو پشتگیریکردنە هێزێکی زۆرم پێدەبەخشێت، چونکە ئەوانە سەر بەهەمان نەوەن کە لە زۆر شتی تری ئەم کۆمەڵگایە و ئەم زانکۆیانە ڕازی نین و کاتێ دەبینم لە کەسانێك ڕازین کە پراکتیزەی کاری خۆیان دەکەن، وزەی بەردەوامیم زیاد ئەبێ. هەروەك چۆن ڕازیکردنی ئەو نەوەیە کارێکی زەحمەتە و ماندووبوونی دەوێ، ئاواش دڵشکاندنیان باجی خۆی هەیە.

**خوێندنی لیبراڵ: گوایە لە سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەددین تۆیان بانگکردووە و پێیانگووتویت: نامانەوێت زانکۆ ببێتە بنکەیەکی ڕۆشنبیری، ئایا ئەمە تاچەندە ڕاستە و ئەگەر ڕۆشنبیری لە زانکۆ بستێنینەوە جگە لە بینایەیەك چی دەمێنێتەوە؟**

**ڕێبوار سیوەیلی:** من تا ئێستا لە ماوەی ئەو سێ ساڵەدا کە گەڕاومەتەوە بۆ کوردستان، دوو جاران بە قسە و لەسەر داخوازی خۆیان، بەڕێز سەرۆکی زانکۆی سەلاحەددین (د. سەعدی) و یەکجاریش جێگرە بەڕێزەکەیم (د. دارا)

بینیوە و بۆلای هیچکامێکیشیان بە تەنیا نەبووم. دانیشتنەکانیشمان بۆ ئەوە نەبوون هەڕەشام لێبکەن و زیاتر لە کەشێکی ئاسایی و برادەرانەدا بوون. من لەو دانیشتنانەدا بۆم دەرکەوت ئەو بەڕێزانە بە وردی ئاگاداری هەندێ لە چالاکییەکانی ناو زانکۆ هەن و تا ڕاددەیەکیش پێیانخۆشە کرانەوەی زیاتر لەناو زانکۆدا ڕوو بدات. بەڵام هەندێ زانیاری هەڵەشیان لەسەر بزووتنەوەی قوتابیان بۆ چووە و ئەمەش وایکردووە چەند بڕیارێك بدەن، وەکئەوەی ساڵی پار داوایان لە هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش کرد تا بڵاوە بە خۆپیشاندانی قوتابییەکان بکەن و گومان بخەنە سەر چالاکییەکانی گروپی «بازنەی گفتوگۆ» و کۆبوونەوەکانی ماڵی شەرەفخانی بەدلیسی.. من لەو دانیشتنەدا بەسیفەتی کەسێك، نەك کارمەندێکی زانکۆی سەلاحەددین، ئەوەم بۆ سەرۆکی زانکۆ ڕوونکردەوە کە باشترە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ هەبێت لە پێناوی چارەسەر کردنی کێشەکاندا نەك دابڕان. هەروەها باس لەوەش کرا من بۆخۆم هەمیشە ڕەچاوی تەمەن و ئەزموون و پلەی ئیداری کەسانی ناو زانکۆ دەکەم، بەڵام ئەگەر بڕیار بێت بیروڕا لەسەر زانکۆ بگۆڕینەوە، ئەوە دەکرێ قەبووڵی جیاوازی بۆچوونەکان بکەین چونکە بیروڕای جیاوازمان هەیە. ڕەخنەکاری ئێمەش لە شێوازی ئیدارەکردنی زانکۆیە نەك لە کەسێتی ئیدارییەکان و هەڵواسینیان بە ڕابردووی خۆیانەوە و هەوڵدان بۆ بێنرخکردنی زانکۆ وەك دامەزراوەیەکی زانستی و ئەکادیمی، یان ڕووخاندن و شکاندنی پەنجەرەکانی!. ئەوەندەی من حاڵی بووبم، جەنابی سەرۆکی زانکۆ ئەم دانیشتنەی زۆر بەلاوە پەسەند بوو و تەنانەت ئامادەیی خۆی پیشاندا بۆ دووبارەکردنەوەی دانیشتنەکان. بۆیە ئەو قسەیەی ئێوە ئاماژەتان پێدا لەوێدا باس نەکرا. بەڵکو



ئەمە قسەی دانیشتنێکی بە ڕێککەوت بوو لەگەڵ بەڕێز جێگری سەرۆکی زانکۆدا، بەبێ ئەوەی وەك هەڕەشەیەك کردبێتی. بەڕێزیان جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە چاوەڕوانی ئەوان لە زانکۆ ئەوەیە کەسانی پیشەییان بۆ بەرهەم بهێنێ: ئەندازیاری شارەزا، بیناسازی لێهاتوو، دکتۆری باش و هتد. نەك ڕۆشنبیر و خەڵکانی بیرکەرەوە. بۆیە لەو تێڕوانینەدا، زانکۆ نابێت ببێتە بنکەیەکی ڕۆشنبیری بەڵکو دەبێت بنکەیەکی پیشەیی بێت و مەهارەت و شارەزایی گەشە پێدات نەك بیرکردنەوە. ڕەنگە ئەم تێڕوانینە بۆ هەندێ لە پسپۆڕی و بەشە ئەکادیمییەکان تەواو دروست بێت و بۆ هەندێکی تریشیان کەمتر. بۆ نموونە ناکرێ ئێمە زانستی پزیشکی هەرتەنیا وەك پیشەیەك و کۆمەڵێ تەکنیك تەماشا بکەین کە پێویستە قوتابی فێریان ببێت، بەڵکو پێویستە لەگەڵ ئەم پیشەیەدا تێڕوانینێکیش لەسەر مرۆڤ بەرهەم بهێنرێ تا قوتابی لە ژیانی پراکتیکی خۆیدا نەخۆش وەك شتێ نەبینێ کە دابڕاوە لە گەورەیی و هەستیاری مرۆڤانەی خۆی. چونکە لەم کاتەدا نەخۆشخانەکان نەك هەر بیمارەکان چاك ناکەنەوە، بەڵکو دووچاری نەخۆشی زیاتریشان دەکەن. لەمبارەیشەوە نموونەمان زۆرە و پێویستە زانکۆ لە ڕێگەی بەرنامەیەکی ڕۆشنبیرکردنەوە ئەو پسپۆڕییە بە ڕەهەندە مرۆییەکانیش دەوڵەمەند بکات. ئەمە جگەلەوەی بواری زانستە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکان بەهیچ شێوەیەك ناتوانن وابیر بکەنەوە کە ئەوان تەنیا خەڵکانی پیشەیی بەرهەم دەهێنن، بەڵکو دیسپلینی خودی ئەو زانستانە ئەوە دەسەپێنن کە پێویستە ئەو پسپۆڕانەی لەوێوە دەردەچن، لەهەمان کاتیشدا بیرکەرەوە و ڕۆشنبیر بن.

**خوێندنی لیبراڵ: قەبووڵنەکردنی یان پێشوازی نەکردنی هەندێ لەو مامۆستایانەی لە هەندەرانەوە دەگەڕێنەوە، لەلایەن ئیدارەی زانکۆوە، نیشانەی چییە؟**

**ڕێبوار سیوەیلی:** ئەمە هەر تەنیا ئەو مامۆستایانە ناگرێتەوە لە دەرەوە دەگەڕێنەوە، بەڵکو ئەو مامۆستایانەش دەگرێتەوە کە لێرە خوێندنیان تەواوکردووە و جیاواز بیردەکەنەوە و شێوازێکی جیاوازی کاری ئەکادیمی دەگرنە بەر. جگە لە میزاجی شەخسی کە لە ئیدارەکردنی زانکۆکانی ئێمەدا زۆر باوە و تەنانەت ئێستا کە مانگی ڕەمەزانە، زیاتر بەدیار دەکەوێت و بۆی هەیە برسی بوون و تینووبوونی سەرۆکبەشێك لە ڕۆژووگرتندا، ڕەنگدانەوەی هەبێت لەسەر هەموو بەشەکە، هۆکاری ڕیشەیی ئەمە دەگێڕمەوە بۆ ئەو دابڕانەی لە ساڵەکانی جەنگ و ئابلۆقەی ئابووری و پاشان شەڕی ناوخۆییدا بەسەر ناوەندە ئەکادیمیەکانی ئێمەدا سەپێنرا. ئەمەش وایکردووە بەرەو داخران بڕۆن و بازنەیەکی کۆنسێرڤاتیڤانە بەدەوری خۆیاندا بکێشن. لە زانستی کۆمەڵناسیدا ئەمە پێیدەگوترێ «***گۆشەگیری کەلتووری***». واتە گۆشەگیرییەك لە ئەنجامی دابڕان لە ناوەندە ئەکادیمیەکانی جیهان و کۆمەڵگای مەعریفی هاوچەرخ و وسەرچاوەی نوێوە دروستبووە و نەیهێشتووە لەگەڵ ئەو ناوەندانەدا ئەزموون بگۆڕێتەوە. بۆیە ئەو کەسانەی لە کۆمەڵگایەکی مەعریفی جیاوازەوە دێن، یان بە هووشیارییەکی ترەوە، وەك ئەو بێگانەیە تەماشایان دەکرێ کە هاتووە بۆ ئەوەی ژیانی ئارام و خوو پێوەگرتووی ئێمە بشێوێنێ. ئەم کەسانە جێگەی ترس و بەدگومانین، چونکە ئەگەر ڕێگەیان بدرێت چالاك بن، ئەوە دەتوانن ئاسایشی ناو بازنەکەمان لێ بشێوێنن و ناچار



بە خۆگۆڕینمان بکەن. بۆیە یەکەمین میکانیزمی بەرگریکردن لە ئاستیاندا ئەوەیە نەهێڵێن ئەوانە بێنە ناو بازنەکەوە، ئەگەر هاتیشن پێویستە ئەندامە کۆنەکان یەکبگرن و بواری دەسەڵاتگرتنە دەستییان لەبەردەمدا تەسك بکرێتەوە.

*** ئەم چاوپێکەوتنە لەکاتی خۆیدا بلاو نەکرایەوە و مۆڵەتی بلاوبوونەوەی لێرەدا بۆ ڕەخسا.**

# ونبوونی چەمکی مرۆڤ

## لە سیستەمی پەروەردەیی و زانستی کوردستاندا

**(گفتوگۆیەکی هەمەلایەن)**

**شوان ئادەم ئەیڤەس،**

**هەفتەنامەی هاوڵاتی**

### قەیرانی سیستەمی پەروەردەیی لە کوردستان

**شوان: پەیوەندی نێوان: خوێندکار، مامۆستا، پرۆگرام لەنێو سیستەمی پەروەردەیی کوردستاندا چۆنە و لەچ ئاستێکدایە، کارلێكو کاردانەوەی نێوانیان چۆن دەبینیت؟**

**ڕێبوار:** ئەو سێ لایەنەی تۆ دەستنیشانت کردن دروستن، بەڵام بەزیادکردنی لایەنێکی تریش کە ئەویش کارگێڕییو ئیدارەکردنە. هیچ سیستەمێکی پەروەردەیی زانستیانەمان نییە کە لە چوار یەکەی لەناوخۆدا تەباو هاوکار پێکنەهاتبن. ئەوانیش بریتیین لە: ***پرۆگرامی خوێندن، خوێندکار، مامۆستاو دواجار شێوازی ئیدارەکردن***. دەکرێ ئێمە پرۆگرامێکی خوێندنو مامۆستاشمان هەبێ، بەڵام ئیدارەکردنێکی باشمان نەبێت، سەرکەوتوو نەبین. لێرەدا کۆی ئەو ئاڵۆزییەی کە لەسیستەمەکەدا دروستدەبێ زۆرجار پەیوەندیی بە لاوازیی، یان نەبوونی پرۆگرامی خوێندن، یان خوێندکار، یان مامۆستاوە نییە، هێندەی



ئەوەی پەیوەندیی بە شێوازێکی نەگونجاوی ئیدارەکردنی ئەو دامەزراوانەوە هەیە کە ئێمە پێیاندەڵێین: دامەزراوە پەروەردەو زانستییەکان. سیستەمی پەروەردەیی ئێمە ئەگەرچی بەردەوام لەڕووی تەکنیکی و بیناسازی و پێویستییە ڕۆژانەییەکانەوە خۆی تازە دەکاتەوە، ئەگەرچی سەرۆکی زانکۆکانو یاریدەدەر و ڕاگرەکان جاروبار دەگۆڕێن، کۆلێژی نوێو بەشی نوێو تەنانەت کۆلێژی تایبەت بە قوتابیانو وەزارەتی خوێندنی باڵا دادەمەزرێن، بەڵام ئەم سیستەمە پەروەردەییەو زانکۆکانی ئێمە لە قەیرانی پەیوەندییەکانیاندا دەژینو لەم بوارەدا هیچ گۆڕانێکی ئەوتۆ نابینرێ، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی نموونەیەك لەبەردەم سیستەمی پەروەردەیی ئێمەدا کە بیکاتە سەرمەشقی خۆی و بیەوێ لاسایی بکاتەوەو هەڵەو کەموکوڕییەکانی خۆی لەبەردا ڕاستبکاتەوە. ڕەنگە سیستەمی پەروەردەیی و بەتایبەتی زانکۆکانی ئێمە لەهەموو جیهاندا نموونەی ئەو دامەزراوانەبن کە ئایدیاڵو نموونەی سەرمەشقی خۆیان نییەو هیچ سیستەمێكو دامەزراوەیەك بە شایانی ئەوە نازانن هەڵەکانی خۆیانی لەبەردا ڕاستبکەنەوە!

**شوان: ئەو قەیرانی پەیوەندییانەی تۆ ئەزموونت کردوونو بینوتن لەنێو زانکۆکانی کوردستانو سیستمە پەروەردەییەکەیدا چین؟ چی وادەکات هیچ دامەزراوەو سیستمێك بەشیاوی ئەوە نەزانن هەڵەکانی خۆیانیان لەبەردا ڕاستبکەنەوە، چۆنو بۆ؟**

**ڕێبوار:** من هەر تەنیا باس لە ئەزموونی خۆم ناکەم، بەڵکو بەردەوامیش کاری جددی و ڕیسکی زۆرم لەوبوارەدا کردووە و دیققەتمداوە، ئەمە جگەلەوەی ئاگاداری ئەزموونی کەسانی دیکەش بووم و شتیان لێوەفێربووم. سادەترین

ڕاستی لەبارەی هەر سیستەمێکی پەروەردەییەوە ئەوەیە بگوترێ: هەموو دامەزراوەیەکی پەروەردەیی زیندوو، پێویستە سەرمەشقێکی زیندووی هەبێ کە بەردەوام هەوڵبدات خۆی بگەیەنێتە ئاستی زانستیو ئەکادیمیی ئەو سەرمەشقە. یەکێك لەو بنەمایانەی من بڕوام پێیەتی ئەوەیە، کە قسەکردن لەهەر لایەنێك لەلایەنە پێکهێنەرەکانی سیستەمی پەروەردەیی بەبێ تێگەیشتن لە چوارچێوەی (سیستەمەکە بەگشتی) مانای نابێت. بۆیە پێویستە هەمیشە لەپێشدا هەوڵبدەین باس لە سیستەمێکی پەروەردەیی تەندروستو نموونەیی بکەین، تا بیکەینە پێوەر بۆ هەڵسەنگاندنی (سیستەمی پەروەردەیی لەلای خۆمان)و لەبەر ڕۆشنایی ئەویاندا باس لە کەموکوڕییەکانی ئەمەی خۆمان بکەین. لەبەردەم هەر سیستەمێکی پەروەردەیی نموونەییدا، دەکەوینە بەردەم چوار لایەنی پێکهێنەر کە ئەمانە دەگرێتەوە:

*یەکەم: سیستەمە پەروەردەییەکە بۆخۆی.* ئەمەش بریتییە لە چوارچێوەی گشتییو فەرمییو یاسایی ئەو بەرنامەیەی کە پەیوەندی هەیە بە پەروەردەو فێرکردنو لەگشت ولاتدا پەیڕەوی لە پرانسیپە بنەماییەکانی دەکرێت. ئەمە ئەو فەرمانگانەیە، ئەو بازنە ئیدارییانەیە کە لەناوەوەی خۆیدا یەکەیەکی گشتیی تایبەت بە پەروەردەو فێرکردن پێکدەهێنن. ئەوەی لەم سیستەمەدا دەخرێتەڕوو بەردەوام بەرزەفتەو چاودێری و پێداچوونەوەی بۆ دەکرێ، جیاوازە لەو پەروەردەیەی کە (تەقلیدییە)، (بۆماوەییە)، یان (خێزان)و (گروپ) بەسەریدا سەپاندوینو لە ڕێگەیەوە کۆمەڵێ نۆرمو ڕەفتاری وەك نۆرمو ڕەفتاری *(پەسەندکراوی کۆمەڵایەتی)*، لە ئێمەدا چاندووە. ئەو پەروەردەیەی لە *سیستەمێکی پەروەردەییدا* دەخرێتەڕوو، جیاوازە لە *پەروەردەی*



*هەڕەمەکیو پێشزانستی*. بۆیە هەرکاتێ باس لەم سیستەمە دەکەین باس لە پرۆژەیەکی (عەقڵانیو ڕۆشنگەر) دەکەین، کە پەروەردەکردنی ڕەخنەیی و بابەتیانەی هاوڵاتییەکانی کردۆتە ئامانجی سەرەکیی خۆی.

جگە لەوەش سیستەمی پەروەردەیی، هەڵگری پێناسەو تێگەیشتنێکە بۆ مرۆڤ. پێویستە سیستەمی پەروەردەیی تێگەیشتنی خۆی لەسەر مرۆڤو شێوازی دروستکردنی زانستیانەو پەروەردەییانەی مرۆڤ بخاتەڕوو. پێویستە ئەو سیستەمە پێمان بڵێ چ جۆرە مرۆڤێك بۆ کۆمەڵگا پەروەردە دەکاتو...هتد. سیستەمێکی پەروەردەیی بەبێ پێناسەکردنو خستنەڕووی تێگەیشتنی خۆی لە مرۆڤ، مانای نییەو ئێمە بەو تێگەیشتنەدا دەزانین کە ئەو سیستەمە کراوەیە یان داخراوە، ئازادکەرە، یان ستەمکارە، مرۆڤ پەروەردە دەکات، یان کۆنترۆڵیدەکاتو دەیچەپێنێ.

دووەم: *ئیدارییەکانی سیستەمی پەروەردە*. هەر سیستەمێکی پەروەردەیی، عەقڵانی و ڕۆشنگەر سەرمایەی ڕەمزیی خۆی لەو کەسانەوە بەدەستدەهێنێ، کە کاری تێدا دەکەنو بەرنامەکانی بۆ دادەڕێژنو بەدواداچوونی بۆ دەکەنو بیری بۆ دەکەنەوەو ژیانی ڕۆژانەی ڕێکدەخەنو کێشەکانی چارەسەر دەکەن. ئەمانە ئەو کەسانەن کە لەڕێگەی (بەگەڕخستنو چەرخاندنو ئیدارەکردنی) ژیانی ڕۆژانەی دامەزراوە پەروەردەییەکانەوە، هەڵدەستن بە پیادەکردنی (*بەرنامە*) پەروەردەییەکانو سیستەمە پەروەردەییەکە لەسەر عەردی واقیع جێبەجێ دەکەن. ئیدارییەکان لەناو سیستەمی پەروەردەییدا ڕۆڵێکی ئەوەندە گرنگیان هەیە، کە هەر کەمتەرخەمییەك لەکاری ئەواندا، لەتەواوی سیستەمەکەدا ڕەنگدەداتەوە.

سێیەم: *پەروەردەکار یان مامۆستاکان*. مامۆستا لە بنەمادا پسپۆڕی ئەو بابەتە پەروەردەیی و فێرکاریانەیە کە سیستەمێکی پەروەردەیی بەهۆیانەوە پەیامی خۆی دەگەیەنێتە وەرگرەکانی، واتە قوتابیەکان. مامۆستاکان ئەو گروپەن کە بەشێوەیەکی کردەیی ئەو بەرنامە پەروەردەیی و فێرکارییەی بڕیاری لەسەر دراوە، لەناو پۆلو هۆڵی وتنەوەی وانەدا تاقیدەکەنەوەو هێڵێك، یان پردێکی پەیوەندی لەنێوان سیستەمی پەروەردەو پەروەردەکراوەکاندا دروستدەکەن، کە قوتابیەکانن. مامۆستاکان بەوەدا لە ئیدارییەکانی سیستەمەکە جیا دەکرێنەوە، کە ئەرکی کارگێڕییان لەسەر نییەو چاکترە لەسەریان نەبێت، ئەمە جگە لەوەی ڕۆڵی مامۆستا بیرکردنەوە نییە لە گشتگیری (شمولیەتی) سیستەمەکە، هێندەی ئەوەی بیرکردنەوەو ڕۆچوونە بە بابەتگەلێکدا کە سیستەمە پەروەردەییەکە وەك (بابەتی وانەکان)، دەستنیشانی کردوون. مامۆستا لە یەك خەسڵەتیشدا لە کۆی ئەو کەسانە جیادەکرێتەوە کە لە بواری (پەروەردەو فێرکردن)دا کار دەکەن، ئەو خەسڵەتەش بریتییە لە (شێواز)ەکەی. *شێوازی* گووتنەوەی وانە، دەستنیشانی جۆری مامۆستا دەکاتو جۆری مامۆستاش دەتوانێت پەیامی سیستەمە پەروەردەییەکە بە وەرگرەکان بگەیەنێتو تەنیا دوای گەیشتنی پەیامە پەروەردەییەکانیشە کە ئیدارەی سیستەمەکە دەتوانێت بەرنامەکانی خۆی سەبارەت بە پەروەردەکردنی کادری بەسوود بۆ کۆمەڵگا، *هەڵبسەنگێنێ*.

چوارەمو دوابەشی پێکهێنەری سیستەمێکی پەروەردەیی بریتین لە: *خۆپەروەردەکەران*. زاراوەی (خۆپەروەردەکەران) زاراوەیەکە بەکاریدەهێنم بۆ ئەو قوتابیانەی خۆیان لە پەروەردەکردنی خۆیاندا ڕۆڵی کارا دەگێڕنو کۆی ئەو



بوارو ئیمکانییەتانە بەکاردەهێنن کە سیستەمی پەروەردەیی بۆی دابینکردوون، یان پێویستە دابینیان بکات. بەم مانایەش قوتابی لەناو سیستەمی پەروەردەدا هەر تەنیا *فێر ناکرێت*، هەر تەنیا بوونەوەرێکی پاسیڤ و ناچالاك نییە، کە چاوەڕێ دەکات ئەوانیتر و مامۆستاکان فێری بکەن. قوتابی لە نێوەندی زانکۆدا بەتایبەتی پێویستە بزانێت ئەو نەك هەر لە قۆناغێکی دیکەی تەمەن و بەرپرسیاریدایەو لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە دەبێتە خاوەن کەسایەتییەکی دیکە، بەڵکو پێویستە ئەوەش بزانێت کە ئەو چۆتە ناو قۆناغێکی دیکەی مەعریفییەوە کە ئیمکانی بۆ دەڕەخسێنێو ئەو کەرەستانەی پێدەبەخشێت کە پێویستی پێیانە بۆ تێگەیشتنێکی دیکە لەسەر خۆی و کۆمەڵگاو ئەوانیتر. قوتابی لە زانکۆدا دەتوانێت ئاوا لە خۆی بڕوانێت: *(لەپێش زانکۆدا من ژیانێکی ملکەچانە دەژیامو دەبوو بەناچاریی ئەو مەعریفە هەڕەمەکییە دووبارە بکەمەوە کە خێزانو کۆمەڵگا بە پەسەندیان دەزانی و لە قۆناغەکانی دیکەی ژیانی کۆمەڵایەتییەوە بۆمان مابۆوەو لەگەڵ خۆمدا تووشی ئاژاوەو ناکۆکیی دەکردم، چونکە نەمدەتوانی حەزەکانی خۆم بهێنمە دی و بەوجۆرە بیربکەمەوە کە دەمویست. لە قۆناغی زانکۆدا من کار دەکەم بۆ بەدەستهێنانی مەعریفەیەکی زانستی و ئەمەشم پێویستە بۆ ڕزگار بوون لەو ئاژاوەو ناکۆکییەی لە دەروون و هزرمدا دروستبووە. بۆ سەرکەوتن لەمکارەشدا نەك هەر پێویستیم بەوە نییە ملکەچ بم بۆ کەسێك، یاخود بیروڕاو نەریتێکی بەپیرۆزکراو دووبارە بکەمەوە، بەڵکو پێویستە لەگەڵ خۆمو ئەوانیتریشدا بکەومە گفتوگۆکردن، چونکە گفتوگۆ بە ئازادییم دەگەیەنێ).*

بەمجۆرەش قوتابی بوونەوەرێکە خۆی فێر و پەروەردە دەکات. بەمانای وشەکە، ئەو *سوکراتێکە*، دەیەوێت خۆی بناسێت لە ڕێگەی ناسینی ئەوانیترەوە، لەمیانەی گفتوگۆکردن لەگەڵ ئەوانیتردا، وەڵامی ئەو پرسیارانەی دەستگیر بێت کە نەیدەتوانی بەتەنیا پێیان بگات.

**شوان: کەواتە تۆ وەك مامۆستایەکی زانکۆ بنەماو پێکهاتی سیستمێکی پەروەردەیی نموونەیی لیبراڵ لە کوردستان هەست پێناکەیت، لەغیابی ئەو سیستمە پەروەردەییە تەندروستەدا پەیوەندییەکان چۆن دەکەونەوە، ئایا: پێویستەدەکات توندوتیژی و لێپێچینەوەو کۆنترۆڵکردن بەکاربهێنرێت؟**

ڕێبوار: بەهیچ شێوەیەك پێویستیمان بە توندوتیژی و لێپێچینەوە نییەو ئەمانە نامۆن بە سیستەمی پەروەردەیی تەندروست و عەقلانی. بەڵام پێویستە کاروبارەکان کۆنترۆڵ بکرێنو بەدواداچوونیان بۆ بکرێ تاکو بزانرێ چەندە لە بەرنامەکان جێبەجێ بوونو ئەوانەی کە ماون ڕێگر چییە لەبەردەمیاندا و چیبکرێ بۆ ئەنجامدانیان. لەناو سیستەمێکی پەروەردەیی تەندروستدا پەیوەندییەکان بەشێوەیەکی پەیوەندخوازانە(*relational*)و تەواوکەر دەچن بەرێوە، نەك بەشێوەی پێگەخوازانە(*positional*)و پچڕاو لەیەکتر. بۆنموونە پەیوەندی مامۆستاکانو زانکۆ پەیوەندییەکی (هەڵسەنگێنەرانە)یەو مامۆستا ئەرکی ئەوەیە ئەو یەکە دەرسیانەی سیستەمەکە داینراون لەناو پۆلدا هەڵبسەنگێنێو ڕادەی سوود و قازانجیان بۆ قوتابیان، دەستنیشان بکات. ئەگەر مامۆستا زانی یەکەیەکی دەرسی بە کەڵك نایەتو قوتابیان سوودی پراکتیکی لێوەرناگرن، پێویستە پێشنیازی گۆڕینی بکاتو پێشنیازەکەیشی



لە لایەن دارێژەرانی سیستەمەکەوە بەهەند وەربگیرێ. بەڵام پەیوەندی نێوان مامۆستا و قوتابیان پەیوەندییەکی *(مەعریفییە)*. ئەم پەیوەندییە، پەیوەندییەکی پێشزانستی، لەسەر بنەمای خزمایەتیو گەورەو بچووکییەوە نییە، بەڵکو پەیوەندییەکە لەسەر بنەمای گۆڕینەوەی مەعریفەوە بەندە. *دەسەڵاتی مەعریفیی مامۆستا بەسەر وانەکەیدا*، دروستکەری *ڕێزو خۆشەویستییەکی تایبەتە لەنێوان خۆی و زانستو قوتابیدا*، کە بێگومان لەمەدا شێوازی مامۆستا لەدەرسگووتنەوەدا گرنگیی زۆری هەیە. شێوازی وانەگووتنەوە دابینکەری ئەو متمانەیەیە کە پێویستە لەنێوان مامۆستاو قوتابی و زانستدا هەبێت. مامۆستای بێ شێواز، قوتابی بەرامبەر بە زانست تەمبەڵ و بێموبالات دەکاتو ئەمانەش دەبنە هۆی کەمکردنەوەی بەهای زانستی وانەکان. لێرەشەوە ئەو کۆنترۆڵکردنەی کەدەبوو مامۆستا لەڕێگەی پەیوەندییەکی مەعریفییەوە لەگەڵ قوتابیدا بۆ سیستەمەکە دروستیبکات، شوێنی خۆی چۆڵدەکات بۆ کۆنترۆڵکردنی قوتابی لەڕێگەی غیاباتەوە. بۆیە ئیدارییەکانی سیستەمە پەروەردەییەکە بیر لە کۆنترۆڵکردنو ڕاپێچکردنی قوتابی دەکەنەوە بۆناو پۆل بەهۆی لێپێچینەوەو نووسینی غیاباتو دوورخستنەوەی کاتیی و هەمیشەیی قوتابییەوە. بەمجۆرە دەتوانین بڵێین: کاتێ مامۆستا لە گرتنەبەری شێوازێکی گونجاوی تایبەتیدا کەمتەرخەمیی دەکاتو ناتوانێ پەیوەندییە تەقلیدییەکانی وەك (دەرخیات، بەکارهێنانی میزاجی تایبەتو توندوتیژیی لە هەڵسوکەوتو نمرەدانانو..) ڕەتبکاتو بیانکاتە پەیوەندی مەعریفیی، ڕێخۆشکەری دەکات بۆ شێواندنو ئاڵۆزبوونی کۆی سیستەمەکە.

یەکەی کارگێڕی و بەڕێوەبردنی سیستەمێك بەرپرسیارە بەرامبەر بە چاوەڕوانیی سیستەمەکە لێیان تاکو کادری باش‌و شارەزا لە بوارە جیاوازەکاندا بۆ کۆمەڵگا بەرهەم بهێنن. ئەوە یاریدەدەری زانستی سەرۆکی زانکۆکان‌و ڕاگرەکان و یاریدەرە زانستییەکانیانن، کە پلان دادەنێن بۆ سیستەمەکە تاکو بتوانێت ئەو کادرانە بەرهەم بهێنێت کە کۆمەڵگاو ئیدارەکان پێویستییان پێیانە. هیچ سیستەمێك نییە ئەم چاوەڕوانییەی لە یەکە ئیدارییەکانی خۆی نەبێت‌و هیچ کۆمەڵگایەکیش نییە تەندروست بێت‌و ڕێگە بدات سیستەمە پەروەردەییەکەی لەبەرهەمهێنانی کادری بەسوود و پسپۆڕدا، کەمتەرخەمیی بکات. سیستەمێکی پەروەردەیی کەمتەرخەم، کادری مشەخۆر و کات بەفیڕۆدەر دروستدەکات‌و ئەمانەش لە دروستکردنی گەندەڵییدا ڕۆڵێکی ئاشکرا دەگێڕن. ئەو زانکۆیەی تەنیا بڕوانامە دەدات بە قوتابی، لەبەرهەمهێنانی گەندەڵیدا بەشداری دەکات.

**شوان: هەموان ئەو گەندەڵییە ئەکادیمیی‌و ئیدارییانەی نێو زانکۆکانی کوردستان دەبینین‌و دەبیستین، تۆ چاوەڕوانیی چیت هەیە لەسیستمی پەروەردەیی‌و پەیوەندیی نێوان کارەکتەرەکانی زانکۆکان‌و دەسەڵاتی سیاسیی پارتی‌و یەکێتی، کە کۆنترۆڵی بەشێکی زۆری سیستمەکەیان کردووە؟**

**ڕێبوار:** چاوەڕوانیی ئەوەم لە دەسەڵاتی سیاسی، کارگێڕیی و زانستی زانکۆ نییە تا ماوەیەکی زۆر لەمەودواش بتوانێ ئەو کێشانە چارەسەر بکات، کە بەدەستیانەوە دەناڵێنێ. چونکە ئەوە پێویستی بە پلاندانان و سەلیقەی ئیداری و تێگەیشتنێکی فەلسەفیی هەیە لە پرۆسەی پەروەردەکردن، کە ئەوان نیانە و



ڕێزیشی لێناگرن. بەپێچەوانەوە لەو بڕوایەدام بەیەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی حیزبی، بارودۆخی زانکۆ توندوتیژی بەخۆیەوە ببینێ. بەڵام پێویستە هەوڵبدرێت‌و پشتگیریی لەو هەوڵدانانەش بکرێ کە لە ئارادان بۆ باشترکردنی بارودۆخ‌و پەیوەندییەکانی ناو زانکۆ. لە ئاستی پەیوەندی نێوان *ئیدارییەکان‌و مامۆستاکانیش*، (واتە پەیوەندی وەزیفیی) کە لەسەر بنەمای چاودێریی‌و کۆنترۆڵ‌و سزاوە بەندە، نەك هاندان‌و پشتگیریکردن‌و بەدواداچوون. بەپێی مەبدەئی ئەم پەیوەندییە دەبێت مامۆستا هەموو شتێ بکات تا ئیدارە لەخۆی ڕازیی بکات‌و مەترسی لێپرسینەوە، کۆنترۆڵ، هەڕەشە، چاوترساندن‌و لەخۆی دوور بخاتەوە. مامۆستا چاودێریی دەکرێ، قسەی خراپی لەسەر دەکرێ، ناچاردەکرێ بۆ وەرگرتنی مافەکانی خۆی سکاڵا بەرزبکاتەوە، لیژنەی لەسەر دادەمەزرێ، ناوی دەزڕێنرێ و چەندین شکاندنەوەی دی، بەڵام ستایش ناکرێ و لەسەر شتەجوانەکانی کە دەیانکات، دەستخۆشانەی لێناکرێ..

هەروەها *پەیوەندی نێوان مامۆستا و قوتابی* بەشێوەیەکی گشتیی پەیوەندییەکی ئاڵۆزە کە تیایدا (نە گفتوگۆ، نە ڕەخنە، نە بەشداربوون) بوونیان نییەو لەبەرئەوەش ئەم پەیوەندییە نابێتە پەیوەندییەك لەسەر بنەمای مەعریفییەوە. بۆیە (قوتابی دەبێت هەمووشتێ بکات، تا دڵی مامۆستا ڕازیی بکات‌و شتێ نەکات ببێتە هۆی دروستکردنی کەشێکی گرژ کە تیایدا مامۆستا نمرەی کەمبکاتەوە، بیانووی پێبگرێت‌و لە تاقیکردنەوەدا بیخات). لە زانکۆکانی ئێمەدا (مامۆستا) وێنەی کەسێکی هەیە کە قەدەری قوتابی بە دەستەو ئەمەش زۆرجار دەسەڵاتی ئەوەی داوەتێ کە بەپێی میزاجی تایبەتی خۆی بڕیار بدات. پەیوەندی نێگەتیڤانەی مامۆستا بە قوتابییەوە بە زۆری

لەکاتی تاقیکردنەوەکانی باسی دەرچووندا بەدیار دەکەوێتو زۆرترین ترسی قوتابی لەم تاقیکردنەوەیەیە. دیارە ئەمەش پەیوەندی بە نەبوونی ڕێنمایی وردەوە هەیە کە ئەو تاقیکردنەوەیە چۆن بێتو قوتابی چۆن هەڵبسەنگێنرێت. نەبوونی ڕێنمایی، واتە ڕێگەدان بە مامۆستا کە بە ئارەزووی خۆی لە قوتابی بپێچێتەوەو بۆ دواییںجار هەموو متمانە بە خۆبوونێکی لێبستێنێتەوە. ئەمە جگەلەوەی پەیوەندی سیستەم بە قوتابییەوە، (کە بە *پەیوەندی بەرهەمهێنان* ناوم برد) زۆر ناجێگیرو خراپە. هەر سیستەمێکی کارای پەروەردەیی پێویستی بە کۆنتاکتو ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ هەیە لەگەڵ قوتابییەکاندا. سیستەم بەوجۆرە نارِوانێتە قوتابی کە هەر ***بە** قوتابێتی* دەمێنێتەوە، بەڵکو ئەو لە قوتابیدا *توانای بوون بە کادرێکی چالاک*و ئامادەکراو بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵگا، پەروەردە دەکات. لەبەرئەوە سیستەم پێویستە بەبەردەوامی چاودێریی ئەو پرۆسەیە بکات کە بەهۆیەوە ئەو کادرە چالاکە دروستدەبێت. زۆرجار بەسەرکردنەوەی سەرۆکی زانکۆ، ئەندامانی ئەنجوومەنو ڕاگر و یاریدەدەرەکانیان بۆ قوتابیان، ڕەهەندێکی مەعنەوی هەیە کە قوتابیی زۆر پێویستی پێیەتی. لە ئەزموونی ساڵانی ڕابردوودا دەرکەوت لە زانکۆکانی ئێمەدا بەسەرکردنەوەی قوتابی نەبۆتە نەریتێکی باو، یان کەلتوورێکی باڵادەست. خاوەن پلە ئیدارییە بەرزەکان، سەرۆکی زانکۆکانو یاریدەدەرەکانیان تەنیا لەکاتی خۆپیشاندانی قوتابیاندا خۆیان لێئاشکرا دەکەنو بەشە ناوخۆییەکان بەسەر دەکەنەوەو لێیان دەپاڕێنەوە، یان پۆلیسو ئاسایشیان لەدژ هاندەدەن و تەقەیان لێدەکەن! تەنانەت هیچ ڕۆژ و کاتێکی تایبەت نییە کە دەستنیشانکرابێت بۆ بینیی ڕووبەڕووی قوتابی. بۆیە



زۆرجاریش قوتابی لەسەر کێشەی بچووك تووڕەیی گەورە بەرهەمدەهێنێتو وەك گیانەوەرێکی لێدێت لە قەفەسی تاواندا کە پێویستە بەو پەڕی توانایەوە بەرگریی لە خۆی بکات.

ئەگەر ئەو پەیوەندییانەی پێشوو لە شوێنی خۆیاندا بەڕێوەچوونو فەراهەم بوون، ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆیان دەبێت لەسەر قوتابیش، چونکە قوتابی لەناو ئەو کەشوهەوایەدا هەوڵی خۆپەروەردەکردن دەدات. لەڕاستیدا قوتابی هەر تەنیا فێر ناکرێت، هەر تەنیا بابەتێکی خاو نییە لەبەردەست ئەوانیتردا تاکو فێری بکەن. بەڵکو ئەو پێویستە لە قۆناغی زانکۆیی خۆیدا (فێربوونو خۆپەروەردەکردن) بکاتە ئامانجێکی تایبەت بەخۆی. خۆپەروەردەکردن ئەو پانتاییەیە کە دەبێت قوتابی دوای وەرگرتنی هەموو وانەکان، دوای هەستان بە هەموو ئەرکەکانی خۆی، دوای بەشداریکردن لە تاقیکردنەوەکان و هێنانەدی چاوەڕوانییەکانی ئەوانیتر، بۆخۆی پێی هەستێت. چونکە ئەگەر خۆپەروەردەکردن نەبێتە پڕۆژەیەك بۆ خودی تاکەکەس ئەوە (ئازادی) مانای نابێتو (ئاژاوە) پەرەدەستێنێ. پەیامی من بۆ قوتابیان ئەمەیە: ئەوەی لەگەڵ خودی خۆیدا تەبابێت، خۆی بەجددی بگرێتو هیچ ڕێگرێك کە لەلایەن (*سیستەم، ئیدارەو مامۆستا* )وە بەسەریدا دەسەپێ، وەك ڕێگر لەبەردەم *خۆپەروەردەکردندا* نەبینێ، ئەوە ئەو کەسە دەتوانێت ئازادییە ڕێژەییەکەی بەکاربهێنێ بۆ پەیوەندیگرتن لەگەڵ ئەوانیتر، لەگەڵ مامۆستاکان، لەگەڵ هاوپۆلو هاوتەمەنەکانی لەسەر پرانسیپی متمانەو هاوکاریکردنەوە. چونکە ئەگەر ئازادیی نەتوانێت ڕێگای گەیشتن بەئەوانیترمان پیشان بداتو پەیوەندی دروستبکات، نەبۆتە ئازادیی و بەربەستێ لەسەر ڕێگای هەیە. بۆیە کاتێك

ئێمە ڕەفتارگەلێکی وەك (خۆلەیەکتر تێنەگەیاندن)، (شکاندنەوەی یەکتر)، (قسە لەگەڵ یەکنەکردن)، (دروستکردنی گروپی دژ)و (قسە بۆیەکتر هەڵبەستن)و (ناوو ناتۆرە بۆ یەکتر دروستکردن)، (حەسوودی)و (دانەنان بە توانای یەکتردا)و دەیان شتی لەم بابەتە لەنێوان قوتابیانی زانکۆدا دەبینینەوە، تێدەگەین کە پانتایی پەیوەندی لە نێوانیاندا چەندە لاوازەو بێمتمانەیی چەندە تەشەنەی کردووەو ئەوان هێشتا بەشێوەیەکی گشتی دوورن لەوەی سوکراتیانە بیربکەنەوە. پاشان ئەو کەسە دەتوانێت خۆی پەروەردە بکات، کە هەمیشە خودی خۆی گەورەتر ببینێ بۆ داهاتووی کۆمەڵگاکەی، واتە خۆی وەك تەواوکەری پرۆسەیەك ببینێ کە لە پشتییەوە، ئینتیمای ئەو بۆ پانتاییەکی هاوبەشی کۆمەڵایەتی دیارەو ئەو دەیەوێ تیایدا کادرێکی شارەزای چالاك بێت. بۆیە نابێت هەرگیز قوتابی بەوچاوە سەیری خۆی بکات، کە ئیدارییەکان، مامۆستاکانو کارمەندەکان تەماشای دەکەن.

**شوان: ئەو پۆلێنکارییەی تۆ دەیبینی لەنێو قوتابییەکانی زانکۆدا بە زیادەوە لەنێوان ئیداریی‌و مامۆستاکانی زانکۆشدا هەن‌و دەبینرێن، ئێوە وەك مامۆستایانی زانکۆ بۆ هەردەم خۆتان دەخەنە دەرەوەی ئەو گەندەڵیی‌و پەیوەندییە نادروستانەی زانکۆ، کە بۆی هەیە پشکی شێری ناتەندروستیی پەیوەندییەکان ئێوە لێی بەرپرسیاربن، هەستناکەیت سیستمی پەروەردەیی و زانکۆکان بەتایبەت، لە قەیرانی سەراپایی خۆیاندا دەژین؟**

ڕێبوار: هیچ گومان لەمەدا نییە و تەنیا کەسانێکیش کە ئەم قەیرانە نابینین هەندێ داروودەستەی ئیدارەی ناو زانکۆکانن، هەر لە سەرۆکی زانکۆوە بیگرە



تا یاریدەدەرەکانی کە بۆخۆیان بەهۆی شێوازێکی ئیدارەکردنی نازانستیانەی میزاجیانەوە، بەشێکی دروستکەرن لەو قەیرانەی لە زانکۆکانی ئێمەدا هەیە. تۆ سەرنج بدە لە مۆدێلی زانکۆی کوردییدا مامۆستا بەگشتیی پەروەردەکار نییە، لەلایەن ئیدارییەکانەوە لێپێچینەوەی لەگەڵ دەکرێ (بۆنموونە ئەگەر لە وانەکەی ئەودا قوتابییەکان نمرەی زۆر بەرزیان هێنابوو!) بەڵام هەر ئەم مامۆستایە پەیوەندی بە قوتابیانەوە لەسەر بنەمای ترسەوەیە. پەیوەندی ئیدارەش بە قوتابیانەوە لەوەدا کورتدەبێتەوە کە بڕوانامەیان بداتێ و وەکو (قوتابی، خوێندکار و فێرخواز و هتد، بەمانا حیزبییەکەی) پۆلێنیان بکات. هەموو ئەم سەرنجانە پێماندەڵێن: پەیوەندی لەناو سیستەمی پەروەردەیی ئێمەدا بەگشتی و لەناو زانکۆدا بەتایبەتی لە قەیراندایە. نەبوونی ئەو پەیوەندییانەی باسکران زیانەکەیان بۆ هەموو لایەکەو قوربانییەکانیش هەر تەنیا قوتابییەکان نین. سیستەمێکی پەروەردەیی بێ پەیوەندی، سیستەمێکی داخراوە، مامۆستای بێ پەیوەندی دەبێتە ستەمکار، ئیدارییەکان لە نەبوونی پەیوەندییدا کاغەزبازی و توورەیی و هەڵەشە و دەنگە دەنگو شەڕی ڕۆژانە بەرهەمدەهێنن. ڕۆژ نییە یاریدەدەرەکانی سەرۆکی زانکۆو هەندێ لە ڕاگرە حیزبییە فاشیلەکانو پیاوەکانیان لەناو زانکۆدا مافی مامۆستاو قوتابی و کارمەندەکانیش پێشێل نەکەن. زوڵم نەکەنو خۆیان لە کچانو کوڕانی ئەم میللەتە تووڕە نەکەن. لەلایەکیترەوە، قوتابی بێ پەیوەندییش بۆی هەیە بڕوانامە وەربگرێت، بەڵام بە تەنیا بڕوانامەی زانکۆیی نایکاتە مرۆڤێکی پەروەردەبوو. بۆیە پێویستە لە سیستەمێکی پەروەردەیی زانستیانەدا

پەیوەنـدی لایەنـەکان بەیـەکترەوە، بەشـێکی گرنگـی هـەر بەرنامەیـەکی ئـەو سیستەمە بێت و زانکۆش لەمەدا دەستپێشخەر بێت.

**شوان: هەمووان کۆکین لەسەر بێکەڵکیی‌و ستۆکبوونی پرۆگرامەکانی خوێندن، دوای 14ساڵ حوکمداریی خۆماڵیی، بۆچی گۆڕینی پرۆگرام لای حکومـەتی کـوردی بووەتـە شـتێکی پـیرۆزو جگـە لـە کـۆلاجو مۆنتاژکردنی ساڵانەی کتێبەکان، ئیرادەی گۆڕانکاریی ریشەیی نییە، ئەوانەی قازانج لەو نەگۆڕینە دەبینین کێن؟**

**ڕێبوار:** پرۆگرامـی خوێنـدنی ئێمـە پرۆگرامێـك نییـە بـەردەوام ئیشـی لەسـەر بکرێ، پرۆگرامێکە بۆتە دەقێکی پیرۆز. ئەم دەقە پیرۆزە لەلایەن کەسانێکەوە بەردەوام بەرگری لێدەکرێت و ئەمەش بۆ ئەوەیە هـەرگیز نـەگۆڕدرێ، چونکە بەرژەوەندیی ئەوان لەوەدایەو ئەوەی کە هەیە دەبێ وەکخۆی بمێنێتـەوە. یـەکێ لـەهۆکارەکانی ئەمـە دەگێڕمـەوە بـۆ تـرس لـەگۆڕان و دەسـتکاریکردن، بـۆ نـەبوونی ئـیرادەی بەخۆداچوونەوە و هـەروەها بـەهێزی ئـەخلاقێك کـە ئیشـی ئەوەیە ستایشی ناواقیعیانەی بـارودۆخی زانکـۆ بکـات. واتـە ستایشـی ئـەوە بکات کـە هەیـە و گـەورەی بکـات و پێـی هـەڵبڵێ و نـەیار و ڕەخنـەگرەکانی زانکـۆی پـێ دەمکوتبکـات.. ئـەوەی کـە هەیـە بـەلای ئەوانـەوە، کاملـە و لێرەشـەوە ئـەوان توانیویانـە بـە پشبەسـتن بەقسـەی ئـەو وەفـدە ئـەکادیمی و کوردناسانەی سەردانی کوردستانیان کردووە، ئەفسانەیەك بەرهـەم بهێـنن کـە دەڵێت: (*مستەوای زانکۆکانی کوردستان کەمتر نییە لە مستەوای زانکۆکـانی جیهان*)! ئەوەندەی من ئاگادار بم، لە شەش ساڵی ڕابردوودا، ئەفسانەی ناوبراو چـەکێکی مەترسـیدار بـووە بـۆ هەڕەشـەکردن و کوشـتنی ڕۆحـی زانسـتی و



ئیداریی زانکۆ. زانکۆ بەهۆی دووبارەکردنەوەی ئەو ئەفسانەیەوە، خـۆی وەکـو دامەزراوەیـەکی کـامڵ خسـتۆتە ڕوو کـە نابێـت کـەس ڕەخنـەی لێبگـرێ و پێویستی بە گۆڕان و بەخۆداچوونەوە نییە. ئەمـە بیرۆکەیـەکی مەترسـیدارە و مەترسییەکەش بە پلەی یەکەم زانکۆ دەگرێتەوە. هۆکارێکی دیکەی نەگۆڕینی پرۆگرامی خوێندن دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گەمەدۆڕاوەی ئێمەی کـورد لـە پێنـاوی عێراق و چـوونەوە نـاو قەفەسەئاسـنینەکە دەیکـەین و ئەمـەش تـا ڕاددەیـەك پابەندمان دەکات بـە ڕەچـاوکردنی ئـەو فـەرمان و ڕێنماییانـەی لـە وەزارەتـی پەروەردە و خوێندنی باڵای بەغداوە دەردەچـن و لەگـەڵ خواسـت و پێویسـتیی بواری پەروەردەیی و ئەکادیمی کوردستاندا ناگونجێن.

سـەبارەت بـەپرۆگرامی خوێنـدن، بەتایبـەتی لەئاسـتی دامەزراوەیـەکی وەکـو زانکـۆدا، هـەرگیز نابێـت پـیرۆز بکـرێ، زانکـۆ لـە بنـەمادا دامەزراوەیـەکی گۆڕانخـواز و سەرمەشـقی بەشـداریکردنە لـە گـۆڕینی کـۆی ژیـانی کایـە کۆمەڵایەتییەکاندا. بۆنموونە لە زانکـۆدا سەرچاوەیەکمان نییـە کـە لەکۆرسـی یەکەمدا موعتەبەر بێ، لەکۆرسی دووەمیشـدا موعتەبـەرو پشـت پێبەسـتراو بـێ، هێنـدەی ئـەوەی دەکـرێ لەگـەڵ هـاتنی سەرچاوەی نوێـدا ئامادەییـەکی تەواویش هەبێ بۆ سوود لێوەرگرتنیان‌و بۆگۆڕینی ئەو پرۆگرامەی لە ئارادایە. بۆئەمـــەش پێویســـتیمان بەئازادییـــەکی زۆر هەیـــە، ئازادییـــەك لـــەناو عەقڵییەتێکـدا کـەبڕوای بـە ئـازادیی هـەبێ لەدەسـتکاریکردنی پرۆگرامـی خوێندندا و پێویستە ئەم عەقڵییەتەش لەناو ئیدارەی دامەزراوە ئەکادیمیاکاندا بێت. پێویستمان بەو کەسانە هەیە کە بـە پیشـە ئـەرکی مامۆسـتایەتیان پـێ سپێردراوە، ئەمانیش واچاکە بەردەوام شوناسی مامۆستابوونی خۆیـان لەسـەر

ئەوە بینا بکەن، کە مانەوەی ئەوان وەک مامۆستایەک بۆ ئاڵوویرکردنی مەعریفە، لەگەڵ قوتابییەکانەو دەرەنجامی ئەوەش بەرزکردنەوەی هەیبەتی زانستییە لەناو زانکۆو پەیمانگاکاندا. پێویستمان بەو مامۆستایەیە کە داینەمیک بێتو بەردەوام ئامادەیی گۆڕانی تیابێتو پرسیار بکات، بەردەوامیش کەسانی دیکە بخاتە نێو ئەو پرۆژەیەوە کە ئەو پێویستیی پێیەتی بۆ گۆڕانکاری بەردەوام. لەدوای ئەوانە تۆ پێویستت بەقوتابییەک هەیە کە بەڕاستی بتوانێ تێگەیشتنی هەبێ بۆئەم گۆڕانکاریانەو بە ئەرکێکی قورسی نەزانێت. تێبگات لەوەی زەمەنی قوتابێتی زەمەنێکە لەزانکۆدا هەمانە، بە زەرورەت دەبێ وەکو قوتابی هەڵسوکەوت بکەین، پێویستمان بەوەیە شوناسی قوتابێتی خۆمان بچەسپێنین. لەم زەمەنەدا هیچ شتێک لەوە گرنگتر نییە کە بیسەلمێنیت تۆ *قوتابییت*، ئەگەر مەسەلە ئینتمای نەتەوەییش بێت، بەنیسبەت بەرەی قوتابیانەوە، لەو قۆناغەدا ئینتمای ئەوان بەنیشتمانو بەژیانی هاوبەشو بەها ئینسانییەکانەوە لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە ئەوان چەندە دەروەستن بەرامبەر بەپیشەو شوناسەکەی خۆیان لەماوەی ئەو چەند ساڵەدا، کە ئەویش قوتابیبوونیانە و چۆن لەو ماوەیەدا خۆیان لەڕووی مەعریفییەوە دروستدەکەن. لە هەموو ئەمانەش گرنگتر پێویستیمان بە عەقڵێکی ئیدارەکردن هەیە کە بتوانێ هەموو توانا شاراوەکانی زانکۆ ئاراستە بکات بۆ ئەوەی ببنە توانای کردەیی و گۆڕان دروستبکەن.

**شوان: ئەی قۆناغی پێشزانکۆ چ ڕۆڵێکی هەیە لە ئامادەکردنی کەسایەتی قوتابیدا؟**



**ڕێبوار:** ناکرێ کۆی سەرنجو ڕەخنەکانمان لە سیستەمی ئەکادیمیدا چڕبکەینەوە بەقەدەر ئەوەی هەندێ سیستەم هەن لە پێش زانکۆوە قوتابی ئامادەو تەیار دەکەن. بۆ نموونە لە خێزانەوە بۆ قوتابخانەو بەشەکانی تری خوێندنی ناوەندییو دواناوەندیی تادەگاتە زانکۆ. ناکرێ ئەمانە بە دابڕاو لەیەکتر تەماشا بکەین. من کاتێ دەڵێم کۆی سیستەمی پەروەردەییو ئەکادیمیی ئێمە لە قەیرانی سەراپاییدایە، مەبەستم ئەوەیە بڵێم ئەم سیستەمە، یان شێوە سیستەمە لەیەکتر دابڕاوەو سەرەتاکەی ئاگای لە ناوەڕاستو کۆتاییەکەی نییە. هەربۆیە لەناو ئەمشێوە سیستەمەدایە کە قوتابیی لە سەرەتاوە دەبێتە کۆیلەو دەترسێنرێ. لە ناوەڕاستدا دەبێتە (ئیسلامی)و (خوێندکاران)و (قوتابیان)و لە کۆتاییشدا بوونەوەرێکی تووڕەو یاخییو نائومێدی لێدەردەچێ، بەڵام ئەو نابێت بە عەقڵێکی زانستییو مەعریفیی کە دڵی بە خوێندنەکەی خۆشبێ. کاتێ من بەناو قوتابیان و گەنجانی زانکۆدا تێپەڕ دەبم هەناسەیان بۆنی نائومێدی و بۆچڕووکی وەڕسیی لێدێت.. ئەمەش لەبەرئەوەی ئەم سیستەمە بەناو پەروەردەییە هیچ پرنسیپو پێناسەیەکی نییە بۆ ئەو کائینەی کە پەروەردەی دەکات. نازانێت دەیەوێ لە کۆتاییدا ئەم ماددە خاوە، کە گەنجی کوردە بکاتە چیو چی لێپەروەردە بکات.

## پێشنیار و چارەسەر

**شوان: پێشنیاری چ چارەسەرێکی پراکتیکی بۆ ئەم قەیرانە دەکەیت کە بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە؟**

ڕێبوار: لە ئێستادا پێویستە عەقڵیەتی ئیداری و سەرۆکایەتی زانکۆکان هەوڵی بە ئینسانیکردنەوەی فەزای زانکۆ بدەن و بەجددی گوێ لە قوتابیان و مامۆستایان بگرن. پێویستە کۆمەڵێ ئەرك هەیە بە قوتابی بسپێرن و متمانەی تەواویان پێبکەن و بەشدارییان پێبکەن لە چارەسەرکردنی کێشەکاندا. پێویستمان بە کۆمەڵێ ڕێنمایی و یاسای نەرمونیان هەیە سەبارەت بە شێوازی هەڵسوکەوتی ئیدارییەکان و پرسگەکان و پاسەوان و دەرگاوانەکان لەگەڵ مامۆستایان و قوتابیاندا. پێویستیمان بەوە هەیە ڕێز لە موعید و کارمەند و پاککەرەوەکان بگرین. پێویستە ڕێگیریی لە چالاکی ڕۆشنبیری و زانستی قوتابی نەگیرێ. پێویستە حەزی قوتابی لە هەڵبژاردنیدا بۆ بەشەکەی لەبەرچاوبگیرێ و بەزۆر کەس نەخرێتە بەشێکەوە کە داوای نەکردووە، پێویستە ئاسانکاری بۆ قوتابیان و مامۆستایان بکرێ لە هەموو ڕووییێکەوە و سەرقاڵ نەکرێن بە ئەمژوورەوژوورکردنەوە. پێویستە بارودۆخی ناوخۆییەکان بەجۆرێکی مۆدێرن و بەدوور لە توندوتیژی ئۆرگانیزەبکرێنەوە. زۆر پێویستە بۆنە سیاسییەکان و بۆنە ئەکادیمییەکان لێکدی جودا بکرێنەوە و لە زانکۆدا تەنیا ئەو ڕۆژانە بکرێنە پشوو کە پەیوەندییان هەیە بە بۆنەکانی زانکۆ خۆیەوە.

بەڵام باشترین چارەسەر بۆ ئەم قەیرانە لە ئاستی دوورمەودایا ئەوەیە، لەو شوێنەوە کە سەرەتای دەستپێکردنە بەپەروەردەوفێرکردن، ڕایەڵێك دروستبکرێ تاکو زانکۆو خوێندنی باڵا ببەستێتەوە بەسەرەتاییترین بەشی خوێندنەوە. پێویستە لەو سەرەتایەوە ئەو خواستو ئیلتیزامو مومارەسە زانستییە لەلای مرۆڤی کورد دروستبکەین، کە دواجار دەتوانێ بە ئاسانی



لەقۆناغەکانی دوایی خوێندندا، شوناسی قوتابیبوونی خۆی لەسەرەوە بسەلمێنێو خۆی پەروەردە بکاتو ببێتە کەسێکی زانستی. بۆ ئەمەش چەندان میتۆد و ڕێگای پەروەردەیی هەیە. ئەگەر بڕیاربێ لە زانکۆوە دەستبکەین بە هاندانی قوتابیو خۆشەویستکردنی زانستەکان لەلای، زۆر درەنگەو فریای هیچ ناکەوین. تەنانەت هەندێ لەو کێشانەی زانکۆ لەگەڵ قوتابیدا هەیەتی پەیوەندییان بەخودی زانکۆشەوە نییە. زانکۆ قوتابییەك وەردەگرێ کە بەسیستەمێکی دوورودرێژی تێکشانو سزادان و ڕووشکاندنی کۆمەڵایەتیدا گەیشتۆتە زانکۆ. بۆیە زانکۆکانی وەکئەوانەی ئێمە ناتوانن لەیەککاتدا چارەسەری کێشەکان بۆ قوتابیان بکەنو لەهەمانکاتیشدا مەعریفەو زانستو هزری میتۆدییان لەلاخۆشەویست بکەنو کەسایەتی ئەکادیمیی ئەوان پێبگەیەنن. زانکۆ دەروەست نییە لە زەبتو ڕەبتکردنی قوتابیدا، دەبێ دامەزراوەکانی پێش زانکۆ ئەو کارەیان کردبێت. پێویست ناکات لە زانکۆدا هیچ سیستەمێکی لێپێچینەوەو سزادانمان هەبێ، چونکە ئەمە دوورە لە پرانسیپی ئەکادیمیی و زانستییەوە.

**شوان: ئەمەی تۆ باسیدەکەیت لەنێو زانکۆکانی کوردستاندا هەستی پێدەکەیت؟**

**ڕێبوار:** لە زانکۆکانی کوردستاندا لیژنەی ئەوتۆ هەن، ناوەکەیان هەرچییەك بێت، کارەکەیان چاودێرییو ئینزیباتی و لێپێچینەوەیە...

**شوان: چاودێریی حیزبییە یان ئەمنیی؟**

**ڕێبوار:** زۆرجار ئەم دوو شتە تێکەڵدەبن، بەردەوام خواستێکی حیزبیی هەیە لەناو زانکۆ، حیزب لە کوردستاندا بۆ یەك ساتەوەخت دەستی لە زانکۆ

نەکێشاوەتەوە. حیزب لە زانکۆ دەترسێو وەك قەڵایەك تەماشای دەکات کە پێویستە داگیری بکات، نەك ئازادی بکات. بەڵام ئەم خواستە حیزبییە بەبیانووی ئەوەی کە چاودێرییکردنێکی ئەمنیی لە زانکۆدا پێویستە، دێتەدی. حیزب ڕەوایەتی مانەوەی خۆی لەناو زانکۆدا لەوێوە بەدەستدەهێنێ کە گوایە لە بەرژەوەندیی زانکۆدایە، بەڵام لە ڕاستیدا مانەوەی حیزب لە زانکۆدا لە ترسێکی هەمیشەیی حیزبە خۆرهەڵاتییە شمولی و تەقلیدییەکانەوەیە لە بیرو هزری ئازاد. بەهەرحاڵ، حیزب لە هەموو شوێنێکی زانکۆدا هەیەو چاودێریی نفوزکردنی حیزبی ڕەقیبی خۆی دەکات، ئەمەش بەوە پاساو دەدرێتەوە کە مەسەلەیەکی ئەمنییە. ڕاستە لەناو زانکۆدا چاودێریی ئەمنیمان پێویستە، ئەمەش شتێ نییە زانکۆ بەتەنیا جێبەجێی بکات، پێویستە زانکۆ داوا لە دەزگا ئەمنییەکان بکات تا بیپارێزن، ڕەنگە پێویستیش بکا، قوتابیان لەم مەسەلەیە ئاگادار بن و وایان لێبکرێ بەرپرس بن لەئاست زۆرێك لەو مەترسیانەی کە دەشێ زانکۆ ڕووبەڕوویان ببێتەوە. باشتربوو مەسەلەی ئەمنیی هەر تەنیا نەدرایەتە دەست ئیدارییەکانو سەلیقەی یاریدەدەری ئیداریی سەرۆکی زانکۆو ڕاگرەکانو پاسەوانەکان. لەم نموونەیەی کەباسمانکرد زانکۆ هەندێ ئەرك دەگرێتە ئەستۆی خۆی کە ئەرکی ئەو نین، ئەرکی ئەو بەقەدەر ئەوەی ئازادکردنی فەزای خوێندنو بەکارهێنانی ئەم ئازادییەیە لەڕووی مەعریفیی و زەینییەوە، دروستکردنی لیژنەی ئینزیباتیو چاوشکاندنەوە نییە. ئەگەر زانکۆ خاوەنی عەقڵێکی ئیداریی مۆدێرن بێت، لەزۆرێك لەو کێشە ڕۆژانەییانە خۆی دەپاراست کە بۆخۆی لە



ئەنجامی بڕیاری دیراسەنەکراوەوە، دروستیاندەکاتو قوتابیان لەخۆی تووڕە دەکاتو دەبێتە ئاژاوە.

**شوان: ئەمە دەگێڕێتەوە بۆ بێمتمانەیی عەقڵیەتی ئیداریی زانکۆ بە تەلەبە، یاخود بۆ کەمتەرخەمیی تەلەبەی زانکۆ لەئاست بەرپرسیاریی خۆی بەرامبەر پاراستنو گەشەی زانکۆ؟**

**ڕێبوار:** قوتابی کێشەی خۆی هەیە، بەڵام ڕوانینی زانکۆ بۆ قوتابی دەبوو بەجۆرێك بێ کە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە کەسێکی پێگەیشتووە، هەروەها کەسێکی تێگەیشتووە لە بارودۆخەکانو حساب بۆ زۆر شت دەکات. دەبوو زانکۆ وەها قوتابیی ببینیایە کە خاوەنی تێگەیشتنی تایبەت بە خۆیەتیو پێویستە ئالەوێوە ڕووبەڕووی ببینەوە و بەشداری پێبکەین. هەموو مرۆڤێك لەهەر کۆمەڵگایەکدا خاوەنی چەشنێك لەخۆگونجاندنی کۆمەڵایەتییە، هەڵگری خەونێکیشەو ئاڕاستەیەکی عەقڵانیی بەکاردێنێ بۆ ڕێکخستنی ژیانی ڕۆژانەی خۆی، هەر لەپەیوەندییەکانەوە بگرە تا پاراستنی بەرژەوەندییەکانیو تاکو خزمەتکردن بە بەرژەوەندیی گشتیی. پێویستە زانکۆ ئاوا سەیری ئەو قوتابیانە بکات، کە نەك هەر هیچ نازانن بەڵکو پێگەیشتووشنو دەکرێ متمانەیان بۆ هەموو شتێ پێبکرێ. ئەوەی ئەرکی زانکۆیە ئەوەیە کە ئەم عەقڵییەتە لە عەقڵییەتێکی ئۆتۆماتیکی خۆبەخۆوە کە هەر مرۆڤێك هەیەتی، بکات بە عەقڵێکی زانستییو ئاڕاستەی بکات بەرەو ئامانجێکی بەسوود. بۆیە هەموو بێمتمانەیی و سزادانو جۆرە مامەڵەیەکی نەشیاو لەگەڵ قوتابیی زانکۆدا، کە بەئاڕاستەی ئازادکردنی زەینیی ئەو و پەرەپێدانی پڕۆژەکانیو گەشەپێدانی کەسایەتی زانستیی ئەودا

نەبێت، زیانی گەورەی لێدەکەوێتەوە. زانکۆ بۆخۆی ئەو وزەو توانایانەی کە ناویان قوتابییە سارد دەکاتەوەو دەیانپووکێنێتەوە، دواجار دەیانگۆڕێ بۆ وزەیەکی تووڕە، ناڕازیی، بەخۆداڕۆچووی ئازاردراو کە لەسایەی ئەم دۆخە سایکۆلۆژیانەشدا ئیتر قوتابی ناتوانێت عاقڵانە بیربکاتەوە، بەو تێگەیشتنەی کە عەقڵ ئاڕاستەکەری بۆچوونەکانی ئەو بێت. ئەو دەبێتە بوونەوەرێك کە هەمیشە لەسەنگەری بەرگریکردندایە. هیچ پێویست بەوە ناکات کە توێژینەوەیەکی قووڵ بکەین بۆئەوەی لەمە تێبگەین، تەنها بە گوێگرتن لە گروپەکانی قوتابیان لەهەر کۆلێژو زانکۆیەکی کوردستاندا، لە ناو ناوخۆییەکاندا، لە ڕاڕەوەکاندا، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ، کە ئەوان بەرلەوەی ئاڕاستەکرابن بۆ ئامانجێکی زانستیی‌و میتۆدیی، ئاڕاستەکراون بۆئەوەی بەرگرییەکی سایکۆلۆژیانە لەخۆیان بکەن‌و خراونەتە قەفەسی تاوانەوە. ئەوان هەیانە ڕقی لێهەڵگیراوە، هەیانە تەریقکراوەتەوە، کراوەتە دەرەوە، تیایاندایە هەڕەشەی بۆ هاتووە کە هەرگیز بەتەمای دەرچوون‌و نمرەی بەرز نەبێت. هەیانە لێپێچینەوەی توندی لەگەڵ کراوە، باسەکەی بەبێ هۆی ئاشکرا ڕەتکراوەتەوە، ناونیشانی باسی دەرچوونەکەی لێوەرناگرن، پەسەندی ناکەن‌و ڕەفزی دەکەنەوەو هۆیەکەشی پێناڵێن. کەلتووری هاندان و پاڵپشتیکردن و ورەبەرزکردنەوە، لە زانکۆدا لاوازەو نییە. ئیدی کە ئەمە شێوازی مامەڵە بێت لەناو زانکۆدا، وزەی قوتابی بۆکوێ ئاڕاستە دەبێ؟ بێگومان بۆ ئەو شوێنەی مامۆستاو ئیدارە لەخۆی ڕازیی بکات‌و بپاڕێتەوە، پەشیمانی خۆی دەرببڕێ، بچێ داوای لێبووردن لەسەر شتێ بکات، کە نەیکردووە! دەجار ناونیشانی باسەکەی بگۆڕێ و فززەی لێوە نەیەت. قایل‌و ملکەچ‌و شکوور بێت کە لێی



خۆش بن‌و هتد. بۆیە لەجێی ئەو بەهەڵە ئاڕاستەکردنەی وزەی قوتابیان، دەبوو ئامانجی زانکۆو هەموو ئەخلاقیی ئەکادیمیانەی زانکۆ لەسەر ئەوە بەند بوایە کەئەم وزانە ئاڕاستەبکرانایە بەرەو ئەو شوێنەی کەدواجار ئامانجی زانکۆو ناوی زانکۆ دەپارێزێت: *یونیڤەرسیتاس*(*universitas*) لەئەسڵە لاتینییەکەیدا شوێنێکە بۆکۆبوونەوە بەمەبەستی وەدەستهێنانی زانست، شوێنێك نییە بۆ کۆبوونەوە بەمەبەستێکی دیکە. بۆیە زۆرینەی ئەو مومارەسە ئیداریانەی لەزانکۆدا دەکرێن لەهەموو ئاستەکاندا، نەك هەر لەگەڵ قوتابی، بەڵکو ئیدارییەکانی زانکۆ لەناو خۆیاندا: ململانێی سەرۆکی زانکۆکان و یاریدەدەرەکانیان، تەکەتولات‌و دەستی حیزبایەتی، ڕقی شەخسیی لەبەر پلەوپایە، نەبوونی لیژنەی راوێژکاریی بێلایەن، ماندووکردنی کارمەندەکان‌و ڕێزنەگرتن لەکارەکەیان، نەگەڕانەوە بۆ وردەکاریی ئیداریی لەناو زانکۆدا، هەموو ئەوانە بنەمایەکی نازانستییان هەیەو زانکۆ دوور دەخنەوە لەوەی بگات بە ئامانجێك، کە هەم کۆمەڵگا پێویستیی پێیەتی‌و هەم ئەم وزە زۆرە کۆمەڵایەتییە کە گەنجەکانن، ئاڕاستە بکرێن بەرەو ئەو شوێنەی کۆمەڵگا سوودیان لێوەردەگرێ. ئەگەر زانکۆ ئەو کارە نەکات هیچ جیاوازییەکی نابێت لەوەی ناوی بنێین چی‌و وەکو هەر دەزگایەکی دیکەی سزادانی لێدێت. واتە چاوەڕێدەکات لەکوێ هەڵە بکەین سزامان بدات نەکئەوەی لەکوێدا چاکەمان کرد، پاداشتمان بکات. بڕوابوونە بە میکانیزمی چاودێریکردن‌و سزادان، کە بۆتە هۆی کوشتنی ڕۆحی زانستیانەی زانکۆ و بەهەموو لایەکدا تەنیوەتەوە، هەر لەمامۆستاوە بیگرە، تا قوتابییەکان، تاکو پرۆگرامی خوێندن، هەتا سیستەمی ئیدارە لەزانکۆدا، هەموویان لەقەیرانێکی

بنەماییدان. چیدی پێویستمان بەوە نییە ئەم قەیرانە داپۆشین، یان بە شێوازی دیپلۆماسیانەی بەڕێزانی سەرۆکی زانکۆو یاریدەدەرەکانیان، ڕتووشی بکەین. پێویستمان بەعەقڵیەتێکی دیکە هەیە کە لەو عەقڵیەتەدا تێڕوانینێکی نوێ بۆ زانکۆو زانستو ئیدارەکردنو ئەو بوونەوەرەی ناوی قوتابییە، هەبێ.

**شوان: سروشتی ئەو عەقڵییەتەی تۆ بە مۆدێرنو شیاوی دەزانیت زانکۆ لەگەڵ خۆیو کارەکتەرەکانی ناویو دەرەوەی خۆیدا بەکاری بهێنێت، چییەو لە چ چوارچێوەیەکدا دەخولێتەوە؟**

**ڕێبوار:** پرسیارێکی گرنگە و هەوڵدەدەم بە کورتیش بێت مەبەستی خۆمت لەمبارەیەوە بۆ ڕوونبکەمەوە. سەرەتا پێویستە ئەو عەقڵییەتە بایەخ بگێڕێتەوە بۆ هزری زانستی لە زانکۆدا. بە بڕوای من ئەمەش کارێکی ئاسان نییە، چونکە پەیوەستە بەوەی لانیکەم پێنج خاڵی گرنگ لەوبارەیەوە ڕەچاو بکرێن:

1) دروستکردنی پەیوەندییەکی نزیك لەنێوان بابەتەکانی خوێندن و توێژینەوەدا، واتە شتێ نەخوێندرێ کە خزمەتی توێژینەوە ناکات.
2) ئازادی لە توێژینەوەدا،
3) ئازادی لە وانەگووتنەوەدا،
4) سەربەخۆیی زانکۆ و
5) یەکگرتوویی و پەیوەندی سوودمەندانەی نێوان بەشەزانستییەکان.

هەموو ئەمانە لە زانکۆکانی ئێمەدا لەژێر گوشاردان. یەکەی توێژینەوە لە زانکۆکانی ئێمەدا هەر نییە، یاخود زۆر لاوازە! ماددەکانی خوێندن زۆرجار کەرەستەی پێویست نادەنە دەستی توێژەر چونکە ئەم دوانە دوورن لەیەکترەوە



و ژمارەی قوتابییەکان لە پۆلدا ئەوەندە زۆرە و ماوەی گووتنەوەی وانەکان ئەوەندە کەمە، کە ماددەکان تەنیا ببنە ماددە بۆ تاقیکردنەوە. ئازادی توێژینەوە لەژێر گوشاردایە چونکە زانکۆ ناتوانێت کەرەستەی پێویستی توێژینەوە و ماوەی توێژینەوە بۆ مامۆستا توێژەرەکان دابین بکات و مامۆستا تەنیا دەبێتە وانەبێژ بەپێی بەرنامەیەکی پێشووتر کە بڕیاری لەسەر دراوە.. زانکۆی ئێمە سەربەخۆش نییە، چونکە بۆتە شوێنی بەرژەوەندی حیزب و کەسەکان و ئەمانەش کاریگەری ڕاستەوخۆیان هەیە بۆسەر بڕیارەکانی زانکۆ و هۆکاری ململانێ ئیدارییەکانن. بەشەزانستییەکانی زانکۆش یەکگرتوو نین و ئاگاداری یەکتر و ئەنجامی زانستی یەکتر نین و تەنیا (پسپۆڕی نابینا) بەرهەم دەهێنن.

لەلایەکیترەوە، ئەو عەقڵیەتە واچاکەو دەشبێ هەڵگری پرۆژەیەکی تازە بێت، کە تیایدا تێڕوانینێکی نوێی هەبێت بۆ مرۆڤ بەگشتییو بۆ قوتابی بەتایبەتی، کە ئەو کائینێکە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە پێگەیشتووە، پێویستیی بەوە نییە زەبتو ڕەبتی بکەن، یان میکانیزمەکانی چاودێرییکردنو سزادانو غیاباتو ئەو شتانەی لەسەر دابنێن، ئەمە کاری زانکۆ نییە. پێویستە ئەو عەقڵییەتە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە ڕێز لە ئینسانییەتی قوتابی بگرێت، بەڵام لە ڕووی مەعریفییەوە ئەرك بخاتە سەرشانی قوتابی و شەڕ لەگەڵ قوتابیدا بکات بۆئەوەی شوناسی مەعریفی خۆی بخاتە پێش هەموو شتێکی دیکەوە. قوتابی دوای ئەوەی وەکو مرۆڤ ڕێزی لێگیرا، ئیدی دەبێ پێی بگووترێ: تۆ ئەرکت لەسەر شانە و ئەم ئەرکەش بریتییە لە خۆدروستکردنت و فڕێدانی هەموو دەمامکەکان و ڕوانین بە چاوێکی زانستیانە و میتۆدیانە، کە ئەوەش

لەڕێگەی خۆ دەوڵەمەندکردن، خۆماندووکردن، کتێبدۆستی و بەرهەمهێنانی مەعریفییەوە دەبێت. قوتابی نابێت بەردەوام لەسەر پەتی سۆز و شتە شکڵیی و ڕواڵەتییەکان یاری بکات، چونکە ڕۆژێ دێ دەبینێ کەوتۆتە خوارەوە و کاتی چوونەسەرەوەشی نەماوە. من لە ئاستی حورمەتی شەخسیدا شەڕ لەسەر قوتابی دەکەم و نازی دەکێشم و بەرگری لێدەکەم. بەڵام لە سەر مەعریفە و بەرهەمهێنانی زانست و خۆپێگەیاندن، هیچ موغازەلەیەکی تەلەبە ناکەم و شەڕی لەدژ دەکەم. بەکەمتەرخەمیشی دەزانم چونکە خۆی لە خۆپێگەیاندن دەدزێتەوە و خۆی ماندوو ناکات، بەدوای سەرچاوەدا ناگەڕێت، گفتوگۆی کتێب و تیۆرەکان و کێشە و پرسیارەگەورەکانت لەگەڵ ناکات.

هەروەها دەبێ ئەم عەقڵییەتە هەڵگری تێڕوانینێکی دیکە بێت بۆ ڕۆڵی مامۆستا لە زانکۆدا. لەنێوان سیستەمو قوتابیدا پەیامێك هەیە لەڕێی مامۆستاوە دەگات، مامۆستا لەنێوان قوتابیو ئەوانەی پرۆگرامی خوێندن دادەنێن، پەیامنێرە. مامۆستا بە نیسبەت زانکۆوە هەم ئامرازەو هەم ئامانج. مامۆستا ئامرازێکی باشە بۆگەیاندنی پرۆگرامی زانستیو ماددەکانی مەنهەج بە قوتابی، ئەو ڕایەڵەیە کە زانستو قوتابی پێکدەگەیەنێت. بەڵام ڕۆڵی مامۆستا هەر لەم ئاستەدا بەند نابێ، بەقەدەر ئەوەی مامۆستا نوێنەری سیستەمەکەشە لەناو پۆلدا بۆ هەڵسەنگاندنی بابەتە دەرسییەکان. پێویستە ئەوەی کە مامۆستا هەستی پێدەکات لەلایەن ئیدارەوە بەجدی وەربگیرێ. ئەمەش ئەرکێکی دیکەی مامۆستایە کە ئیدارە بەبێ نکوڵیی لێکردن، دەبێ چارەسەری ئیداریی خۆی بۆ کێشەو کەموکوڕییەکان بدۆزێتەوە. ئەو عەقڵییەتە تازەیە پێویستە هەڵگری ڕوانینێکی نوێش بێت لەسەر پرۆگرامی



خوێندن. چیدی ناکرێت بەوە پاساو بهێنینەوە کە هەر چوار ساڵ جارێك زانکۆکانی کوردستان کۆنفرانسێك ببەستن بۆگۆڕینی پرۆگرامی خوێندن. پرۆگرامی خوێندن پێویستە لە گۆڕانی بەردەوامدا بێت. پرۆگرامی خوێندن پەیوەستە بە بیرکردنەوەی زانستیو میتۆدییەوە، ئەمانەش لە گۆڕانی بەردەوامدان. ئەو گۆڕانانەی لە پرۆگرامی خوێندنی وڵاتی ئێمەدا دەکرێن، گۆڕانی ڕواڵەتینو زیاتر بۆ ئەوەن تاکو لە بۆنە سیاسییەکاندا بگووترێ: گۆڕانمان کردووە. گۆڕانی جەوهەریی لە پرۆگرامی خوێندندا، بۆچوونو میتۆدی نوێی زانستیو شێوازی هاوچەرخی مامەڵەی ئەکادیمی بەدوای خۆیدا دەهێنێ. گۆڕانی جەوهەریی لە پرۆگرامی خوێندندا مرۆڤی چالاكو خاوەن دەروەستیو بیرکەرەوەی زانستیت بۆ بەرهەمدەهێنێ، کەچی لە زانکۆی ئێمەدا ئاستی زانستی لە دابەزینی بەردەوامدایە، لە جیاتی مرۆڤی ئازادو بەختەوەر، قوتابی وەڕسو تێکشکاو و تووڕە، زیاد دەبێ. ئەمەش زیاتر پەیوەستە بە شێوازی ئیدارەکردنەوە. بۆیە ئەو عەقڵییەتە نوێیەی جەنابت پرسیارت لەبارەوە کرد، پێویستە هەڵگری تێگەیشتنێکیش بێت بۆ شێوازی ئیدارەکردن. لەمێژە بڕوام وایە، ئەوانەی لەزانکۆدا ئیدارە دەکەن پێویستە تەنیا ئیدارە بکەن. ئیدارەکردن جگەلەوەی هونەرێکە ئاواش شارەزایی تەکنیکیو پیشەییە، پێویستە ئیدارییەکانی زانکۆ پشتبەستووبن بەفەلسەفەیەکی تایبەتی ئیدارەکردن. ئەمڕۆ زانستی قەیراناسیو فەلسەفەی ئیدارەکردن لێکدی دابڕ نین.

**شوان: مەبەستت لە زانستی قەیراناسیی چییە، ئەمە تەنها بەکارهێنراوێکی تۆیە یاخود هەڵگری خەسڵەتو تایبەتمەندیی زانستیانەیەو قەیراناسیی فەلسەفەی ئیشکردنی خۆی هەیە؟**

**رێبوار:** قەیراناسی و میتۆدی چارەسەرکردنی قەیرانەکان، فەلسەفە و زانستێکە یەکەمجار لەبواری زانستی ناوبژیکردنی سیاسیانەوە هاتە ئاراوە. کێشەی ئیسرائیل و فەلەستین، سێرب و کروات، کێشەی کەڵەکەبووی میللەتانی ناو سۆڤێتی جاران لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزیدا، مەسەلەی ئەمەریکا و بایکۆتکردنی کوبا و ئەو جۆرە کێشە سیاسیانە، زەمینەی ئەوەیان خۆشکرد کەسانێك بە پێشینەی زانستە سیاسی و مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکانەوە لەناو زانکۆکانی ئەوروپا و سەنتەرەکانی دیراساتی سیاسیدا، بیر لەوە بکەنەوە کە کێشەی ئەو لایەنانەی لەگەڵ یەکتردا تووشی قەیران بوون، بەر لە تەقینەوەو پێکهەڵپڕژان و پێکدادانی سەربازی، چارەسەر بکەن. قەیراناسی لە هەناوی زانستی ناوبژیکردنەوە سەریهەڵدا و ناوبژیکردنیش بریتییە لە هاتنەناوەوەی لایەنی سێیەم بە نییەتی ڕەخساندنەوەی زەمینەی گفتوگۆ لەنێوان ئەو لایەنانەی ئالوودەی قەیران بوون و پێکەوە دانیشاندنەوەیان. بۆیە دەکرێ بڵێین بەشێکی گرنگی قەیراناسی بریتییە لە زانستی ئیدارەکردنی قەیران و هەموو قەیراناسییەك قەیرانی شێوازێکی ئیدارەکردنەو قەیرانیش لە ئیدارەدا ڕاستەوخۆ پەیوەستە بەو فەلسەفەیەوە کە لەو ئیدارەیەدا پشتیپێدەبەسەرێ، یان پشتگوێخراوە.

سەبارەت بە زانکۆ و ئیدارەی ئەکادیمیاش دەتوانین بڵێین: لەو زانکۆیانەی دەرسمان تیاخوێندوونو دەیانناسین، ئیدارییەکان کەسانێکن مەگەر



بەشێوەیەکی ڕەمزیی وانەبێژیی بکەن، دەنا ئەوان کاری ئیدارە دەکەن. ئیدارەکردن لەڕاستیدا ڕێکخستنی لایەنی کۆمەڵایەتییو زانستییو کارگێڕیی ئەو دامەزراوەیە کە پێویستە ئیدارە بکرێ. لەم ئیدارەکردنەدا ئێمە پێویستمان بە بیرۆکەی نوێ هەیە بۆ دانانی پلانەکان، پێویستیمان بە گفتوگۆکردنی بەردەوام هەیە لەگەڵ نوێنەرانی ئەو لایەنانەی پلانەکەیان بەسەردا پراکتیزە دەکرێ. پاشان پێویستیمان بەوە هەیە ئەو پلانانەی دامانڕشتوون بیانخەینە بواری کردەییەوە، ئەمجا پێویستە چاودێرییان بکەینو لەکۆتاییشدا بکەوینە هەڵسەنگاندنەوەیان بۆ ئەوەی بزانین ئایا بیرۆکەو پلانەکانمان ئامانجی خۆیان پێکاوە، یان نا؟ ئەگەر پێکاویانە پەرەیان پێبدەینو ئەگەر نەیانپێکاوە، لە هۆکارەکانی بکۆڵینەوەو ڕێگرەکان بخەینە لاوە. زانستی قەیراناسیی، زانستو فەلسەفەیەکە نەك هەر تەنیا لە هۆکاری دروستبوونی قەیرانەکان دەکۆڵێتەوە، بەڵکو دەیەوێ ڕێگیری لە دروستبوونی قەیران بکات. لە زانکۆی ئێمەدا شێوازی ئیدارەکردن تێکەڵێکە لە توندوتیژیی بەکارهێنانو بیروڕاو میزاجی شەخسیی سەپاندنو بڕیار دەرکردنی دیراسە نەکراو و گەڕانەوە بۆ حیزب حیزبێنە. بەو مانایەی ئەگەر ئیدارییەکان نەیانتوانی بەپێی هونەرو زانستی ئیدارەکردن بڕیارەکانی خۆیان بسەپێنن، پەنا بۆ حیزبو مەرجەعی سیاسی خۆی دەباتو بە پاڕانەوە بێت، یان بە هەڕەشەی ئەوەی (واز لە حیزبو خەبات دەهێنێ)، ئابڕووی خۆی دەکڕێتەوەو قومارەکە دەباتەوە.

**شوان: پێتوایە ئیدارەکردن لەنێو زانکۆکانی کوردستاندا بووبێتە قومار و ئیدارییەکان لە هەوڵی بردنەوەی قومارەکانیان بن؟**

**ڕێبوار:** مەبەستم لە قومارکردن بەمانا باوەکەی نا، بەمانای بەکارهێنانی یاساکان و فەلسەفەی قومارکردنە لە ململانێدا. پێدەچێت لە سەرەتای سەرەتاوە قومار جۆرێ لە یاریکردن بووبێت بۆ چێژ وەرگرتن، لەپاشاندا قومار لە یارییەوە دەبێتە کایەیەك بۆ ململانێ، کە تیایدا بکەرەکان هەوڵی بردنەوە بدەن و لایەنی بەرامبەر بە دۆڕاندن بدەن. چونکە بەپێی بیرکردنەوەی قومارکەرانە، لە دۆڕانی ئەویتردایە من دەسەڵاتی خۆم دەسەپێنم، لە سەپاندنی دەسەڵاتدایە ئەویتر دەبەزێنین و سەرشۆڕی دەکەین و تەمبێی دەکەین و بەسەریدا زاڵدەبین.. بەپێچەوانەی شەڕە ڕاستەقینەکانیترەوە، کە تیایاندا لایەنەکان هەوڵی سڕینەوەی یەکتر دەدەن، فەلسەفەی قومارکردن هەوڵی ئیفلاسپێکردنی لایەنی بەرامبەر دەدات. لێرەشەوە قومار دەبێتە جۆرێ لە خووی پیلانگێڕیانە کە غەریزەی بردنەوە و سەرکەوتن و تەماعکاری و کەڵەکەکردن دەبزوێنێ. بۆ نموونە، ئەوانەی لە زانکۆدا پۆستی ئیداری بەرزیان هەیە، هەموو کەسایەتی و بوونی خۆیان بەستۆتەوە بەو پۆستەوە و نایانەوێت لەدەستی بدەن و بۆئەوەی لەدەستی نەدەن، زۆر تەشەبووس و ڕووپامایی بۆ سەرووی خۆیان دەکەن و دەکەونە جۆرێ لە قومارکردن، بەتایبەتی لەگەڵ بەرپرسانی حیزبەکەی خۆیدا و ئەگەر بزانێ کەس پشتگیریی لێناکات، هەڕەشەی ئەوە دەکات کە ئەم حیزبە جێدەهێڵێت و دەچێتە ناو حیزبەکەی ڕەقیبەوە! ڕاگر هەیە بە پلەی پرۆفیسۆری، دوای دوازدەساڵ ڕاگرایەتیکردن، کاتێ زانیویەتی لایدەبەن و پۆستێکی بەرزتری نادەنێ و حیزب و سەرکردەکەی و هاوڕێ دەسەڵاتدارەکانی پشتیوانیی لێناکەن، چۆتە لای حیزبێکی دیکە و لە زانکۆیەکیتردا بە سەرۆکبەشیش ڕازیبووە، بەڵام



لەوێش قەبووڵیان نەکردووە. ئەمە جۆرێکە لە قومارکردن و ڕێزنەگرتن لە پلەی زانسی و ئەکادیمی خۆت. ئەمە جگە لەوەی زۆرینەی ئەوانەی لە زانکۆکانی ئێمەدا کاری ئیدارە دەکەن، لە هەمانکاتیشدا کاری وانەبێژیش دەکەن. ئالێرەشدایە بەشێکی زۆری ئەو تەکەتولاتو ململانێ ناڕەوایانەی ناو زانکۆکانی ئێمە چ لەنێوان سەرۆکی زانکۆو یاریدەدەرەکانیدا، چ لەناو یەکە ئیدارییەکانی زانکۆ خۆیاندا، چ لەنێوان مامۆستاکاندا، وایکردووە لەیەك کاتدا کە وانەبێژ و مامۆستایت، حەز بە پۆستی ئیدارییش بکەیتو غەریزەی حەزکردن بەدەسەڵاتیشت تیا دەبزوێ تاکو فلان پۆست وەربگریو لەپێناوی ئەمەشدا هەرچی ململانێو شتی ناڕەواو نەشیاوە بیکەیت. ئیداریی هەیە، هەرچی ڕەزالەتو ملکەچییە قەبووڵی دەکات، بەمەرجێ پۆستەکەی لێنەستێننەوە و هەر شت بێت! بیری دەچێتەوە کە ئەو بۆخۆی شتەو پۆستی هەیە لەسایەی ئەو زانستەی پێیەتیو ئەو بڕوانامەیەی وەریگرتووە.

بەبڕوای من مامۆستا مامۆستایە بەو مانایەی کە پێشتر باسمکرد، ئیداریی ئیدارییە بەومانایەی کە هەوڵدەدات کەمترین کێشە لەنێوان پرۆگرامو مامۆستاو قوتابیو سیستەمی پەروەردەییدا دروستببێ، بۆ هاتنەدی ئەم خواستەش پێویستمان بەخەڵکێکی ڕاهێنراو و شارەزاو هونەرمەند هەیە، نەك بە عەنتەرو چاومۆڕکەرەوەو خۆگیفکەرەوە، کە ئەخلاقی توندوتیژیی بەعسییەکانمان بیر بهێننەوە، چونکە بەڕاستی هەندێ لە بەعسییەکان لەناو زانکۆشدا شەرمێکیان دەکرد و لەهەندێ مانەی ئێستا بوونەتە هۆکاری بێئومێدکردنو تووڕەبوون و شێواندنی زانکۆ و هێنانەخوارەوەی ئاستی زانستی، ئیدارییتر بوون.

**شوان: ئەو گۆڕانكارییانەی لە پۆستە ئیدارییەكاندا دەكرێن، هیچ كاریگەرییەكیان لەسەر گۆڕینی شێوازی ئیدارەكردن دەبێت، یاخود تەنها بۆ دەفعی گلەییو لادانی كەسێكی نا ئیدارییو بەرزكردنەوەی كەسێكی دیكەی نائیدارییە؟**

**ڕێبوار:** زۆربەی گۆڕانكارییەكان بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگیی سیاسین لەناو زانكۆدا، واتە هەر مەسئولێكی سیاسی كە بەرژەوەندیی لە قۆرغكردنی زانكۆدا هەیە، خواستی ئەوەیە دەستی درێژكراوەی خۆی لەپۆستەكانی زانكۆدا هەبێ. ئەمەش بەمانای ئەوە نییە هەموو پۆستێكی ئیداری كە دراوە بە كەسێ هەمیشە مەرجی سیاسی تێدا بووە. زۆرجاریش پۆستە ئیدارییەكان دەدرێنە كەسانێك، كە بە پرۆسەیەكی ملكەچپێكردنو بە كۆیلەكردندا تێپەڕ دەكرێن، ئەمە جگەلەوەی پێشتریش لەهەندێ ململانێی دیكەوە گلاونو كاتێ پۆست وەردەگرن، پۆستەكەیان بەكار دەهێنن بۆ كۆیلەكردنو ملپێكەچكردنی نەیارەكانیانو ڕێگریكردن لە پێشكەوتنیان: (بۆنموونە، ڕێگری لە: خوێندنی بالاّ، چوون بۆ خوێندن لەدەرەوەی ولات، بوون بە ئەندامی وەفدو لیژنەكان، بەشداریكردن لە گفتوگۆی ماستەر و دكتۆرا، بەدگومانیكردن لە بڕوانامەیان، بەرزبوونەوەی پلەی زانستی، وەرگرتنی سوپاسنامەو ڕێزلێگرتن و دەیان شتی دیكە، كە تەنیا بە خەیاڵی نا ئەكادیمیانەی ئەوكەسانەدا دێت!). ئەمانە دوژمنە ڕاستەقینەكانی زانكۆنو دوژمنی ئەو مامۆستا بەئەزموونانەشن كە مێژووییەكیان لەگەڵ زانكۆ هەیە، دوژمنی ئەو تواناییانەشن كە لەهەندەرانەوە دەگەڕێنەوە. هەتا گۆڕان لە پۆستە ئیدارییەكاندا لەسەر ئەم حسابانەوە بێت، ئەوە گۆڕانكاری لە شێوازی ئیدارەكردندا ڕوونادات. ئەگەر بڕیارە زانكۆ



بگۆڕێت، بەلابردنی سەرۆكی زانكۆو ڕاگرو سەرۆكبەشو یاریدەدەری سەرۆكی زانكۆو ڕاگر، زانكۆ ناگۆڕێت. پێویستە زانكۆ لە تێڕوانینو بیركردنەوەی خۆیدا، لە هەڵسەنگاندنی پێگەو ڕۆڵو ئامانجی خۆیدا بگۆڕێ، پێویستە زانكۆ بیرلەوە بكاتەوە: وەك دامەزراوەیەكی ئەكادیمییو زانستی چ پێگەو مەوقیعیەتێكی لەم كۆمەڵگایەدا هەیە، ڕۆڵی سەرەكیی چییەو ئامانجی بنەڕەتی كامەیە؟

زانكۆ بەر لەهەر شتێ پێویستیی بە گۆڕینی عەقڵییەتی خۆی هەیە، لە عەقڵییەتێكی لەخۆڕازییو لووتبەرزانەی هەمووشتزانەوە بۆ عەقڵییەتێكی زانستیانەی ڕیفلێكسیڤ، واتە عەقڵێ كە بتوانێ بیر لەخۆیشی بكاتەوەو نیگای خۆی بەرەوخۆی پەرچكاتەوە، وەكئەوەی كە لەدەرەوە عەیبەكانی خۆی ببینێ. زانكۆ ئەگەر زانستییەو ئەكادیمییە، پێویستە ئەم عەقڵییەتە زانستییو ئەكادیمیە بەسەر خۆیشیدا پراكتیزە بكات و كێشەكانی خۆی بەهۆیەوە چارەسەر بكات. ناكرێ تۆ دامەزراوەیەكی زانستییو ئەكادیمی بیتو سیستەمی ئیدارەكردنەكەت تۆتالیتاریانەو دژ بەمرۆڤ بێت. بۆیە لە زانكۆدا هەرگیز گۆڕانی بنەمایی ڕوونادات، ئەگەر لەگەڵیدا عەقڵییەتێكی نوێ نەیەتەكایەوە، كە هەڵگری تێڕوانینێكی نوێش بێت بەرامبەر بە: مرۆڤ، كۆمەڵگا، مامۆستا، قوتابی، پرۆگرامی خوێندنو زانستو ئیدارەكردن. زانكۆ لە ئاستی بینایەو تەكنەلۆژیدا بكرێتە بەهەشتیش، بوودجەكەشی سەد ئەوەندە زیاد بكات، گۆڕان ڕوونادات، چونكە زانكۆ ئێستاو لەم كاتەداو لەسایەی ئەم دوو حیزبەی كوردستانو بەهیمەتی ئەوانەی ئیدارەی دەكەن، دوای یەكگرتنەوەی ئیدارەی حكومەتی هەرێمی كوردستانیش هەر لە قەیرانی

سەراپاپییدایە. قەیران واتە ئیشنەکردنی کۆی سیستەمەکە بەهەمان ئاڕاستەو پەرتەوازەبوونی تواناکانو ونبوونی ئامانجی سەرەکی. سروشتی قەیران ئەوەیە بەر لەوەی بتەقێتەوەو سیستەمەکە هەڵوەشێنێتەوە، نیشانەکانی خۆی پیشاندەدات. وەك هەر نەخۆشییەك لە پێشدا نیشانەکانی دەردەکەون، ئەگەر لەکاتی خۆیدا چارەسەر نەکرا دەچێتە قۆناغی قەیرانو مەترسیداریی خۆیەوە. باشترین ڕووبەڕووبوونەوەی قەیران ئەوەیە دەستنیشان بکرێ، ببینرێ، سنوورەکەی بناسرێو دان بنرێ بەوەی کە لەم دامەزراوەیەدا قەیران هەیەو بە پینەکردنو دیپلۆماسیەتی جەنابی سەرۆکی زانکۆو بە قسەی خۆشو لەبلەبانییو شاردنەوەو هەڕەشەکردن لەم ڕەخنەگرو لەو ڕۆژنامەنووسو قوتابیو مامۆستای زانکۆی دڵسۆز، چارەسەر ناکرێ.

**شوان: مانەوەی زانکۆ بەم قەیرانە سەراپاپییەوە کە تۆ باسیدەکەیت، چ زیانێکی لێدەکەوێتەوەو کێ دەبێتە قوربانیی، مامۆستا یان خوێندکار یاخود کۆی کارەکتەرو پێکهاتەکانی زانکۆ؟**

**ڕێبوار:** لەڕاستیدا هەموویان و کۆمەڵگا و حکومەتیش باجەکەی دەدەن. زانکۆی ئێمە، هەر لە زانکۆی دایکەوە کە زانکۆی سەلاحەددینە تاکو زانکۆی سلێمانیو دهۆك و بەوەی کۆیەشەوە، نەك هەر لە قەیراندان، بەڵکو وەکو زانکۆ کەوتونەتە ژێر پرسیارەوەو ئەو عەقڵییەتەی لەوێدا بڕیاردەدات بەسەرچووە. هەر کەسێکیتریش لە داهاتوودا بەو عەقڵییەتەوە مامەڵە لەگەڵ زانکۆدا بکات و ئەوە تێڕوانینی بێت بۆ مرۆڤو زانستەکان، هەر بە هەمان ئەنجام دەگەینو خەسارەتە گەورەکە ڕوودەدات، کە هاتنەخوارەوەی زیاتری ئاستو هەیبەتی زانکۆیە لە کۆمەڵگادا. خۆ ئەگەر ئاستی پەیوەندییەکان هەر



بەمشێوەیەی ئێستا بەردەوامبێت، ئەوە دەتوانین گریمانەی چەند خاڵێکی زیانبەخش بکەین: لەرووی سایکۆلۆژییەوە مرۆڤەکان تا سنووری مەرگ تیایدا ماندوو دەبن، بەبەردەوامیی هەست بەگرژیی قوتابیو مامۆستاو ئیدارییەکان دەکەین، ئەمەش وزەی بەرهەمهێنانو فەزای بەمرۆڤانەکردنەوەی ژیانی ڕۆژانەی زانکۆ دەشێوێنێ. لەگەڵ ئەوەشدا بەبەردەوامیی هەستدەکەین لەنێو زانکۆدا بیرۆکراتییەت بەمانا خراپەکەی، لە زیادبووندایەو ئەوەندەی لە زانکۆدا داواکاریت پێدەنووسنو واژووت پێدەکەنو بۆت دەکەن، لەسەردەمی عوسمانییەکانیشدا نەبینراوە!. لەپشت ئەم ئاڕاستە بیرۆکراتیتە ناعەقڵانییو ڕۆتینیاتە کات بەفیڕۆدەرەوە، ماندووبوونێکی دەروونیی ئامادەیی هەیە کە زۆرجار دەبێتە ڕقهەڵگرتنو ونکردنی ئەوراقو دواخستنی کارەکان. پاشان بە بەردەوامیی هەست بەدەستی سیاسیی دەکەین کە لەنێو زانکۆدا چ بەئاشکراو چ بەشاراوەیی، ئامادەیی هەیەو زیاتریش دەبێت.

**شوان: چی دڵنیات دەکاتەوە دەستە سیاسییەکان لەنێو زانکۆکاندا زیاددەبن لەکاتێکدا بانگەشەیەکی بەردەوامی حیزب هەیە بۆ سەربەخۆکردنی زانکۆ؟**

ڕێبوار: با خۆمان گێل نەکەین و شتەکان وەکخۆی باس بکەین: هەتا ئێستا هەرکەسە لە ماڵی خۆیەوە دژی ئەویتر بووە، هەر حیزبە ئەویتری بوغزاندووە و لەدژی جوڵاوەتەوە، لەکاتی واژووکردنی هاوپەیمانێتیی و گرێبەستە سیاسییەکانی نێوان ئەم دوو حیزبەشەوە، تائەم ساتەوەختە هیچ بەرنامەیەك بۆ ئاشتبوونەوەی ویژدانی و ئەخلاقی لەسەر ئاستی خەڵکی عامە، لەئارادا نەبووە. هیچکامێ لەم دوو حیزبەش دەستکێشانەوەی خۆیان لەدامەزراوەکان

بەزانکۆشەوە، ڕانەگەیاندووە، ئێستاش هەر ئەم دوو حیزبەن بەو پێشینەسیاسی و کەلتووری و ویژدانییە جیاواز و بارودۆخە سایکۆلۆژییەیانەوە، دەیانەوێ پێکەوە گشتێك پێکبهێنن و بچنە ناو ماڵێکەوە. هەڵکردن لەناو ئەو ماڵەدا بەو پێشینەیەوە کە ئەوان لەگەڵ یەکتر هەیانە، ئاسان نییە. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ شەڕی ناوخۆیی دروستببێتەوە، بەڵام ئەوان دەتوانن بڕیارەکانی یەکتر فەلەج و پووچبکەنەوە، کاری ئیداری سست بکەن و هتد. هەریەکەیان هەوڵی زیادکردنی نفوزی خۆی لەناو دامەزراوەکاندا بدات و زانکۆش مەیدانێکی باشی ئەمکارەیە. بە بەردەوامیی هەستدەکەین زانکۆ ئەو ئامانجانەی بۆخۆیان دادەنێ، نایانپێکێو بەلایەکی دیکەدا دەڕوات، پاشانیش دەکەوێتە پاساوهێنانەوە کە بۆ نەگەشتین بەو ئامانجە. لە هەمانکاتیشدا بوونی میزاجێکی شەخسیی لەهەموو ئاستەکانی زانکۆدا وایکردووە ئەم دامەزراوەیە وەکو پێویست سوود لە ئیمکانییەتە تەکنەلۆژییە مۆدێرنەکانیش وەرنەگرێت. بەشێك لە زانکۆکانی ئێمە لەڕووی ڕەفاهیەتی ژیانی زانکۆییەوە گۆڕاون: کۆمپیتەرو سیستەمێکی ئەلکترۆنیی باش لەزانکۆکانی ئێمەدا هەیە، لەڕووی بیناو تەلارسازییەوە زانکۆکانی ئێمە بەرەو خۆتازەکردنەوەیەکی چەندایەتیانە ڕۆیشتوون، کە دروستکردنی کەش و فەزایەکی دیکەیەو تۆ لەناو زانکۆدا پێویستیت پێیەتی. پاشان لە زانکۆی ئێمەدا کارکردن بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامە، بۆتە ئامانجی سەرەکییو کارکردن بۆ ئەوەی ببیتە مرۆڤی دەروەستو زانستبیرو بیرکەرەوەو خاوەن بەڵگەی عەقلانیی، تاکو دێت پشتگوێدەخرێ.



**شوان: بوونی عەقڵیەتێك لەنێو زانکۆدا هەست پێدەکەیت کە بیەوێت زانکۆ لەم قەیرانەی ڕزگار بکات، یان هەر ئەوەیە ئێمە قسە لەوە دەکەین کە پێویستمان بەو عەقڵییەتە هەیە؟**

نموونەکانی ئەم عەقڵییەتە لەناو زانکۆو لە خوێندنی باڵاشدا هەن، کەسانێکی بەرچاومان هەن لە پرانسیپە مۆدێرنەکانی پەروەردە تێگەیشتوونو بیریان پێدەکەنەوە، کەسانێکمان هەن ئیشدەکەن بۆ بە ئینسانیکردنەوەی فەزای زانکۆ، مامۆستایانێکی دەگمەنو لەخۆبووردوو هەن کە ڕێزی کەرامەتو کەسایەتی قوتابیان دەگرن، گوێیان بۆ دەگرن، کێشەکانیان لەگەڵ چارەسەر دەکەن. بەڵام ئەمانە هێشتا دەسەڵاتی پیادەکردنی بیرۆکەکانی خۆیان لەناو سیستەمەکەدا نییە، دەسەڵاتی ئیداریی زانکۆو حیزب لە پێگەی بڕیاردانەکان دووریاندەخەنەوە. ئەمە جگەلەوەی ئەم عەقڵییەتانە هێشتا لەیەکترەوە دوورنو کۆدەنگیان پێکنەهێناوە. ئیدارەی زانکۆش نایەوێ ئەمانە لێکدی نزیکبکەونەوەو لە زانکۆدا دەسەڵات پەیدا بکەن، بەڵام خۆ دەبوو وەزارەتی خوێندنی باڵا بۆ نزیکخستنەوەی ئەمانە لە شوێنی بڕیاردان، دەستپێشخەری کردبا. بەداخەوە هەندێ لەمانە ناچار دەکرێن زانکۆو وڵات جێبهێڵنو قوتابیانی کورد بێبەش بن لە سوودی مانەوەی ئەم توانایانە. نیوەی ڕاستی ئەوانەی لەهەندەرانەوە دەگەڕێنەوە لەبەر خراپی مامەڵەی ئیدارەی زانکۆ لەگەڵیاندا ناچاردەبن بگەڕێنەوەو بەو هەلومەرجە نامرۆڤانەیەی لە زانکۆدا بۆیان دروستدەکرێت، ڕازیی نابن. تیاشیاندایە ڕۆحێکی بەرازانەیان هەیەو لە گەلەگوورگ ناترسن. هەشیانە ئەگەرچی گوایە ساڵەها لە (سۆڤێتی جاران)و زانکۆ (عالەمییەکاندا) خوێندوویانەو لەبەرخاتری (کوردوکوردستان)

گەڕاونەتەوە، بەڵام بە دوو مانگ لەگەڵ عەقڵیەتە کۆنەکەی زانکۆدا خۆی دەگونجێنێو دەبێتەوە بە مرۆڤێکی ئاسایی وەکئەوەی هەرگیز زانکۆو ئەکادیمیای نەدیبێ، دەکەوێتە گیانو ڕۆحی گەنجانی کوردستان!.

**شوان: لە قسەکانی پێشووتدا ئاماژەت بەوەکرد، کە زانکۆ لە ڕووی تەکنیك و ئامێرەکانەوە خۆی نوێدەکاتەوە، بەڵام ئایا ئەوە هاوشان لەگەڵ خۆنوێکردنەوەی عەقڵیدا ڕەوت دەکات یاخود بەپێچەوانەوە تەکنۆلۆژیا هەمووی بەسەر یەکەوە نەگەیشتۆتە کوردستان، بەڵکو تەنیا تەکنیك هاتووە بەبێ لۆژیك؟**

**ڕێبوار:** میللەتێکی زیندوو هەر تەنیا مەسرەفکەری تەکنیك نییە، بەڵکو هەوڵیش دەدات لێی تێبگاتو هەڵیبسەنگێنێ. لەوکاتەوە، کە نازانم کەیە، تەکنیك بەو تێگەیشتنەی کە بەرهەمی عەقڵانییەتی خۆرئاوایەو هاتۆتە کوردستان، ئێمە مشەخۆرین بەسەرییەوە، نەك بەرهەمهێنەرو هەڵسەنگێنەری. ئێستا ئێمە یەکێکین لە میللەتانی مەسرەفکەری بەرهەمە تەکنیکییەکان، بەڵام تێگەیشتنمان بۆ تەکنیك لەئاستێکی زۆر نزمدایە. من بڕواناکەم لە هەموو کوردستاندا چ لە ڕۆشنبیرانو چ لە ئەکادیمییەکان ئەم مەسەلەیەی بە جددی گرتبێ، کە ئێمە زۆر پێویستمان پێیەتی. بۆیە شتێك، ئامرازێك یان هەر کەرەستەیەكو ئامێرێك، کە دێتە کوردستانەوە وەك بەرهەمێکی تەکنیکیی دێت بەبێئەوەی ئێمە لەو عەقڵیەتو باکگراوندە بکۆڵینەوە کە دروستکەری ئەم ئامێرە، یان تەکنیکەیە. ئەمەش ئێمەی خستوەتە نێو گێژاوێکی سەیرەوە: لەکاتێکدا بووین بە میللەتێکی مەسەرفکەری تەکنیك، بازاڕەکانیشمان بوونە زبڵخانەی کۆمەڵێك بەرهەمی



تەکنیکی کە ئێمە لە کێبڕکێیەکی بەردەوامداین بۆئەوەی بەردەوام مەسرەفیان بکەینو فڕێیاندەین تا نوێترینیان بکڕین. زانکۆی ئێمەش بەهەمان عەقڵییەتەوە تەماشای تەکنیك دەکات. لە ڕووی مۆدرێنیزەبوونی تەکنیکییەوە، دەتوانم بڵێم: زانکۆ هەندێ کاری باشی بۆکراوە. ئەو شتانەی تۆ پێویستت پێیانە لە کتێبخانەو کتێبو کەرەستەی باش تائەندازەیەك لەڕووی نەوعیشەوە باش، لەناو کتێبخانەی زانکۆکانی ئێمەدا هەن. وردەوردە ئیش لەسەر ئەوە دەکرێت کە فەزای کتێبخانەکان ببێتە فەزایەك کە تەبا بێت لەگەڵ هەیبەتی زانکۆدا، درێغی نەکراوە لە تازەکردنەوەی کافتریاو دروستکردنی سەنتەرو شوێنی ڕەفاهیو شوێنی نیشتەجێبوونی مامۆستایانو قوتابیان، بەڵام ئەم مۆدێرنیزەبوونە تەکنیکییە هاوشان نییەو نەبووە بە عەقڵیەتێکی مۆدێرن کە هاوسەنگی لەنێوان فۆرمو ناوەڕۆکدا دروستبکات. نوێبوونەوەی شکڵیی ئەگەر قووڵبوونەوەی هزریی لەگەڵدا نەبێت، داڕووخان چاوەڕێی دەکات. نەك هەر پێویستبوو زانکۆ بۆخۆی ئەم هاوسەنگییەی دروستبکردایە، بەڵکو پێویستبوو زانکۆ بە عەقڵییەتی زانستیانەی خۆیەوە پێشگیریشی بکردایە لەهەرجۆرە بەهەڵە تێگەیشتنو بەکارهێنانێکی تەکنیك. هیچ نەبووایە دەبوو زانکۆ لەبەرهەمهێنانی هووشیارییەکی تەکنیکیدا قسەی خۆی هەبوایە. ڕاستە لۆژیکی بازاڕ لە کوردستاندا بۆتە لۆژیکی بازاڕی ئازاد، بەڵام خۆ نابێت بازاڕ بەرەڵڵابێتو بەبێ هیچ سانسۆرێکی ئەخلاقییو ویژدانیی ئەم کۆمەڵگایە بکرێتە زبڵخانەی بازاڕی ئازاد.

زانکۆ دەیتوانی بە هاووڵاتیان بڵێ: ئێوە ئازادن لە خەرجکردنی پارەکانتاندا، بەڵام بزانن سروشتی ئەو شتانەی مەسرەفیان دەکەن چۆنن. واتە دەبوو

پسپۆڕانی زانکۆ بەپێی ئەو زانیارییە زانستیانەی هەیانە، ئاستی هووشیاریی خەڵکیان بەرزکردباوە. زانکۆ بۆنموونە لەسەر شتێکی سادەی وەك ئامێرەکانی خواردن دەیتوانی بڵێت: ئەمڕۆ لەبازاڕدا ئەوەندە جۆری کەوچكو قاپ هەن، بەڵام بزانن خەسڵەتی ئەو ماددانەی ئەو کەوچكو قاپانەیان لێدروستکراون ئەمانەن و ئەمەش زیانەکانیان و سوودەکانیانە. زانکۆ دەبوو قسەی هەبوایە لەسەر بەرهەمە خۆراکییەکان، لەسەر پیسبوونی ژینگە، لەسەر هەرشتێ کە پەیوەندی بەم کۆمەڵگایەوە هەیە. کە قسەی نەبێ‌و نەیەوێ قسە بکات، بەمانای ئەوەیە کێشەیەکی گەورەتری هەیە.

**شوان: ئەو کێشە گەورەترە چییە؟ پەیوەندی بە نەبوونی ئەخلاقێکی ئەکادیمی هەیە لەنێو زانکۆدا، کە ئەوەندەی ئەگەری دروستکردنی باندی مافیایی هەیە بەسەر ئیمتیازاتی زانکۆوە (وەکئەوەی لە زانکۆی کۆیە ڕوویدا) ئەوەندە لەخەمی مەعریفەو پەردەهەڵماڵین‌و ناسینی دیاردەو دەرکەوتە جیاجیاکانی کۆمەڵگای کوردیدا نییە؟**

ڕێبوار: کێشەی هەرەگەورەی زانکۆی ئێمە ئەوەیە کە ناسنامەی خۆی نییە، عەودالّیی ئەم زانکۆیە بەدوای ڕاستی، زانست و بەهابەرزەکان و کەلتووری ڕۆحیی و مەعنەویدا لەوپەڕی لاوازیی خۆیدایە. ململانێ جێگەی زانست و سیاسەتی حیزبایەتی شوێنی حەقیقەتی گرتۆتەوە. زانکۆی ئێمە پرانسیپەکانی زانست و نەریتی پێگەیاندنی مرۆڤی ئەکادیمی ونکردووە. زانکۆی ئێمە مەرجەعێکی زانستی کۆمەڵگا نییە، بەشداری ناکات لە لێکدانەوەی ئەو گۆڕانکارییە خێرایانەی بەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌و کەلتووری‌و مێژوویی ئێمەدا دێن. زانکۆی ئێمە بۆخۆی دەستکەوتێکی مۆدێرنە و کەچی



لەدژی مۆدێرنیتەیە. لەسەر ئایین و مۆدێرنیزاسۆن و لێبووردەیی، لەسەر ئاوسانی ئابووری‌و دەوڵەت‌و بازاڕی ئازاد، لەسەر چۆنێتی نەبوونی پلان‌و بەهەدەردانی سامانەکانی سروشتی‌و ئەو سیستەمە خراپەی خۆراك و تەندروستی و سیاسەت و تەنانەت یاساش، هیچ قسەیەکی ئەوتۆی نییە. هەموو ئەمانە پەیوەستن بە ناسنامەی زانکۆوە و بەقسەکردنە لەسەر ئەم مەسەلانە زانکۆ ناسنامەی خۆی بەرهەمدەهێنێ. ناتوانین بڵێین هەموو ئەوانەی لە زانکۆدا کاردەکەن هەڵگری ئەخلاقێکی ئەکادیمیی نین، ئێمە تاکەکەسەکان تاوانبار ناکەین، من هیچ کێشەیەکی تایبەتیم لەگەڵ هیچ خاوەن پۆستێکی زانکۆدا نییە، ئێمە قسەمان هەیە لەسەر عەقڵییەتی سیستەمی پەروەردەیی‌و ئەکادیمیی خۆمان. سیستەمی پەروەردەیی ئێمەو زانکۆی کوردیی لەوەدا کورتیهێناوە کە نەیتوانیوە ئامانجە سەرەکییەکەی خۆی، کە ئاڕاستەکردنی زەینییەتی قوتابی‌و مرۆڤی کوردە، لە زەینییەتێکی هەڕەمەکییەوە بۆ زەینییەتێکی زانستیی‌و مەعریفیی، بەدیبهێنێ. زانکۆ ماوەی ساڵانێکە ئالوودەی شتیتر بووەو شەڕە بنەماییەکەی خۆی کە پەروەردەکردنی ڕۆحی‌و زانستیانەی ئینسانە، لەبیرچۆتەوە. شەڕی زانکۆ لەسەر پۆستی ئیداریی‌و شەڕی زانکۆکان لەنێوان خۆیاندا وەك تەواوکەری شەڕە حیزبییەکان، خواستی زانستی دابەزاندووەو غەریزەو تەماعی شەڕەپۆست‌و دەستکەوتی شەخسیی‌و ئیمتیازاتی لەناو ئەکادیمییەکاندا بەهێزکردووە. ململانێی حیزبیی‌و تەسلیمبوون‌و لایەنگیرییکردنی زانکۆ بۆ ئەم ململانێیە، وایکردووە لە کوردستاندا توێژی ئەکادیمی لە بەرهەمێنەرانی زانست‌و هزرەوە، ببنە توێژێکی ئیمتیازپەرست‌و چاوچنۆك‌و پێگەخواز، ئەمەش ئاستی زانستیی

هێناوەتەخوارەوە. ناتوانم بڵێم: ئەخلاقی زانستیی لەناو زانکۆکانی ئێمەدا نییە، بەڵام ئەم ئەخلاقە نەبۆتە ئەخلاقێکی هەمەگیرو نەبووەتە ئامانجە بنەڕەتییەکەی دامەزراوەی زانکۆ. ئێمە جگە لە ئەخلاقی زانستییو کەنالێزەکردنی مەعریفیانەی قوتابیو بەرزکردنەوەی هەیبەتی زانستیی زانکۆ، لەسەر هەموو شتێکی دیکە بە ڕەهایی قسەدەکەین، بەڵام کەدێتەسەر ئەم لایەنانەو ئامانجە سەرەکییەکانی زانکۆ، مساوەمەیەکی زۆر دەکرێت. زانکۆ بۆخۆی دەستی هەیەو هەبووە لە پوکاندنەوەو بێبەهاکردنی ئامانجە سەرەکییەکەی خۆیدا.

**شوان: ئەو گۆڕانکارییەی کە لەنێو زانکۆکاندا هەست پێدەکرێت بەرەنجامی قەیرانەکانو لەپێناو کەمکردنەوەی گلەیی کارەکتەرەکانی نێو زانکۆو دەرەوەی زانکۆیە، یاخود دەرەنجامی سەرکەوتنو چونەپێشەوەی زانکۆو بڕینی قۆناغەکانە؟**

ڕێبوار: تۆ ئەمڕۆ لەقۆناغێکدای زانکۆکەت بە شانازییەوە بانگەشەی ئەوە دەکات کە لەپەیوەندیی ڕاستەوخۆدایە لەگەڵ زانکۆکانی جیهان، ئەمەش ئەو چاوەڕوانییە دروستدەکات کە دەڵێت: پێویستە ئەخلاقی زانستیو ئەکادیمییو ئیداریی زانکۆکەی ئێمەش وەك هی زانکۆکانی جیهان بێتو ستانداردیزە بوویێت. کەواتە قۆناغەکە فەرزی دەکات کە زانکۆ دەبێت لەخەمی گێڕانەوەی ئیعتبار بۆ ئامانجە سەرەکییەکەی خۆیدا بێت، نەك تەنیا لەسەر ئاستی ئیدیعایەکردنو قسەکردن لەسەر بەستنی پرۆتۆکۆلاتو پرۆژەی هاوبەش لەگەڵ زانکۆکانی جیهاندا. ناکرێ تۆ ئیدیعایە بکەیت کە هاوپەیمانیی زانستیانەت هەیە لەگەڵ فلانو فیسارە زانکۆی ئەمەریکییو ئەڵمانیو سویدیو



فەڕەنسیی، کەچی فەزای زانکۆکەی خۆت نازانستیانە بێت. بۆیە پێویستە ئەو گۆڕانکاریانەو ئەو هەنگاوانەی بۆ گۆڕان لەزانکۆدا دەنرێن، ببنە گۆڕانکارییو هەنگاونان لە پێناوی ئامانجێکی بنەڕەتیدا.

**شوان: ناچاریی وای لێدەکات یان زەرورەتی زانکۆ وایان لێدەکات زانکۆکانی ئێمە ئەو هەنگاوانە بنێن؟**

**ڕێبوار:** لەمبارەیەوە من ناتوانم بە ڕەهایی قسان بکەم، بەڵام دەتوانم بڵێم: خەڵکانێك هەن لەنێو زانکۆو خوێندنی باڵاو پۆستی جیاوازدا، بە پسپۆڕییو باکگراوندو ئەزموونی جیاوازەوە، ئیشدەکەن بۆئەوەی ئەو گۆڕانکارییە لە گۆڕانکارییەکی شکڵییەوە ببێت بە گۆڕانکارییەکی نەوعیی. ئەو کەسانە پێویستیان بە پشتیوانییە، کێشەی هەرە گەورەی ئەو کەسانە بریتییە لە دابڕانو پەرتەوازەبوونیان، ئەوەیە پشت بە بۆچوونەکانیان نابەسترێت. ئێمە نەك هەر لەنێو زانکۆدا بەڵکو لەدەرەوەی زانکۆو لەنێو ڕۆشنبیرەکانیشدا خەمخۆری زانکۆمان هەیە، بەڵام زانکۆ ئیرادەی نییە بۆ بایەخدان بە بۆچوونی ئەوانە. زانکۆ پێوەرگەلێکی بۆ جیاکردنەوەی خۆی داناوە کە مومکینە ئەم پێوەرگەلە لە هەمانکاتدا تەلبەندێك بێ بەدەوری زانکۆ خۆیدا، کە ئەمەش وادەکات کۆمەڵێك توانات لەدەرەوە هەبن، زانکۆ قەت نەتوانێ سوودیان لێوەربگرێ. ئەو تەلبەندە ڕێگرە لەوەی زانکۆ چ بەهرەمەندبێ لە کۆمەڵێ توانای ناو کۆمەڵگای کوردیو چ ئەوانەی لە هەندەرانەوە دەگەڕێنەوە. زانکۆکانی ئێمە ئاماژەی باش نادەن لەسەر قبوڵکردنی بڕوانامەی دەرەوە، ئاماژەی باش نادەن لەسەر هاوکاریی ڕۆشنبیرو خەڵکانێك کە لەدەرەوەی زانکۆن، زانکۆ سوودی لەو هەموو توانا زانستییەی کوردەکانی خۆرهەڵات

وەرنەگرتووە، بەڵام زانکۆ دەتوانێ سوودی باشیان لێ ببینێت. ئەمانەش چ پێناسەی زانکۆ لە ڕوانگەی کۆمەڵگاوە دەگۆڕن چ سنورێکیش دادەنێن بۆ تەقینەوەو گەشانەوەی تواناکانی ناو زانکۆ. کەواتە قۆناغەکە دەخوازێ زانکۆ بەو ئاراستەیەدا بگۆڕێت کە کرانەوەیە، چونکە زانکۆ ئیدیعای دەکات. ئێمەش وەك میللەتو کۆمەڵگا لە جاران پێگەیشتووترین. ئێمە میللەتێکین هەرچۆنێك ڕەخنە لە ئەزموونی چەند ساڵەی خۆمان بگرین، پێگەیشتووترین لەو میللەتەی هەموو کێشەی ببوو بە سکاڵاکردن لە بەعسو سیستەمێکی تۆتالیتاری وەك بەعسیزم، ئەمڕۆ ئێمە تەنها لەئاستی یادەوەریی و مێژوودا کارناکەین بۆئەوەی ئەو قۆناغە بەشێوازێکی دیکە بخوێنینەوە، بەڵکو ئێمە لەئاستێکی پێگەیشتووتردایین، ئەمە هەموو نەوەکان دەگرێتەوەو بەڵگەی زۆریشمان هەیە بۆئەوە، کە ئەوان دەتوانن بڵێن: نا، خۆئەگەر بشڵێن: ئا، ئەوا بەمەرجی خۆیانەوە دەڵێن: ئا. بۆیە ئەم پێگەیشتووییە ڕەنگدانەوەشی لەسەر خواستو چاوەڕوانیی کۆمەڵگاو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لەزانکۆ هەیە. ئەمڕۆ چاوەڕوانییەك هەیە، کەواتە زانکۆ پێویستیی بەوە هەیە ببێتە ئەو دامەزراوەیەی کە ئێمە وەڵامی زۆربەی پرسیارەکانمان سەبارەت بە ژیانی ڕۆژانەو داهاتوو و ڕابردووی خۆشمانو پرسیارەکانی وەکئەوەی چیمان دەوێو چی باشە بۆئێمەو چجۆرە کۆمەڵگایەکمان پێویستە، چجۆرە سیستەمێکی سیاسییمان پێویستە، بۆچی باس لەکۆمەڵگای مەدەنیی و بە دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگا دەکەین؟ هەموو ئەمانە خواستن لە بیرکردنەوەی گروپە جیاوازەکانی کۆمەڵگاوە سەرچاوەیان گرتووە، زانکۆ نابێ دابڕێت لەم گۆڕانەی کە بەسەر



کۆمەڵگادا هاتووە، دەبوو زانکۆ ڕۆڵی دەستپێشخەرانەتر و هەنگاوی گرنگتری نابایە بۆ گۆڕانکاریی لە خۆیدا.

**شوان: یانی تائێستا هیچ نەگۆڕاوەو دەورێکی نەبووە لەو گۆڕانکاریانەی بەسەر واقیعی کۆمەڵگادا هاتوون؟**

**ڕێبوار:** بەهیچ شێوەیەك زانکۆ دەستپێشخەرنەبووە لە زۆرێك لەو گفتوگۆیانەی کە ئەمڕۆ لە ئاستە جیاوازەکانی کۆمەڵگای کوردیدا دەکرێن، دەبنە گوتارێك کە پرسیار لە داهاتوو دەکات، گوتارێك کە سنورێك بۆ هەموو ئەو شێوازە ژیانییەی ڕابردوو دادەنێت، گوتارێك ئەگەر بڕیارە تۆ یان من ئیمتیازێك وەربگرین خەڵکانێك هەن، بڵێن: بۆ؟ ئەمە جۆرێکە لە بێداریی نوێ، بەڵام بێدارییەکی ئۆرگانیزەکراو نییە، بێدارییەکە زۆرجار دەستیشی تێوە دەخرێت، بەڵام ئێمە نموونەگەلێکی زۆریشمان لەبەردەستدان کە کۆمەڵگا دەتوانێت بڵێت: نا. نا بۆ گەندەڵیی ئیداریی، نا بۆ گەندەڵیی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی، نا بۆ بەعێراقیبوونەوە، نا بۆ پشتگوێخستنی پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە، نا بۆ پشتگوێخستنی خزمەتگوزاریی بۆ شوێنە زیانمەندەکان، نا بۆ قەبوڵخاصو نا بۆ یادکردنەوەی موناسەبەتیانەی هەڵەبجەو هتد. هەموو ئەمانەش بەبێئەوەی دژی سیستمی سیاسیی و بەمەبەستی ڕووخاندنی حکومەتی کوردی بن، بەڵکو خەڵك پرسیار دەکاتو بەدوای چارەسەرکردندایە. لەهەموو ئەمانەدا زانکۆ و عەقڵییەتی زانستی لەکوێ بووە؟ زانکۆ لەخستنەوەی پرسیارو لە تەفسیرکردنی ڕووداوەکاندا هیچ دەستپێشخەر نەبووە، چونکە وەك گووتمان زانکۆ تەلبەندێکی بەدەوری خۆیدا کێشاوە.

**شوان: ناتوانی ئەو تەلبەندەی دەوری زانکۆ ناو بنێیت، ئاخۆ تەلبەندێکی فیکریی مەعریفییە، یاخود حیزبیی و ئەمنییە؟**

**ڕێبوار:** نەك بەو مانایە.. زانکۆ ئەوەی بیرچۆتەوە کە کۆمەڵگا چاوەڕوانیی هەیە لێی، وەك دامەزراوەیەکی ئەکادیمیی کە تەفسیری کێشە کۆمەڵایەتیی و مرۆییەکانمان بۆ بکات، زۆر کێشە هەن لە وڵاتی ئێمە ڕوودەدەن، بەرلەوەی زانکۆ قسەیان لەسەر بکات نووسەرانو ڕۆشنبیرانو ڕۆژنامەنوسەکان قسەیان لەسەر دەکەن، ڕۆژنامەنوسەکانیش زۆرجار لە زانکۆشەوە دەرسیان پێنەگوتراوە، بەڵکو کەسانێکن کە بەحەزو ئارەزووی خۆیان مومارەسەی ئەو پیشەیەیان کردووە. ئەگەر ئەمانە بیانەوێ بێنە نێو زانکۆوە زۆرجار ڕێگریشیان بۆ دروستدەکرێت، یاخود ڕۆشنبیران زۆر کێشەیان باسکردووە، کە لەڕاستیدا کێشەگەلێك بوون دەبوو زانکۆ لەئاستی سیمنارو گفتوگۆی جددیو ئەو بابەتانەدا تەرحی بکردنایەو بوودجەی تەرخان بکردایە بۆ ئەو شتانە. زانکۆ پێویستە دەست لەو تێگەیشتنە هەڵبگرێ کە گوایە تەنیا ئەوانەی لە پۆستەکانیدان دەتوانن پێشنیاری گۆڕانو نوێکردنەوەی زانکۆ بخەنەڕوو. ئەوان شەڕی بەرژەوەندی خۆیان دەکەن و لە ڕوانگەی بەرژەوەندییەکانی خۆیانەوە تەماشای زانکۆ دەکەن. زۆر ئاساییی و زانستییە زانکۆ بەدوای چاوی دیکەدا لەدەرەوەی خۆی، بگەڕێ و داوا بکات هاوکاری بکرێ بۆ بینینی کێشەکان و دروستکردنی بەرگری لەئاستیاندا. زانکۆ دامەزراوەیەکی گرنگە و نابێت ئێمە هەرئاوا بەئاسانی لەدەستی بدەین. زۆرن ئەو میللەتانەی تا ئێستا زانکۆیان نییە، ئێمە کە چەند زانکۆیەکمان هەن، دەبێ نەهێڵین لەدەستمان بچن، چونکە نەیار و ناحەزانی ئێمە، چ لە ئاستی ناوخۆیی و چ لە ئاستی دەرەکیدا،



ئەوەیان دەوێ. نموونەی ئەوتۆ زۆرن کە توندڕەوانی ناوخۆ چەندە بەچاوی نزم دەڕواننە زانکۆ و لە مەجلیسەکانی خۆیاندا چۆن زانکۆ بە سەرچاوەی فەسادی ئەخلاقی وەسفدەکەن. زانستکوێری ئەوان گەیشتۆتە ئەو ڕاددەیەی کە لەڕێگەی دژایەتیکردنی زانکۆوە، دژایەتی نەوەی نوێش دەکەن. دوژمنە دەرەکیەکانیش دەیانەوێو کاردەکەن بۆ متمانەسڕینەوەی ئێمەی کورد بە دامەزراوە زانستی و ئەکادیمیەکانی خۆمان و دەیانەوێ بمانکەنە میللەتێکی مشەخۆر و بێبەرهەم. دەیانەوێ لەڕێگەی زبڵەکانی خۆیانەوە، کۆلۆنیالیزەمان بکەنەوەو کاردەکەن بۆ سووککردنی زانکۆ لەبەرچاوی گەنجەکانی ئێمەدا. لەم نێوانەدا پێویستە ئێمە داوای گۆڕان بکەین لە زانکۆ. پێویستە بە زانکۆ بڵێین: ئیتر پێویستە چاوێکی ڕەخنەیی بەخۆتدا بگێڕیتەوە و سوود لەو وزە و توانایانە وەربگری کە خزمەتت پێدەکەن. پێویستە زانکۆ تەحەمولی ڕەخنە بکات، چونکە ڕەخنە مامەڵەیەکی جوانترە لەگەڵ زانکۆدا وەك لەوەی بە سەرچاوەی فەسادی ناوببەین، یان هیچ متمانەیەکمان پێینەمێنێ. پێویستە بە سیاسیش بڵێین: چارەسەرکردنی کێشەی زانکۆکان بە کردنەوەی زانکۆی نوێ و کۆلێژی نوێ و (بەخشینی) زانکۆیەك بۆ هەر شارێك، مەیسەر نابێت. مەترسیدارترین شت ئەوەیە لەهەر شارێکدا خۆپیشاندان کرا، تۆ بێیت زانکۆیەکیان بۆ بکەیتەوە. زانکۆ و زانست نابێت بکرێنە بارمتەی نێوان حیزبەسیاسییەکان و خەڵکی. کردنەوەی زانکۆ و کۆلێژ لەهەر شوێنێ، جۆرێکی دیکەی لەتوپەتکردنی میللەت و دروستکردنی زۆنی تەنیاییە کە ناهێڵێت قوتابیان لەشاری خۆیان بچنەدەرەوە و ئەزموون کەڵەکە بکەن. حیزبەکان دەتوانن پرۆژەی دیکە پێشکەش بە شارەکان بکەن. باشترین

بەشداریکردنی سیاسی لە چارەسەرکردنی کێشەکانی زانکۆدا ئەوەیە سەربەخۆیی زانستی ئەو دامەزراوەیە بپارێزن، سەربەخۆیی بگێڕنەوە بۆ بەشەزانستییەکان و کۆلێژەکان و ململانێ بکەن لەسەر دەستکەوتی زانستی و توێژینەوەی ئەکادیمی. پێویستە مەرجی کردنەوەی پیشانگای هاوبەشی زانستی و ئەکادیمی سالآنە لەسەر زانکۆکان دابنێن، پێویستە حکومەتی هەرێم پەخشخانەیەکی هاوبەش بۆ بەرهەمی ئەکادیمی هەموو زانکۆکانی کوردستان دابمەزرێنێ و هانی توێژینەوەی نموونەیی بدات و دەیان پێشنیاری شیاوی دیکە..

**کێشەی مامۆستا گەڕاوەکانی هەندەران:**

**شوان: ئاماژەت بەوەدا کە ئەو توانایانەی لە دەرەوە دەگەڕێنەوە، زانکۆکانی کوردستان ئاماژەی باشیان لەبارەوە نادرێ، ئایا ئەم باش هەڵنەسەنگاندنە لەلایەن زانکۆکانی ئێمەوە بەرەنجامی ترسو غیرەیە لەو کەسانە کە لەدەرەوە دێنەوە، یاخود بەرەنجامی بەدواداچوونێکی ئەکادیمیی زانکۆکانی کوردستانە بۆ ئەو توانایانە؟**

**ڕێبوار:** زانکۆ بۆخۆی دەڵێ ئەمە بەرەنجامی بەدواداچوونو خەمخۆریی زانکۆکانی ئێمەیە بۆئەوەی زانکۆ نەبێتە جەنگەڵێك لە هەڵگری بڕوانامەی درۆزنو ساختە. بەڵام ئێمە چەندین خاوەن بڕوانامەمان هەن کە گەڕاونەتەوەو تەمەنیشیان لەتەمەنی منوتۆدا نییە تا پێیان بڵێن: ئەمانە گەنجنو گومانی ئەوەیان لێبکرێ کە ئەمانە هەڵگری بڕوانامە نین. تەمەنی ئەو کەسانەی کە لەدەرەوە هاتوونەتەوە بەلای کەمەوە نموونەیەکی باشیان هاوتەمەنی ئەو



کەسانەن کە ئەمڕۆ ئیدارەی زانکۆیان بەدەستەوەیە، بەڵام ئەوانیش دووچاری هەمان ئەو کێشەیە بوون، بۆنموونە کەسێکی وەکو کاك رەفیق سابیر کە هەڵگری بڕوانامەیەکی زانکۆییە بەڵام تائێستا لە دەرەوەی زانکۆیە، کەسێکی وەکو کاك فاروق رەفیق کە هەڵگری بڕوانامەی زانکۆییە بەڵام لەدەرەوەی زانکۆیەو دەیانیتر. ئەوانە گەنج نین بە پێی تەمەن، بەڵام ئەوان هەمان عەقڵیەتیشیان نییە، کە ئەمڕۆ بڕیاری زانکۆیی، یان بڕیاری ئیدارەی زانکۆی ئێمەیان بەدەستەوەیە، ئەمانە بەرهەمی جیدیان هەیەو بیردەکەنەوەو ڕازیی نین. ئەمانە لە گفتوگۆشدانین لەگەڵ زانکۆدا، زانکۆ تێیگەیاندوون کە ئەوانی پێویست نییە! جورئەتێکی گەورەی دەوێ بۆ زانکۆیەکی وەك زانکۆی سلێمانی، یان زانکۆی سەلاحەددینو دهۆكو کۆیە بڕوانامەیەك ڕەتبکاتەوە کە لە زانکۆیەکەوە وەرگیراوە، بۆی هەیە ئەو زانکۆیە لە پڕۆژەیەکدابێ لەگەڵ یەکێ لەم زانکۆیانەی ئێمە. ناکرێ تۆ پڕۆژە لەگەڵ زانکۆیەکدا بکەیت، بەڵام لەوسەرەوە بڕوانامەکانی ڕەتبکەیتەوە، لەبەرئەوەی لە گیرفانی کوردێکدایە تۆ بەدڵت نییە، یان هاوحیزبت نییەو ڕەخنە دەگرێو شتی لەو بابەتە.

**شوان: هەندێ مامۆستا هەن لەدەرەوە گەڕاونەتەوەو تائێستاش بڕوانامەکانیان هاوتا نەکراوەتەوەو پۆستیشیان وەرگرتووەو دەرسی خۆشیان دەڵێنەوە، بەڵام هەندێ کەسی وەك جەنابتان کە لەم دواییانەدا وەك بیستمان لە زانکۆی سلێمانی بیانووی ئەوەت پێگیرابوو کە بڕوانامەت نییە. هۆکاری ئەمە چییە کە لەتۆ دەپرسرێتەوە بۆئەوەی بڕوانامەکەت هاوتا بکرێتەوە یاخود بەبێ بڕوانامە تۆمەتبار دەکرێیت، بەڵام لەکەسانێکی دیکە ناپرسرێتەوە**

## کە ڕەنگبێ بڕوانامەشیان نەبێ یاخود گەر هەشیان بێ هاوتا نەکرابێتەوە؟

**ڕێبوار:** عەقڵییەتی ئیداریی زانکۆ بەشێوەیەکی گشتیو سیستەمی پەروەردەیی ئێمە بەتایبەتی، ئەو کادر و مامۆستایانەی خۆی خۆشناوێ کە سەرنجیان لەسەر زانکۆو پەروەردە هەیەو دەیانەوێ چاکسازیی تێدا بکەن. سەبارەت بە ئەوانەش کە دەگەڕێنەوە، هەرزوو دەبن بە تەڵەی ململانێکانی ناو زانکۆ خۆیەوە، هەرزوو پێویستە تێبگات کە ئەو لە مەترسیدایە. ئەوەی بە خەیاڵیدا نایەت لێرە پێیدەڵێنو بۆی هەڵدەبەستن. لەناو دامەزراوەی زانکۆدا زەینییەتێکی ئەوەندە هەڕەمەکییو پڕوپاگەندەچی هەیە، لەهیچ گەڕەکێکی میللیدا نییە. من هەردەتوانم ئەوەندە بڵێم: ئەوانەی دەگەڕێنەوەو پۆست وەردەگرنو کێشەیان نییە، هەمەجۆرن، ناکرێ هەموویان بەیەك چاو تەماشا بکەین. ئەگەر کەسێ بڕوانامەی هەبێو بۆی یەکسانکرابێت، پۆستەکەشی پیرۆز بێت. ئەگەر بڕوانامەی هەبێتو یەکسان نەکرابێت، پێویستە داوای یەکسانکردنی بڕوانامەکەی بکات. خۆ ئەگەر بڕوانامەی نییەو خزمی سەپانی ماڵی پاشایە، ئەوە چاکترە پۆست وەرنەگرێ. سەبارەت بەمن، زانکۆی سلێمانی یەکەم زانکۆ نییە بەهانەیان لەسەر بڕوانامە پێگرتووم، پێشتر لە زانکۆی سەلاحەددینی هەولێریش ڕاگری کۆلێژەکە (کە پرۆفیسۆریش بوو) لەگەڵ یەکدوانێکی دی، هەمان بەزمیان پێکردم. لەڕاستیدا من کە دامەزرام داوای یەکسانکردنی بڕوانامەم نەکردو ئەمەم نەدەزانی، چونکە لە فەرمانی دامەزراندنەکەمدا لە سەرۆکایەتی زانکۆوە، نووسرابوو: (بڕیارماندا بە دامەزراندنی فلانی کوڕی فلان هەڵگری بڕوانامەی ماستەر). من وەهام



لێکدایەوە کە بڕوانامەکەمیان یەکسانکردبێ. بەڵام پاش سێ ساڵ وانەوتنەوەو ساڵێ وەك مامۆستای وانەبێژ لە زانکۆی سلێمانی، بەزمەکە دەستیپێکرد. سەرۆکایەتی ئەوکاتەی زانکۆی سەلاحەددین ڕازیی نەبوو من بێم لە زانکۆی سلێمانی وانە بڵێمەوە، زانکۆی سلێمانیش، کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتییەکان زیاتر لە دوونامەی فەرمییان بە ئیمزای یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ نووسی کە پێویستیان بە من هەیە بۆ وتنەوەی وانەی (مێژووی هزری کۆمەڵایەتی) و (تیۆرەکۆمەڵایەتییەکان) لەبەشی کۆمەڵناسی.. هەموو ئەو دۆکیۆمەنتانە ماونو هەرکەس بیەوێ لەبەر دەستدان. بڕیارمدا بێم بۆ زانکۆی سلێمانی و ساڵێك وانەم گووتەوە بەبێ ئەوەی شوێنی حەوانەوەم بۆ دابینبکرێ. لەولاشەوە لە زانکۆی سەلاحەددین داواکاریم بۆ لیژنەی یەکسانکردنی بڕوانامەکان لە خوێندنی باڵا، بەرزکردەوە تاکو بڕوانامەکەم بۆ یەکسان بکەن. ئەوانیش زۆر بەزوویی ئەوکارەیان ئەنجامدا. دوای ئەمە ئیتر لە زانکۆی سەلاحەددین لەسەر بڕوانامە یەخەیان نەگرتم، بەڵام کاروباری بەرزبوونەوەی پلەی زانستییەکەمیان سێ ساڵ دواخست. لەدوای ئەوە سەرۆکی زانکۆ و یاریدەدەرەکەی گۆڕاو نەوەی مامۆستایانی گەنجتری وەکو ئێمە بۆماوەیەك بووژاینەوە، چونکە سەرۆکی زانکۆی نوێ، مرۆڤێکی لەسەرخۆو بەڕێز بوو.

**لەنێوان زانكۆی سلێمانی و سەلاحەددیندا:**

**جێمی دووەم:**

**شوان: تۆ كە لەزانكۆی سەلاحەددین بەرزكرایتەوە بۆ یاریدەدەری ڕاگری كۆلیژێكو پاش سوتاندنی كتێبخانەكەت، بۆچی كە یەكجارەكی خۆت گواستەوە بۆ زانكۆی سلێمانی لەسەر بڕوانامە كێشەیان بۆ دروستكردیت؟ پێشتر بێ بڕوانامەبووی لە زانكۆی سەلاحەددینو زانكۆی سلێمانی كەشفیكرد كە نیتە، یاخود چی؟**

ڕێبوار: بەبڕوای من بوون بە یاریدەدەری كۆلێژێك یان هەر پۆستێكی دیكەی ناو زانكۆ، بەرزبوونەوە نییە، بەڵكو وەرگرتنی ئەرك و ئیلتیزامە، بوونە خزمەتكار و شەووڕۆژخستنەوە سەریەكە. ئیشكردنە لەناوەندی ئیداری و زانستیدا. سەرۆكی نوێی زانكۆی سەلاحەددین، لەسەرەتاوە بەرنامەیەكی پێبوو بۆ گۆڕانكاری لەناو زانكۆدا، كە بریتیبوو لە گۆڕینی زۆرینەی پۆستەكان هەر لە یاریدەدەرەكانی سەرۆكی زانكۆوە تاكو ڕاگر و یاریدەدەرەكانی ڕاگر. كاتێ سەرۆكی زانكۆ داوای لەمن كرد ئەو پۆستە وەربگرم، لەسەرەتاوە پێم باش بوو تەنیا وەك مامۆستایەك بمێنمەوە، بەڵام دوای مانگێ زیاتر لەو داخوازییە و سووربوونی بەڕێزیان، دەستبەكاربووم و بەرنامەم هەبوو بۆ ئیشكردن لە كۆلێژی ئادابدا، دوایئەوەی ئەو كۆلێژە ماوەی دەساڵ زیاتر بوو هیچ گۆڕانكارییەكی بەخۆیەوە نەبینیبوو. ئێمە لە كۆلێژی ناوبراو گروپێكی گونجاوبووین، پرسوڕای بەردەوام هەبوو لەنێوانماندا و ئامانجمان گۆڕانكاری بوو لە هەموو بوارەكاندا. ئامانج ئەوەبوو باشترین خزمەتگوزاری پێشكەش بكرێ. پێش زۆربەی بڕیارەكان ڕاپرسیمان دەكرد



لەناو تەلەبەكاندا و پرسوڕامان بەمامۆستاكان و لیژنە و كارمەندەكان هەبوو و هتد. سەبارەت بەهاتنەوەی من بۆ زانكۆی سلێمانی دەبێت هەڵەیەك ڕاستبكەمەوە: هاتنەوەكەی من لەبەرئەوە نەبوو كتێبخانەكەم سوتێنرا، یان (بۆخۆم سووتاندم تا لە سلێمانی پێشوازیم لێبكرێ، وەك هەندێ لە برایانی ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەنووس گووتیان). من هەمیشە و لەهەموو شوێنێكی ئەم وڵاتەدا پێشوازیلێكراو بووم و شار نییە دۆست و ئاشنای منی لێنەبێت. بەڵام بڕیاری هاتنەوەم بۆ سلێمانی پێشتر دابوو. من پێش ئەو ڕووداوە و دوای ئەویش بەچەند مانگێ لە زانكۆی سەلاحەددین مامەوەو پێشئەوەی بەیەكجارەكیش بێمەوە بۆ زانكۆی سلێمانی، ڕاوێژم لەگەڵ هەردوو سەرۆكایەتیو ڕاگرایەتی كۆلێژی زانستەمرۆڤایەتییەكانی زانكۆی سەلاحەددینو زانكۆی سلێمانی كردبوو. هەموو ڕازیی بوون، بەڵام ڕاگرایەتیو سەرۆكی زانكۆی سەلاحەددین لەدڵەوە حەزیان بە نەقڵبوونی من نەدەكردو هەوڵی نەجیبانەی خۆشیاندا بۆ پاشگەزكردنەوەم. كە چوومە لای سەرۆكی ئێستەی زانكۆی سلێمانیش، زۆر ڕێزی لێگرتمو وەعدی دا كاروبارەكانم ئاستەنگیان تێنەكەوێت. پێشتریش لە سەرۆكایەتی بەشی كۆمەڵناسی دوو وانەیان بۆ دەستنیشان كردبووم، كە دەبوو یەكێكیان وانەی (تیۆرەكۆمەڵایەتییەكان)بێت، قوتابیەكانیش ئەمەیان دەزانی. بەڵام سەرۆكی بەش لەمە ژێوان بۆوەو كارگەیشتە مانگرتنی قوتابییەكان. كێشەكە لەڕاگرایەتی كۆلێژی زانستەمرۆییەكان چارەسەرنەكراو منیان ڕاپێچكردە بەردەم سەرۆكی زانكۆ بەتۆمەتی ئەوەی گوایە (قوتابییەكانم هانداوە بۆ مانگرتن). سەرۆكی زانكۆی سلێمانی تەحقیقێكی وردی لەمن كردو بەزمانێك

لەگەڵمدا دەدوا کە بۆنی ئەوەی لێدەهات ئەویش بڕوای بەو تۆمەتانە کردووە کە سەرۆکی بەشی کۆمەڵناسی و ڕاگرو یەکدوو مامۆستا دابوویانە پاڵ من. زۆر هەوڵمدا بۆ جەنابی سەرۆکی زانکۆو مەجلیسەکەی ڕوونبکەمەوە، کە ئەم مەسەلەیە پەیوەندی بەمنو قوتابییەکانەوە نییەو پەیوەستە بە ململانێو تەکەتولاتی ناو کۆلێژی زانستەمرۆییەکانو بەشی کۆمەڵناسییەوە، بەڵام کە هەستمکرد ئەم سەرۆکی زانکۆیە مرۆڤێکی ئاوا لایەنگرەو بەوچاوە سەیرم دەکات کە من دەستم هەیە لە مانگرتنی قوتابییەکاندا، هەستام ڕووخسەتم خواستو دانیشتنەکەم بەجێهێشتو بڕیارەکەم دایە دەست خۆی چی دەکات، بیکات. بۆ ڕۆژانی دوایی، پاش ئەوەی قوتابییەکانی بینیبوو، پەشیمانبۆوە لەو ڕەفتارە ناعادلانەی لەگەڵ مندا کردبووی، تەلەفۆنی بۆکردمو کاتێکی دانا بۆئەوەی بچم بۆلایو گووتی: با لاپەڕەیەکی تازە هەڵبدەینەوە. ئەمە بڕیارێکی باش بوو، چونکە لەدوای تەحقیقکردن مرۆڤ بەجۆرێکی دیکە بڕیار دەدات.

هاوکات بەم گووشارە دەروونییە، سەرۆکی بەشی کۆمەڵناسی و ڕاگر لەسەر ئەوە ڕێککەوتبوون کە بەهانەی ئەوە بە من بگرن کە بڕوانامەم نییەو بڕوانامەکەم ساختەیە و نێچیروان بارزانی بڕوانامەی بە من داوە.. من پێشتریش ئەم قسەیەم لەسەر زمانی ڕۆشنبیرێکی کوردەوە بیستبوو، کە ئێستا ئینکاریی دەکات و ئەویش پەشیمانە و سەری داوێتی لەبەرد. ئیتر کاتێکم زانی چەندجارێ بە قوتابییەکان گووتراوە: ئێوە بۆچی داوای ئەم مامۆستایە دەکەن، کە بڕوانامەی نییە تەزویرەو نێچیرڤان بارزانی بڕوانامەی داوەتێ. ڕۆژێك قوتابییەکانم کۆکردەوەو کۆی بڕوانامەکانم بە سێ زمان پیشاندان. ئیتر داوامکرد لە لیژنەی یەکسانکردنی بڕوانامەکانی زانکۆی سلێمانی، کە



بڕوانامەو بەرزبوونەوەی پلە زانستییەکەم بۆ یەکسان بکەنەوە. بڕیاریشمدابوو زانکۆی سلێمانی بەجێبهێڵم، چووم بۆ ڕانییە خانوو بگرم. بەڵام کاتێ لە ڕانییە بووم، هەندێ لە دۆستانی دڵسۆز تەلەفۆنیان بۆکردمو پەشیمانیانکردمەوە. من بۆخۆشم گەیشتبوومە ئەو قەناعەتەی کە من لە عەقڵییەتی ئیدارەی زانکۆی سلێمانی زویر بووم، نەك لە شاری سلێمانی. ماوەیەکی کەمی پێچوو هەندێ لە ئەندامانی بەڕێزی لیژنەی یەکسانکردنی بڕوانامەکان کاتێ ناوی منیان بینیبوو، گوتبوویان ئێمە تەنیا بە بەرهەمەکانیدا دەیناسین، بەڵام کاغەزی سپی بۆ ئیمزا دەکەین. لیژنەکە بڕوایان وابوو نابێت دووجار بڕوانامەیەك یەکسان بکرێتەوە، بەڵام من سوور بووم لەسەر یەکسانکردنەوەی بڕوانامەکەم. هەڵوێست و هەڵسەنگاندنی لیژنەی ناوبراو بۆمن جێگەی شانازی بوو. ئەم هەڵوێستە، هەڵوێستی بەڕێز د.کەمال مەزهەر ئەحمەدی بیرهێنامەوە، کە سەبارەت بە ئەو باسانەم کە بۆ بەرزبوونەوەی پلەی زانستی نووسیبوومن، فەرمووبووی: کەم باس هەیە هاتبێتە لای منو گلیان بدەمەوە. ئەم قسانە بۆمن بڕوانامەی مەعنەویی زۆر گەورەن. دواجار سەرۆکی لیژنە، بەڕێز د.عەلی تۆفیق بەناوی لیژنەکەوە بانگی کردمو زۆر دڵخۆشیی دامەوە، وتی: تۆ چی دەڵێیت لیژنە ئیمزای دەکات. من تێگەیشتم کە بیانووی بڕوانامەکەم پەیوەندی بە لیژنەی هەڵسەنگاندنی بڕوانامەکانی زانکۆی سلێمانییەوە نییە، سەرچاوەکەی هەمان تەکەتولاتی کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتییەکانە. بەهەرحاڵ، بڕوانامە بۆ جاری دووەم یەکسانکرایەوەو بەڕێز خانمەوەزیری خوێندنی باڵا فەرمانی وەزاریی پێدەرکرد.

پێشتریش بەرێز دکتۆر سەردار، ڕاوێژکاری خوێندنی باڵا سەردانی کۆلێژی ناوبراوی کردبوو تا دەست لەو ڕەفتارەیان هەڵبگرن و بەگوێیان نەکردن.

**شوان: پێتوانییە هەوڵێك هەبێ لەنێو زانکۆدا کە زۆرتر سیاسییەکان ڕۆڵی تیا دەبینن، تاکو لەڕێی ئیدارییەکانی نێو زانکۆوە جێبەجێی بکەن، بۆ ڕێگەگرتن لەو مامۆستاو ئەکادیمیانەی کە ئەگەری ئەوەیان پێییە قسە لەسەر ناڕێکیو گەندەڵییەکانی نێو زانکۆ بکەن بەتایبەت لە ڕووە ئەکادیمیەکەیەوە؟**

ڕێبوار: قسەکردن لەسەر کەموکوڕی و ناڕێکی و هەموو ئەو پەیوەندییە نائەکادیمیانەی لەزانکۆدا هەن و هەموو ئەو هەلومەرجانەی بارودۆخی حیزبی لەزانکۆدا خستونیەتییەگەڕ، لەبەرژەوەندی ئەو کەسایەتییە حیزبیانە نییە کە تەماعی تایبەتیان لە زانکۆدا هەیە و بێگومان بۆ ئەمەش لە پۆستە ئیدارییە جیاوازەکانی ناو زانکۆدا خەڵکی خۆیان هەیە. ئەوەی ئێمە وەك دژایەتیکردنی ئەو مامۆستایانەی ئەگەری ئەوەیان هەیە قسە لەسەر کەموکوڕییەکانی زانکۆ بکەن، دەیبینین، زۆرجار سەرەتا لەلایەن ئیدارییەکانی زانکۆوە بەرجەستە دەبێت، بەتایبەتی ئەگەر پەیوەندی بەلایەنی ئەکادیمییەوە هەبێ. واتە حیزبییەکان ئاگاداریی ئەوە نین ئەو مامۆستایانە کێن، بەڵکو سەرەتا ئیدارییەکانی زانکۆ ئیشدەکەن بۆ دەستەمۆکردنی ئەو کەسانە لەڕێی پیشاندانی لایەنە جوانەکانی خۆیانەوە. پاشان ئەگەر نەتوانرا دەستەمۆبکرێن و (بخرێنە گیرفانەوە) و بکرێن بە (جەماعەتی خۆمان)، دەکەونە لێپێچینەوە و پەلپ و بیانوو پێگرتن و بەدگومانی خستنەسەر پێشینەی ئەکادیمی و پڕوپاگەندەکردن لە دژی کەسایەتی و بڕوانامەکانیان. ئەگەر بەمەش نەتوانرا



ئەو مامۆستایە بێدەنگ بکرێ، هەوڵدەدرێ دووچاری هەڵەی ئەخلاقی و ئەوجۆرە شتانە بکرێ و بەمە خاڵی لاوازیی بۆ دروستبکرێ تا بتوانرێ بەوهۆیەوە کۆنترۆڵ بکرێ. ئەگەر لەمەشدا خۆی نەدا بەدەستەوە، ئەوسا لە ڕێگەی بەش و کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی کۆلێژ تەنانەت لە ئەنجوومەنی زانکۆش باسبکرێ و لایەنی حیزبی لێهانبدرێ و هەوڵی جۆرێ لە سزادانی بدرێ.. لەڕاستیدا نازانم ئاخۆ لەم هەوڵانەدا سیاسی بە شێوەی ناڕاستەوخۆ دەستی هەیە یان **نە** ، بەڵام هەرگیز نەمدیوە بەشێوەی ڕاستەوخۆ سیاسییەکان دەستیان هەبێ لە ڕێگیریکردن لەو کەس و ئەکادیمیانەی قسە لەسەر گەندەڵییەکانی ناو زانکۆ دەکەن. بگرە بە پێچەوانەشەوە و ڕەنگە ئەمەش لایەنی سەرسووڕهێنەری مەسەلەکەش بێت، کە زۆرجار بەهۆی هاتنەناوەوەی سیاسییەوە، کێشەکان چارەسەربوون و ئیدارییەکانی زانکۆ سنووریان بۆ داندراوە و چوونەتەوە قاوغەکەی خۆیان. بەبڕوای من ئەمەش زۆر گرنگ نییە کە کێ و چۆن ڕێگە لەو ئەکادیمیانە دەگرێ. پرسیارەکە بۆمن ئەوەیە: ئایا لە بنەڕەتدا ئێمە لەو جۆرە ئەکادیمیانەمان هەیە کە ڕەخنە بگرن و گەندەڵییەکانی کایەی ئەکادیمی ئاشکرا بکەن؟ ئەوە شەش ساڵە من لە کایەی ئەکادیمی کوردیدا کار دەکەم و سەدان مامۆستا و ئەکادیمیم ناسی و شایەتی بڕوانامە وەرگرتنی دەیانی تریش بووم. بەڵام بە دەگمەن کەسانێکم دیتن کە لەودیو قسەکردن لەسەر کێشە تایبەتییەکانی خۆیانەوە، قسەیەکیتریان هەبێ لەسەر سیستەمی پەروەردەیی و ئەکادیمی ئێمە. بەدەگمەن کەسانێکم ناسین کە بۆخۆیان قوتابی ناو ئەم سیستەمە بوون و ستەمیان لەبارەوە کراوە، کاتێ بوونەتە مامۆستا و پۆستی ئیدارییان وەرگرتووە، لەبەرامبەر قوتابیانیاندا

ستەمكار نەبووبن و بە هەمان شێواز لەگەڵیاندا نەجووڵابنەوە كە بۆخۆیان لەسایەیدا ڕۆژگاریّ ناڵەیان دەهات. هاوڕێی ئازیز، ئەوەی من بینیومە و دەیبینم نەك هەر ئەكادیمییەكە ڕەخنەناگریّ لە گەندەڵی و كەموكورییەكانی زانكۆ، بەڵكو زۆر بەئاسانیش دەچێتە ناو گەمەی ئیمتیاز وەرگرتن و لەخۆباییبوون و ستەمكاری زانستییەوە. ئاخر ئەگەر ئەو ئەكادیمیانەی تۆ باسیان دەكەیت هەبوونایە، چۆن زانكۆ دەگەیشتە بەو ڕۆژەی وەك دامەزراوەیەكی گەندەڵكار باسی بكەین؟ حەیف بۆ ئەو زانكۆیەی ڕۆژگاریّ مەرجێكی سیاسی كورد بوو لەگەڵ ڕژێمدا كە پێویستە زانكۆ لە كوردستاندا بكاتەوە و كەچی ئێستا ئێمە، وێڕای بوونی چەند زانكۆیەكیش لە كوردستاندا، دەبیّ ئەسەف بخۆین كە بۆچی زانكۆكان ئاوایان لێهات؟! كیّ ئاوای لێكردن و ئاستی زانستی بۆچی ئاوا دابەزیوە؟ ئەمڕۆ ئێمە لە قۆناغێكداین كە باشترین و عاقڵانەترین هەنگاو ئەوەیە، كۆتایی ئەم مۆدێلەی زانكۆ ڕابگەیەنین و بكەوینە خۆئامادەكردن بۆ بەرهەمهێنانەوەی مۆدێلێكی نوێی زانكۆ، كە لەئاستی خەون و تراژیدیا و قوربانییەكانی ئەم میللەتەدا بێت.

## سەرمایەداران و زانكۆ

**شوان: ئەوەندە زانكۆ بەكەمتەرخەم دەزانیت لە ئاست كێشەكاندا، تا ئەو ڕادەیەی داوای ئەوە بكەیت خۆی هەڵبوەشێنێتەوە و كۆتایی خۆی ڕابگەیەنیّ؟**



ڕێبوار: مەبەستم لە خۆهەڵوەشاندنەوەی زانكۆ نییە وەكو دامەزراوەیەك، بەڵكو مەبەستم ئەوەیە كە چیدی بەم بێبەرنامەیی و تێكەڵوپێكەڵی و كۆنی مەنهەج و نەبوونی پێوەری زانستی هاوچەرخ و كات بەفیڕۆدان و بارودۆخە گرژەی ناو زانكۆكانی كوردستانەوە، ناتوانیت مۆدێلێكی باشی بەرهەمهێنانی مەعریفە و زانست بیت. زانكۆی ئێمە لە حاڵی حازردا لە قوتابخانەیەكی دواناوەندی یەكیّ لە قەزا و ناحییەكان دەچێت، نەك لە سەنتەرێكی ئەكادیمی پێویست و هاوچەرخ. زانكۆی ئێمە پێویستییەكی زۆری هەیە بە خۆگۆڕین و دانیشتن و گفتوگۆكردن لەسەر كێشە و كەموكورییەكانی. سەرۆكی زانكۆكان پێویستییان بە بوێرییەكی زیاتر هەیە لەبەرامبەر هەموو ئەو دەستە دیار و نادیارانەی ناهێڵن ئەوان خزمەتی زانكۆ بكەن. پێویستە ڕاگرەكان بیروڕا ئاڵوگۆڕ بكەن لەسەر ئەو كێشانەی ڕووبەڕوویان دەبنەوە و پێكەوە و بەهاوكاری یەكتر و بەكە ئیدارییەكانیان بەدوای چارەسەردا بگەڕێن. زانكۆ چەندە پێویستی بە هاندان و ئاگاداربوونە لە قۆناغەكانی بەرایی خوێندن، چەندە پێویستی بە دەزگا ئەمنییەكان و سیاسییەكانە بۆ ئەوەی لە مەترسییەكان بیپارێزن و بودجەی باشی بۆ دابین بكەن، ئەوەندەش پێویستی بە پرۆتۆكۆلاتە لەگەڵ سەرمایەدارەكاندا. پێویستە زانكۆ خاوەن پارەكانی كوردستان بكاتە سەرمایەداری خاوەن كەلتوور و ئەتەكییەت و سەرنجیان ڕابكێشێت بۆ ئەو قازانجەی ئەوان لە زانكۆی دەكەن و كردویانە. بەڕاستی ئەوان قازانجیانكردووە لە زانكۆ بەوەی كە باشترین هێزی كار و تواناترین زەینەكان و لەڕووی تەمەنیشەوە گەنج، لە زانكۆوە و بە بڕوانامەی زانكۆییەوە چۆتە ناو كۆمپانیاكانەوە، بەبیّ ئەوەی ئەو كۆمپانیایانە لە پرۆسەی

پێگەیاندنی ئەو گەنجانەدا هیچ ڕۆڵێکیان هەبووبێ. لەهیچ ولاَتێکدا شتی وەها نییە و ئەمە تەنیا لە کوردستانی بێمافدایە کە گەنجەکان ئاوا بەئاسانی لەلایەن سەرمایەداریی خۆماڵییەوە قۆرخ دەکرێن. لەبەرامبەر ئەمەدا پێویستە زانکۆش داواکاریی ئەوە بێت ئەو هێزی کارەی بەرهەمی دەهێنێت، لەلایەن کۆمپانیا و خاوەن کارەکانەوە، لە هەردوو کەرتی گشتی و تایبەت، نرخیان بۆدابنرێت و قوتابیان بە مژدەی ئەوەی بێکار نابن، هانبدرێن و کێبڕکێ لە نێوانیاندا دروستبکرێ. پێویستە خاوەن پارەکان پشتگیری توێژینەوە بدەن بە زانکۆ و بەشە زانستییەکان و لەو ڕێگەیەشەوە بەشداربن لە پێگەیاندنی کەسانی پسپۆڕ و شارەزادا. پێویستە پێش تەواوبوونی خوێندنەکەیان فرسەتی کار بۆ گەنجەکان بڕەخسێنن و متمانەیان بەلای خۆیاندا ڕابکێشن. زۆر گرنگە زانکۆ جگەلەوەی پەروەردەی ڕۆحی و زانستی قوتابی بکات، ئاواش لە ژیانی کردەییدا کاری بۆ بدۆزێتەوە و ئەمەش لەڕێگەی پەیوەندیگرتنەوە لەگەڵ کۆمپانیا و خاوەن سەرمایە گەورەکاندا دەبێت. ئەگەر سەرمایەدارەکانی کوردستان بیانەوێت لەسەر نەوعییەت، کێبڕکێ لەگەڵ یەکتر و کۆمپانیا بیانییەکاندا بکەن، پێویستە پشتگیری زانکۆ بکەن لە هەموو ڕوویەکەوە بۆ ئەوەی نەوعییەتی هێزی کاری خۆماڵی بەرزبێتەوە، نەك بە پارەیەکی زۆر هێزی کار لەدەرەوە بکرن. کۆمپانیا و سەرمایەدارەکان ئەگەر بیانەوێ خەڵکی ولاَتی ئێمە بەبەردەوامی مەسرەفی کەلوپەلەکانیان بکەن‌و نرخی زۆریان پێبدەن و لە کەموکوڕی خزمەتگوزارییەکانیشیان خۆشبن، لەبەرئەوەی (هی خۆمانن و کوردن!)، پێویستە ڕێگەنەدەن کوڕان و کچانی ئێمەش بێکار بمێننەوە و ببنە قوربانیی زەینییەتی داخراو و ناووناتۆرەیان



بۆبدۆزنەوە. لەهەموو ئەمانەدا زانکۆ دەتوانێت ڕۆڵێکی کارای هەبێت کە بە سوودی گشت لایەك بشکێتەوە.

**شوان: بەڵام لەو بڕوایەدایت سەرمایەدارەکان بیانەوێ ئەمکارە بکەن و لە گرنگی ئەو هاوکارییەی خۆیان لەگەڵ زانکۆکان تێبگەن، بەتایبەتی هاوکاریکردنیان لەبواری برەودان بە توێژینەوەی زانستی و دەستگیرۆییکردنی تەلەبەدا؟**

ڕێبوار: بەبڕوای من ئەوە ئەرکی ئەوانە و دەشتوانن ڕۆڵێکی زۆر باشیان هەبێ لە پێگەیاندنی زانستیانەی قوتابییدا بەوەی کە ئاوڕ لە ژیانیان بدەنەوە و کەمێ ئەرکیان لەسەر سووك بکەن و فرسەتی هاوینەی کاریان بۆ بڕەخسێنن. هەرکۆمپانیایەك ڕایگەیاند هاوینی ئەمساڵ فلاَن کۆرس و خول بۆ قوتابیانی زانکۆ بەمەبەستی ڕاهێنانیان لەبواری کاردا، دەکاتەوە، ئەوە ئیلتیزامی ئەخلاقی و ئینتیمای خۆی بەم کۆمەڵگایەوە ڕاگەیاندووە. بۆ ئەمەش پێویستە دەستخۆشییان لێبکرێ. ئێمە بەبەرچاوی خۆمانەوە دەبینین ساڵانە قوتابیان لەسەر کێشەکانی وەك بێشوێنی، کەمئاوی، بێ کارەبایی، کەمدەرامەتی، بێ نەوتی، بێ زۆپایی و دەیان کێشەی دیکەی لەم بابەتە، لەگەڵ زانکۆ و شارەوانی و دامەزراوەکانی دیکەی حکومەتدا ڕووبەڕوو دەبنەوە. ڕاستە ئەو دامەزراوانە بەرپرسی یەکەمن لە کارئاسانیکردن و جێبەجێکردنی داخوازییەکاندا، بەڵام نابێت سەرمایەدارەکان و خاوەن کۆمپانیا گەورەکانیش کەمتەرخەم بن لە ئاست پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریدا بە قوتابیان و گەنجان. لانیکەم دەتوانن لەڕووی خۆشگوزەرانکردنی ژیانی قوتابیانەوە هەندێ کار بکەن. ناشبێت بیریان بچێتەوە ئەوان بەپێی یاسای ڕەسمی مۆڵەتی

کارکردنیان وەرگرتووە و بەهرەمەندیشن لەو خزمەتگوزاریانەی دەزگاکانی پۆلیسی هاتوچۆ و دەزگا ئەمنییەکان و هتد، پێشکەشیان دەکەن. لەلایەکیتریشەوە ئەوان پێویستە بزانن کە بەهۆی دروستکردنی بینایەی گەورە و زۆربەرز و بەهۆی کڕینی باشترین زەوییەکانی سەنتەری شارەکان، نەك هەر پانتایی شاریان گۆڕیوە، بەڵکو کاریگەری ڕاستەوخۆشیان هەیە لەسەر هاتوچۆ و پانتایی گشتی هاووڵاتیان و تێکدانی دیمەنی سرووشتیی شارەکەیان و کەمکردنەوەی فەزای گشتی و فەزای سەوز و هتد. ئەگەر خەڵکی لەسەر ئەمانە قسان ناکەن، ئەگەر باجی شێواندن و پشێوی نانەوەیان لێناسەنرێ، بەمانای ئەوە نییە دەوڵەمەندە سەرمایەدارەکانیش بیر لەوە نەکەنەوە کە ئەوان چ کاریگەرییەکیان هەیە لەسەر ژیانی ڕۆژانەی خەڵك.. ئەوان پێویستییان بە دروستکردنی متمانەی بەردەوام هەیە بۆئەوەی خەڵکی وەکو بێگانە و (داگیرکەری ئابووری) تەماشایان نەکەن و هەمیشە (تووڕەییەکی متبوو)یان لە ئاستدا نەشارنەوە. چەندە گرنگ بوو سەرمایەدارەکان لەجیاتی بیرکردنەوەی بەردەوام لە خودی پارە وەك (مەبەست)، بیریان کردباوە لە پارە وەك (ئامراز) و بڕێکی کەمیان بەکارهێنابا بۆ پێشکەشکردنی هەندێ خزمەتگوزاری گشتی. چەندە خۆش بوو سەرمایەدارێکی کورد لە یادی هەڵەبجە و ئەنفالدا، بە تەنسیق لەگەڵ دامەزراوە خزمەتگوزارییەکاندا، پڕۆژەیان هەبایە!. بۆچی دەبێت کاتێ لافاو جادەی نێوان شار و گوندەکان تێکدەدات، سەرمایەدارەکان یارمەتی چاککردنەوەیان نەدەن؟ بۆچی ئەوان لە بۆنەکانی وەك نەورۆز و قوربان و ڕەمەزاندا، بەهۆی بڕێ گۆشت و برنج و پێویستییەکانی ئەو بۆنانەوە، لایەك لە خەڵکی ناو ئۆردوگا زۆرەملێکان،



خەڵکی پاشماوەی ئەنفال و ئاوارەکان نەکەنەوە؟ ئاخر نابێت بە ئەتەکییەتی شارێکی وەکو سلێمانیدا کە بەردەوام پێماندەڵێت: من شارێکی تێرم، بڕوانرێتە ژیانی خەڵکی ناوچەکانی دیکەی کوردستان کە لەبرسێتیدا دەژین. هەتا ئێستاش هەژاری و کەمدەرامەتی و دەستکورتی، بەشێکی زیندووی کۆمەڵگای ئێمەن. زۆرن ئەو ماڵانەی بە درێژایی ساڵ ناتوانن مۆز و هەندێ میوە و خواردنی دیکە بکڕن. ئێستاش بە هەزاران کچی گوندەکانمان، کە قاچیان دەقڵیشێ و تووشی عادەی مانگانە دەبن، لە کەمترین خزمەتگوزاری تەندروستی بێبەشن. سەدان کوڕ و کچی گەنج ناتوانن ببنەهاوسەر لەبەر لەعنەتی بێپارەیی و کەچی یەك سەرمایەداری کوردمان نەدی ئەوەندە غیرەتی هەبێ بڕی تێچووی ئاهەنگی سەد کچ‌وکوڕ بگرێتە ئەستۆی خۆی!. بەبڕوای من کەمتەرخەمی لەم ئەرکانەدا و بیرنەکردنەوەی سەرمایەدارەکانی ئێمە لە خزمەتگوزاری گشتی و بەختەوەری هاوبەش، بیرنەکردنەوەیان لە سەرمایە دانەنان لە کاری هونەری و پیشەسازی سینەماو تەندروستی و بواری کەلتووری و زانستیدا، دوو شتمان پێدەڵێت: یان ئەوەتا لایەنی ڕەسمی حکومەت و شەبەکاتی قۆرخکردنی پڕۆژەکان ڕێگە بەکەس نادەن هاوکارییان بکەن، یاخود سەرمایەدارەکانی ئێمە هێشتا کەلتووریزەنەبوون و پارە ژیانی هاوبەشی لەگەڵ خەڵکی ئەم وڵاتەدا بیربردوونەتەوە. لەهەردوو باریشدا ئەمە دیاردەیەکی زۆر مەترسیدارە و نیشانەی چاوبرسێتی کۆلۆنیالیستە خۆماڵییە خاوەن سەرمایەکانە، کە هەم پانتایی هاوبەشیان داگیرکردووە، هەم هێزی کاری گەنجیان بۆخۆیان کڕیوە، هەم فەزای شاریان گۆڕیوە، هەم نایەکسانییەکی

گەورەیان دروستکردووە و کەچی زۆر بەدەگمەنیش ئیلتیزامیان هەیە بە کۆمەڵگای خۆیانەوە..

## خۆپیشاندان و خەباتی گەنجان و قوتابیان

**شوان: سازدانی خۆپیشاندانو نارەزایی دەربڕینو ڕەخنەگرتنو هەوڵدان بۆ بەشداریکردن لە بڕیاری سیاسییدا مافێکی سەرەتایی هەر توێژێکە. ئایا توێژە کۆمەڵایەتییەکانی ئێمە بەتایبەت قوتابیان و لاوان توانیویانە ئەو مافە سەرەتاییانە وەکئەوەی پێویستە ئەزموونی بکەنو لەمڕۆدا ببنە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی؟ یاخود خۆپیشاندانەکان زەمینە ڕەخساندنێکی دەسەڵاتی کوردییە لەپێناو خاوکردنەوەو هەڵمژینی ڕقو توڕەیی هاوڵاتیاندا بەتایبەت لەو ساتەوەختانەی کە دەسەڵات مەبەستییەتی، یاخود هەموو ئەوانە ڕێگەگرتنن لە ئەگەری تەقینەوەیەکی گەورەتر وەك هەندێ کەس دەڵێن. تۆ چۆن لەچییەتی خۆپیشاندانو پەیامەکانی سازێنەرانی خۆپیشاندانەکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی باشوری کوردستان دەڕوانیت؟**

ڕێبوار: ئەو خۆپیشاندانانەی لە کوردستاندا دەکرێن و بینومانن، دوو جۆرن: جۆرێکیان ئەوانەیانن کە حیزبی سیاسی بەبۆنەی جیاوازەوە وەك مانۆڕێکی سیاسی و بۆ سەلماندنی ئەوەی خەڵکیان لە پشتە، ڕێکیاندەخەن و لە ڕێگەیانەوە پەیامی سیاسی خۆیان ئاڕاستە دەکەن. ئەم جۆرەی خۆپیشاندان بۆی هەیە زەمینەی کۆمەڵایەتی و سیاسی خۆی هەبێت، بەڵام دوای ئەوەی



حیزبی سیاسی بڕیاری لەسەر دەدات، وەك ئەو خۆپیشاندانانەی لەسەر هاتنەناوەوەی هێزی سەربازی تورکیا کران. ئەمجۆرە لە خۆپیشاندان هەروەکچۆن ڕێکدەخرێن و بەڕێوەدەبرێن، ئاواش خاو دەبنەوە و ماتدەکرێن و مەبەست نییە تیایاندا ئامانجێك یان خواستێك بێتە دی، هێندەی مەبەست ئەوەیە هێزێکی جەماوەری پیشانبدرێ و تا ڕادەیەك حەماسیان بەرزبکرێتەوە. بەعسییەکان لەمجۆرە خۆپیشاندان و مەسیرانەیان بە خەڵکی زۆر دەکردن، کە تیایاندا نەك داخوازییەکانی خەڵکی گوێیان بۆ نەدەگیرا، بەڵکو بەکۆمەڵکردنی خەڵکی بەکاردەهێنرا بۆ هاتنەدی ئامانجەکانی دەسەڵات. لەمجۆرە خۆپیشاندانانەدا، خەڵك و گروپەکۆمەڵایەتییەکان نابنە بکەر، بەڵکو ئەوان دەکرێنە زۆربەیەکی بێدەنگ، کە ئەو دروشم و هوتاف و هاوارانەی لە گەروویانەوە دێنە دەر، دەربڕی خواستی خۆیان نین، هێندەی ئەوەی گەرووی ئەوان دەبێتە ئامرازێك بۆ ئەوەی دەسەڵات و حیزب قسەی خۆیانی لێوە بکەن. زۆری ئەمجۆرە خۆپیشاندانانە لە کۆمەڵگایەك و سیستەمێکی سیاسیدا، بەمانای کرانەوەی ئەو سیستەمە سیاسییە و زیندوویی ئەو کۆمەڵگایە نییە، بەڵکو بەمانای دەستەمۆبوونی کۆمەڵگایە بۆ سیستەمێکی سیاسی تۆتالیتار و ستەمکار.

جۆری دووەمی خۆپیشاندانەکان لە کۆمەڵگای ئێمەدا، ئەوانەیان بوون کە ئاشکراکەری ناکۆکی گروپ و چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکان بوون لەگەڵ سیستەمی سیاسیدا، یان حیزبی سیاسیدا و زۆرینەی ئەم خۆپیشاندانانەش بەشێوەیەکی فەرمی بوون. واتە یان مۆڵەتیان بۆ وەرگیراوە، یاخود هەوڵدراوە مۆڵەتیان بۆ وەربگیرێ. بۆیە ئەمجۆرەی خۆپیشاندان هەوڵدانێکی بکەرەکانیان

بوون بۆ خۆپیشاندان بە شێوەیەکی مەدەنیانە و ئامانجی خۆپیشاندانەکانیش بریتیبوون لە داواکاری و خواستی گروپە ناکۆکەکان لەبەرامبەر دەسەڵاتی ڕەسمیدا، نەك بەمەبەستی ڕووخاندن و لەکارخستنی دەسەڵات. ئەمجۆرەی خۆپیشاندان لە نییەت و نیازدا بۆ ئەوەیە دەنگی (تاکەکەسیانەی مرۆڤەکان)، دوای نائومێدبوونیان لەوەی گوێیان بۆ دەگیرێ، بکاتە (یەکدەنگ) و ئەم دەنگانەش لەسەر شەقامەکان و بەردەم دامەزراوە ڕەسمییەکاندا خۆیان بەرجەستە بکەن. لێرەشەوە بۆمان دەردەکەوێ کە ئەمجۆری خۆپیشاندانە پەیامێکی هەیە کە دەیەوێت بیگەیەنێتە وەرگرێکی تایبەت کە دەسەڵاتە، بۆیە ئامانجی خۆپیشاندان نابێتە نەفیکردنەوەی وەرگر، بەڵکو ئامانجەکە بەنیازی ئەوەیە گفتوگۆ لەگەڵ دەسەڵاتدا بکات. لەجەوهەری ئەم خۆپیشاندانانەدا چاوەڕوانییەکی گروپ و دەستە و توێژەکان هەیە لە دەسەڵات و خۆپیشاندانەکەش بەو نیازەیە کە هەمان دەسەڵات داخوازییەکان جێبەجێ بکات بەرلەوەی تەقینەوەی گەورە و پشێوی کۆمەڵایەتی و سیاسی دروست ببێت. ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە حیزبی سیاسی، بەتایبەتی کەسانێك لەناو یەکێتی و پارتیدا، بەبەردەوامی هەوڵیانداوە سیمایەکی ناشیرین بدەن بەمجۆرەی خۆپیشاندان و هۆکاری خۆپیشاندانەکان بە (دەسیسە) و ئامانجی خۆپیشاندانەکان بە (کاری تێکدەرانە) و بکەرانی خۆپیشاندانەکانیش بە خەڵکانی (بەکرێگیراو)، لەقەڵەم بدەن. هەموو ئەم تەفسیرانەش لە ڕوانگەیەکی تۆتالیتاریانەوەن بۆ بزاڤ و ناڕەزایەتییە کۆمەڵایەتییەکان، چونکە تۆتالیتارییەت ئەو بزاڤ و ناڕەزایەتیانە لە دژی خۆی لێکدەداتەوە و تەنیا یەك چارەسەر و شێوازی ڕووبەڕووبوونەوەش لە ئاستیاندا بەکار دەهێنێ، ئەویش



بریتییە لە سەرکوتکردنیان و ڕەشبگیری و قەتڵ و عام، پاشان لە میدیاکانەوە هەوڵدان بۆ مۆبێلیزەکردنی جەماوەر لە دژیان و شێواندنی مەبەستەکانیان.. بۆیە ئەو ناکۆکییەی نێوان دەسەڵات و گروپەکان، کە خۆپیشاندانەکە دەیویست تەعبیری لێبکات و سنووری بۆ دابنێ، لە ساتەوەختی ڕووبەڕووبوونەوەی هێزەکان لەگەڵ خۆپیشاندەراندا بەتەواوی بەرجەستە دەبێت و سیمای تۆتالیتاریزم و ئازادیخوازی لێکدی جیا دەبێتەوە. یاساکە ئەوەیە: ئەگەر سیستەمی سیاسی سیستەمێکی کراوە و دیموکرات بێت، ستراتیژی ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ خۆپیشاندانە مەدەنییەکاندا بریتی دەبێت لە گوێگرتن و پەیماندان بە خۆپیشاندەران بۆ جێبەجێکردنی داواکانیان. بەپێچەوانەشەوە، هەموو ئەو فیشەکانەی لە خۆپیشاندانێکدا دەنرێن بە خۆپیشاندەرانەوە و هەموو ئەو ڕەشبگیری و لێچێنەوانەی پاشان لەگەڵ بکەرانی خۆپیشاندانەکاندا دەکرێن، چییەتی تۆتالیتاریانەی سیستەمی سیاسی و عەقڵییەتی زاڵی ناو دەسەڵاتی سیاسی ئاشکرا دەکات.

**شوان: چۆن بتوانین بەجۆرێك قسە لەسەر نەوەی نوێ بکەین کە ببێتە مایەی گەڕانەوەی باوەڕ بەخۆبوون بۆ ئەو لاوەی زیاد لە دەیەیەکە هەوڵی بچووککردنەوە و پەراوێزخستنی دەدرێ، بەتایبەت لەوەدا کەبتوانێ وەك تاکەکەسێکی ڕوودار و خاوەن ئیرادە لەدنیادا بکەوێتەگەڕ و بەرپرسیارێتی هەڵەکانی بگرێتە ئەستۆ و ببێتە بوونەوەرێکی خاوەن بەرپرسیارێتی، نەك جەستەیەکی وەهمی و برسییەکی تەمبەڵی بەردەم هێزگەلی تێرو بێویژدان؟**

ڕێبوار: کۆمەڵگای ئێمە و گوتاری سیاسی حیزبی کوردی، لەبەرامبەر نەوەی نوێدا تووشی شۆکێکی گەورە بووە. بۆ یەکەمجارە لە کۆمەڵگای ئێمەدا نەوەیەکی بە ژمارە ئەوەندە زۆر و لە ڕووی چۆنایەتییەوە ئەوەندە جیاواز و لە ڕووی چالاکییەوە ئەوەندە نارازیت هەبێ، کە پێشتر نەبینراوە. ئێمە لەبەرامبەر نەوەی نوێدا لەو کۆمەڵگا داخراوانەی سەرەتای مێژوو دەچین، کە هەموو (ئەوانیتر) و هەموو لەدەرەوەهاتوویەکیان وەك (بێگانە) و (مەترسی) بۆسەر خۆیان تەماشا دەکرد. لەو ڕوانگەیەشەوە، هەموو بێگانە و نامۆیەك توانای بوون بە (دوژمن)یشی تێدایە! بۆیە نەوەی نوێ لە عەقڵیەتی حیزبی و تەقلیدی کۆمەڵگای ئێمەدا ئەو (بێگانە/دوژمنە) مۆدێرنەیە کە هاتۆتە ناو کۆمەڵگاوە و هەر بۆیەشە پێویستە هێزە کۆنخوازە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان هەموو سیلاحێکی خۆیان لەدژی ئەم نەوەیە بخەنەکار، جگە لە عەقڵ و تێگەیشتن و قەبووڵکردن. ئەمڕۆ تۆ لە کۆمەڵگای ئێمەدا، هەر پێویستیت بەوە نییە سیاسییەکان تێبگەیەنیت و قەناعەتیان پێبکەیت، کە پێویستە چۆن لە نەوەی نوێ تێبگەن، بەڵکو پێویستیت بەوەیە باوکان و مەلاکان و مامۆستاکان و ڕۆشنبیران و خاوەن دەسەڵاتەکانی دیکەی ناو یەکە و ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکانیش قەناعەت پێبکەیت، کە پێویستە چۆن بڕواننە نەوەی نوێ و خواستەکانیان. چونکە هەموو ئەم سەنتەرانەی دەسەڵات, وێڕای گشت ناکۆکییە نێوخۆییەکانی خۆیان، لە کۆنخوازی و تێنەگەیشتنیاندا لە نەوەی نوێ، تەبا و کۆك و یەکدەنگن. بۆیە ڕاست دەکەیت، دەیەیەك زیاترە کۆمەڵگای ئێمە لەسایەی ئەم تێڕوانینە کۆنخواز و نا عەقڵانییەدا ڕووبەڕووی نەوەی نوێ بۆتەوە و وەك ئەو (دوژمنە هاوبەشە) بینیویەتی کە هاتۆتە ناو



کۆمەڵگا بە حساب (ئارام) و (بێکێشە)کەیەوە. ستراتیژی ئەو ڕووبەڕووبوونەوەیە بریتیبووە لە پەراوێزخستن، متمانەسڕینەوە، چەپاندن، بێدەنگکردن و تاوانبارکردن و دەستبەسەرکردن. ڕەوتی مەترسیداری کۆمەڵگای ئێمە لە تێڕوانین و هەڵسەنگاندنیدا بۆ نەوەی نوێ، تەواو بەرجەستەیە و ئەگەر زیندوویی کۆمەڵگایەك و گوتاری سیاسی و ڕۆشنبیری لەو کۆمەڵگایەدا بەوەدا هەڵبسەنگێنین کە تا چەندە لە نەوەی نوێ تێدەگات و قەبووڵی دەکات و پشتیپێدەبەستێ، ئەوە گوتاری سیاسی و ڕۆشنبیری و ئەخلاقی کۆمەڵایەتی ئێمە، تلپی تەڕی تیا نەماوە و تەنانەت ئەم ئەخلاق و گوتارە سیاسی/ڕۆشنبیرییە توانیویەتی بۆچوونەکانی خۆی لەناو نەوەی نوێ خۆیدا، بچێنێ و هەر نەوەی نوێ بکاتەوە بەدژی خۆی!. ئەمە وێڕای تەسریحاتی کۆمەڵێ ڕۆشنبیر و نووسەر لەسەر ئەم نەوەیە کە زۆر خزمەتیان بە هەمان دیدی مەترسیدار لە دژی نەوەی نوێ، کردووە. ئەمانە هەندێکیان دەیانەوێ تێڕوانینە نەستی و لاشعوورییە چەپێنراوەکانی خۆیان لە دژی نەوەی نوێ، لە ژێر پەردەی وەسفکردن و لایەنگیریکردن بۆ ئەو نەوەیە بشارنەوە و هەندێکی دیکەیان بەهۆی گرتنەبەری سیاسەتی نە ئەمیان و نە ئەویان، توانیویانە بەشێ لەنەوەی نوێ لەخۆیان ڕازی بکەن و کۆڕەکانی خۆیانیان پێقەڵەبالغ بکەن و هەندێکی تریشیان بە ئاشکرا خەریکی تاقیکردنەوە و نمرەدانان بۆ نەوەی نوێن و ئەم نەوەیە تەنیا لەو چوارچێوەیەدا دەبینن کە مامۆستایەتییان بەسەرەوە بکەن و لێیان ببنە فەیلەسووف و خاوەن کەرامات.. نەوەی نوێ هیچ چارەیەکی نییە جگە لەوەی بیەوێ سەرەتا هەیبەت و کەرامەت و کەسایەتی خۆی لەم گوتارە باوانەی وێنەی ئەویان

شێواندووە، بستێنێتەوە و لە دژیان بوەستێتەوە و سنووریان بۆ دابنێ. نەوەی نوێ خەباتێکی گەورەی لەبەردەمدایە کە ئەویش توندوتیژی و ئەخلاقی پەرچەکرداری و هەڵچوون و شەڕانییەت نییە، بەڵکو خەباتێکی مەدەنیانەیە بۆ (نا)گوتن لەبەرامبەر هەموو ئەو هێزانەدا کە ناهێڵن ئەم نەوەیە ببێتە خۆی. ئەو خەباتە مەدەنیانەیە بریتییە لە سەرپێچیکردن لە ئەنجامدانی هەر شتێ، کە ئەو وەك کەس و وەك خواست و وەك ئەخلاق و کەرامەت لە خۆی دوور دەخەنەوە. خەباتی مەدەنیانە خەباتێکی ناتوندوتیژانەیە لەبەرامبەر ئەو هێزە توندوتیژانەدا کە دەیانەوێ نەوەی نوێ بخەنە داوی هەڵەوە تاکو پاشان تاوانباریان بکەن و بڵێن: **نەمانگوت ئەم نەوەیە نەوەیەکی توندوتیژ و شەڕانییە!؟**. نەوەی نوێ ناتوانێ باوەڕبەخۆبوون و رووداری و ئیرادە بۆخۆی بگێڕێتەوە و بەرپرسیارێتی بگرێتە ئەستۆ و لە هەڵەکانییەوە فێر ببێت، ئەگەر نەتوانێ و نەیەوێ خۆی لە هەموو ئەو وێناکردنە سیاسی و ئەخلاقی و رۆشنبیریانە رزگار بکات کە بۆی بەرهەمهاتوون و ئەویان بێئیرادە و بێبڕوا و شەرمن کردووە و بەخودی خۆیان نامۆکردووە. نەوەی نوێ پێویستی بە توندوتیژی و پەرچەکردار نییە، هێندەی ئەوەی پێویستی بە خۆڕزگارکردن هەیە لەو بەکۆیلەکردن و بەبارمتەکردنەی کە ئەویان کردۆتە (بابەت) بۆ ئەوەی هەموان قسانی لەبارەوە بکەن و ئەویش بۆ تێگەیشتن لە حەقیقەتی خۆی خراوەتە سەر ئەو بڕوایەی بچێت پرس بە ئەوانیتر بکات. نەوەی نوێ پێویستی بەوە هەیە خۆی لەو (گیتۆ) و دەستبەسەرییە سایکۆلۆژییە رزگار بکات، کە خزێنراوەتە ناوی و ئەویش ئەوەی وەك حەقیقەتی خۆی قەبوولکردووە. نەوەی نوێ نابێت بەو چاوە بڕواننە خۆیان و یەکتر، کە



هێزەکۆمەڵایەتییە کۆنخوازەکان لێیدەڕوانن، چونکە ئەمە کۆیلەبوون و نامۆبوونەکەیان زیاتر دەکات. بێگومان نەوەی نوێ وەك گرووپێکی گەورەی کۆمەڵایەتی بۆتە دیاردەیەکی واقیعی ناو کۆمەڵگای ئێمە، بەڵام بۆئەوەی لە ئاستی سیاسی و رۆشنبیریشدا خۆی بەرجەستەتر بکات، پێویستی بە سەرپێچیکردنی مەدەنی و تەجاوەزکردنی کۆی ئەو وێنانە هەیە کە بۆی بەرهەمهێنراون و بەهۆیانەوە داگیرکراوە.

**شوان: گلەییەکی گەورە لەسەر ئەم نەوەیە هەیە کە نەوەیەکی: "نەستەلەییو بێ ماریفەتو ئەسپێ کوژن" وەك هەندێ نووسەرو مامۆستای زانکۆ ناویان دەنێن، یان وەك سیاسییەکان دەڵێن: "خەمساردو کاڵفامو گێرەشێوێنن"، یاخود هەروەك خۆیان بانگەشەی دەکەن نەوەیەکی: "هەستیارو بێدەسەڵاتو پڕگومانن". ئایا ئەم نەوەیە نەوەیەکی بێ گوتار و هەڵەشەیە و خاوەنی ئینتمای "لاوێتی" خۆیان نین، بگرە لەهەندێ ساتو قۆناغدا تۆمەتبار دەکرێن بەوەی رۆڵێکی گرنگ دەبینن لە سەلماندنی رەوایی ئەو وێنانەدا کە باوکە سیاسییەکان دەیانەوێت لەم کۆمەڵگایەدا هەیانبێت. ئایا: ئەمانە هەر بە تەنها تۆمەتن یاخود بەشێکن لەو خەسڵەتانەی ئەم نەوە نوێیەی پێدەناسرێنەوە؟**

رێبوار: تێڕوانینی گرووپێك یان نەوەیەك بۆ گرووپ و نەوەیەکی تر، لەسایەی هەر بەڵگەیەکیشدا بێت، پێویستە بە گومانەوە تەماشای بکرێت. چونکە نەوەکان و گرووپەکان بەرژەوەندی ناچوونییەك و ناکۆکی و دژایەتی لەنێوانیاندا هەیە و ئەمەش تێڕوانین و بۆچوونی ئەوان لەسەر یەکتر و تەنانەت لەسەر

خۆشیان سنووردار و لایەنگیرانە لێدەکات. ئەوەی سەبارەت بە نەوەی نوێ لەکۆمەڵگای ئێمەدا پێویستە بگوترێ ئەوەیە، کە ئەم نەوەیە تایبەتمەندی و شێواز و خەسڵەتی خۆی هەیە و ئەمانەش بۆی هەیە بۆ نەوەکانی تر و گروپەکانی دیکەی کۆمەڵگا جێی تێگەیشتن و پەسەند نەبن. بۆیە بەشێ لەو دەربڕینانەی تۆ ئاماژەت پێدان، لە ئەنجامی ئەو نەفیکردن و هەڵچوون و حەسادەتەوە سەرهەڵدەدەن کە نەوە و گروپ و کەسەکان لەئاست یەکتردا کاری پێدەکەن. ڕاستییەکەی ئەوەیە نەوەی نوێ نەوەیەکی گشتگیر و چوونییەك و یەکڕەنگ و هۆمۆگین نییە، تاکو بیکەینە هەڵگری یەك خەسڵەت و یەك پێناسەی بەسەردا بسەپێنین و یەك حەقیقەتی بۆ لەپێشچاو بگرین. نەوەی نوێ لە ئاستی کەسەکاندا، چۆن قوتابیانی زیرەك، خوێنەر و وەرگێڕ، شاعیر و چیرۆکنووسی ناسك، ڕۆژنامەنووسی بوێر، پیشەیی سنعەتکار و کارمەندی دەروەست و هونەرمەندی دەستڕەنگین و پۆلیس و ئاسایش و مرووری خەمخۆری تێدایە، ئاواش مرۆڤی توندڕەو، مالیخولیا، شەڕانی و بێدەروەستی تێدایە. هەروەکچۆن نەوەی نوێ لە نەوەکانی پێشووتر جیاوازە، ئاواش لەناو خۆیدا جیاوازی هەیە و سەلیقەی هەمەجۆر و ئاست و شێوازی دەربڕینی ناچوونییەکی تێدا بەرجەستە بووە. ناکرێ نموونەیەکی ئەو سەلیقەیە، یان ئەو شێوازی ژیان و خۆدەربڕینە بەسەر کۆی ئەوانەدا کە پێناسەی نەوەی نوێیان بۆ دەگونجێ، بگشتێنین. بەڵام ئەوەی پێویستە قسەی لەسەر بکەین خەسڵەتی تاکەکەسیانەی ئەم نەوەیە نییە، ئاخۆ چی دەخوات و چی لەبەر دەکات و چۆن دەژی و دەگری و سەفەر دەکات چۆن قژی شانە دەکات و پێدەکەنێ. ئەوەی گرنگە لەبارەیەوە تێبگەین، نیاز و ڕۆحی نەوەی نوێیە، مەرام و خواست و



داخوازیەکانێتی. من ئەوەندەی لە نزیکەوە تێبینی ئەم نەوەیەم کردبێ و لە خواست و نیازەکانیان تێگەیشتبم، بەو ئەنجامە گەیشتووم، کە ئەم نەوەیە نەوەیەکی ئارامە و ناشیەوێت لەدژی واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی بێت، بەڵام ئەم واقیعەی پەسەند نییە و دەیەوێ گۆڕانکاریی تێدا بکرێ و لەو گۆڕانەدا شوێنی خۆی هەبێ. ئەم نەوەیە هەرکات بواری قسەکردنی لە پانتایی گشتی و ڕاگەیاندنەکاندا پێدرابێت، بەوپەڕی پابەندێتی و دەروەستی بە ژیانی هاوبەشەوە ئاخاوتووە و قسەی بەرز و نزم و بێڕێزی بەکەس نەکردووە. بەشێکی ئەم نەوەیە خوێنەری بەردەوامی ئەو بابەتە تیۆری و مەعریفیانەیە کە بلاو دەبنەوە و بەشێکیشی سەرقاڵە بەخۆ دەوڵەمەندکردن و خۆئامادەکردن و خۆ تەیارکردن بە تەکنەلۆژیای مۆدێرن و مەهارەتێکی باشی هەیە لەبەکارهێنانی ئەنتەرنێت و میدیای ئەلەکترۆنیدا. زۆربەیان مشتەری بەردەوامی ئەو کۆرس و خولە زمانی و پیشەیی و مەعریفیانەن کە دەکرێنەوە و دەیانەوێ ئاستی ڕۆشنبیری خۆیان بەرزبکەنەوە. هەندێکیان دەیانەوێ لە سیاسەتدا کار بکەن و گۆڕانکاری لە ناو حیزب و عەقڵیەتی سیاسی خۆیاندا بکەن. ئەم نەوەیە پێکهێنەری باندی کوشتن و بڕین، دزین و ڕفاندن، قاچاخچێتی، نازیزمی نوێ و کۆکسکلان و ئەوجۆرە گروپانە نەبووە. ئەم نەوەیە نەیویستوە دووکان و بازاڕەکان و ئۆتۆمبێل و بینایەکان بەردەباران بکات و ئاگریان تێبەردا. جاسووسی و جاشایەتی و بەعسیایەتی نەکردووە، لە گەندەڵی ئیداری و ئەخلاقی و سیاسی وەڕزە و نایەوێت وڵاتەکەی ببێتە گۆڕەپانی داگیرکاری ئەمەریکی و دەوڵەتە ئیقلیمییەکان، لە بەعێراقیبوونەوە نارازییە و ستەمکاری بەهەر ناوێکەوە بێت، ڕەتدەکاتەوە. هەموو ئەمانە

بەلای منەوە خەسڵەتی ویژدانێکی بێدار و دەروەست و گومانکارن کە ئێمە زۆر پێویستیمان پێیەتی و نابێت ڕۆحی ئەم نەوەیە بریندار بکەین و تا ئەو کاتەی ئەوان دەتوانن بەتەواوی شەففافانە گوتاری خۆیان دەربڕن و ئێمە لێیان تێدەگەین، پێویستە لەگەڵیاندا هەڵبکەین، نەك بەرپەرچیان بدەینەوە و ڕوویان بشکێنین و وایان لێبکەین کە بڕیاری ناعەقڵانی بدەن.

**شوان: دەوترێ لاو بەو پێیەی کە هیچ شتێکی ئەوتۆی نییە بترسێ لەوەی لەدەستی بدات، لەتوانایدایە خاوەنی نەخشی سیاسی گەورەبێت لەناو کۆمەڵگای کوردیدا. ئەمە تاچەند ڕاستە، لاوان تاچ ئاستێك دەتوانن وزەی لاوێتی خۆیان بۆ ڕەتکردنەوەی واقیعی ئەمڕۆی باشووری کوردستانو سەرلەنوێ دارشتنەوەی ئەو واقیعە بدەن بێئەوەی کایەی سیاسی تەقلیدی ڕەتبکەنەوەو لەگەڵیدا بەشداری هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی نیشتمانی بکەنو نەکەونە کەڵکەڵەی ئەوەی "حاشا لەکوردبوون"ی خۆیان بکەن؟**

**ڕێبوار:** ئەو بۆچوونەی کە پێیوایە لاو هیچ شتێکی ئەوتۆی نییە بترسێ لەوەی لەدەستی بدات، بۆچوونێکی هەڵەیە و لە ئەنجامی تێگەیشتنێکی دیراسەکراوی کەسایەتی لاوەکانەوە نەهاتووە. لە ڕاستیدا لاوەکان بەو پێیەی لەڕووی دەروونی و خواستەکانیانەوە، چاوەڕوانیان لە ژیانی خۆیان زۆرە و دەیانەوێ بە زۆرێك لە ئاواتەکانی خۆیان بگەن، هەروەها بەهۆی نەبوونی پشتیوان و پلانی تایبەت بۆ لاوەکان لەئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا، مرۆڤگەلێکی زۆر دوودڵ و بەگومانن بەوەی کە چی بکەن تا نەدۆڕێن و ئەوەی بۆخۆیان بینای دەکەن بەدەستی ئەوانیتر و قەدەرەکانی سیاسەت و کۆمەڵگا،



نەڕووخێنرێ. بە پێچەوانەوە، ئەم نەوەیە باش دەزانێت هەموو تێپەڕینی ڕۆژێك لەژیانی ئەواندا نزیکبوونەوەیەکی ترە لە دۆڕان و تەسلیمبوون بە داواکارییەکانی کۆمەڵگا و حیزب. بۆیە تێگەیشتنی لاوەکان بۆ دۆڕان و لەدەستدان، ڕەنگە زۆر پەیوەست نەبێت بە لەدەستدانی دەستکەوتی مادییەوە، هێندەی ئەوەی پەیوەستە بە کەرامەت و خواست و ئاواتەکانیانەوە. لاوەکان واهەستدەکەن کە ڕێگەیان پێنادرێت خۆیان بن، لاو بن و بەوجۆرەی کە بۆخۆیان حەزدەکەن بەشداری لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا بکەن. لاوەکان خۆیان بە کۆیلەیەکی مۆدێرن دەزانن و ڕۆژانە هەستدەکەن دەسەڵاتەکانی ناو کۆمەڵگا دەستدەخەنە ناو کاروبارەکانیانەوە و سنووریان بۆ دادەنرێت. بۆیە ئەگەر لاوەکان لەتوانایاندا بێت نەخشی سیاسی گەورە بگێڕن، نەك لەبەر ئەوەیە کە شتێکی ئەوتۆیان نییە لەدەستی بدەن. بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە ئەوەی نیانە پێویستە بەدەستی بهێنن. لاوەکان وەك ئەو قومارچیانە نین کە بە دەستمایەیەکی کەمەوە، بچنە سەرمێزی یاریکردن بەئومێدی بردنەوەی زۆر. بەڵکو ئەوان هەر قومارێك لە بواری سیاسیدا بکەن، خودی خۆیان وەك دەستمایە لەناو یاریەکەدا دادەنێن و بۆئەمەش هەولێکی زۆر دەدەن تاکو نەدۆڕێن.. بەڵام سەبارەت بەوەی کە دەفەرموویت، لاوان تاچ ئاستێك دەتوانن وزەی خۆیان بۆ ڕەتکردنەوەی واقیعی ئەمڕۆ و سەرلەنوێ دارشتنەوەی ئەو واقیعە بەکاربهێنن، بێئەوەی کایەی سیاسی تەقلیدی ڕەتبکەنەوەو لەگەڵیدا بەشداری هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی نیشتمانیی بکەن، ئەوە گومانێکی زۆرم هەیە. گومانەکەشم لەوە نییە لاوەکان بەو هێزە نەزانم کە بتوانن واقیعی ئێستا ڕەتبکەنەوە و بەشداری سیاسی بکەن و

بەرپرسیارێتی بگرنە ئەستۆ. بەڵکو گومانەکەم لەو داخرانە زۆرەی کایەی سیاسی تەقلیدی خۆمانە، کە ناتوانێت لاوەکان وەکو هێز و وزەی تازەکردنەوەی خۆی ببینێ. کایەی سیاسی کوردی، بە جیاوازی ناوی حزبەکانیشەوە، هیچ ململانێیەکی لەسەر بۆچوون و هزر و پرۆژەی نوێ، تێدا نییە. ململانێی ناو کایەی سیاسی تەقلیدی لەسەر جیاوازی لە جیهانبینی و تەفسیری جیاواز نییە، بەڵکو لەسەر دەستکەوت و غەنیمەت و تالانییە. کاراکتەرەکانی ناو ئەم کایە تەقلیدییە تادێت لەیەکتر نزیکدەبنەوە و لەنێوان خۆیاندا دەکرێنەوە و لەبەرامبەر نەوەی نوێ و لاوەکانیشدا داخراوتر دەبن. بۆیە هەتا ئەم نزیکبوونەوەی کاراکتەرە تەقلیدییەکان و مساوەمەی بەردەوامیان لەگەڵ یەکتر پتەوتر بێت، داخراوتریش دەبن لەئاست وزە تازەکانی کۆمەڵگادا و هەتا دیوارەکانی ئەو داخرانەش ئەستوورتر بن، ئەوە کێشەی لاوەکان و نوخبەی سیاسی قووڵتر دەبێتەوە. ڕاستە لە ئێستادا لاوەکان بڕوایان بەوە نییە کایەی سیاسی تەقلیدی ڕەتبکەنەوە و تەنیا جۆرێ لە ئۆپۆزیسیۆنی نائۆرگانیزەبووی پەرتەوازەن، هەست بە بەرپرسیارێتی و ئینتیما دەکەن و جارێ نەگەیشتوونەتە سەر ئەو بڕوایەی حاشا لەکوردبوونی خۆیان بکەن، بەڵام ئەگەر سیاسییەکان سووربن لەسەر پرایڤاتیزەکردنی کایەی سیاسی و دەرگای ژووری پێکەوەبوون لەسەر خۆیان دابخەن و لاوەکان بەپەراوێز بکەن، ئەوە دەبێ بزانن منداڵێکیش لەدایکدەبێت کە ناوی (نەوەی یاخی)یە. نەوەی یاخی کەس بە گەورە و بەرپرس و دەمڕاست و ڕابەری خۆی نازانێ و یاخیبوونەکەی لە ڕەتکردنەوەی هەموو باوکە ڕەمزییەکانەوە دەستپێدەکات. ئەم نەوەیەی ئێستای کۆمەڵگای ئێمە لەحاڵی حازردا یاخی نییە، دژی



حکومەتی هەرێم نییە و زۆریش بڕوای بە توندوتیژی نییە، خۆشی بە کورد و باوك شەهیدی دایك ئەنفالکراو دەزانێ. بەڵام ئەگەر لەداهاتوودا سیاسییەکان بەهەمان شێوەی ئێستا و ڕابردوویان ڕەفتار بکەن و لاوەکان بەهەمان شێوەی ئێستا هەست بە پەراوێزبوونی خۆیان بکەن و ناویان بزڕێنرێ و ئابڕووی کۆمەڵایەتی و گەورەیی کەسایەتیان پێشێل بکرێ، بەدووری نازانم لاوەکان لە پێگەی (ئۆپۆزیسیۆنێکی پەرتەوازە)وە ببنە (یاخییەکی چالاك). ئەوکاتەش حەق نییە پێیان بگوترێ (ئەمانە دەستیان لە پشتە)، (خائینن) یاخود (ئینتیمایان نییە). ئەگەر لاوەکان لەداهاتوودا هەرچییەك بکەن و شوناسی خۆیان لەچیدا بدۆزنەوە و چۆن بەرەنگاری لەئاست حکومەت و حیزبدا بنوێنن، ئەو دەستەی لەپشتیانە و هاندەرە بۆئەوەی لاوەکان لە ئۆپۆزیسیۆنەوە ببنە یاخی، هەر سیاسییەکان و بارودۆخی کۆمەڵایەتی فاکتەرێکی سەرەکین. ئەوەندەی لاوەکان لەکۆمەڵگای ئێمەدا، بەکەرکووکیشەوە، لەخەمی یەکتردان و هوشیارن بەوەی لەکوێی کوردستان و لەلایەن کێیەوە دەستدرێژییان دەکرێتەسەر، هیچ چینوتوێژێکی دی ئەوەندە لەخەمی خۆیاندا نین. ئەم قسانەش هیچ بەمانای ئەوە نییە لەداهاتوویەکی نزیکدا لاوەکان جەبهەیەکی یەکگرتوو پێکدەهێنن، یان لەڕووی سیاسی و مەعریفییەوە ئەو هێز و بوێرییەیان هەیە، بەڵکو بەمانای ئەوەیە ئەگەر لەدوارۆژدا هەرجۆرە بەرگرییەك لەئاست ئەم بارودۆخەی کوردستاندا دروستبوو، لاوەکان لەوەدا دەستپێشخەر دەبن و ئەو عەقڵییەتەی ئێستاش ئاوا توندە لەئاست لاوەکاندا، وەك فاکتەرێکی سەرەکی ڕۆڵی هەیە لەو یاخیبوونەدا.

**بوون بە یاریدەدەری زانستی و پەیوەندیت بە نێچیرڤان بارزانییەوە:**

**شوان: لەنێو قوتابیانو بەشێك لە مامۆستاو ئیدارییەکانی زانکۆو دەرەوەی زانکۆشدا ئەوە بڵاوە کە ڕێبوار سیوەیلی بەحوکمی نزیکبونەوەی لە نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێم و بەهۆی نووسینی وتارێك بەناونیشانی "سەدەی سەرۆکایەتی کوردەکان" کە هەندێك وا تەفسیری دەکەن کە ستایشو پیاهەڵدانێکی زۆری بۆ نیچیرڤان بارزانی تێدایە، وایکردووە کاتی خۆی ئێوە لەزانکۆی سەلاحەددین پۆستی یاریدەدەری ڕاگری کۆلیژی ئاداب وەربگرن. لەمبارەیەوە چ ڕوونکردنەوەیەکت هەیە؟**

ڕێبوار: پەیوەندی بنەماڵەی ئێمە و بنەماڵەی بارزانی لە پەیوەندی من و کاك نێچیرڤانەوە دەستپێناکات، ڕاستە من و سەرۆکی حکومەت ساڵی دووهەزار، دوای گەڕانەوەم لە ئەوروپا یەکترمان ناسی، بەڵام پێشینەی ئەو پەیوەندییە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بارزانی و ئەو دەستنیشانکردنە وردەی ئەو هەیبووە بۆ گرنگی دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ خەڵکی ناوچەجیاوازەکانی کوردستاندا. بارزانی گەورە سەردانی ناوچەی سیوەیل و گوندی ئێمە و بنەماڵەی ئێمەی کردووە و لە ماڵی خوالێخۆشبوو حاجی سلێمان ئاغای مامدا ماوەتەوە، خەڵکەکەی بەسەر کردۆتەوە و تەنانەت یەکەم و دوا پڕۆژەیئاو و قوتابخانەی دێی ئێمە بە فەرمانی ئەو بووە لە شەستەکاندا. دواجار ئەم پەیوەندییە لە حەفتاکاندا لەسەر دەستی شەهید و جوانەمەرگ فەتاح ئاغای زییە، لە ئاستی کۆمەڵایەتییەوە دەچێتە ئاستی سیاسییەوە و



خەڵکی ناوچەکە مەیلی کوردایەتییەکی زیاتریان تێدا دروستدەبێت و بەهەمان ڕۆحییەتەوە کە زۆر پێشتر بەشدارییان لە شۆڕشیی شێخ مەحموودی نەمردا کردبوو، بەشداریش لە شۆڕشی گوڵان و شۆڕشی نوێی کوردستاندا دەکەن و یەکەم شەهیدیش لەو سەردەمەدا (حەمەئەمین ئاغای بارێی گەورە) بوو. پاش ئەوەش لە هەشتاکاندا ئەندازیار (عەبدوڵڵائاغای برای کاك فەتاح) کە بەعسییەکان بەناحەق شەهیدیانکرد، ڕۆڵی هەبوو لە درێژەدان بەو نەرێتە کوردایەتییەو کوڕانی مەلامستەفاش لەسەر ڕێچکەی باوکی خوالێخۆشبوویان درێغییان نەکردووە لە پاراستنی پەیوەندییەکە و خزمەتکردنی خەڵکی ناوچەکەدا، ئەگەرچی بەبڕوای من وەکو پێویستیش نەبووە و تەقسیریشیان زۆرە، بەتایبەتی لەم ساڵانەی دواییدا.

سەبارەت بە پەیوەندی شەخسیی باوکم و بارزانی هەندێ ڕوونکردنەوەی وردت لە کتێبەکەی سەرۆکی هەرێمدا دەستدەکەوێ، کە بەبڕوای من لالێکردنەوەیەکی وەفادارانەی ئەو بنەماڵەیەیە لە ئاست ئێمەدا. بۆیە دەمەوێ ئەو هەڵەیە بۆ قوتابیان و مامۆستایان و ئیداری و هەرکەسێکی دیکەش لە ئەهلی ئیدیعایە و مقۆمقۆ، کە سەری سووڕماوە لە پەیوەندی من و نێچیرڤان بارزانی و لەسەر ئەو پەتە گەمەدەکەن، ڕاستبکەمەوە، کە ڕێبوار سیوەیلی لە نێچیرڤان بارزانی نزیك نەبۆتەوە، بەڵکو نزیکایەتییەکەمان زیندووتر کردۆتەوە.. ئەوانەی لەمە تێناگەن و دەیانەوێ نیشانەی پرسیاری بەدگومانانە بخەنە سەر پەیوەندییەکانی ئێمە، کێشەی خۆیانە و با ئەو دیاری و بارە حوشترانەی بۆ منیان دانابوون، نەنێرن و ئەو شووقە و تەلارەی بۆ منیان تەرخانکردبوو بیبەنەوە بۆ خۆیان. لەکەسیشی ناشارمەوە کە من هیچ

پەیوەندییەکم لەگەڵ هیچ سیاسییەکی ئەم وڵاتەدا نییە شایانی شاردنەوە بێت، چونکە ئەو پەیوەندییانەی کە لەگەڵ سیاسی و حیزبییەکانی کوردستاندا، بە هەموو لایەنەکانەوە هەمن، پەیوەندی ڕێزدارانەی نێوان هەر کەسانێکی دیکەی ئاساییین. من لەوجۆرە (شاعیرە گەورە) و (نووسەرەداهێنەر) و (حەکیم) و (دکتۆرەئەکادیمیانە)ی زانکۆ نیم، ڕووبەڕوو سیاسییەکان بلاوێنمەوە و بەدزی بیانبینم و لەپشتیشەوە و بۆ خەڵەتاندنی خوێنەر و گەنجەکان پلاریان تێبگرم. بۆیە پەیوەندی من و سەرۆکی حکومەت پەیوەندی نێوان دوو مرۆڤە کە دەتوانن لەهەندێ مەسەلەدا پێکەوە گفتوگۆ بکەن و ڕێز لەبۆچوونی یەکتر بگرن. پەیوەندییەکەی ئێمە لەسەر بنەمای گەورە و بچووکیشەوە نییە، لایەنێکمان بچووک نین و ئەوەی تر گەورە بێت، بەڵکو لەسەر بنەمای وەفا و ئیلتیزامی ئەخلاقیانەی کوردەوارییانەوەیە. ئەگەر ئەم ڕاستییە لەلایەن کەسانێکەوە بۆ من بەتاوانێك دەژمێردرێ، ئەوە کێشەی خۆیانە و دەیانسپێرم بە تەسکبینی خۆیان و ئەو بوغزەی لە ئاستی من یان کاك نێچیرڤاندا هەیانە. لەلایەکی ترەوە ئەو وتارەی جەنابت ئاماژەت پێدا و کاتی خۆی لە هەفتەنامەی هاوولاتی بلاوکرایەوە، بەهیچ تەفسیرێك ئامانجی ئەوە نییە بەکەس هەڵبڵێ و ئەگەر پێداهەڵگوتنیش بێت ئەوە پێداهەڵگوتن و پیشاندانی گرنگی پۆستی سەرۆکایەتی عێراق و سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکایەتی حکومەتی یەکگرتووی هەرێمە سەبارەت بە میللەتی کورد، نەك سەبارەت بە کەسایەتی پشتەوەی ئەو پۆستانە. لەگەڵ ئەوەشدا، من نێچیرڤانم خۆشدەوێ چونکە کە هاتمەوە ئەم وڵاتە، ئەوە شاعیر و موفەکیر و ڕۆماننووسەگەورەکانی کورد نەبوون کە پشتیانگرتم، بەڵکو ئەوە سەرۆکی



حکومەت بوو زۆر ڕێزی لێگرتم و ئەو کەشەی بۆ ڕەخساندم تا ئارامتر لەوڵاتی خۆمدا نیشتەجێ ببمەوە و بەردەوامیش لەخەمی ئەوانەدا بوو کە دەیانەوێ بگەڕێنەوە بۆ کوردستان و خزمەت بکەن، بەبێئەوەی مەرجی حیزبایەتیم بۆ دابنێ. ئەوە ئەخلاقی ئێمە نییە بێحورمەتی بەو کەسانە بکەین کە بەتەنگمانەوەن و لەبیری خەڵکانێکدان کە ئەم وڵاتە پێویستی پێیانە. بەلای منەوە دکتۆر بەرهەم ئەحمەد ساڵح و کاك نێچیروان بارزانی دوو کەسایەتین لەو دەسەڵاتدارانەی کوردستان، کە زۆرترین هەوڵیانداوە بۆئەوەی توانا زانستی و پیشەیی و تەکنیکییەکان بگەڕێنەوە بۆ ئەم وڵاتە و سەرلەنوێ لێرە نیشتەجێببنەوە. لانیکەم من بۆخۆم شایەتی زۆربەیانم. خۆئەگەر کەسانێك لەوانە ڕۆیشتبنەوە و زویرکرابن و دەربەدەرکرابنەوە، ئەوە پەیوەندی بە نییەت و سیاسەت و ئەخلاقی ئەوانەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بەو نەفس نزمانەوە هەیە کە لەدائیرەکانی حکومەتدا عەرقەڵە بۆ گەڕاوەکان دروستدەکەن و ئازاریان دەدەن و دزییان لێدەکەن.

لەلایەکیترەوە، ئەمە یەکەمجارە ئەم چەواشەکارییە ببیستم کە گوایە لەبەرئەوە پۆستی یاریدەدەری ڕاگر لە زانکۆی سەلاحەددین وەرگرتووە، چونکە بە سەرۆکی حکومەتدا هەڵگوتووە، لەکاتێکدا من زۆر لەپێش نووسینی ئەو وتارەوە ئەو ئەرکەم لەلایەن سەرۆکی زانکۆوە پێسپێردرا بوو!. ئەگەر ئەو قسەیە ڕاستبێت و نووسینی وتارێك پۆستێکی زانکۆییت بداتێ، ئەی ئەوانەی ئێستا لەکابینەکەی ئەودا بوونەتە وەکیل و وەزیر و جێگر دەبێ چ شانامەیەکیان بەسەردا هەڵگوتبێ!. بۆیە دروستکردنی وێنەی دوژمن بۆ ماڵی بارزانی و زڕاندنی ناوی ئەو بنەماڵەیە بەوەی هیچ نادەن بەکەس ئەگەر

بەسەریاندا هەڵنەڵێی و زوورنایان بۆ لێنەدەی، یەکێکە لەو سەخافەتانەی زۆر کاری لەسەر کراوە، لەکاتێکدا ئەوان بەهەموو هەڵەکانیشایانەوە خۆیان بە بچووك و خزمەتکاری میللەتی کورد لە هەموو دنیادا دەزانن و سەرەڕای لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی خۆیان، نایانەوێ درۆ لەگەڵ دۆستەکانیاندا بکەن.. بیروڕای من لەبارەی سیاسییە کوردەکانەوە، بەنێچیرڤان بەرزانیشەوە، لەماوەی ساڵانی ڕابردوودا زۆر ئاشکرا بووە: ئەوان کوڕی هەر کەسێك و لەهەر پلە و پایەیەکدا بن، قسە لەسەر هەڵەو کەموکوڕییەکانیان دەکەم و ڕەخنە لەناعەقڵانییەتی سیاسیان دەگرم و دژی حیزبایەتی بەرتەسك و گەندەڵی و سیاسەتی ناعیلمانیم، بەڵام ئەوان ناخەمە ڕیز و بەرەی دوژمنەوە و بەهاوەڵی ئەنفالچی و سەدامییە ڕەگەزپەرستەکانیشیان نازانم. لەناوەوەی کوردستان و بۆخۆمان و بەزمانی خۆمان، زۆر ڕەخنەی توندیان لێدەگرم و گرتوومە، بەڵام ئامادەنیم لەلای نەیارەکانی میللەتی خۆمان و بەزمانی بێگانە بیانشکێنمەوە. من چەندە دژی بەعێراقیبوونەوەی مام جەلالم ئەوەندەش لەدژی دوورەپەرێزی سەرۆکی هەرێمم لە خەڵکی کوردستانەوە و ناشتوانم قەناعەتیان پێبهێنم کە با کەمەکێ ئەویان کەمتر عێراقیانە بیر بکاتەوە و ئەمیشیان تۆزقاڵێ بێتە ناو خەڵکەوە و هەردووکیشیان ئەو برایەتیو تەباییەی نێوان خۆیان و پرسوڕا بەیەککردنەیان بکەنە تەبایی و پرسوڕای خەڵك بەیەکتر، لەپێش هەمووانیشەوە بیکەنە کەلتوورێك بۆ ئەندامانی حیزبەکانی خۆیان.. دەمەوێ بە سەرۆك تاڵەبانی بڵێم لە زاکیرەی کورددا بەغدا پێوەری دوورییە و کە کورد ویستوویەتی یەکێکی لێدوور بێت، پێیانگوتووە: (بڕۆ بەغدا نیوەی ڕێگەت بێ). دەمەوێ پێیبڵێم جەنابی سەرۆك، ئەوەندە دوور مەکەرەوە کە



ئیدی نەتوانین لەخەیاڵی خۆماندا بەرجەستەت بکەینەوە. هەروەها دەمەوێ بە سەرۆکی هەرێم بڵێم: بەڕێزم، با جەنابت لەخاکی کوردستانیشدا بژی، بەڵام پێویستە لەگەڵ خەڵکی کوردستاندا بژی و لە دڵی مرۆڤی ئێمەدابیت و تکایە بەگوێی ئەوانەش مەکە کە دەیانەوێ کۆشکی سەرۆکایەتیت بۆ دروستبکەن، چونکە ژوورەکانی ئەو کۆشکە دەبنە هۆکارێکی دیکەی دابڕانت لە خەڵك. دەمەوێ عەرزی بکەم: باوکی تۆ هەموو تەمەنی لە سابات و کەپرو ئەشکەوتەکاندا بردەسەر و کەچی هەر لەدڵی خەڵکدا بوو. ئەوە ئەخلاقی من نییە و من نووسەری ئەنتەرنێتی و ستوونەکان نیم، تا بەهەموو جۆرێ ناوی خەڵکی و کەسایەتییەکان بزڕێنم و چاو لەکارە باشەکانیان بپۆشم. من نووسەرێکم پێموایە وڵات و میللەتەکەم بە قۆناغێکی ناسك و جیاوازدا دەڕوات و دەمەوێ زۆرترین بەشداری لە بەئەنجامگەیاندنی خواستی نەتەوەکەمدا بکەم و بۆئەمەش قەڵەمێکم هەیە باش بێت یان خراپ، پێیدەنووسم. ئەگەر بەرژەوەندی مرۆڤایەتی و میللەتەکەم لەوەدا بێت کە وەسفی هەنگاوە مرۆیی و باشەکانی سیاسییەکان بکەم، دەیکەم، چونکە نامەوێت ئەوان بەکاری عەفەوی و ناعەقڵانی ڕابردووی دژ بەستەمکاریان لەکەدار بکەن و خۆیان ببنە ستەمکار. ئەگەر کاری بێماناش بکەن، یان چاوپۆشی لەو کەسانە بکەن کە ئومێدی میللەتی ئێمە بەخۆی تێکدەشکێنن، چاویان لێناپۆشم، جا ئەوە بارزانی بیکات یان تاڵەبانی، یاخود پێکەوە. ئەمکارەش دەکەم بەبێ ئەوەی بەرژەوەندی تایبەتی خۆمم لەبەرچاوبێت و بەبێ ئەوەی لێیان بپاڕێمەوە و کلکەسووتەکەیان بۆ بکەم. ئەوانیش نەهاتوون معاشی ئەملاولام بۆ ببڕنەوە، یان تەئمینی ژیانم بکەن و لە شەڕی لابەلای

دەروونپیسەکانی سەربەخۆیانم بپارێزن. من هەر بەو (شەشسەد و بیست و چوار هەزارە)ش دەژیم کە لەکاری زانکۆوە وەریدەگرم و ئەو مەبلەغەی (چاپخانەی ڕەنج) لە جیاتی بڵاوکردنەوەی هەر کتێبێکم، دەمداتێ. زۆر بەدەگمەنیش پاداشتی نووسین وەردەگرم، ئەگەر ئەوانەشم پێڕەوا نابینن، با بیبڕن و منەتی کەس هەڵناگرم، بەڵام قسەی لابەلاش لە هیچ بەناو نووسەر و ڕۆشنبیر و فەیلەسووفێك قەبووڵ ناکەم، مەلەفی هەمووشمان دیارە..

**شوان: واتە ئەوە ڕاست نییە کە تۆ دواتر بەهۆی قسەکردنت لەسەر تۆڕەکەی شێخ زانا، دڵی برادەرانی پارتیت زویر کردبێت و ئەوانیش دەست لەوە هەڵگرن کە ئەمنییەتی تۆ بپارێزن و ئەمەش هۆیەك بووە بۆ سووتاندنی کتێبخانەی ماڵەکەی تۆ لەهەولێر و دواتر ناچاربیت بگەڕێیتەوە بۆ سلێمانی.، دەکرێ وەڵامی ئەمانە بدەیتەوەو ئەگەری ڕاستودروستی بۆ خوێنەرانو ئیداریو کەسانی پەیوەست بەم باسو خواستانە بدەیتەوە؟**

ڕێبوار: بە پرسیارەکەی جەنابتدا وادیارە زۆرن ئەو خوێنەر و ئیداریانەی بەم باس و خواسانەوە خەریکن. من تەمەننام دەکرد ئیدارییەکان کاری خۆیان کردبا و ئەو بەناو خوێنەرانەش سەرقاڵی شتی دیکە بوونایە! لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە هەندێ شت لەوبارەیەوە بڵێم. من نازانم ئێوە مەبەستتان لە برادەرانی پارتی کێیە؟ چونکە من هەرگیز پارتی نەبووم تاکو ئەوان ئەمنییەتی من بپارێزن، لەگەڵ ئەوەشدا من لەناو پارتیدا خەڵکێکی زۆر دەناسم و لەپەیوەندیدام لەگەڵیاندا. ئەوان ڕێزی نووسەر و مامۆستایەکی زانکۆ لەمن دەگرن و منیش بەهەمان شێوە. هەمان پەیوەندی من دەبەستێتەوە بە



چەپەکوردستانی و بە یەکێتی نیشتیمانی و یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامیشەوە کە زۆریش ڕەخنەم لێگرتوون. ئەگەر لەم وڵاتەدا کەسانێك ئەمنییەتی منیان پاراستبێ، ئەوانە هەموویان بوون پێکەوە و هەریەکەیان بە شێوازی خۆی. لەماوەی ئەو شەش ساڵ ژیانەمدا لە کوردستان، یەك حیزبی سیاسی ڕووی گرژی پیشاننەداوم، زۆربەیان ڕوویان لێناوم بۆ کۆڕ و سەمینار و لایەنگرانی زۆربەشیان دەناسم. ڕاستە من زۆر زوو قسەم لەسەر تۆڕی شێخزانای تیرۆریست کرد، بەڵام هیچکەس لەسەر ئەمە لەمن زویر نەبوو، تەنانەت کەسیش لەسەر ئەو وتارە ڕاشکاوانەی تریش کە بڵاومکردوونەتەوە، لێپێچینەوەی لەگەڵ نەکردم، جگە لە سکرتێرێکی فیرنەگولە لە ئەنجوومەنی وەزیران. بۆیە سووتاندنی کتێبخانەکەی من پەیوەندی بەوەوە نەبوو کە برادەرانی پارتیم زویر کردبێ و هاتنەوەشم بۆ شاری سلێمانی هیچ پەیوەندی بەو ڕووداوەوە نەبوو، کە بووبێتەهۆی ئەوەی برادەرانی یەکێتی پێشوازیم لێبکەن. من هەر لەساڵی 2002 و 2003وە کاتێ زانکۆی سلێمانی داوایان لێکردم وانەیان بۆ بڵێمەوە، بیرم لەوە دەکردەوە کە لەم شارەدا ژیانێك بۆخۆم دروستبکەم. بەڵام لەبەر بێ ئیمکانییەتی و نەبوونی برادەر و هەندێ مەشاکیل کە پەیوەندییان بە داگیرکردنی خانووەکەمانەوە هەبوو، ئەو پرۆژەیەم دواخست. بۆمن هیچ خۆش نەبوو بێمەوە بۆ شارێك کە یەکەمین خۆشەویستی و یەکەم ماڵ و یەکەمین ژووری تایبەت و یەکەمین هاوڕێکانم لەوشارەدا بوون و ئێستا هیچیان نین. من کاتێ هاتمەوە بۆ سلێمانی و بیستم ئەریوانی عومەر دەوڵەت لە ڕاپەڕیندا شەهید بووە، زۆر نیگەران و نائومێد بووم. بەودیوی تریشدا دەمبینی هەولێر بەخۆی و ڕۆحە پەلکەزێڕینەییەکەیەوە

چەندین دۆست و هاوڕێی نازەنین و میواندۆستم پێدەبەخشیێ، پتر هۆگری دەبووم. بۆیە ئەو هۆكارانەی جەنابت ئاماژەت پێدان، هۆكاری هاتنەوەی من نەبوون. ئەگەر بمەوێ چەند هۆكارێ بۆ هاتنەوەی سلێمانیم، دەستنیشانبكەم، ئەوە بەپلەی یەكەم وەرگرتنەوەی خانووەكەمان بوو بەهیممەتی كاك ئازاد جوندیانی و كۆبوونەوەی سەرلەنوێی ماڵی خۆمان لەهەمان خانوودا كە باوكم كاتی خۆی كڕیبووی. ئەو كۆبوونەوەیە بۆ من زۆر چێژبەخش بوو، بەتایبەتی لەبەر دایكم، كە ئافرەتێكی زۆر دڵسۆزی هەموومانە. هۆكارێكی دیكەی گەڕانەوەم قوتابیانی زانكۆ بوون كە هەمیشە هاندەرم بوون بۆ نیشتەجێبوونەوە لەم شارە.

**شوان: پێتوایە ڕۆشنبیران لەنێو خۆیاندا قەیرانی كەمی متمانە بە یەكتری كردن لەنێویاندا بڵاوبوبێتەوەو ئەمەش پەلی هاویشتبێ بۆ ئاستە سیاسییو كۆمەڵایەتیو ئەكادیمییەكان و وایانكردبێ كە هەر ڕۆشنبیرێك لەبەرامبەر ڕۆشنبیرێكی دیكەدا جۆرێك لە حەساسییەت پەیدا بكات، ئەم حەساسییەتەش بەنێو ناوەندە ئەكادیمییەكاندا بڵاوبوبێتەوەو كاری خۆی كردبێتو لەلایەن كەسانێكەوە كەڵك لەم حەساسییەتەی ڕۆشنبیران وەرگیرابێت؟**

ڕێبوار: بەداخەوە هەندێك لەو قسانەی تۆ ڕاستن و ئەمڕۆ كایەی ڕۆشنبیری ئێمە زۆر ناجۆرە و ڕۆشنبیرانی ئێمە لە ململانێیەكی ناڕەوادان لەگەڵ یەكتردا و ئەمەش ئەوانی پەرتەوازە كردووە و كردوونییەتە گروپی بچووك بچووك، كە نەك هەر ناتوانن بەرگریی مەعریفیانە لەم پەیوەندییەی خۆیان بكەن، بەڵكو زۆریش پەستن لەئاست یەكتردا. پەرتەوازەبوونی ڕۆشنبیران و نەبوونی



پڕۆژەیهاوبەش لەنێوانیاندا، ئەوانی كردۆتە بابەتێكی باش بۆ ئەوەی كەسانێك سوود لەو دابڕبوونە وەربگرن و زیاتر پارچەپارچەیان بكەن. من ڕۆژگارێ هەستمدەكرد بزووتنەوەی ڕیفراندۆم بتوانێ ڕۆشنبیران لە دەوری پڕۆژەیەك كۆبكاتەوە، بەڵام هەر خودی ئەو بزووتنەوەیە زوو تێیگەیاندین كە چاوەڕێی شتی وەها نەبین و ڕۆشنبیر لە وڵاتی ئێمەدا ئەوەندە تەسلیمی ئیرادەی حیزب بووە كە ناتوانێ لە ئێستادا پڕۆژەیهاوبەشی هەبێت. دیارە پارچەپارچەبوونی ئەوان بۆتە هۆی لاوازكردنی دەنگیان و زۆریشن ئەوانەی بەچاوی نزم تەماشای هەندێ لە ڕۆشنبیران و نووسەران دەكەن.

***شوان: ئەو شەڕەو ئەو ململانێیەی حیزبە كوردییەكان لە 15ساڵی ڕابردوودا هەوڵیاندەدا بە ڕێگەو شێوازی جیاجیا بیكەن و گواستنەوەو ئەنجامدانی ئەو شەڕانە لەڕێی هەندێ ڕووناكبیرەوە كە حیزب بۆی دەستەمۆ نەدەكران، ئەمڕۆ هەست ناكەیت ڕۆشنبیران خۆیان ئەو شەڕە لەگەڵ یەكتریدا دەكەنو بوونەتە درێژەپێدەری ئەو ململانێیانە لەگەڵ یەكتریداو بەدیهێنانی خواستو خەونی حیزبە كوردییەكان؟***

ڕێبوار: حیزبە كوردییەكان ڕەوتی ڕۆشنبیریی وڵاتی ئێمەیان بەلایەكی زۆر بەرتەسك و خراپدا برد و خەونە مرۆیی و گلۆباڵەكانی لە فەنتازیای ڕووناكبیر و شاعیرانی ئێمە سەندەوە. ململانێی حیزبی وەهایكرد كەسانێك لە پانتایی ڕووناكبیری ئێمەدا وەك نووسەر و شاعیر و ڕۆژنامەنووس و ڕەخنەگر سەرهەڵبدەن، كە جگە لە شەڕی ناوخۆ، هیچ شتێكی دیكە نەیدەكردنە نووسەر و ڕووناكبیر. هەموو ئەمەش بە زیانی ڕەوتی ڕووناكبیرییەكی ڕەسەن و

به دابەزینی ئاستی ڕووناکبیری و بە سەرکەوتنی مادیانەی بەناو ڕووناکبیر کۆتایی هات. من نازانم داخۆ ڕووناکبیران لە ئێستادا شەڕی حیزبی دەکەن یان نا، ئەگەر شەڕ دەکەن لەسەر چییە و لە پێناوی چیدایە؟ بەڵام دەزانم ئەوان لەناو خۆیاندا زۆر ناکۆکن و دەبێ دوعا بکەین خودایە لە شەڕی ڕووناکبیرانە لاماندەی کە هیچ ڕووناکبیرییەکی تێدا بەرهەم نایەت.

***شوان: کتێبخانەیماڵەکەت بەر لەچەند مانگێ لەشاری هەولێر لەلایەن کەسانێکەوە سوتێنرا، ئەگەر لەڕوانگەیەکی کۆمەڵناسییەوە خوێندنەوەت بۆ ئەم دیاردانە هەبێ، بەتایبەت کە ساڵی ڕابردووش لەلایەن کەسانێکی دیکەوە لەسلێمانی دیارییە ڕەمزییەکانو بەرهەمو شاکارەکانی م. عەبدوڵڵا جەمال سەگرمە بران، ئایا: سەرهەڵدانی ئەمجۆرە کەسانە کە کار لەسەر لەناوبردنو سووتاندنی بەرهەمی هونەرمەندانو نووسەران دەکەن لەچ گۆشەیەکی کۆمەڵناسییەوە پۆلێن دەکرێن؟***

ڕێبوار: ئەوەی بەسەر مامۆستا جەمال سەگرمە هات زۆر جێگەی نیگەرانی من بوو، ڕەنگە ئێمەش باشتر لەیەکتر تێبگەین. بەبڕوای من لەکاتی ئەوجۆرە ڕووداوانەدا پێویستە برین و خەمە تایبەتییەکە بەجێبهێڵین بۆ خاوەنی ئەوانەی دەستدرێژییەکەیان کراوەتە سەر، بەڵام پێویستە لەئاستی ڕای گشتیدا پرسیار لەوە بکەین کە بۆچی جیهاتی پەیوەندار لێکۆڵینەوەی بێلایەنانە ناکات و ئەنجامەکان ڕاناگەیەنێ و تاوانباران نادۆزێتەوە. بەلای منەوە پێویستە ئەو سیستەمە دادوەرییە قسەی لەسەر بکرێ کە ڕەوادارانە لەوبارەیەوە دادوەری ناکات. ئەمەش کاری ڕۆژنامەکانە لەوبارەیەوە قسەی خۆیان هەبێت و بەدوای



ڕووداوەکاندا بڕۆن، نەك تەنیا لەئاستی خەبەریدا مامەڵەیان لەگەڵ بکەن. تۆ دەزانیت هەندێ لە ڕۆژنامە جیدییەکانی ئێمە، لەوانەش (هاوڵاتی) بەوهۆیەوە کە گوایە من بۆخۆم کتێبخانەکەم سووتاندووە، هیچ شتێکی ئەوتۆیان لەو بارەیەوە بڵاو نەکردەوە. ئەم بێموبالاتییە ئەوەندە هەژاندمی، تاسان و شۆکی ڕووداوەکەم بیر چۆوە. خۆ ڕەنگە ئەو جۆرە مامەڵەیە تەبریراتی خۆیشی هەبێ، بەڵام بۆ من شۆکێ بوو کەمترنەبوو لە شۆکی ڕووداوەکە.. سەبارەت بەوەی کۆمەڵناسی دەتوانێ لەمبارەیەوە چی بڵێت؟، بەبڕوای من کۆمەڵناسی دەتوانێت لە سیاقێکی گشتیتری کۆمەڵایەتیدا قسە لەسەر ئەم ڕووداوانە بکات و لەڕێگەی شیکردنەوە و بەستنەوەیان بە ڕووداو و دیاردەکانیترەوە، تێگەیشتنێکی دیکەمان لەسەر ئەم قۆناغەی ئێستای کۆمەڵگاکەمان پێبڵێت. بەهەرحاڵ ئەم ڕووداوانە لەوەدا بۆ کۆمەڵناسەکان گرنگن کە دەیانەوێ بزانن بۆچی کۆمەڵگا ئەم هەڵوێست یان ئەو هەڵوێست و سزا بۆ ئەندامەکانی خۆی هەڵدەبژێرێ و ئایا پەیوەندی و ناکۆکییەکانی نێوان کۆمەڵ و تاکەکان لە کۆمەڵگایەکی تایبەتدا لە چ ئاستێکدان و هۆکاری پاشەکشەی بزاڤی مەدەنی چین و سیاسەت چۆن پراکتیزە دەبێت. ئەمە جگەلەوەی کۆمەڵناسەکان بۆیان گرنگە بزانن ئایا دەزگا و لایەنە پەیوەندارەکان چۆن هەڵوێست لەئاست ئەو ڕووداوانەدا وەردەگرن و تاچەندە بەتەنگیانەوە دەچن. لەهەموو ئەمانەش بترازێ، کۆمەڵناسی ئەم ڕووداوانە وەکو تاوان لێکدەداتەوە و دەیەوێ بزانێ هۆکاری تاوانەکان چین و ئەو هۆکارە کۆمەڵایەتیانە کامانەن کە بوونەتە هۆی ئەوەی کەسێ بەتاوانێکی لەوجۆرە هەستێ و بۆچی ئەو جۆرە کەسانەی وەك نووسەران و هونەرمەندان دەبنە ئامانجی تاوانکاران. ئایا

تاچەندە ئەو جۆرە ڕووداو و دەستدرێژیانە کاریگەری دەکەنە سەر ویژدانی گشتی و خولقاندنی ترسێکی گەورەتر لەدەروونیاندا، لایەنێکی دیکەی بایەخدانی کۆمەڵناسییە بەو ڕووداو و تاوانانە.

سەبارەت بەو دەستدرێژیانەی کرانە سەر ئێمە و کتێبخانەکەم، بەدەر نەبوون لەو بارگرژییە سیاسییەی لە وڵاتی ئێمەدا هەیە و لەپەراوێزی حیزبەکانیشدا کەسانێك پەیدابوون کە بەردەوامن لە تاوانکاری خۆیان. بەر لە سووتاندنی کتێبخانەکەم من لەژێر گووشارێکی زۆری هەندێ کەسدا بووم کە ناوم ناون شارشۆڤێنیستەکان و ئەمانە کەسانێکی تا بڵێی ڤین لەدڵ و نەخوێندەوارن و بەناوی بەرگریکردن لە شار و ناوچە و شوێنی پیرۆزی خۆیان، تاوانی زۆر گەورە دەکەن و کەچی لە واقیعدا لەکە و نیشانەی زۆر ناشیرین لەیەخەی شارەکانیان دەدەن. شارشۆڤێنیزم ئایدیۆلۆژیای ئەو کەسانەیە کە هیچ خەونێکی دیکەیان نییە جگە لە پاککردنەوەی ئەوەی ئەوان پێیدەڵێن (شاری خۆمان) لەوانەی کە (بێگانەن) بەو شارە.

***شوان: ئەم شارشۆڤێنییەتە کە تۆ باسیدەکەیت پێتوانییە یەکێك لە دەرەنجامە سلبییەکانی شەڕی ناوخۆ بێت، کە دواتر لەنێو حیزبدا تەشەنەی کردوو تەقسیماتێکی دروستکرد کە دواتر لەنێو حیزبو تاکەکانی کۆمەڵگای کوردیشدا ڕەنگیدایەوەو بێجیاوازیی بەسەر هەموویاندا تەعمیم کرا؟***

ڕێبوار: بەڵێ ئەمە دەرەنجامێکی ئەو لادانەیە کە حیزبی قەومی کوردی بەرەو حیزبێکی ناوچەگەرا برد و بۆ ئەمەش پشتی کردە مرۆڤی شۆڕشگێڕ و کەوتە گرنگیدان بە مرۆڤی مشەخۆری سیاسی و ئاژاوەگێڕ و تەعداچی.



***شوان: واتە ئەمە دەرەنجامی عەقڵیەتێکە لەنێو حیزبەکاندا هەبوو نەکئەوەی گوتاری سیاسیی حیزبەکان بووبێت.***

ڕێبوار: لەدوای شەڕی ناوخۆیی و دەستپێکردنی شەڕی سارد، پارتی و یەکێتی دەرفەت بۆ کەسانێك دەڕەخسێنن کە هەرچی دەکەن بیکەن، گرنگ ئەوەیە شەڕ بەردەوام بێت. ئەوان لەم فەترەیەدا پێویستییان بە مرۆڤی شۆڕشگێڕ نییە و پەنا بۆ خەڵکانێك دەبەن کە غەرەزی شەخسی خۆیان لە ڕێگەی ئەو دەسەڵاتەوە کە حیزب پێیبەخشیون، بەناو کۆمەڵگادا ئاڕاستە دەکەن و ئیتر بۆ نموونە ئەوەی لەئاستی شەعبیدا لەنێوان سلێمانی و هەولێردا دەبێتە نووکتە، بۆ ئەوان دەبێتە حەقیقەت. لێرەشەوە شارشۆڤێنیزم سەرهەڵدەدات و شارشۆڤینیستەکانی ئەملا دەکەونە پەلاماردانی شارشۆڤێنیستەکانی ئەولا و تا ئەندازەیەکیش کۆمەڵگا لەم شەڕەوە دەگلێنن. لەفەترەیەکدا ئەم عەقڵیەتە دەیەوێ ئەوەی بۆ بچێتە سەر کە هەولێر پیرۆزترە لەسلێمانیو سلێمانی زیرەکترو تێکۆشەرترە لە هەولێر. بێگومان هەرکاتێ ئەمەیان بۆ سەرچوو، دەکرێ ئێمە فاتیحا بۆ نەتەوەی خۆمان بخوێنین.

## له بەرهەمەكانی دیكەی نووسەر:

### ڕەخنە و لێكۆڵینەوەی هزری:

- **دیاردەگەرایی تاراوگە**، چاپی یەكەم: دەزگای باران، سوید 1995. چاپی دووەم: دەزگای ئاراس، هەولێر 2002
- **سۆفیستەكان**، چ1 ستۆكهۆڵم 1998، چ2 دەزگای سەردەم، سلێمانی 1999
- **دنیای شتەبچووكەكان**، دەزگای سەردەم، سلێمانی 1999، چاپی دووەم، ڕەنج 2005
- **كتێبی نالی**، دەزگای موكریانی، هەولێر 2001
- **نەتەوە و حەكایەت**، بەرگی یەكەم، دەزگای سپیرێز، دهۆك 2002
- **قەفەسی ئاسنین**، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی 2003
- **مێژووی هزری كۆمەلایەتی**، زنجیرەی هزر و كۆمەڵ 2، هەولێر 2003
- **هاوكاتی و هاوشوناسی**، دەزگای سپیرێز، دهۆك 2004
- **له پەیوەندییەوە بۆ خۆشەویستی**، دەزگای سپیرێز، دهۆك 2004، چاپی دووەم، كتێبخانەی سۆران، هەولێر 2004
- **نووسین و بەرپرسیاری** (لێكۆڵینەوە)، چاپی دووەم بە دەستكارییەوە، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی 2006
- **فەنتازیای خواردن** (وتار) دەزگای خەندان، سلێمانی 2006

### بەرهەمی ئەدەبی:

- **گۆرانییەك بۆ گوندە سووتاوەكان** (شیعر)، كۆپنهاگن 1989



- **كۆپنهاگن!** (شیعر)، كانونفرهنگ ایران، دانمارك 1994
- **زمانی عەشق، زەمەنی ئەنفال** (شیعری) چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی 2000
- **من و مارەكان** (چیرۆك) مەڵبەندی لاوانی میدیا، سلێمانی 1999

### گفتوگۆ:

- **مرۆڤ وەك بەخشندە**، چاپی یەكەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی 2006

### وەرگێڕان:

- **ئەفسانەی خۆشەویستی** (سەمەد بیهرەنگی) ئەفسانەچیرۆك، چاپخانەی سەركەوتن، سلێمانی 1983
- **دەنگی پێی ئاو** (سهراب سپهری) چ1، 1989، چ2 كۆپنهاگن 1990
- **در امدی بر شعر معاصر كُردی**، (شیعری هاوچەرخی كوردی بە فارسی)، كۆپنهاگن، 1990
- **پیدرۆپارامۆ** (ڕۆمان)، خوان ڕۆلفۆ (بەهاوكاری ئازاد بەرزنجی) دەزگای سەردەم، سلێمانی 1999
- **دەروازەكانی كۆمەڵناسی** (منوچهر محسنی)، بەهاوكاری كۆمەڵێ وەرگێڕ، دەزگای موكریانی، هەولێر 2002
- **ئەلبوومی كیژی جنۆكان** (چیرۆكی منداڵان لە دانماركییەوە)، دەزگای سەردەم، سلێمانی 2002.
- **خۆبەكۆیلەكردن** (ئەتین دۆلابۆتی) به هاوكاری لەگەڵ مراد حەكیم. دەزگای موكریانی، هەولێر2005.

- **ژیان کورته** (ڕۆمان)، یۆستین گۆردەر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریـانی، **هـەولێر**
2005